شیکار

گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە
پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات
ساڵی حەوتەم – ژمارە (٢٧)

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

سەرنووسەر
مەهاباد قەرەداغی
mahabad07@gmail.com
07504451932

دیزایینی بەرگ و ناوەوە
هێمن خدر
07504073710

پێگەی ئەلیکترۆنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.afrat.org

پێرست

سەروتار........ سەرنووسەر........ ٥

کوردستان لەنێوان بەرداشی ئەمریکا و ئێران........ کارۆخ خۆشناو........ ٩

زەوی شاژنێکە تای لێ هاتووە........ حەمەسەعید حەسەن........ ١٥

پێوەندیمان بەچەستەمانەوە........ د. فازڵ جاف........ ٢٥

ڤایرۆسی توونەتیژیی و بەکتریای تیرۆر........ مەهاباد قەرەداغی........ ٣٩

پەروەردەکردنی منداڵان بە خۆشەویستی و متمانە بەخۆبوون........ رەزا شوانی........ ٥٣

کاریگەرییەکانی سیستمی فێرکاری لەسەر هزری ناتوندوتیژی و پێکەوە ژیان........ ناسک سعید........ ٧٥

گۆی زەوی و ژیانی مرۆڤایەتی لەبەردەم هەڕەشەی کارەساتەکان........ هێرش شکاک........ ٨٥

ژن لە راگەیاندنی کوردیدا........ پ.ی.د.نەزاکەت حسێن حەمەسەعید........ ١٠١

مێدیا و بەلەنسا جێندەری (کوردستان وەک نمونە)........ د. زبیدە سیدسالح........ ١٠٩

وێنە جەستەیی و هزرییەکەی ئافرەت لە میدیای کوردیدا........ د. هاوژین عمر........ ١١٧

وێنای ئافرەت لە راگەیان..ئامادەکردنی: .... پ.د.یوسف حمە صالح مصطفی........ ١٢٣

رۆڵ و بەشدارپێکردنی پیاوان لە کەمکردنەوەی ئاستی رەگەز........ د. پاڤێ جمیل احمد........ ١٢٧

هونەرمەندی خۆڕسک حەمید خاوەر و.......، .... پ.ی. ئەحمەد باوەڕ........ ١٣٣

ناوچەی کفری و دەورووبەری لە روانگەی رەژهەڵاتناسانەوە........ هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەد........ ١٤٥

لە نێو ئاژاوەکانی ژیاندا گەڕان بە دوای خوودی ئاشتی!........ ئاشتی شەهباز........ ١٧٩

فرمێسکێکی قەتیسماو لە چاوی شانۆدا!........ فرمێسک مستەفا........ ١٨٧

گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر جیابونەوەی هاوسەران........ هێمن ئەمین شوانی........ ٢٢٩

سەرنووسەر

خوێنەرانی هێژای گۆڤاری شیکار، هەمیشەتان باش.
وا ژمارە ٢٧ ی گۆڤارەکەمان، کە دەکاتە ژمارەی وەرزی هاوینی ساڵی حەوتەمی تەمەنی، پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست دەکەین و هیواخوازین کە سوودی لێ وەربگرن. بە داخەوە لەسەر بەرگی ژمارە ٢٦دا هەڵەیەک ڕوویدا و لە جیاتی ساڵی حەوتەم، ساڵی هەشتەم نووسراوە و بۆ ئەم مەبەستە پۆزش دەهێنینەوە بۆ ئێوەی هێژا.

لەم ژامرەیەدا شازدە بابەتی جۆراوجۆر هەن، بریتین لە لێکۆڵینەوە لە سیاسەت، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، مێژوو، ئەدەب و هەروەها لە ئەزموونی ژنان سەرکەوتوو و دەرکەوتووی بوارەکان کە لە ژمارەی پێشووەوە دەستمان پێکرد و هەر ژمارەی چەند ئافرەتێکی سەرکەوتوو باسی دەستپێک و ڕەوتی کارکردن و بەردەوامبوونیان و هۆکارەکانی سەرکەوتن و دەرکەوتنی خۆیان باس دەکەن.

لەم ژمارەیەدا ئەم نووسەرانە بەشدارن: حەمەسەعید حەسەن، د.فازڵ جاف، مەهاباد قەرەداغی، د. نەزاکەت حسێن، د. هاوژین عومەر، د. یەوسف حەمەساڵح، د. پاڤێ جەمیل، پ.ی. ئەحمەد باوەڕ، کارۆخ خۆشناو، ڕەزا شوان، ناسک سەعید، هێرش شکاک، فرمێسک مستەفا، ئاشتی شاهباز، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد. هەندێ لە نووسەرانی ئەمجارەمان بابەتەکانیان لە کۆنفرانسێکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا پێشکەش کرد کە لە ٢٢ی نیسانی ئەمساڵ بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە ساز کرا لە ژێر ناونیشانی «وێنای ژن لە میدیادا». لە بەشی ئەزموونی ئافرەتانی سەرکەوتووشدا خانمی هونەرمەندی شانۆکار فرمێسک مستەفا بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و خانمی ڕۆژنامەنووس ئاشتی شەهباز باسی لە سەختی ژیانی خۆی کردووە لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا و سەرەڕای ئەوەش بەردەوامبوونی لە کاری ڕۆژنامەنووسی سەرەڕای ئەو نەهامەتی و سەختییانە، کە خۆی لە خۆیدا ئازایەتی و کۆڵنەدانە.

بە هیوای خوێندنەوەیەکی ورد و سوودبەخش بۆ ئێوەی هێژا و لەم وەرزەشدا بە وزەی باڵای گەردوونتان دەسپێرین و بە نیازی دیداری ژمارەی داهاتووین.

کوردستان لە نێوان بەرداشی ئەمریکا و ئێران

کارۆخ خۆشناو

ماوەی ٤٠ ساڵە ئەمریکا و ئێران لە ململانێیەکی سارد و قوڵ دان، هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و لەکاتی دەست بەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی دیبلۆماتەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی (٤٤٠ڕۆژ) تاکو ساڵی (٢٠١٥) ململانێکانی ئەم دوو وڵاتە قوڵ و ئاڵۆز بوون.

ساڵی (٢٠١٥) بە نێوەندگری سەلتەنەی عومان و هەندێک وواڵتی ئەوروپی، ئەمریکا لە سەردەمی ئۆباما بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆرشی ئیسلامی، ئێران و ئەمریکا گەیشتنە ڕێکەوتنی ئەتومی (٥+١)، بە گوێرەی ئەم ڕێکەوتنە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سزاکانی سەر ئێرانی هەڵگرت و (٨+١) ملیار دۆلاری کاش ئیدارەی ئۆباما پارەی بلۆککراوی بۆ ئێران گەڕاندەوە بەمەرجێک ئێران دەستهەڵبگرێت لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناووەکی.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٦) دۆناڵد ترەمپ گوتی «ئەم ریکەوتنە خراپترین ڕێکەوتنە لە مێژووی ئەمریکادا» و بەڵێنیدا دوای هەڵبژاردنی لەم ڕێکەوتنە بێتە دەرەوە، هەر واشیکرد دوای برنەوەی کورسی سەرۆکایەتی کۆشکی سپی لە بەرواری (٨/٥/٢٠١٨)ترەمپ تاک لایەنە ڕێکەوتنی ئەتۆمی (٥+١) هاتە دەرەوە و ڕێکەوتنەکەی ئیفلیج کرد و دووبارە سزاکانی خستنەوە سەر ئێران.

یەکەمجارە لە مێژووی جیهاندا ئەمریکا بەو شێوەیە قورسترین سزای ئابووری بخاتە سەر وڵاتێک، تاکو ئێستا ئەمریکا چوار قۆناغی سزاکانی خستۆتە سەر ئێران، ئەم سزایانەش کەرتەکانی (ووزە و بانک و کانزاکان) دەگرێتەوە، ئامانجی ئەمریکاش لەم شەڕە ئابووریە گۆشەگیرکردن و لە قاڵبدانی ئێرانە و دەیەوێت دەستی ئێران ببڕێت لە چوار وڵات (عێراق،سوریا،لبنان،یەمەن) و هەژموونی ئێران کەمبکاتەوە و ئێران بخاتەوە ناو سنورەکانی، لە پاڵ ئەم ئامانجانە ئەمریکا مەبەستیەتی ئێران ناچار بکات بێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ و ڕێکەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئەمریکا مۆر بکات بەڵام ئەمجارە ڕێکەوتنەکە دەبێت بە دڵی ترەمپ بێت، بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠١٨) ئەمریکا لەسەر زاری مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوە (١٢) مەرجی بۆ ئێران دیاریکرد و گوتی

پێویستە جێبەیان بکات تاکو ئێران ڕزگاری بێت لە سزاکانی ئەمریکا، ئێرانیش هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا (١٢) خاڵەکەی ئەمریکای ڕەتکردونەتەوە.

میتۆدی ترەمپ بۆ لە پەلوپۆخستنی ئێران بریتیە لە ستراتیژیەتی (ئەوپەڕی فشار) کە ترامپ باوەڕی وایە کە ئەوپەڕی فشار لە ڕکابەرەکەت بکە، هەتاکو ناچاری دەکەیت، بە مەرجەکانت ڕازی بێت و بێتە سەر مێزی دانوستان، دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ئەمە کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپە، ئەمەش سەرچاوەی گرتووە لە کێتبێکی ترەمپ کە لە ساڵی ١٩٨٧ نوسیویەتی بە ناونیشانی هونەری ڕێککەوتن (The Art of the Deal) بە دیدی ترەمپ ئەو کتێبە ئەوی کردە کەسێکی پسپۆر لە بواری دانوستاندا، وە ئەم کتێبەی پڕفرۆشترن کتێب بووە لەو سەردەمەدا.

ئێستا دوای ئەم هەموو فشارە زۆرەی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر لە ناوچەکە دۆخەکە زۆر هەستیار و ئاڵۆزە، بەتایبەت دوای بە ئامانج گرتنی چەند کەشتیەکی نەوت هەڵگر و فڕۆکەیەکی بێفرۆکەوان ڕۆژ بەڕۆژ هەستیاری نێوان ئەمریکا و ئێران ڕوو لە زیاد بوون دەکات، بە تایبەت دوای پەشیمانبوونەوەی ترامپ لە وەشاندندنی گورزی سەربازی ١٠ خولەک بەر لە ئەنجامدانی، ئەم ناوچەیە لە ئەگەری تەقینەوەیەکی گەورە دایە هاوشێوەی (بورکان)، بۆیە پێویستە کورد خۆی ئامادەبکات بۆ دەرفەت و هەڕەشەکان، چونکە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەمووکات زیاتر بە گرژی و ئاڵۆریەکی قوڵدا تێدەپەڕێت، ڕۆژ بەڕۆژیش ململانێکان قوڵتر دەبنەوە، ئەم ململانێیە تەنها ململانێی نێوان دوو وڵات نییە، کە یەکێکیان زلهێزێکی جیهانیە و ئەویتریان دەیەوێت هێزێکی ناوچەیی خاوەن هەژموون بێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر وڵاتانی دەوروبەر هەیە، چونکە کاتێک ئێران دەیەوێت ببێتە وڵاتێکی خاوەن هەژموون ئەوا وڵاتانی دەروبەری ئێران روبەوری مەترسی دەبنەوە، لە ئەنجامدا ئەو دۆخە ناسەقامگیرەی بەرهەمهێناوە، خۆشبەختانە تاکو ئێستا کورد توانیویەتی باڵانسێکی باش ڕابگرێت لە نێوان ئەم دوو وڵاتە نەیارەدا، وە پێویستە بەهەمان ریتم بەردەوام بێت لە ڕاگرتنی باڵانسی نێوان ئەمریکا و ئێران و خۆی ئامادە بکات بۆ هەموو ئەگەرەکان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کورد هەرچی زووە کابینەی نۆهەم پێک بهێنێت و یەکریزی ناوماڵی خۆی ڕابگرێت و باڵانس لە نێوان ئەمریکا و ئێران ڕابگرێت، ڕاگرتنی باڵانس وادەکات کوردستان کەمترین پرِوشکی ئەم تەقینەوەیەی بەربکەوێت.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە ئەمریکا و ئێران شەڕیان ناوێت، چونکە ترەمپ لە ترسی دابەزینی کێرڤی دەنگەکانی بۆ هەڵبژادنەکانی (٢٠٢٠) سڵ دەکاتەوە لە هەڵگیرسانی شەڕ دژی ئێران، ئێرانیش بەهۆی باری قورسی ئابووری بەرگەی شەڕ ناگرێت، بەڵام هەر کاتێک پەلاماری بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بدرێت و قوربانی مرۆیی لێ بکەوێتەوە، ئینجا پەلامارەکە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە بێت یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن پرۆکسی و گروپەکانی سەر بە ئێرانەوە بێت ئەوکات ترەمپ بەهانەی پێویستی دەست دەکەوێت بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی، تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، چونکە ترەمپ دەستەڵاتی تەنها (٦٠) ڕۆژی هەیە بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرێس هێزەکانی ئەمریکا بەکار بێنێت، دوای ئەو ماوەیە پێویستە کۆنگرێس ڕەزامەندی دەربڕێت و دەستی ترەمپ ئاوەڵا بکات و بووجەی پێویستی بۆ فەراهەم بکات.

تاکتیکی ئێران لە ڕێگای پرۆکسیەکانیەوە بریتیە لە شڵەژاندنی بازاری نەوتی جیهان و بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بۆ ئەوەی کاریگەری دروستبکات لەسەر ناوخۆی ئەمریکا و لە ئەنجامدا ترمپ شکست بهێنێت لە هەڵبژادنەوەی بۆ خوولی دووەم و کەسێکی دیموکرات شوێنی ترەمپ بگرێتەوە تاکو ئێران ڕزگاری بێت لە سزاکان و دووبارە ڕێکەوتنی (٥+١) کارا بکرێتەوە، بەڵام ترمپ زیرەکانە مامەڵە دەکات و دەزانێت هەڵگیرساندنی شەڕ «پێش هەڵبژاردن» بە بێ ڕەزامەندی کۆنگرێس بە واتای (Political Suicide) بۆیە ترەمپ لە ئێستادا خۆی بە دوور دەگرێت لە بژاردەی سەربازی.

زەوی شاژنێکە تای لێ هاتووە

حەمەسەعید حەسەن

لە ئەزەلەوە هەتاکوو ئەبەد،
هەر وابەستەی تۆم
ئاخر ئەڤینی من سەرمەدییە،
ئەی ئافرەتی جوان!

دەقی ئەدەبی هەیە هەم نەمریی بۆ داهێنەرەکەی دابین دەکات و هەم لەناویشی دەبات. (تەنیا بە نانی ڕووت) هەر (محەممەد شوکری)ی نەمر نەکرد، لە ناویشی برد، ئاخر دوای ئەو ڕۆمانە، هەر چییەکی دیکەی نووسی، دەنگدانەوەی نەبوو. تەواو وەک چۆن (دۆنکیخۆتە،) (سێرڤانتس)ی هەم کوشت و هەم نەمریشی کرد. (مەدام بۆڤاری)یش هەمان کارەساتی بەسەر (فلوبیر)دا هێنا. شاعیرێکی سوودانی هەبوو، ناوی (ئەلهادی ئادەم) بوو، ئەوی شیعری (اغدا القاک)ی نووسیوە و ئوم کەلسووم بە گۆرانی گوتوویەتی، وەک چۆن ناوبانگی ئەو شاعیرە بەو گۆرانییەوە بەندە، هەر ئەو گۆرانییەیش بوو کوشتی، ئاخر ئەویش هەر چی کرد، نەیتوانی بازنەی ئەو ناوبانگە بشکێنیت و شکۆمەندییەکی دیکە، دوای ئەوە بۆ خۆی تۆمار بکات، تا وای لێ هات، زۆر بەوە نیگەران دەبوو کە پێیان دەگوت، فلان شیعر هی تۆیە. پێ دەچێت وەک چۆن هێشتا پاولۆ کۆیلۆ لە (کیمیاگەر)ی تێنەپەڕاندووە، هەرچەندە دوای ئەوە چەندان ڕۆمانی دیکەی نووسیوە، (یوستاین گاردەر)یش ئەو گرفتەی هەبێت و هەر چی بکات، هەر گیرۆدەی دەستی ناوبانگی (دنیای سۆفیا) بێت.

(خوداوەند مامۆستای هونەری خۆحەشاردانە، ئەوە نییە ئەو هەموو شتە دەکات و هیچ شوێنەوارێک لە دوای خۆیەوە جێ ناهێڵێت.) ڕۆماننووسیش پێویستە وەها بکات، هیچ دەستتێوەردانێکی بە کارە هونەرییەکەیەوە دیار نەبێت. خۆشەویستی سەفەرێکە، دەزانین کەی دەست پێ دەکات، بەڵام نازانین بەرەو کوێمان دەبات و کەی دوایی دێت. دەبێت ڕۆماننووسینیش وەک سەفەری ئەوین وابێت، نووسەرەکەی سەرەتا نەزانێت،

چیرۆکەکەی چۆن و کەی تەواو دەبێت. ڕۆماننووس چی توانا شک دەبات، دەیخاتە گەڕ بۆ ئەوەی دونیایەکی نوێ بخوڵقێنێت، ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە، ئەو دونیایە بدۆزێتەوە. هەندێک ڕەخنەگر، (ئەوەندە وشک هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقدا دەکەن، کلْپەی داهێنان دەکوژێننەوە و باڵی مەلی خەیاڵ دەقرتێنن.) هەمەنگوای دەڵێت: ئەو ڕۆماننووسەی بەو پاساوەی کە خوێنەر نایانزانێت، هەموو وردەکارییەکان شی دەکاتەوە، بەو کارەی ڕۆمانەکە دەشێوێنێت. (دەیڤید مەعلووف)یش دەڵێت: دوژمنی ڕاستەقینەی ڕۆمان، درێژدادڕییە.(١) وا باوە دەڵێن، چیرۆک هونەری گێڕانەوەیە، وەلێ من پێم وایە، چیرۆک هونەری بە چڕی گێڕانەوەیە. ڕۆمانەکانی گاردەر هەرچەندە درێژن، وەلێ چونکە ڕیتمیان خاو نییە، خوێنەر لێیان بێزار نابێت.

ڕۆمانەکانی یوستاین گاردەر هەرچەندە بە باڵی فەنتازیا دەفڕن وەلێ هێندەیش زانستیان تێدایە کە بۆ ئەوە دەست دەدەن وەک کتێبی خوێندن لە قوتابخانەکاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێت. دنیای سۆفیا کە ١٩٩١ بڵاو کرایەوە، بۆ دەیان زمان تەرجومە کرا و بیست ملیۆنێکی لێ فرۆشرا، وای کرد نووسەرەکەی هەر بەو تاقە ڕۆمانە، ببێتە نووسەرێکی جیهانی کە ئەمە بۆ خودی گاردەریش شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو. ئەو کە لە نەرویژ مامۆستای ئایین و فەلسەفە بوو، دوای بە دنیادا بڵاوبوونەی (دنیای سۆفیا،) ئیدی پێویستی بەوە نەما، درێژە بە پیشەکەی بدات، ئاخر ئەو ڕۆمانە کارێکی کرد بتوانێت بە نووسین بژی.

لایەنی گرنگ و گەشی دونیای سۆفیا ئەوەیە لە فۆرمی ڕۆمانێکی تەواو هونەریدا، مێژووی فەلسەفە، هەر لە سەردەمی گریکەوە تا سەدەی بیستەم بە سەر دەکاتەوە. ئەو کتێبە هەرچەندە بۆ گەنج نووسراوە، کەچی لەنێو گەورەساڵانیشدا خوێنەرێکی زۆری هەیە. ئەوانەی شتێکی وا دەربارەی فەلسەفە نازانن، یان دروستتر ئەوانەی هیچ لە مانای (بوون) نازانن، هەقە هیچ نەکەن، بچن دنیای سۆفیا بخوێننەوە، ئەوانەشی لە بواری سەرهەڵدان و گەشەسەندنی (بوونەوەر)دا زانیاری شک نابەن، هەقە دەستبەجێ دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانی (مایا) بکەن. مایا هەم چیرۆکێکە و هەم کۆمەڵێک چیرۆکی بە نێو یەکدیدا چووە کە پێکەوە ڕۆمانەکە تەواو دەکەن.

کۆمەڵگەیەک کۆیلەی بیر و باوەڕی ئایینی یان نەتەوەیی بێت، وەک دوژمن سەیری ئەوی دیکە دەکات و لەبری ئەوەی ڕێز لە بۆچوونی جیاواز بگرێت، بڕوای وایە، ئەوی لەگەڵ خۆیدا نەبێت، دوژمنیەتی. ئەو دەمارگیری و تۆندڕۆیییە، لای هەر کەس یان لایەنێک هەبیت، زادەی دڵسۆزی بۆ ئەم ئایین یان ئەو نەتەوە نییە، زادەی جەهلە. لە گاردەرەوە فێر دەبین بە گژ توندڕۆیی و دەمارگیریدا بچینەوە. ئەو کە مامۆستای ئایینە فێرمان دەکات عەلمانییانە بیر بکەینەوە. (عەلمانیبوون، لەسەر سێ کۆڵەکە بەندە، دەوڵەت سەر بە هیچ ئایینێکی دیاریکراو نەبێت، خوێندنگە بەرانبەر ئایین بێ لایەن بێت و ڕێز لە ئازادیی ویژدان و بیروڕا بگیرێت.) (٢) دێمۆکراسی و عەلمانیبوون، دووانەکەین، هیچیان بێ ئەوی دیکەیان هەڵناکات، ئەگەر دێمۆکراسی لە ئارادا نەبێت، قسەکردن لە هەبوونی عەلمانیبوون، ئەفسانەیە و بێ هەبوونی عەلمانیبوونیش، دێمۆکراسی تارماییيە.

ئایا (هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەم زەوینە لە تاقەژنێکی دیاریکراوەوە هاتوون کە چەند سەدهەزار ساڵێک لەمەوبەر لە ئەفریکا ژیاوە؟) یان هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دایە حەوا؟ خوێنەر سەرپشکە، بڕوا بە کام لەو دوو چیرۆکە دەهێنێت، یان دەشێت هیچیان پەسەند نەکات. کە هەورەبروسکەیەک دەبینین، هێندە نابات هەورەگرمەیەکیشی بە دوادا دێت، وەلێ (پازدە ملیارد ساڵ بەسەر تەقینەوە مەزنەکەدا تێپەڕیبوو، ئەوسا گرمەکەی بەر گوێ کەوت.) گرنگترین بیرۆکەی ڕۆمانی (مایا) بریتییە لە: (خولقاندنی ئینسان چەند ملیارد ساڵێکی دەوێت، کەچی مردنی هەر چەند چرکەیەکی پێ دەچێت.) نووسەر لەم ڕۆمانەدا سەرقاڵی گەشتێکی فەلسەفییە بە شوێن و بە وەختدا و بە هۆی ئەو گەشتەوە، تێڕوانینی خۆیمان دەربارەی بوون بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و بە هۆی زنجیرەیەک ڕووداوەوە، دیرۆکی گەشەکردنمان هەر لە تەقینەوە مەزنەکەوە تا هەنووکە کە چەند ملیارد ساڵێکی پێ چووە، بۆ دەگێڕێتەوە. ژمارەی کارتەکانی یاریی کاغەز پەنجاودوو دانەیە، مایا بە مانیفێستێک دوایی دێت کە پەنجادوو بەشە و بە زمانێکی شیعریی کە لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا هاتوچۆیەتی، نووسراوە.

یۆستاین گاردەر لە ڕۆمانی (مایا)یشدا دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکان: من کێم؟ من لە کوێوە هاتووم؟ ئەو پرسیارانەی لە دەوری بوون دەسووڕێنەوە و فەلسەفە بە درێژایی مێژووی خۆی، بە دوای وەڵامەکانیاندا لە گەڕاندا بووە. ڕەنگە ئەدەب لەسەر ئاستی دنیا، ڕۆماننووسێکی دیکە شک نەبات، لە بواری پێکەوە گونجاندنی فاکت

و فەنتازیادا، هێندەی یوستاین گاردەر دەستڕەنگین بووبێت. (تۆ بەد لە مەبەستی من حاڵیی بوویت.) ئەوە یەکێکە لەو پاساوە حازربەدەستانەی سەروملڕ نووسەرەیلی کەمتوانا هانای بۆ دەبەن. ئەوە وەرگر نییە کە توانای تێگەییشتنی نییە، ڕاستییەکەی ئەوە نووسەری ناحاڵییە کە توانای دەربڕینی نییە. با نووسەرەیلی کەمتوانا، سەرنجی یوستاین گاردەر بدەن کە بە ئاسانترین شێوە باسی قووڵترین کێشە دەکات، ئەوەتا بە ڕوونترین زمان کە خوێنەران لێی تێدەگەن، مێژووی گەشەسەندن و فەلسەفە دەگێڕێتەوە.

هەموو شتێک هەر وەهمە و تەنیا ڕوواڵەتەکەی دەبینین، هەر چی تاقی بکەینەوە لە وەهم بترازێت، هیچی دیکە نییە و ئەوەی هەستی پێ دەکەین، هەمیشە وەهمە و هەرگیز شتێکی ڕاستەقینە نییە، ئەوە ئەو وەهم و ڕوواڵەتبینینەیە کە هیندییەکان هەزاران ساڵ لەمەوبەر ناویان ناوە، مایا. مایا هیچ نییە لە ڕۆحێکی سەفەری زیاتر، ڕۆحێکی تیژتێپەڕ، ئاخر تەمەنی ئینسان بە بەراورد لەگەڵ هی گەردووندا، ئەوەندە خێرا تێدەپەڕێت، لە بروسکەیش تیژتر، ئاخر ئینسان ڕۆحێکە لە سەفەردا، ڕۆحێکی تیژتێپەڕ. فرانسیسکۆ دی گۆیا (١٧٤٦- ١٨٢٨) کە گەورەهونەرمەندێکی ئیسپانیاییە، وێنەی (مایا)ی کە لە کن ئەو ژنێکی جوان بووە، دوو جار کێشاوە، یەکەم جار بە ڕووتی و دووەم جار بە پۆشاکەوە. مایا کە لە زمانی ئیسپانیاییدا بە مانای کچی جوان دێت، ناوی گوڵێکیشە کە لە مانگی (مەی)دا دەپشکوێت و لە چەشنی هەمیشەبەهارە.

(ئایین هەناسەی ساردی کەسانی چەوساوەیە، دڵی جیهانێکی بێ دڵە، ڕۆحی هەلومەرجێکی بێ ڕۆحە و ئەفیوونی گەلانە.) ئەوە دەقی قسەی کارڵ مارکسە، نەک (ئایین ئەفیوونی گەلانە) و هیچی تر. کەواتە لە ڕوانگەی مارکسەوە، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کە چەوساوەکان تروسکەی هیچ هیوایەک بەدی ناکەن، ئایین تاقە ئومێدیانە، لەو کۆمەڵگە بێ بەزەییەدا، ئایین دڵە، ئایین ڕۆحی ئەو کۆمەڵگە بێ هەستەیە و لەو کۆمەڵگە ئازاربەخشەدا، ئایین ئەفیوونە. ئەوە دوژمنانی مارکسن کە لێکدانەوەی خراپیان بۆ ئەو گوتە جوانە کردووە کە تەنانەت لە ڕوانگەی کەسانی ئایینداری لێزانیشەوە، یەکێکە لە پێناسە جوانەکانی ئایین. ئاخر ئەفیوون، ئەگەر بەد بەکاری نەهێنین و خراپ سوودی لێ وەرنەگرین، ماددەیەکی باشە نەک خراپ، ماددەیەکە بۆ شکاندنی ئازار و سڕکردنی ناساغ، سەروەختی نەشتەرگەری. مەبەستی مارکس لە ئایین ئەفیوونە، ئەوەیە، ئایین (بۆ چەوساوەکان) ئازارشکێنە. ئەوەی (ئەفیوون) لەو دەربڕینەدا، وەک ماددەیەکی

هۆشبەر لێک دەداتەوە، یان بەد لە مەبەستی مارکس حاڵیی بووە، یان مەبەستی ئەوی بە هۆشیارییەوە شێواندووە. پوختەی مەبەستی مارکس لەو گوتەیە بریتتیە لە: (لە جیهانی سەرمایەداریدا کە دونیایەکی بێ دڵ و بێ ڕۆحە، ئایین دوا نوایە.) (٣)

بەلزاک هەرچەندە پەنجا ساڵ ژیا، کەچی هەشتا ڕۆمانی لە پاش جێ ما. ئەو هێندە وابەستەی نووسین بوو، جاری وا هەبوو، دنیای نووسین و واقیعی لە کن تێکەڵ دەبوو. ئەوە بۆیە لە سەرەمەرگدا داوای دۆکتۆرێکی کرد، کە دۆکتۆری ڕاستەقینە نەبوو، یەکێک بوو لە قارەمانی ڕۆمانێکی خۆی. بەلزاک دەیگوت: (لەبەر ڕۆشنایی دوو مەشخەڵی نەمردا دەنووسم: خودا و ڕژێمی پاشایەتی،) وەلێ چونکە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەخستە ڕوو، هیچ گومان لەوەدا نییە کە نووسەرێکی نەک هەر پێشکەوتنخواز، وەک جۆرج لۆکاچ بۆی چووە، بەڵکوو شۆڕشگێڕیش بوو، وەک هوگۆ دەڵێت. (٤) (چونکە ئەم جیهانە بوونی هەیە، ئیدی بۆچی ڕێی تێ ناچێت، جیهانێکی دیکەیش دوای ئەمە پەیدا ببێت؟) کە چەوساوەکان لەم دنیایە نائومێد بن، ئیدی ناهەقیانە خەو بە دنیایەکی دیکەوە ببینن و بە هیوا بن، لەو جیهانەی دیکەدا، دەست لە ملی هیواکانیان بکەن؟

ستیڤان زەڤاییگ (١٨٨١ – ١٩٤٢) کە لە لوتکەی نائومێدیدا خۆی کوشت، دەڵێت: (ئێدیۆلۆگی، ئیدی ئایینی بێت یان سیاسی، نەفرەتێکە هەر دیکتاتۆریا بەرهەم دەهێنێت.) ئەوە بۆ داهێنەر وەک حەرام وایە، بانگەشە بۆ ئێدیۆلۆگی بکات. ئێدیۆلۆگی ئەگەر لە ژنێکی جوانیش بچێت، ئەوا ژنێکە لە چەشنی (فیرساویس) کە وەک لە میسولۆژیای گریکدا هاتووە، سەری لەبری قژ بە مار داپۆشراوە. فیکر ئیدی ئاسمانی بێت یان زەمینی، زادەی قۆناغێکە و هێدی هێدی دەبێتە بەشێک لە دیرۆک، ئەوە بۆیە ناچارین، زوو یان درەنگ، دەستبەرداری فیکر ببین، ئەگەر نا، بخوازین یان نا، دەبینە هەڵگری فیکری بەبەردبوو. ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە بۆ نموونە مارکس، بیرمەندێکی بلیمەت بوو. خۆ بەستنەوە بە گرووپەوە، ئیدی شێوەی خێڵی هەبێت یان حیزب، سەرکوتکردنی تاکی لێ دەکەوێتەوە، ئاخر هەمیشە کۆمەڵ، ئازادی لە تاک زەوت دەکات. یۆسیتاین گاردەر هەرچەندە مامۆستای ئایین و فەلسەفەیە، کەچی ئەوە بە هیچ ڕۆمانێکییەوە دیار نییە کە لایەنی ئەم ئایین یان ئەو فەلسەفەی گرتبێت.

بەشێکی گرنگی ڕووداوەکانی ڕۆمانی مایا لە دوورگەی (تاڤیونی) کە یەکێکە لە دوورگەکانی (فیجی) و دەکەوێتە ئۆقیانووسی (هێدی)یەوە، ڕوو دەدەن. ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین لایەنی ڕۆمانەکە، گوتوبێژی درێژی نێوان (فرانک) و مارمێلکەکە بێت کە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی یۆستاین گاردەر، لە بواری هونەری گێڕانەوەدا سەر لە هەور دەسوێت. ڕەنگە گاردەر یەکەمین ڕۆماننووس بێت کە مارمێلکەی هێنابێتە گۆ و ڕۆڵێکی سەرەکیی پێ بەخشیبێت و ئەوەی فێر کردبین، (ئینسان کە لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە، هەر لە مارمێلکەیەک دەچێت کە گاز لە کلکی خۆی بگرێت.) یۆستاین گاردەر لە ڕۆمانی (مایا)دا پێمان دەڵێت: چونکە ڕەنگە مرۆڤ تەنیا زیندەوەرێکی ئەم گەردوونە بێت کە خاوەنی هۆشیارییەکی گەردوونی بێت، چونکە لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی هەڵەی ئینسانەوە لەگەڵ سروشتدا، زەوین تای لێ هاتووە، بۆیە پاراستنی ژینگە، تەنیا بەرپرسیارییەتییەکی جیهانی نییە، گەردوونیشە.

هەرچەندە ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گشتی جوان تەرجەمە کراوە، وەلێ هەندێک جار بەخت یاوەری وەرگێڕ نەبووە. وەک نموونە: (داپۆشینی ئەو بۆنەیە. ل٦٤) مەبەستی لە داپۆشین، (تغطیة)ی عەرەبییە، کە (ڕووماڵ)ی پێ دەگوترێت. (داپۆشین) شاردنەوەیە و (ڕووماڵ)یش ئەوەیە، (بۆنە)یەک بدرێتە بەر ڕووناکی، کەواتە داپۆشین بە پێچەوانەی ڕووماڵەوە، فەرامۆشکردنی بۆنەکەیە. (کاتی خۆی سەرۆکهۆزەکانی دوورگەکانی فیجی، کەسێکیان هەبووە کە ناویان لێ ناوە: پیاوی مێشوولە، ئیشیان ئەوە بووە، بە درێژایی شەو، بە ڕووتی لە تەنیشتیانەوە دابنیشن، بۆ ئەوەی مێشوولەکان بەوانەوە بدەن و سەرۆک هۆزەکان بە ڕاشکاوی بخەون. ل١١٢) بە ڕاشکاوی بۆ ئەو شوێنە هەڵەیە، (بە هێمنی) دروستە.

ئەگەر زەوین سەرۆکهۆز بووبێت، ئەوا جوپیتەر پیاوی مێشوولە بووە، ئاخر ئەوە ئەو ئەستێرە گەڕۆکە بووە، وەک گەسکێکی کارەبایی ئەستێرە کشاوەکانی هەڵمژیوە کە هەر یەکێکیان بەس بووە بۆ ئەوەی، نزیکەی هەموو ژیانی سەر زەوین بسڕێتەوە. وەرگێڕ دەنووسێت: (ڕژێمێکی شێواو دەبینم کە لە مانگ و ئەستێرەی گەڕۆک و نەیزەک پێک هاتووە. ل١٨٨) پێم وایە ڕژێم کە زاراوەیەکی سیاسییە، بۆ شێوازی فەرمانڕەوایی دروستە، سیستەم بۆ گەردوون شیاوترە. (بۆن و بەرامەی ڕووەک و درەختەکان چواردەوریان تەنین،بولبول و باڵندەکانیشلە چالاکترین وەرزدا بوون. ل٢٥٤)

ئایا درەختیش هەر ڕووەک نییە؟ ئایا بولبولیش هەر باڵندە نییە؟ بەهرۆز حەسەن ڕۆمانەکەی لە دانمارکییەوە کردووە بە کوردی، کەچی بە فۆنتێکی ورد، لە لاپەڕە چواردا ناوی (کامیلا کریستنسن)ی کە وەرگێڕە دانمارکییەکە، نووسیوە، وەلێ ناوی خۆی لەسەر بەرگ بە هەمان قەوارەی ناوی نووسەری ئۆرگیناڵ تۆمار کردووە!

(١) عطاالله مهاجرانی، السیدة من تل أبیب، ٣ دیسمبر ٢٠٠٩ الشرق الأوسط.
(٢) ئەلعەفیف ئەلئەخزەر.
(٣) ضیاء حمیو، حقیقة کلمات مارکس ١٦ أکتوبر ٢٠٠٩ إیلاف.
(٤) هاشم صالح، بلزاک فی مرأة المثقفین الفرنسیین ٢٦ نوفمبر ٢٠٠٩ الشرق الأوسط.
(٥) یۆستاین گاردەر، مایا، وەرگێرانی لە نەرویژییەوە بۆ دانمارکی: کامیلا کریستنسن، وەرگێڕانی لە دانمارکییەوە بۆ کوردی: بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٩ سلێمانی.

پێوەندیمان بەجەستەمانەوە

د. فازڵ جاف

مێژووی جەستەی ئادەمی بەئەندازەی مێژووی فەلسەفە کۆنە، لە سەردەمی شارستانێتی گریکەوە، فەیلەسووف و بیرمەندەکانی یۆنان، بۆ ئەوەی لە ڕوح بگەن، بایەخیان بەجەستە داوە. پیتاگۆرەس دەڵێت: هێزی ڕوح هەڵبژیرە لە بەرانبەر هێزی جەستەدا. دەتوانم چەند بۆچوونێکی دیکەی، هاوشێوەی بۆچوونەکەی پیتاگۆرەس، بەنموونە بهێنمەوە، بەڵام پێگەی جەستە لە فەلسەفەدا، تا دەهات بەهێزتر دەبوو، بەئەندازەیەک لەلای زۆرێک لە بیرمەندان، لە ڕوح گرینگتر بوو.

دەکرێ سەدەی بیست بە «سەدەی جەستە» ناو ببرێت، چونکە گرینگترین گۆڕانکارییەکانی زانستی فیزیولۆجی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی ئەم سەدەیە ڕاستەوخۆ پێوەستە بە جەستە و بوارەکانی پێوەست بە جەستەوە.

کە دەگوترێت سەدەی بیست سەدەی جەستەیە، لە بەر ئەوەیە کە لەم سەدەیەدا جەستەی مرۆڤ پێگەیەکی بەرچاوی لە بۆچوون و تێڕامانی فیکر و فەلسەفەدا داگیر کردوە، پێگەیەک لە پارسەنگی کاریگەرێتیی وبەهای جەستەی مرۆڤەوە کەوتۆتە ئاراوە، چیدی فیکر و فەلسەفە لەم سەدەیدا جەستە وەکوو پاشکۆی ڕوح و دەروون «نفس» شرۆڤە ناکات.

نەک هەر ئەوەندە بگرە بەپێچەوانەی فەلسەفەی قۆناخەکانی بەر لەسەدەی بیست، هەر لەسەردەمی شارستانێتیی گریکەوە تا دەگاتە دیکارت، کە ڕوح باڵادەست بوو و جەستەیش پاشکۆی ڕوح، لێرە بەدواوە جەستەی مرۆڤ جوانترین جەستەی ناو پێکهاتەی سروشتە، بەواتەیەکی دی «جەستەی ئادەمی جوانترین جەستەیە لە نێو سەرجەمی جەستەی گیانلەبەراندا».

جەستەی خۆت نزیکترین جەستەیە لە خۆتەوە، بۆیە وتە بەناوبانگەکەی سوکرات «خۆت بناسە»، جەستەی «من» یان جەستەی» خود»یشی دەگرتەوە، گومانیش لەوەدا نییە کە مەبەستی سوکرات لە دەستەواژەی «خۆت» بە ڕادەی سەرەکی

و بەرلە هەموو شتێک ناخ و خودی دەگرێتەوە. سوکرات لەم هاوکێشەیەدا جەستە دەپێکێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ و یەکسەر نا. ئەم دەربڕینەی سوکرات خۆی لە خۆیدا گەلێک بۆچوون و لێکدانەوەی جیاجیا هەڵدەگرێت، ڕەنگە لە هەموویان گرینگتر ئەو بۆچوونە پڕ بایەخەی فەیلسووفی وجوودی دانیمارکی «سۆرین کیرکیگارد» بێت، کە پێی وایە فەلسەفەی خود و بوونگەرایێتی» وجودیەت» لە سەر ئاستی تیۆر لەو گووتەیەی سوکراتەوە دەست پێدەکات. دیارە پێگەی جەستەیش لە یەکەم پرسیاری خۆناسینەوە دەست پێدەکات، لە هاوکێشەی نێوان ڕوح و جەستە (لەش)ەوە، یان لە پێوەندی ئۆرگانیکی «نەفس» و «بەدەن»ەوە.

جەستە نزیکترین پێکهاتەی بوونمانە، ئەمە ڕاستییەکی بێ پێچ و پەنا و سادەیە، بەڵام ئەم ڕاستیە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە باسکردن لێکۆڵینەوە لە جەستەمان، سەختترین ئەرکی ژیانە. جەستە جەستەی خۆتە بەڵام بەزەحمەت لێی تێدەگەیت!

لەیەکێک لە خولەکانی جەستە و کرداری فیزیۆلوجی، داوام لە بەشداران کرد، کە بەر لە ڕاهێنان و مەشقکردن لەسەر جەستە و بنەماکانی جووڵە، با هەر کەسە و لاپەڕەیەک یان کورتەیەک دەربارەی جەستەی خۆی بنووسێت. کەس ئەم داخوازیەی بەگوڕ و جۆشەوە وەر نەگرت، پێیان وابوو ئەم ئەرکە ئاسان نییە، زۆربەیان شڵەژان و هیچیان پێ نەدەنووسرا.

زمانی جەستەیان ئەم هەستەی وەکو ئاوێنەیەکی بێگەرد پێشان دەدا، کە من خۆم ئەم مەشقەم بە یارییەکی ڕوحی و زەینیی دەهاتە بەرچاو. ئەمجا هەوڵم دا شتەکەیان بۆ ئاسان بکەمەوە، پارچە مۆسیقایەکی « باخم» خستەکار، مۆسیقایەکی خاوی کڵیسایی، پاشان داوام لێکردن کە لە سەر نەزمی هەناسە و نەبز و لێدانی دڵیان شتێک بنووسن، پێم گوتن: ئەگەر بێت و هەناسە و نەبز ولێدانی دڵتان بوەستێت، ئەودەم بزانن جەستەتان چی بەسەر دێت؟ کە ئەم دووانە وەستان ئیدی ژیان دەوستێت، سەرنجم دا تادەهات لەگەڵ مۆسیقاکە خاو دەبوونەوە و هەستیان دەکرد ئەرکیان تۆزیک سووکترە، ئەمجا هەرکەسە لای خۆیەوە دەستی بە نووسین کرد. نووسین لە سەر نزیکترین شت لە خۆیانەوە، نووسین لەسەر جەستەیان.

ئەگەر جەستەمان، بەدرێژایی تەمەنمان، هەر لەدایکبوونەوە تاکو ئەو ڕۆژەی بە جێی دەهێڵین، لەگەڵماندا بێت و ئاشنای بین، ئیدی بۆ دەبێت ناسینیی جەستەمان ئەوەندە

سەخت و دژوار بێت؟

بە بڕوای من،فەلسەفەی جەستە هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی بیر و فەلسەفەدا دەڕوات، جا بۆ ئەوەی لە جەستەی خۆت و پاشان لە چەمکی جەستەی ئادەمی بگەیت، باشترە بیرکردنەوەمان لە چوارچێوەی ڕێباز و میتودێکدا بێت، ئەگەر نا، زەحمەتە لە جەستەمان بگەین. ڕێباز و میتود وەکوو ڕێنمایکەر و بەڵەد و چاوساخ بەرچاوڕوونیمان پێ دەبەخشێت. لەلایەکی دیکەوە تێگەیشتن لە چەمکی جەستە و فەلسەفەی جەستە، بەدرێژایی مێژوو، کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە جەستە خاوەنی کەلەپورێکی دێرین و مێژوویەکی کۆنە، هەروا بەئاسانی نایەتە شرۆڤەکردن و ساخکردنەوە.

نهێنەکانی جەستەی ئادەمی هەر لەسەرەتای بوونەوە ئاڵۆز و شاراوە بوون، واش پێدەچێت بەشی زۆرییان خۆیان بەدەستەوە نەدەن و هەروا بەشاراوەیی بمێننەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تێڕامان و تێروانینی مرۆڤ بۆ جەستە و بەهاکانی، بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوەی، بۆ میکانیزمی بەڕێوەچوون وسیستەمی کارکردنی، هەر لەسەرەتای مێژووەوە، بەردەوام گۆڕاوە و لە گۆڕاندایە، جەستەی ئادەمی لە ئێستادا هەمان جەستە کەونین نییە. مرۆڤ هەر قۆناخەو، هەر سەردەمەو، دیدگەی خۆی هەیە بۆ جەستە، ئەم دیدگەیە بە پێی ڕەوتی شارستانیەت و کولتوور و پەرەسەندنی شێوازی ژیان هاتۆتە ئەنجام، ڕۆژ پاش ڕۆژیش جەستەمان وردەکاریی و ناکۆکی نوێ و نهێنی تازەتر دەگرێتە خۆ.

جەستە وەک وینە و ئەندێشە

ئاشکرایە کە زانستە مرۆییەکان، وەکوو سایکۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا و سۆسۆلیۆجیا، بەردەوام کۆدەکانی جەستەمان بۆ شی دەکەنەوە و تادێت پتر نهێنیەکانی جەستەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، بەڵام لایەنێکی تری شاراوە هەیە، کە پەی پێبردنی کارێکی سەخت و دژوارە، لایەنێک کە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە هێشتا هزرێکی یەکلاکەرەوە و وڵامێکی بنجبڕانەمان دەربارەی چنک نەکەوتووە، ئەویش ئەو لایەنەیە کە پێوەستە بە ڕوحەوە، لایەنێک کە لە دەرەوەی سنووری جیهانی فیزیکە، ئەو لایەنەیە پێوەستە بە میتافیزیک و بەستراوەتەوە بەبۆچوون و تێڕامانەکانمان سەبارەت بە جیهان و گەردوون و سەرلەنوێ ژیانەوە، دیارە ئایین بەشێکی سەرەکی لەو بیرکردنەوەیەمان پێکدێنێت.

ڕاستییەکی دیکە کە تاڕادەیەک بواری دیراسەکردنی جەستەی بەرتەسک کردووە،

ئەوەیە کە کاتێک باس لە فەلسەفەی جەستە دەکەین، وەنەبێت ئەم فەلسەفەیە لە ناو ڕەوتی مێژووی فەلسەفەدا پێگەی سەرەکی یان پێگەیەکی زۆر گرینگی لە بیروبۆچوون و هزری فەیلەسووف و بیرمەندەکاندا هەبووبێت، ڕاستە پرسی جەستە هەمیشە بوونی خۆی لە ناو پرسەکانی فەلسەفەدا سەلماندووە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە فەیلەسوف و بیرمەندەکان ئەوەندەی کاریان لەسەر فەلسەفەی ڕەها و موجەرد (مجرد) و دیاردەکانی دەروەی ناخ و دەروونی مرۆڤ کردووە، ئەوەندە بایەخیان بە جەستە دابێت.

هەربۆیە زۆربەی پسپۆرانی بواری جەستە کۆکن لەسەر ئەوەی کە جەستە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە بابەتێکی قسە لەسەر نەکراو بووە، لە زۆر دەورانیشدا قڕوقەپ وبێدەنگی لێ کراوە. هۆکارەکانی ئەم بێدەنگبوونەش لە باسکردنی جەستەدا زۆرن، دیارە هۆکارەکانی ئایین و بۆچوونی ڕوحیی مرۆڤ سەبارەت بەجەستە، وەکو بە حەرامکردن و تابوکردن و دانانی کۆت و سنوور بۆ سەرکووتکردنی جەستە هۆکاری سەرەکین. بەڵگەشمان ئەوەیە کە فەلسەفەی کلاسیکی، هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە، پانتاییکی ئەوەندە فراوانی بۆ پێگەی جەستە تەرخان نەکردووە، نەک هەر ئەوەندە تەنانەت هەندێک لە بیرمەندان بە چاوی گومانەوە دەڕواننە هەڵوێستی فەلسەفەی کلاسیکی بەرامبەر بە جەستە، ئەوەتا نیتچە فەلسەفەی کلاسیکی بە «بەدحاڵیبوونی فەلسەفە لە جەستە» لە قەڵەم دەدات.

سەدەی بیست، پاش تێڕامان و بۆچوونەکانی میرۆلۆپۆنتی و جان پۆل سارترێ سەبارەت بە «ئازادکردنی خود» و «چەمکی جەستەی ئازاد» و «بیری ئازاد» و گرینگی پارێزگاریکردن و ڕێزگرتن لە ئازادیی جەستە، تین و تەوژمێکی باشی بە خۆوە بینی، سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە بیرمەندانی ئەم سەردەمە، پێیان وایە ڕۆڵ و کاریگەرێتی هێشتا پێویستی بەکاری زێدەتر هەیە. هەر بۆیە بیرمەندی عیراقی دکتورسیار الجمیل دەڵێت: فەلسەفە دەبێت چەند هەنگاوێک بەرەوە چەمک گەلێکی نوێتر بنێت، بەتایبەتی پاش گەشەی زانست/..../ هەنگاوێک بەمەبەستی تێگەیشتن لە جەستە و پێکهات و گەشەکردنیدا.

ئەم بۆچوونە ئەگەرچی گەلێک لێدوان و ڕای جیاواز هەڵدەگرێت، بەڵام خۆ ئەگەر پاش دیکارت دەستپێشخەری و بۆچوونەکانی میرلۆپۆنتی بەلاوە بنێین، ئەوا ڕەنگە فەلسەفەی هاوچەرخ لە پرسی جەستەدا، ئەم تین و جۆشەی ئێستای بە خۆوە نەدیتبا، بەڵگەشمان

بۆ ئەم بۆچوونە، گەشەی پێگەی جەستەیە لە ناو جەرگەی ڕێبازی فەلسەفەی فینۆمینولوجیا (دیاردەگەرایی)یە، بەتایبەت لەلای هایدگەر و هۆسرل..

ئادەمی هەر لەسەرەتای بوونەوە ئاڵوودەی جەستەی خۆیەتی، سەرەتا سەرنجی جەستەی خۆی دەدا پاشان وێنەی دەکێشا، ئەمجا وێنەی جەستەی مرۆڤێکی دیکەی لە سەر دیواری ئەشکەوت و لە سەر تاشە بەردەکان دەکێشا، پاشتر وێنەی جەستەی ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی دیکە، کە وێنەی ئەم جەستانەی دەکێشا دەیویست سەر لە نوێ جیهانی دەوروبەر بنیات بنێتەوە و لێیان تێبگات، بەڵام تێگەیشتن لە ڕێگەی سەرلەنوێ بەرجەستەکردنیانەوە، ڕەنگە مرۆڤ ویستبێتی بەدەستی خۆی وێنەی جەستەی خۆی بکێشێت، بە پەیکەر جەستەی خۆی وێنا بکات، ئەمەش سەرەتاکەیە بۆ بەرجەستەکردنی جەستە لە جیهانی لە داهێنانی هونەرییدا، بەر لە فیکر و فەلسەفە و زانستە مرۆییەکانی تر.

ئەوەبوو هەندێک جار چەند جەستەیەکی لە شێوەی یەک جەستەدا درووست دەکرد، بۆ نموونە جەستەی گایەک بە دوو باڵی باڵدارێکەوە، هاوکات بە کەلەسەری مرۆڤێکەوە. ئەگەر ئەم ئەزموون و تەقەلایانە بە هەنگاوی یەکەمی مرۆڤ بژمێرین بۆ تێگەیشتن لە جەستە، جا چ لە ڕێگای هونەری نیگارکێشانەوە بێت، یان لە ڕێگای هونەری پەیکەرتاشییەوە بێت، پاشتریش لە ڕێگەی سەما و نمایشەوە بێت، هەرچونێکی لێک بدەینەوە، ئەم نمایشە هونەرییانە، شێوازێکی گرینگی بەرجەستەکردنی فۆرم و ڕوخساری جەستە بووە.

پاشتر، پاش قۆناخێکی تر، دەکرێت بڵێین زانستی پزیشکی هەنگاوی کۆن و دێرینەی لە هەڵدڕینی جەستەدا هەبووە، خواستی مرۆڤ لەم سۆراخەدا، بۆ ئەوە بووە لە نهێنە شاراوەکانی جەستە تێبگات و بگاتە جیهانی ناوەوە، جیهانی پێکهاتەی ژێر پێست و کاژ و ڕواڵەتی دەرەوە. ئەمەی ئەمرۆ لە جیهانی زانستدا بەدەست هێنراوە پوختە و ئاکامی تاقیکردنەوەی پزیشەکەکانی سەرەتای مێژووە، کە دەیانویست بە کەرەستەی ئەو سەردەمانە بگەن بە نهێنیەکانی ناوەوەی جەستە، کە زمانی جەستە بە جووڵە و ئاماژە و دەربڕینی فیزیکی گوازارەیان لێ دەکات.

ئەرکی ئۆرگانیکی جەستە

جەستە بەپێی لێکدانەوەی پلاتۆن پێکهاتووە لەسێ بەشی سەرەکی: سەر»کەللە»جێگەی ڕوح و عەقلە، سینگ جێگەی ئازایەتییەیە، دڵ کە هەناسەی گرتۆتە خۆ، سێیەم ورگ و گەدەیە: کە جیگەی ئارەزوو و داخوازیەکانمانە. ئەمانە بەبۆچوونی پلاتۆن لەسەر نزم و سیستمێکی سروشتی دەڕۆن و ئەرکی خۆیان بە جێدێنین، نەخۆشی و بیماری نیشانەی تێکچوونی سیستەم و بێ سەروبەریی جەستەیە، کە خراپ کار دەکاتە سەر ڕوحی ئادەمی.ئەم نەخۆشیە فیزیکانە، کە لە جەستەوە دەستپێدەکات، پاشتر نێگەتیڤانە کار دەکاتە سەر ڕوح، ئیدی دەبنە مایەی نەخۆشی و دەردەدارییەکانی ڕوح لەچەشنی دەبەنگی و گەلۆری و خەڵەفان وگۆمڕایی.

بەلای پلاتۆنەوە مرۆڤی تەندروست ئەو کەسەیە کە بتوانێت هاوسەنگی و هارمۆنیا لە نێوان جەستە و روحدا بخولقێنیت، وەک چۆن زاڵبوونی ڕوح بەسەر جەستەدا میکانیزمی لەش لە کار دەخات، بەهەمان رادەیش زاڵبوونی جەستە بە سەر ڕوحدا دەبێتە مایەی نەزانی و کەمفامی. ئەم هارمۆنیا و هاوسەنگییە، بەڕای پلاتۆن بەراهێنانی جەستە لە ڕێگەی مەشق و وەرزشەوە دێتە ئەنجام. هەروەها ڕاهێنانی ڕوحیش لەسەر مۆسیقا و فەلسەفەوە. ئەم بۆچوونە بنەمای فەلسەفەی پلاتۆنە، سەبارەت بە دوالیزمی جەستە و ڕوح لە کۆمارە بە ناوبانگەکەیدا.

لە فەلسەفەی ئەرستۆلیسدا تێڕوانینی دوالیزمانەی جەستە و روح هەمان ڕیسای هەیە، بەڵام جیاوازیی گەورەی نێوان دیدی پلاتۆن و ئەرستۆتالیس لەوەدایە کە: بابەتی جەستە لەلای ئەرستۆتالیس فیزیکیترە، قابیلی دیراسەکردن و لێکدانەوە و شیکارییە، چونکە دەکرێت بناماکانی بەپێی لوژیک و عەقل لێکبدرێنەوە. بۆ تێگەیشتن لە جەستە، ئەرستۆتالیس پەنا دەباتە بەر بەشەکان و پێکهاتەکانی جەستە، هەر بەش و پێکهاتێک لە قەوارەی تایبەت و سەربەخودا تەفسیر دەکرێت. تێڕوانینی ئەریستوتالیس بۆ ڕوح تێڕوانینێکە لەسەر بناخەی وێنەی جەستە دروست بووە، واتە ڕوح وێنەی جەستەیە، هەر ڕوحیش ئەرکەکانی جەستە کۆنترۆڵ دەکات و ڕێکی دەخات و دەیگونجێنێت. بەم پێیە دوالیزمی جەستە و ڕوح لەلای ئەریستوتالیس هیچ ناکۆکی و دژایەتیەک ناگریتە خۆ..

ئێمە خۆمان جەستەین

ئەم گوتەیەی فەیلسوفی فرەنسی میرلۆ پۆنتی (١٩٠٨-١٩٦١) بە کوگیتۆ «بۆچوونێکی فیکری»ی جەستە ناودەبرێت، لە ڕەوتی فەلسەفەی نوێدا جێگای کۆگیتۆ بەناوبانگەکەی دیکارتی فەیلسووفی گرتۆتەوە، کە دەڵێت «من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم» بە قەدەر ئەویش گرینگە. چونکە هەر نەبێت بابەتی جەستەی، کە نیمچە تابو و تاڕادەیەک بڤە بوو، سەر لە نوێ هێنایە کایەوە. لە ڕوانگەی مێرلۆ پۆنتییەوە: ئێمە لە دەرەوەی جەستەی خۆمان نین، بەرانبەر بە جستەی خۆمان ڕانەوەستاوین، ئێمە خاوەن جەستەی نین، بگرە ئێمە خۆمان جەستەین.

چۆن ئێمە جەستەین؟ پۆنتی یەکەم فەیلەسووفە کە توانی جەستە بخاتە سەنتەری بوونەوە، بەوەی لە دووفاقەیی و دوالیزمی بیر و بەدەن دەربازی بکات، بەوەی کە بڕوانێتە جەستە هاوکات وەک: بابەت و ئامراز، کاریگەر و کارتێکراو، کارکەر و کارتێکراو. بەو جۆرە جەستە هەموو شتێکە و هیچ لە دەروەی خۆیدا نییە.

لێرەدا، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەم کە ئەم دیدە فەلسەفییە، پێگەیەکی فەلسەفی گرینگی بۆ جەستە لە بزاڤی فیکر و بۆچوونی فەلسەفەی نوێدا دابینکرد، بەتایبەتی لە چوارچێوەی فیکری بونیاتگەرایی (وجودی)دا، هەروەها پێگەیەکی پڕ لە بەها لە ناو جەرگەی فەلسەفەی گەشەی مروییدا. گەشەی مرۆیی گەیاندە ئاستێکی ئەوتۆ کە بەفەلسەفەی نۆیی هاوچەرخ لە قەڵەم بدرێت.

ئۆشۆی بیرمەندی دانای هیندی دەڵێت: جەستە ڕوحێکی نەبینراوە و ڕوحیش جەستەیەکی نەبینراوە.

ئەم بۆچوونە سەت لەسەت پێچەوانەی گوزارەشتەکەی فەیلسوفی وجودی فرەنسایی میرلۆپۆنتیە، کە دەڵێت ئێمە نەک خاوەن جەستەیەن، بگرە ئێمە خۆمان جەستەین. چونکە بەلای ئۆشۆە جەستە و ڕوح بە هیچ شێوەیەک لە یەک دانەبڕاون وبەبێ یەکیش بوونیان نیە .هەردوو پێکەوە جەمسەرێک دروست دەکەن.

ئۆشۆ دەڵێت: «بکەیت جەستە ئالۆزترین مەکینەیە، لە ڕاستیدا موعجیزەیەکە بۆ خۆی!»

ئۆشۆ داوامان لێ دەکات فێری ئەوەبین ستایشی جەستەی خۆمان بکەین، جەستەی خۆمانمان پێ پەسەند بێت، چونکە «هەموو گەردوون و بوون خۆیان لە جەستەماندا

دەنوێنن، هەروەها دەڵێت: لە جەستەدا ئاوی دەریا هەیە، تیشک وئاگری ئەستێران هەن، هەوا هەیە، هەروەها خوڵ و خاکی زەویش».

بەبۆچوونی ئۆشۆ، هەموو بوون خۆی لە جەستەدا حەشار داوە.

پێویستە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە تەماشای جەستە بکرێت، ئۆرگانیکی جەستە دەبێت سەر لە نۆی تاوتۆی بکرێتەوە، بەدیدێکی قووڵتر و ئینسانیتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک تەنیا لە دیدی زانست و ئەنترۆپۆلۆجیا و سۆسیولوجیا و ساکۆلۆجیا و زانستەکانی دیکەوە هەڵسەنگێنرێت، بگرە لە دیدی خۆشەویستی و هەڵسانگاندن و بەرز ڕاگرتنی جەستەوە.

ئۆشۆ دەڵێت» دەبێت فێری ئەوە ببین، چۆن گوێ لە بێدەنگیی دڵمان بگرین، ئەمەش دەکاتە میدیاتاسیون، پێویستە جەستەی هەموو کەسێک تەژی بێت لە بەزەیی و سۆز. چونکە ئەگەر بەزەییت بەجەستەی خۆتدا نەیێتەوە و هاوسۆزیت بۆ نەبێت، مەحاڵە سۆز و بەزییت بۆ جەستەی کەسێکی دیکە هەبێت. جەستە میکانیزمێکی زیندوە و هەرگیز ئازاری نەداویت. ئەو لەو ڕۆژەوەی کە هەیت بەردەوام خزمەتی کردوویت، لە داهاتوویشدا هەر خزمەتت دەکات، جەستەت هەموو شتێکت بۆ دەکات، تەنانەت ئەوەی کە مەحاڵە بکرێت، هەرگیزیش ناتوانیت لەڕێگە لا بدات و سەرپێچیت بکات.»

تا ئێرە قسەکانی ئۆشۆ ڕەنگە بەس بن، بۆ ئەوەی جیاوازیی بیرکرنەوەی ڕوحیی لە بەرانبەر بۆچوونە و جودییەکەی میرلۆپۆنتی بخەینە ڕوو.

بە بۆچوونی ئۆشۆ «زانستی پزیشکیی ڕۆژئاوایی بەردەوام مرۆڤی وەکوو سەرجەمێکی لەیەک جوودا شرۆڤە کردووە، ئەمەش یەکێکە لە هەڵە کووشندەکانی زانست. مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و تەندروستی مرۆڤیش لە هاوئاهەنگیدایە لەگەڵ سروشت»

چەمکی ڕۆژئاواییەکان، بەبۆچوونی ئۆشۆ، لە دیدیکی میکانیکیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوەش ئەوە دەگەێنێت کە ئەگەر میکانیکەکە سەرکەوتوو بێت، مرۆڤەکەیش سەرکەوتووە .بەڵام بێگومان مرۆڤ میکانیک نییە، مرۆڤ سەرجەمێکی زیندووە، پێویستی بە تیمارکردنی تەنیا ئەو شوێنە نییە، کە نەخۆشە، بگرە پێویستی بە تیمارکردنی سەرتاسەرییە. ئەو شوێنەی کە نەخۆشە، نیشانەی ئەوەیە کە هەموو میکانیزمی تووشی کێشە بووە، ئەو شوێنەی کە دەناڵێنێت، لە بەرئەوەیە کە لەهەموو بەشەکانی دیکەی جەستە لاوازترە. کێشەکە لەوەدایە، مرۆڤ بەبۆچوونی ئۆشۆ، لەجەستەی خۆی وەکو

جەمسەرێکی گشتگیر ناگات.

گرینگە ئەوە بزانیت کە جەستەت هەمیشە ئامادەیە گوێت لێ بگرێت.بەڵام تۆ نایدوێنیت، هەوڵت نادەیت پێوەندی لەگەڵدا دروست بکەیت. تۆ لەناو جەستەتدایت و بەکاری دێنیت، بەڵام سوپاسی ناکەیت.

ئۆشۆ پێی وایە سروشت زۆر لە تۆ ژیرترە، چونکە هەموو ئەرکە گرینگەکانی ناو لەشت، جەستت خۆی بە ئەنجامیان دەگەێنێت، لەوانە: هەناسەدان، لێدانی دڵ، سووڕانەوەی خوێن، خواردن هەرسکردن، تۆ ناتوانیت بڕیار لەسەر هیچ یەک لەمانە بدەیت، ئەگەر هاتبا بەبڕیاری تۆ کاریان کردبا، دەمێک بوو کێشەی گەورەت هاتبوو ڕێگە..

هەر بۆ نموونە، ئەگەر هەناسەدان، بەدەستی تۆ بوایە، دەمێک بوو، ئەودەم تاکە یەک شانسی ژیانت لە پێشدا نەدەما، چونکە لەهەر ساتێکدا، ئەگەری ئەوە هەیە لەبیرت بچێت هەناسە بدەیت. ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا بەشەڕ بێیت، ڕەنگە لە بیرت بچێت هەناسە بدەیت، کە دەخەویت ڕەنگە لە بیرت چووبایە دڵت نابێت لە لێدان بکەوێت، چۆن ئەمانەت بیر دەکەوێتەوە؟.

جەستە هەموو ئەمانە و گەلێ ئەرکی دیکەت، بەدرێژایی حەفتا، هەشتا، نەوت ساڵ بۆ ئەنجام دەدات، باشە هێشتا پێت وا نییە، کە جەستەت ژیرە؟

جەستە سەرەڕای ئەو ئەرکە ناوەکییە ئاڵۆزە نەبینراوانەی خۆی، ئەرکێکی دەرکی ڕوون و ئاشکرایشی هەیە، کە ئەرکێکی کرینگ و کاریگەرە، ئەویش ئەرکی ئاخافتن و دیالۆگ و ڕێکخستنی پێوەندیەکانمانە بەجیهان و کەسانی دەوروبەرەوە.

ئاشکرایە کە جەستە زمانی خۆی هەیە، بگرە بەر لەوەی بەزمان قسە بکەین و بئاخڤین جەستەمان ڕاستگۆییانە گوزارە لە مەبەست و خواستەکانمان دەکەن، کۆد و نهێنیەکانی ناخمان بەزمان کونترۆڵ دەکەین،بەڵام بێ خواستی خۆمان جەستەمان دەیان درکێنێت و بەشێوەی جیاجیا دەریان دەبڕێت. لەم دۆخەدا دەکرێت بڵێین زمانی جەستە لە زمانی زارمان ڕاستگۆترە، چونکە تەنیا بەشێکی کەمی بە خۆمان کۆنترۆڵ دەکرێت، بەشە هەرە گەورەکەی گوێڕایەڵی سروشتە، ئێمەی ئادەمی ڕاستە دەتانوانین کاریگەرێتیمان بە سەریەوە هەبێت، ڕاستە دەتوانین رایبهێنین و مەشقی پێ بکەین، بەمەبەستی ئەوەی بەزمانێکی پۆزەتیڤ و کارساز بدۆیت و پێوەندیمان بەدەوروبەر بەهێزتر و ڕوونتر بێت، تەنانەت دەتوانین بیکەینە ئامرازێکی کاریگەری ڕۆژانە بۆ وتاربیژی و وخۆنمایشکردن

ودانووسان و گفتوگۆ و دیالۆگ، بەڵام لە کرۆک و جەوهەردا هەر سروشت بەڕێوەی دەبات، ئەو بەپلەی یەکەم گۆیڕایەلی سیستەمێکی ئاڵۆزە، سیستەمێک کە هەموو ڕەهەندەکانی ڕوح و زەین و هەست و نەست دەگرێتەوە.

زانانایانی بواری جەستە لەو باوەڕەدان پەیامەکانی زمانی جەستە بە ئەندازەی زمانی ئاخاوتن و زێدەتریش مەبەست دەپێکن و لەویش کاریگەرترە، بۆیە ئەم زانستە هەر لە دێر زەمانەوە جێگەی گرینگیپێدان و بایەخی مرۆڤ بووە، ئەم بایەخپێدانە هەموو میدانەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لە مەیدانە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە تادەگاتە زانستە مرۆییەکانی وەکو سایکۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا و سۆسیولۆجیا و بوارە جیاجیاکانی هونە و ئەدەب. ئەمە جگە لە پێگەی ناسکی زمانی جەستە لە مەیدانی سیاسەت و ڕۆڵی کاریگەر بۆ سیاسەتمەداران و میدیاکاران.
کینیزکس واتە زانستی پێوەندیی نێوان زمانی جووڵەی لەش و پێوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە. ئەم زانستە تەمەنی گەلێک کۆن نییە، زانایانی سایکۆلۆجیا سی چل ساڵێک دەبێت بۆ دیراسەکردن و تێگەیشتن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ پەنا دەبەنە بەر کینیزکس. دیارە ئەم زانستە لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ گەلێ ئاکامی مسۆگەر و کۆنتکریتی بەدیهێناوە. کینیزکیس بایەخێکی زۆری بەجەستەی تاک لە چوارچێوەی کۆمەڵدا داوە، ئەم بایەخ پێدانە بەتایبەتی لەڕووی جووڵە و ئاماژە وپێوەندی بزاڤی لەشی تاکە کەس لەگەڵ ئەوانی دیکە (دەوروبەر) دا، ئەمەش تەنیا زمانی جەستە ناگرێتەوە، بە پلەی یەکەم جووڵەکانی لەش و ئاماژەکانی دەگرێتەوە، بەڵام بێگومان جووڵە وەکو کۆد وهیما وبەها، دەچنە خانەی زمانی جەستەوە. بۆیە زمانی جەستە و کینیزکس دوو چەمکی نزیکن لە یەکدییەوە. بەڵام جیاوازییەکی تەنکیش لە نێواندا هەیە. هەندێک جار تەنانەت تاواوکەری یەکدین. ئەگەر یەکەمیان بایەخ بەتاک بدات، دووەمیان زیاتر جەخت لەسەر ئەدگار و پێوەندی کولەکتیڤ و بەکۆمەڵ دەکات. بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییە باشتر بەرجەستە بکەم بەم شێوەیە بەراووردیان دەکەم: ئەگەر لە زمانی جەستەی یەک کەس بکۆڵێنەوە، بێ ئەوەی ڕەفتاری فیزیکی ببەستینەوە بە دەورووبەرەوە، وەکوو ئەوە وایە شیکاری بۆ درەختێک بکەین، بەڵام لە کینیزکسدا، هەوڵ دەدەین شیکاری بۆ دارستانێک بکەین

پێگەی درەختەکە و پێوەندی بەوانی دیکەوە، یارمەتیمان دەدات باشتر لێی تێبگەین.

سەرچاوەکان:

Kropp kunskap & självuppfattning Liv Duesund

Kroppens språk Jane Lyle Solna bibliotek

Den harmoniska kroppen Jacques Dropsy Spånga bibliotek

Kroppsspråket – din genväg till framgång Ken Cooper Solna bibliotek

Bodylanguage Juluis Fast

. Osho International Foudation.2003 Body- Mind- Balancing. Osho

تطور مفهوم الجسد: من التأمل الفلسفي إلى التصور العلمي، د. يوسف تيبس، عالم الفكر، العدد الرابع، ابريل- يوليو ٢٠٠٩ الكويت

الجسم والجسد والهوية الذاتية: د. عزالعرب لحكيم بنائي، نفس المصدر.

فلسفة الجسد والتفكير الإنساني، رؤية عربية، د. سيار الجميل. نفس المصدر.

عنف على الجسد: د. عبدالرحمان التليلي. نفس المصدر.

فن التنفس: نانسي زاي، العبيكان، نقله الى العربية د. ياسر العيتي، عام ٢٠٠٠ المملكة العربية السعودية.

تطور مفهوم الجسد: من التأمل الفلسفي إلى التصور العلمي، د. يوسف تيبس، عالم الفكر، العدد الرابع، ابريل- يوليو ٢٠٠٩ الكويت

الجسم والجسد والهوية الذاتية: د. عزالعرب لحكيم بنائي، نفس المصدر.

فلسفة الجسد والتفكير الإنساني، رؤية عربية، د. سيار الجميل. نفس المصدر.

عنف على الجسد: د. عبدالرحمان التليلي. نفس المصدر.

فن التنفس: نانسي زاي، العبيكان، نقله الى العربية د. ياسر العيتي، عام ٢٠٠٠ المملكة العربية السعودية

ڤایرۆسی تووندوتیژیی و بەکتریای تیرۆر «سۆسیۆلۆژیای زەبروزەنگ و سایکۆلۆژیای تیرۆریست»

مەهاباد قەرەداغی

دەروازەیەک:

بەو پێیەی کە کوردستان کۆلۆنییە و نەتەوەی کورد کۆلۆنیکراوە، مرۆڤی کورد ژێردەستە بووە و کۆیلەئاسا مامەڵەکراون و کۆمەڵگەی کورد کەرەستەئاسا لە لایەن کۆلۆنیالیستانەوە بەکارهێنراون، کەواتە بارودۆخی دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووری نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی بندەستە، نائاساییە. لە دۆخی نائاساییدا رووبەرووی زۆر جۆری توندوتیژیی کراونەتەوە و زەبروزەنگ وەک نۆرمێک و رۆتینێکی رۆژانە لەگەڵیاندا پیادە کراوە. دیاردەی توندوتیژیی یەکێکە لەو دیاردانەی ڤایرۆسئاسا بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و گەشە دەکات، لە دۆخی زێدەرۆییشیدا بە پلەی خەتەرتر دەگات و، بەکتریائاسا نائارامی تەواو دەگەیەنێتە جەستەی کۆمەڵگە. لێرەدا من ئەم دوو دەستەواژە خوازەیەی «ڤایرۆس» و «بەکتریا»م لە زانستی بیۆلۆژیاوە خواستووە و، بۆ دۆخی کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست بەکاریان دەبەم. چونکە کۆمەڵگەش لە رووی سترکتوورەوە چوون جەستەی مرۆڤ لە کۆمەڵێک ئۆرگانی زیندوو پێکدێ. کە ڤایرۆسێک لە جەستەی مرۆڤ دەدات و لە بزوتنەوەی ئاسایی دەخات و دۆخی نەخۆشی بۆ دەهێنێتە ئاراوە، کۆمەڵێک میکانیزمی خۆپاریزی بەکار دەبرێت بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام کە ئەو خۆپارێزییەی نەکرد و گەیشتە قۆناغی بەکتریا، ئیدی ناچاری بەکارهێنانی دژەبەکتریا «ئەنتیبیۆتیکا» ی دەکات.

کە ئەم دوو خوازەیەم بۆ کۆمەڵگە بەکارهێناوە، لەبەر ئەو لێکچوونەیە کە لە نێوان جەستەی مرۆڤ و جەستەی کۆمەڵگەی مرۆڤدا هەیە. دەشتوانم ئاوای روون بکەمەوە کە کاتێ تووند و تیژی لە کۆمەڵگەدا دەبێت بە نۆرم، دەکرێ کۆمەڵێک میکانیزمی چارەسەریی لە شێوەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەیی، ئایینی و کلتووریدا ئەنجام بدرێت و جەستەی کۆمەڵگە ئارام بکرێتەوە، بەڵام کە خۆپارێزی نەکرا و ئەم دۆخی توندوتیژییە پەرەی سەند و گەیشتە دۆخی رەشەکوژی و تیرۆر، ئیدی جگە لە بەرپەرچدانەوەیەکی بنبرەوە، رێگەی چارەسەری ترسەختە. بەڵام ئایا بەرپەرچدانەوەیەکی

بنبرەوە، مەرجە هەر بە ئامرازەکانی توندوتیژی ئەنجام بدرێ وەک هەتا ئێستا ودی توندوتیژی بۆ بنبرینەوەی توندوتیژی کراوە؟ ئایا ئەوە میکانیزمێکی تەندروستە کە بۆ نەهێشتنی دیاردەی تیرۆریستی لەناو کۆمەڵگەدا کە جگە لە خۆبەرهەمهێنانەوە رەنگە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت؟ کاتێ دۆخی توندوتیژی چارەسەر نەکرا و گەیشتە دۆخی تیرۆر، کۆمەڵگە چ جۆرێکی بەرگری هەڵببژێرێت؟ ئەمانە پرسیاری رامان وروژێنن و، رەنگە بۆچوونی زۆر جیاواز بهێننە بەرهەم، من لێرەدا بە بۆچوونی خۆم و پشتبەستوو بە راستییە کۆمەڵایەتییەکان «سۆسیال فاکت» هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدەم.

ئێمیل دورکهایم، بەرهەمهێنەری دەستەواژە و پرنسیپی «سۆسیال فاکت» ە و، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بۆ خوێندنەوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە، پێویستە راستییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو «شت» بێلایەنانە بخوێندرێنەوە.[١]

بە پێی ئەنتۆنی گیدینز، روانگەی یان فەنتازیای کۆمەڵناسیانە، پێش هەموو شتێ ئەوتوانایەی دەوێ کە خۆ بەدوور بگری لە رۆتینە زانراوەکانی ژیانی رۆژانەو، بینینیانە لەبەر رووناکییەکی نوێدا.[٢]

تیشکێکی کۆمەڵناسیانەی لەم جۆرە بۆ خوێندنەوەی توندوتیژی چ لەسەر ئاستی تاک، یان گروپ یان ئۆرگانیزاسیۆن و کۆمەڵگە بە گشتی بۆ بینینی فاکتە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە و، یەکەمین ئامرازی پێویست بۆ خوێندنەوەی دۆخی دەروونی کۆمەڵگەیەکی بارگاوی بە توندوتیژی و تیرۆر، چاویلکەیەکی سۆسیۆ- سایکۆلۆژییە.

بە تایبەتی بە زەررەبینی ئەم دوو زانستە دەکرێ پێکهاتە وردەکانی ڤایرۆسی توندوتیژیی ببینین. دەستەواژەو تیۆرییە پەیوەندیدارەکان بەم دوو زانستە مرۆییە پێوستن بۆ مەبەستی خوێندنەوە، روونکردنەوە، شیکردنەوە و تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی، کە لە ئارادان، یان لە رابردوودا لە ئارادابوون.

بۆ خوێندنەوەی ستركتووری كۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست یان گروپە فوندەمەنتالیستەكان و تیرۆریستەكانی ئەو دەڤەرە، پێویستمان بە بەرهەمهێنانی هەندێ دەستەواژەی كۆمەڵناسی تایبەت بەو دەڤەرە هەیەكە تایبەتمەندی هەیە و لە پێكهاتە بناغەییەكانیدا لەگەڵ كۆمەڵگەكانی رۆژئاوادا جیاوازی هەیە، كە رەنگە ئەو دەستەواژانە لەم بابەتەدا خۆبەخۆ هەندێكیان بێنەبەرهەم.

زەبروزەنگ چییە؟

لە پێناسەیەكی سادەدا بۆ زەبر و زەنگ، یان توندوتیژی دەكرێ بڵێین ئەو ئاكار و گفتارانەن لە دەرەوەی سنووری ئەو نۆرمە ئاساییانەدا جێدەگرن كە پارسەنگی تەندروستی فیزیكی و دەروونی تاكەكەس رادەگرن. توندوتیژی لە خۆرا نایەتە بەرهەم، زەمینەیەک بۆ دروستبوون و گەشەسەندنی لە سەر ئاستی تاک، گروپ، ئۆرگانیزاسیۆن و كۆمەڵگە لە ئارادا دەبێ. ئەو فاكتەرانەی لە دروستبوونیدا بەشدار دەبن دەكرێ بریتی بن لە ناسەقامگیری سیاسی، داتەپینی ئابووری، گەرەلاوژەی كۆمەڵایەتی، شێواوی دۆخی دەروونی ئەكتوێرە سەرەكییەكان كە ئەنجامدەری ئاكار و گفتاری توندوتیژیین. لە ئاكامی ئەمانەشدا تاكاكەن پارسەنگی دەروونییان دەشێوێ و لەو كۆمەڵگەیەدا نائارامی و توندوتیژیی دەبێتە نۆرم و جێگەی نۆرمی ئاسایی دەگرێتەوە.

كۆمەڵگە بریتییە لە كۆمەڵێک تاكەكەس، تاكەكان سەر بە گروپن، گرووپەكان خۆیان ئۆرگانیزە دەكەن و رێكخراو پێكدەهێنن و ستروكتوورێكی دیاریكراو دەدەن بەو رێكخراوە .لەناو ئەو ستركتوورەدا نۆرمی دیاریكراو دەستنیشان دەكرێن و لە لایەن لایەنگرانیەوە پەیرەوی دەكرێن.

بە بەراورد لەگەڵ كۆمەڵگەی تاكگەریی «ئیندیڤیدوێل»، كە تاک سەنتەرە تیایدا و خۆی بریاردەری سەرەكییە، كۆمەڵگەی كۆگەریی «كۆلێكتڤ» زیاتر زەمینەی سازە بۆ گەشەسەندنی ئاكاری توندوتیژانە، چونكە تاک لەوێدا وەک بوون تواوەیە لەناو گرووپ و گرووپ تواوەی ناو رێكخراوە. دەروونی تاكی تواوە، ئامادەی قوربانیدان دەكرێت لە پێناوی بەرژەوەندی گروپ و رێكخراوەكەیدا.

لەبارترین بزوێنەری ئەو فاکتەرانەی کە لە سەرەوە ناوبران و بەرهەمهێنەری جۆرە ناباوەکانی توندوتیژیین، باوەر و ئایدیۆلۆژیان. ئەم دوو فاکتەرە هەڵگری ئەو خەسڵەتە دووجەمسەرییانەن کە دەکرێ چ بۆ مەبەستی هێمنی و ئاسایشی تاک و گروپ و کۆمەڵ بەکارببرێن، یاخود بۆ مەبەستی توندوتیژی و شێواندنی دۆخی ئاسایشی تاک و گروپ و کۆمەڵگە لە کاتێکدا کە کەڵکئاوەژوویان لێوەربگیرێت.

ئایین و ئایدیۆلۆژیا خەسڵەتی ماددەی بێهۆشکەریان هەیە و کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر سەنتەری هۆشی تاک دادەنێن. ئەو گروپ و رێکخراوانەی باوەری ئایین دەکەن بە بناغەنامەی خۆیان و ئایین دەسیاسەتێنن، لە پرۆگرامێکی سیاسی چوارچێوەداردا ئەندامەکان بە بیری ئەوپەرگرانە پەروەردە دەکەن و دەروونی ئەندامەکانیان لە پرۆسەیەکی چروپردا بەو پەیرەوانە گۆش دەکەن کە تاک لە «خود»ی رەسەنی خۆی خاڵی دەکاتەوە و «خود»ێکی ساختەی تیا جێگیر دەکات.

لەدەستدانی «خود»ی رەسەن، لەدەستدانی بەشی هەرە گرنگی کەسایەتییە و، نەبوونی «خود» بە واتەی نەبوونی «ناسنامە»یە و مرۆڤی بێناسنامەش ئەو کەسەیە کە نامۆیە بە خۆی و بە دەوروبەری خۆی.
مرۆڤی «بێخود» و لە «خۆنامۆ» بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بەشە سەرەکییەی کەسایەتی خۆی، وێڵی ناسنامەیەک دەبێت بۆ گروپەکەی و ئامادەی ئەوەیە لە پێناوی ناسنامەی ئەو گروپەدا بوونی فیزیکی خۆی بەخت بکات. چونکە شووناسی گروپ و رێکخراوەکەی بۆ ئەو دەبێتە تاقە هیوا بۆ دۆزینەوەی خودە لەدەستچووەکەی.

لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نەک تەنها گروپی توندرەو یان رێکخراوی مافیا و تیرۆریست، بەڵکە دەوڵەتیش بەشدارە لە نامۆکردنی تاک لە خودی خۆی و، زەوتکردنی ناسنامەکەی، ئەویش لە پێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی رەها بە دەستی گروپێک و و چرکردنەوەی ناسنامەی گروپی فەرمانرەوا و تواندنەوەی ناسنامەی هەموو ئەوانی دی لە ناو ناسنامەی خۆیدا. وەک ماکس ڤێبەر گوزارەی لێدەکات، «زەبروزەنگ، ئامرازی ئاسایی بە دەستی دەوڵەتەوە، قسە لەسەر ئەوە نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەبروزەنگ ئامرازی تایبەتییە بۆ دەوڵەت.»[٣]

زەمینەی توند و تیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا نەک ئێستا و ئەم سەدەیە، بەڵکە مێژووییەکی دێرینی هەیە و، نەوە لە دوای نەوە کاری لەسەر کراوە تا توونـد و تیژی کراوە بە خەسڵەتی تاک و بە نۆرمی کۆمەڵگە. خەتەری هەرە گەورەش لەوەدایە کە توندوتیژی ببێت بە نۆرم، بە ئاسایی نەک تەنها وەک دیاردەیەک دەربکەوێت و تایبەتمەندێتی قۆناغێکی پێوە دیار بێت.

یاسای «چاوێ بە چاوێ، دانێ بە دانێ»:

لە دەڤەری ئێمەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وتاری توونـدوتیژ و ئاکاری زەبروزەنگئامێز دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکە رەگ و ریشەیەکی توونـدی داکووتاوە و بە ناو رۆح و جەستەی هەموو کۆمەڵگەکانی ئەو دەڤەرەدا شۆربۆتەوە. عێراق وەکو دەوڵەتێک، لەگەڵ دروستبوونیدا زەمینەی پەرەسەندنی پێکدادان و ناکۆکی لەگەڵدا دروست بوو. وەک چۆن ئاولەمەیەک لە زگی دایکدا هاوەڵێکی لەگەڵدایە و بە «هاورێمنداڵ» ناسراوە و، لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵەکەدا ئەویشی لەگەڵدا دێ، «عێراق» و»زەمینەی ململانێ»یش بەو جۆرە پێکەوە لەدایکبوون. پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق چ وەک ئێتنیک، چ وەک ئایین، مەزهەب، چ وەک پێکهاتەی جوگرافیایی و مێژوویی زەمینەیەکی وا ناسازیان لێ پێکهێنراوە کە ڤایرۆسی زەبروزەنگ حەزی پێ بکا و تیا بژی، گەشە بکا، گەرا دابنێ و بەردەوام لە زۆربوون و خۆبەرهەمهێنانەوەدا بێت.

عێراق، بە تایبەت لە سیی و پێنج ساڵی حوکمی حیزبی بەعسدا، «حیزبی تیرۆریستان» بەرێوەیان دەبرد، دەکرێ ناوی «دەوڵەتی تیرۆر» ی لێ بنرێت. لە سوڕی ژیانی ڤایرۆسی توندوتیژییدا، سەردەمی فەرمانرەوایی بەعس قۆناغی گەرادانانی بەکتریای تیرۆر بوو، کە لە دواساڵەکانی تەمەنی بەعسدا ئەو گەرایانە ترەکان و سەدان تۆر و خانەیان لە ناوخۆی عێراق و لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و لە جیهان پێکهێنا. ئەمرۆ بەکتریاکانی تیرۆر لە شێوەی زیانبەخشینی گەورە کۆتایی بە سوری ژیانی خۆیان دەهێنن و، وێرانی و نائارامی لە دووی خۆیان وەک میراتێکی ناحەز بە جێدەهێڵن. هێرشی «خۆکوژی»، یەکێکە لەو میتۆدە ترسناکانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە کیشوەرەکانی جیهان و، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لە لایەن پیاوگەلی سەر بە ناسنامەی دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەکاربراون.

وەنەبێ، پێش ئەمەش ئەم دەڤەرە ئارام بووبێ، بەڵکە توندوتیژی بە شارەگی مێژووی ئەم دەڤەرەدا شۆڕ بۆتەوە و، بە بروای من یاساکانی حەمورابی سەرچاوەیەکی دێرینی ئەو ڤایرۆسەیە. «العین بالعین،والسن بالسن» نموونەیەکی سادە و روونی ئەو میراتە مێژووییەیە کە مرۆڤی ئەو دەڤەرەی بە رۆحی شەرانگێزی و تۆڵەسەندنەوە و تیرۆری جەستەیی و دەروونی راهێناوە. یاساکانی حامورابی، کە یەکەمین دەقی یاسای نووسراون لە جیهاندا، وەکو دەستپێشخەرییەکی شارستانی بۆ ئەو دەڤەرە لە مێژوودا تۆمار کراوە، خۆی سەرچاوەیەکی هەرە زەقە و ئامێزێکی دێرینە بۆ ڤایرۆسی تووندوتیژیی.

رێکەوت نییە، لەم دەڤەرەدا سێ ئایینی ئاسمانی سەرهەڵدەدەن و، سرینەوەی بیر و باوەر و بوونی یەکتری لەوێوە پەرەدەستێنێ و دەبێتە کلتوور. کلتووری یەکترسرینەوە، کە ئەوپەری رادەی توندوتیژییە. لەناو دەقە پیرۆزەکاندا لە پاڵ ئەو دەقانەی کە هانی چاکە و خێر و میهرەبانی دەدەن، ئەو دەقانەش هەن و زۆرن کە ئەوپەری توندوتیژانە و رێک و رەوان دنەی خاوەنبرواکان دەدەن بۆ سرینەوەی ئەوی دی «ئەوی دی کە وەک ئەم بیر ناکاتەوە»!، دنەی دەدات بۆ دەستهەڵگرتن لەم دنیا «کەدنیایەکی مادییە»، لە پێناوی ئەو دنیادا»کە دنیایەکی مەعنەوییە». بەم جۆرە لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا مرۆڤێکی خاوەنبروا ئامادەی بەرەنگاربوونەوەیەکی هەمیشەیی دەکات لەگەڵ ئەویدی»ئەوانی دی» کە دەقاودەق وەک ئەم خاوەنبروا نین، کە بەو لۆژیکە راهێنراوە مافی «سرینەوە» و «بێبەریکردن لە ژیان»ی ئەوانەی هەیە و، تەنانەت ئەگەر نرخی سرینەوەی ئەوان سرینەوەی خۆیشی بێت، وەک ئەو نموونانەی کە «خودبۆمبا»کان ئەنجامی دەدەن. کە دۆخێکە دەگاتە لوتکەی توندوتیژی دژی «خودی ساختە» یان «خودی نارەسەن» و دژی «ئەوی دی- ئەوانی دی»، لە پێناوی دۆزینەوەی «خودی راستەقینە یان رەسەن» کە باوەرە ئایینییەکە لێی سەندۆتەوە. ئەگەر بە زەرەبینی دەروونناسی بروانینە سایکۆلۆژیای کەسی «خۆتەقێنەرەوە»، دەگەینە هەندێک وردەکاری بایەخدار و بینینی هەندێک لەو فاکتەرانەی کە زەمینەی ئەوپەری توندوتیژی تەخت دەکەن. لە رامانی مندا ئەم فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییانە لە سەرەکیترینەکانن:

یەکەم: کەسی خۆتەقێنەرەوە ئەندامی رێکخراوێکە لە ناویدا هەڵبژاردەیەک لە ئەندامەکان بە پرۆسەیەکی وادا تێدەپەرێندرێن کە هەموو پێکهاتەکانی کەسایەتییان هەڵدەوەشێندرێتەوە و سەرلەنوێ دروستدەکرێتەوە. لە دروستکردنەوە ی دووەمدا ئیدی

ئەو مرۆڤە دەستکردە و لە هەستە سروشتییەکانی خۆی دوور خراوەتەوە. واتە ئەو مرۆڤە «خۆی» نییە و، کەسێکی دییە.

دووەم: کەسی خۆتەقێنەرەوە، مەرجە کەسێکی تۆقیوو، ترسنۆک، رارا و نائارام بێت، تا بە ئاسانی و بە گەرەنتییەوە لەو پرۆسەیەدا بەندیوار بکرێت بەو پرنسیپ و پەیرەوانەوە کە بناغەنامەی باوەری رێکخراوەکەیە. کەسی تۆقیوو لە ساباتێک دەگەرێت بۆ خۆحەشاردان لە ژێریدا، کەسی ترسنۆک لە پشت و پەنایەکی ئەستوور دەگەرێت بۆ پاراستنی، کەسی رارا بە دوای پەیرەوێکی ئامادە دەگەرێ ئاراستەی بکات و لەو دوودڵیی و راراییە وەرسکەرەی رزگار بکات، کەسی نائارام لە رووی رۆحییەوە بەدوای کوڵەکەیەکدا دەگەرێت ئارامی رۆحی لە سەر راگرێ و فەرامۆشی و سوکنایی بۆ بگەرێنێتەوە و، ئەو ئارامییەش لە هێزی مرۆڤ بە دەرەو هەر دەبێت خودا بێت کە فەرامۆشی بە دەروونی نائارامی ببەخشێت. ئەو کەسە دردۆنگ دەکرێت بەوەی هەموو ئەم پێویستییە دەروونییانەی لە ناو رێکخراوەکەدا و لە رێگەی هێزی غەیب و ئاسمانەوە بۆ دەستەبەر دەبێت و، تێردەکرێت.

سێیەم: کەسی خۆتەقێنەرەوە، مەرجە کەسێکی چەپاو بێ لە رووی سێکسەوە و، هیچ دەرفەت و دەروازەیەکیش بۆ قایلکردنی بەشێکی بچووکیش لە غەریزەی سێکسی ئەو مرۆڤە لە ئارادا نەبێت. لە رووی پەروەردەییشەوە بەو شێوەیە گۆش کرابێت، کە سێکس وەک گوناهی هەرە گەورە ببینێت. تا تەوژمی خەست و بەهێزی ئەو غەریزەیە و، دژەتەوژمی خەست و بەهێزی ئەو پەروەردە و پەیرەوانەی فێرکراوە و پێی گۆش کراوە لە نێوان خۆیاندا لە مەنگەنەی بدەن و، لە ئاکامدا ئەو مرۆڤە رقی لە جەستەی خۆی ببێتەوە و، ببێت بە دوژمنی سەرسەختی جەستەی خۆی. لەولاشەوە تاقە هیوایەک لە بەردەمیدا بهێڵدرێتەوە بۆ دابینکردنی ئەو غەریزەیە و تەوژمی ئەو پێویستییە جەستەییە، ئەو هیوایەش لەو دنیادا بێت و، لە پاداشتی بەخشینی جەستەیدا بێت. گەورەیی ئەو پاداشتە «چل حۆریی» لەو دنیادا، بۆ ئەمی بێئەندازە چەپاو لە رووی سێکسییەوە لەم دنیا، تا رادەی ئەوپەری خەمۆکی رەشبینی دەکات لەم دنیا و، گەشبینی دەکات بەو دنیا.

چوارەم: جگە لە غەریزەی سێکس، لە دەروونیدا دەستکاری جێگە و رێگەی غەریزەی مردن و غەریزەی ژیان دەکرێت. وەک ئاسایی مرۆ دژ بە غەریزەی مردن دەجەنگێت لە پێناوی ژیاندا. لە پرۆسەیەکی دەروونیدا دەکرێ جێگۆرکێ بەم دوو غەریزەیە بکرێت و، مرۆڤ هێندە رەشبین و خەمۆک بکرێت کە باوەش بۆ مردن بکاتەوە و، تەنها لە مردندا و لە دنیای پاش مردندا تروسکایی ببینێت. لەم پەیوەندییەدا کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە وشەی شەهید و دەستەواژەی شەهادەت بۆ جێگۆرکێی حەزی مرۆڤ لە پەیوەندی بە غەریزەکانی مردن و ژیان، رۆڵی هەرەکارا دەبینێت.

کۆمەڵگەی کورد، کۆمەڵگەی تۆقێنراو:

لە کوردستان بە گشتی و، لە باشووری کوردستان بە تایبەتی بە شێوەیەکی سیستەماتیک کار بۆ سازاندنی ئەو زەمینەیە کراوە کە توندوتیژیی نەریتی و نانەریتی تێدا پیادە بێت و، بە جۆرێکیشە کە راهاتنێکی گشتی و قبوڵکردنی وەک نۆرمێک لە لایەن کۆمەڵگەوە بسەپێندرێت. دیارە توندوتیژی بە هەموو شێوەکانییەوە نائاساییە. مەبەستم لە زەبروزەنگی نەریتی، ئەو جۆرانەیە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بە رێژەیەک روودەدات. هیچ کۆمەڵگەیەکی ئایدیال لە جیهاندا شک نابرێت کە هیچ جۆرە توندوتیژییەکی تێدا روونەدات. مەبەستم لە زەبروزەنگی نانەریتی ئەو جۆرانەیە کە سەیر دەنوێنن و ریز دەپەرێنن و، تایبەتێتیان هەیە. بۆ نموونە ئەتککردن لە شێوەی برینی گوێ و لووت و دەست و زمان و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ یان ئاژەڵ، ئەمانە دەچنە خانەی زەبروزەنگی لەرادەبەدەر ترسناک و تایبەتی. ئەنجامدەرانی ئەم جۆرانەی توندوتیژی و ئەو کۆمەڵگانەی ئەم جۆرانەی تێدا پیادەدەکرێت، دەچنە خانەی کەسانی ناسروشتی و کۆمەڵگەی ناسروشتییەوە.

چ وەک تاک و چ وەک گرووپ و کۆمەڵگە، کورد لە باشووری کوردستاندا بە تایبەت، کەرەستەی خاوی تاقیگەی ماشینی زەبروزەنگی دەوڵەتی عێراق «دەوڵەتی تیرۆر» بووە. دەتوانین سەدان نموونە ریز بکەین و لێی بکۆڵینەوە، بەڵام کە دوو شانموونەی وەک کاتاسترۆفی هەڵەبجە و، کاتاسترۆفی ئەنفال لە ئارادا بن، رەنگە ئیدی پێویستمان بە بەڵگەی تر نەبێ بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە دەوڵەتی تیرۆر، کوردستانی تەنها وەک کارگەیەکی چەکی کۆکوژیی چاو لێکردووە و، گەلی کوردیش تەنها وەک کەرەستەی خاوی تاقیگەی ئەم کارگەیە بووە بۆی.

کۆکوشتن، جینۆسایدە و بەمەبەستی بنبرینی نەژادێک دەستی دەدرێتێ، بەڵام دەوڵەتی تیرۆر تەنها بۆ ئەو مەبەستە هێرشی کیمیایی هەڵەبجە و، پەلامارەکانی ئەنفالی ئەنجام نەدا، چونکە ئەو دەیزانی نەژادی کورد لەو بەشەدا بە کوشتنی دووسەد هەزار و سێسەد هەزار و ملیۆنیش نابرێتەوە، مەبەستی سەرەکی ئەو کاریگەری قووڵیی دەروونیی ئەو کارەساتانەیە بۆ سەر کۆمەڵگە و هۆشی گشتی کۆمەڵگەی کورد. دەوڵەتی تیرۆر بۆ کورد کۆمەڵگەیەکی تۆقیووی دەویست، کە مرۆڤەکانی خاوەنی کەسایەتییەکی ناسەقامگیر و دەروونێکی نائارام بن.

ستوونی تیرۆر لەسەر بنچینەی تۆقین بەندە. تیرۆر بێ تۆقاندن مانای خۆی تەواو ناکات و مەبەستی خۆی ناپێکێ. بۆیە دەوڵەتی تیرۆریست، رێکخراو و گروپە تیرۆریستەکان ئەم کۆڵەکەیە لە سترکتووری دامەزراوەکەیاندا لە یاد ناکەن و بناغەنامەی بروای ئەوان دەبێتە ئەو پەیامە، پەیامی تۆقاندن. لەم جۆرە حیزب و رێکخراوانەدا پلەی باڵای ئەندامێتی کاتێ دەدرێ بە کەسێ کە بتوانێ ئەرکی تۆقێنەریی بە پلەی زۆرباش بەئەنجام بگەیەنێت.

وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، دیاردەی توندوتیژی یان زەبروزەنگ لەو دیاردانەیە کە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەو مێژووە ناشایستەیەی کە کورد وەک کۆیلە و ژێردەستە هەیبووە، ئەو نائارامیی و شەڕانەی کە خاکی کوردستان ا شانۆی رووداوە ترسناکەکانی بوون، مرۆڤی کوردی بەو ئامرازە دەروونییانە و ئەو میکانیزی بەرگرییانە چەکدار کردووە کە مایەی توندوتیژیی و زەبروزەنگن.

مرۆڤی کورد چ وەک تاک، چ لە ناو گروپدا و، چ لە ناو رێکخراو و کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان هەمان ئەو توندوتیژییەی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە کە لەگەڵیدا پیادە کراوە، دژ بە خۆی بەرهەمی هێناوەتەوە. شەڕی ناوخۆیی، کە بە»براکوژیی»، «خۆکوژی»، «کوردکوژیی»ناوزەدکراوە، یەکێکە لەو نموونە ئازاراوییانە. لەو شەڕانەدا توندوتیژی بە پلەیەکی بەرز دژ بە خۆ لە لایەن کورد خۆیەوە ئەنجام دراوە. ئەوەیان بەرەنجامێکی ئاسایی و بەرهەمهێنانەوەیەکی ئەو زەبروزەنگە نائاساییە بووە کە بە درێژایی مێژوویەک لە لایەن داگیرکەرانەوە رووبەرووی کراوەتەوە.

میکانیزمەکانی بەرگریکردن لە توندوتیژی:
کلتووری ئەمرۆی کورد، هی خۆی نییە و دەستکردی خۆی نییە . ئایین بەشێکی بەرفراوانی کلتوور پێک دەهێنێ. کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئایینی دێرینی کوردان «زەردەشتی» بریتی بووە لە: «بیری چاک، وتەی چاک و کرداری چاک» . بەرجەستەکردنی ئەم بەها گرنگانە لە مرۆڤدا، سەکۆیەک بۆ ئارامی دەروونی درووست دەکات. خۆشەویستی بۆ تووخمی»ئاگر» و چێژبینین لە رووناکی و تیشک، بەهای ژیاندۆستی و سروشتدۆستی دەچەسپێنێت. کە خودی مرۆڤ خۆی یەکێکە لە پێکهاتە بەهادارەکانی ئەو سروشتە . مرۆڤی کورد لە ئایینی خۆی بێبەریی کراوە، بەمەش کلتووری دەستکردی خۆی لێ سەندراوەتەوە و، کلتوورێکی تێکەڵ و پێکەڵ لە ئایینەکانی تر، لە دابونەریتی گەلان و میللەتانی تر جێگەی ئەو کلتوورە رەسەن و خۆکردەیان گرتووە و، بەمەش مرۆڤی کورد لە خۆی، لە کلتووری خۆی و لە بەهاخۆکردەکان نامۆ و بێبەریی کراوە .

یەکێک لەو میکانیزمانەی کە رەنگە بایەخدار و سوودمەند بن بۆ بەرگریکردن لە توندوتیژی، بژارکردنی کلتوورییە. مەبەستم لەم دەستەواژەیەش ئەوەیە کە لە روانگەیەکی کلتوورناسی»ئەنترۆپۆلۆژیی»یەوە و لە لایەن پسپۆرانی ئەم بوارەوە پێکهاتە نامۆکانی ناوکلتووری کوردی دەستنیشان بکرێن و بە ئامراز و میکانیزمی جیاواز کار بۆ دەرهاویشتنیان بکرێت. هەوڵی گەرانەوە بۆ سروشتی دێرین و پێکهاتەکانی کلتووری دێرینی کورد و بەهای رووناکیدۆستی و ژیاندۆستی و سنگفراوانی. دیارە مەبەستم لەوە نییە کە ئایینێکی دێرینی کورد زیندوو بکەینەوە بۆ پەیرەویکردن، چونکە ئایین بۆ ئەو سەردەمانە جێی بایەخ بوو کە هێشتا یاسای شارستانیی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆ نەهاتبوونە ئاراوە. لە ئەمرۆدا یاسا و سیستەمێکی دادپەروەرانەی مرۆییانە دەتوانێ جێگەی ئایین پر بکاتەوە و بەهێزکردنی بەها مرۆییەکانی وەک ژیاندۆستی و راستگۆیی و چاکرەفتاریی ببێتە کۆڵەکەی رۆحی بۆ مرۆڤ و ئیدی پێویستی بەو بەڵێنی پاداشت و سزایە نەمێنێت کە لە ئاینیندا بۆی دەستنیشان دەکرێت.

دابینکردنی پێویستییە فیزیکی و رۆحییەکانی مرۆی هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە سۆنگەی بینینی خود وەک کەسێکی جێی بایەخ. بەرجەستەکردنی بایەخ و رۆڵ و کاریگەریی تاک لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی توورەبوونی دەروونی و سیفەتی شەرانگێزی تێیدا. ئەگەر ئەمانەی باس کران چڕوپڕ لە چەند خاڵێکدا کۆبکەمەوە دەبن بە:

١. بەرجەستەکردنی رۆڵی تاک وەک ئۆبجێکت و پاراستنی بەها مرۆییەکانی.
٢. دابینیکردنی پێویستییە دەروونی و فیزیکییەکانی ئەو تاکانە لە پێناوی خۆسەلماندنیان لەناو کۆمەڵگەدا.
٣. بایەخدان بە بەها مرۆییەکانی وەکو خۆشەویستی، ژیاندۆستی و تۆلەرانس.
٤. جێگیرکردنی یاسای پشتبەستوو بەسروشتی مرۆڤانەی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ.
٥. بەتایبەتێتیکردنی ئایین و دوورخستنەوەی لە دەسەڵات و کایەپێکردنی سیاسی.

دەکرا دەیان میکانیزمی تریش بیریان لێ بکرێتەوە لە پێناوی کەمرەنگردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی توندوتیژی و لە ئاکامیشدا بنبرکردنی دیاردەی تیرۆر.

[1] Giddens Antony (1998): Sociologi. Lund: Studentlitteratur. P.24.
[2] Ibid. P.19.
[3] Weber, Max (1977): Vetenskap och politik. Över: Nino & Sten Andersson. Bokförlaget Korppen:1977. Göteborg. P.41.

پەروەردەکردنی منداڵان
بە خۆشەویستی و متمانەبەخۆبوون

رەزا شوان

خۆشەویستی بنەمای ژیانە، کۆمەڵە هەستێکی سۆزداریی ئەرێنییە، هەستێکی ناسکە کە گوزارشت لە لایەنی مرۆڤایەتی مرۆڤ دەکات، سۆزدارییەکە وادەکات کە مرۆڤ هەست بە خۆشی و بە دەروون ئاسوودەیی بکات، کارتێکردنێکی بەهێزیشی هەیە. کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی ناتوانن بە بێ خۆشەویستی هەڵبکەن و درێژە بە پێکەوەژیان و بە پەیوەندییەکانیان و بە هاوسەنگی بدەن.

(ڤیکتۆر هۆگۆ) دەڵێت: »ژیان گوڵە و خۆشەویستیش شیلەی گوڵەکەیە«

تیۆرە دەرۆنییەکان جەخت لەسەر گرنگی خۆشەویستی دەکەنەوە، کە چەند پێویستە لە ژیانی مرۆڤ دا. خۆشەویستی ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگییەکی دەروونی.

(فرۆید) دەڵێت: » زۆر پێویستە، کە پێویستییە دەروونییەکان هەست بکرێن، چونکە هەستکردن بە بۆشایی دەروونی، دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی هەستکردن بە ناتەواوی و بە خۆبەکەمترزانین و دڵەڕاوکی و ڕەشبینی. ئەم هەستە نەرێنییانەش ئامادەیی بۆ لە ڕێ دەرچوونی تاک و دووچاربوون بە ڕەوشتێکی دیاریکراوی ناپەسەندی ئەدەبی و کۆمەلایەتی«

منداڵان پێویستیی دەروونی زۆریان هەیە، پێویستە مەستیان بکەین، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر گەشەبکەن و هاوسەنگ دەروون بن، لە تێکچوونی دەروونی و لە ڕەوشت و ڕەفتاری ناپەسەند بیان پارێزین، تا کەسایەتیی دروستیان لێ بێنە کایەوە. گەورەترین خواست و بەرزترین هیوای منداڵان، ئەوەیە کە سۆز و خۆشەویستیی دایکان و باوکانیان بە دەست بهێنن، بە تایبەتیش سۆز و خۆشەویستیی دایکانیان، چونکە خۆشەویسیی دایکان فریاڕەسە بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان لە هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامییەک ڕزگاریان بکات. خۆشەویستیی دایکان گەشبینی و هەستکردن بە ئارامی و دڵنیایی و ئاسوودەیی بە منداڵان دەبەخشێت.

(ئیدمۆند گۆڵدن) دەڵێت: » کە دایکم منی خۆشبوێت.. منیش جیهانم خۆشدەوێت«

منداڵان هەر لە دایکبوونەوە پێویستییان بە سۆز و خۆشەویستی هەیە. دایکانیش یەکەمین سەرچاوەی کانیاوی هەمیشە خوڕی سۆز و خۆشەویستین بۆ منداڵەکانیان. بۆ ئەوەی منداڵان بگەنە قۆناغی خۆشەویستیی کۆمەڵ و خەڵکانی تر، پێویستە لە

پێشا بە قۆناغی خۆشەویستیی خێزانەکانیان دا تێپەڕن. خۆشەویستی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی کە منداڵان گۆشەگیر نەبن و تێکەڵ بە کەسانی تر ببن و هەستیش بە هەستی کەسانی تر بکەن. ئەمەش هاوسەنگییەک دروست دەکات بەرانبەر بە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیان. بە تایبەتیش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
گرنگترین شت لە پەروەردەی نوێ دا خۆشەویستی یە، پێویستە بە شێوەیەکی راست و دروست بیقۆزنەوە بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتکردنی منداڵەکانتان. ئەو خواست و مەبەست و ئامانجانەی کە بە توندوتیژی و بە چاوسوورکردنەوە نەتان هێنانە دی، دەتوانن بە ئاسانی بە خۆشەویستی بیان هێننەدی.
خۆشەویستی ئەو کلیلە ئەفسووناوییەیە، وا لە منداڵان دەکات کە کراوە و گەشبین بن، دڵنیایی و ئارمیشیان پێدەبەخشێت و ژیان و داهاتووشیان لا شیرینتر دەکات.
پەروەردەی ئەرێنی جەخت لەسەر رێبازە ستراتیژییەکان دەکات، بۆ هاندانی منداڵان لە رێی خۆشەویستییەوە، نەک لە رێی ترس و سەرکوێرکردن و لۆمە و سزا و لەدەستدانی خۆشەویستی.. لە رێی رێز و ئازادییەوە، نەک لە رێی سەرکوتکردنەوە.
ئامانجی پەروەردەی ئەرێنی، دروستکردنی نەوەیەکی نوێی بڕوابەخۆی لەسەرخۆ و هێمن و ئارامە، روحی هاوکاری و رێزگرتن و یەکتری قبوڵکردنیان لێ دەڕوێنێت.
پێویستە ئەوەش بزانن کە خۆشەویستی بە تەنیا بەس نییە کاتێک کە دایکان و باوکان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دا هەڵەدەکەن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە منداڵەکانیان خۆش ناوێن؛ بە کورتی هۆیەکەی ئەوەیە کە نابەڵەدن لە گرتنەبەری رێگای باشتر.
گەر دایکان و باوکان لە پێویستی و پێداویستییەکانی منداڵەکانیان تێنەگەن، ناتوانن لێیان تێبگەن، کە لە ئەمڕۆدا چییان دەوێت. لەوانەیە خۆشەویستییان پێ ببەخشن، بەڵام بە رێگایەکی بێ سوود بۆ گەشەکردنی منداڵەکانیان.
زیادەڕۆییش لە خۆشەویستیی منداڵان و نووقمکردنیان لە ناز و ملکەچکردن بۆ دابینکردنی هەموو داوا و وەرگرتنێکیان هەڵەیە، زیانەکانی لە زیانەکانی توندوتیژی کەمتر نیین. منداڵانی فرە نازپێدراو و نوقمبووی خۆشەویستی، لامێژدەبن و فێری ئەوە دەبن کە پشت بە تواناکانی خۆیان نەبەستن، چیش داوابکەن بۆیان دابین بکەن. ئەم منداڵانە کە پشت بە کەسانی تر دەبەستن بە تایبەتیش بە دایکان و باوکانیان، ئەو منداڵانەن کە منداڵانی تر دەچەوسێننەوە و ستەمیان لێدەکەن و پێیان وایە کە دەبێت هەمووان لە خزمەتی ئەواندابن.. دووریش نییە کە دووچاری نێرگزی ببن.

پێویستە دایکان و باوکان میانڕەوبن و بەڵانسی خۆشەویستییان بۆ منداڵەکانیان رابگرن. وا بکەن کە منداڵەکانتان لە راپەڕاندنی کارەکانیان دا پشت بە خۆیان ببەستن. گەر کارێک خۆیان بتوانن ئەنجامی بدەن ئێوە بۆیان مەکەن، با هەڵە بکەن یا جارێک و دوو جار شکست بهێنن، با لە هەڵە و لە ئەزموونەکانیان وانە و پەند فێرببن. بەڵام هەردەمیش ئەوە لەبەرچاوبگرن، کە رێگای خۆشەویستی و نەرم و نیانی باشترە لە تووڕەیی و توندوتیژی و ترس و چاوسوورکردنەوە لە منداڵەکانتان.

بێ بەشبوونی منداڵان لە سۆز و خۆشەویستی و نازی دایکان و باوکان، هۆکارێکە بۆ تێکچوونی باری دەروونی ئەو منداڵانە، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و خۆبەکەمزانین و گۆشەگیری دەبەن.. رەفتاری نادروست و رەوشتی ناشیرین و کاری ناپەسەندیان لێدەوەشێتەوە، وەکو: درۆ، دزی، توندوتیژی، شەڕانگێزی، رەفتاری بەدەر، ...هتد.

گەلێ لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان بێ بەشبوون لە خۆشەویستی و لە رەوشتی دوژمنکاری لە منداڵان دا. ئەو منداڵانەی بێبەشن لە خۆشەویستی، لە خوێندنیش دا سەرکەوتوو نین.

گەر منداڵان لە کەشوهەوایەکی بێ سۆزداری و بێ خۆشەویستی و بێ نازی دا بژین، لە خێزانانی توندوتیژی ناکۆکی شەڕ و ئاژاوەدا چاوبکەنەوە. فێری دوژمنایەتی و ناڕێزی و دڵەڕاوکێ و توندوتیژی و سەرگەردانی و رەفتارخراپی و خووی ناپەسەند دەبن. زووش هەڵدەچن و تووڕە دەبن.. چالاکییەکانیشیان کەمن و گۆشەگیریش دەبن و نابن بە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و روحی هاوکاری و سازان و تێکەڵبوونیشیان لاوازە.

گۆشکردن و پەروەردەکردنی منداڵان بە خۆشەویسی، زۆر گرنگ و پێویستە، هەستی ئاسوودەیی و دلنیایی و خۆشبەختی و خۆشی و شادییان پێ دەبەخشن.. ئەمەش هاندەر و پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە منداڵان هەردەم گەشبین بن و لە خوێندن و لە ژیانیان دا سەرکەوتووبن و ئایندەیان گەشبێت.. پردێکی پەیوەندی و خۆشەویستیی بەهێزیشە لە نێوان منداڵان و دایکان و باوکانیان دا.

رێگاکانی گوزارشکردن لە خۆشەویستی بۆ منداڵان:

دەکرێت دایکان و باوکانی دڵسۆز لە میانەی کۆمەڵە رێگا و شێوازێکەوە، گوزارشت لە سۆزداری و خۆشەویستیان بۆ جگەرگۆشەکانیان بکەن. گرنگترین رێگاکانمان لەم خاڵانەدا چڕکردوونەتەوە.. هیوادارم دایکان و باوکان سوودیان لێوەربگرن:

١- بانگکرنی منداڵ بە ناوێکی خۆشەوە: دەڵێن منداڵی خۆشەویست ناوی زۆرە. پێویستە بە ناوێکی خۆشەوە بانگی منداڵەکانتان بکەن، وەکو (مینا گیان، شیرکۆ گیان،

پەپوولەکەم، بەرخۆلە جوانەکەم، کوڕە شیرنەکەم، خونچەگوڵەکەم، کچۆلە نازدارەکەم، دڵەکەم، خۆشەویستەکەی دایە و بابە، چرای گەشی ماڵەکەمان، هیوای شیرینم، ...هتد)
٢ـ گێڕانەوە یا خوێندنەوەی چیرۆک و هەقایەت: خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکی خۆش، بە گوزارشتە لە خۆشەویستی بۆ منداڵان دادەنرێت. منداڵان هەست بەوە دەکەن کە دایکانیان بایەخیان پێدەدەن و خوشیان دەوێن، بۆیە چیرۆکیان بۆ دەگێڕنەوە.
٣ـ یاریکردن لەگەڵ منداڵان: تێکەڵ بوون و هاوبەشیکردن لە یارییەکانی منداڵەکانتان، هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بە منداڵەکانتان کە خۆشەویستن و سۆز و خۆشەویستییەکی زۆرتان بۆیان هەیە و بەشداری یاری و شادییان دەکەن.
(جاکسۆن براون) دەڵێت:» کاتی یاری و گەڕانی منداڵەکانتان دوامەخەن، چونکە چۆن کات بۆ ئێوە گرنگە، ئەو کاتانەش بۆ ئەوان گرنگن«
٤ـ بەرزڕوانین لە وێنەکانی منداڵەکانتان: گرنگی دان بە تابلۆکانی منداڵەکانتان و دیاری کردنی شوێنێکی تایبەت لە ماڵەکانتان بۆ هەڵواسینیان، بەڵگەیە بۆ زۆر خۆشەویستیتان بۆ منداڵەکانتان و بۆ ئارەزووەکانیان. ئەم باخەپێدانەتان بە تابلۆکانیان، پەیامێکی ترە بۆ هەست کردنیان بە خۆشەویستی و هاندان و بەرز هەڵسەنگاندنی تابلۆکانیان.

٥ـ بەرزنرخاندنی کار و داهێنانەکانیان: پێویستە ئێوەی دایکان و باوکان لە ماڵەوە، کاری ساکار و ئاسان بە منداڵەکانتان پسپێرن، وەک ڕێکخستنی ژوورەکانیان، ئاودانی گوڵەکان، قاپ دان و لابردن لەسەر خوانی نان خواردن، یا هەر کارێکی گونجاو لەگەڵ تەمەنیان دا، کە ئەنجامیان دا، ئافەرین و دەستخۆشیان لێبکەن و سوپاسیان بکەن.
گەر کارێکی داهێنەرانەی ساکاریشیان ئەنجامدا، پیرۆزبایی و دەستخۆشیان لێبکەن و هانیان بدەن کە درێژە بەم کارە سەرکەوتوویانەیان بدەن و هیوای داهێنانی تازە و گەورەتریان بۆ بخوازن. لە پاداشتی ئەو کارە داهێنانەش دا خەڵاتیان پێشکەش بکەن، گەر خەڵاتێکی ساکاریش بێت. ئەم هەڵوێستانەتان پەیوەندی و خۆشەویستیی نێوان ئێوە و منداڵەکانتان شیرنتر و بەهێزتر دەکات.. منداڵەکانیشتان بڕوایەکی زیاتریان بە بەهرە و تواناکانی خۆیان دەبن. لە بارەی گرنگی هاندانی منداڵان (ڕۆدلف دریکۆرز) دەڵێت:»منداڵان پێویستییان بە هاندانە.. وەکو چۆن ڕووەکەکان پێویستییان بە ئاوە«
٦ـ لەبیرکردنی هەڵەکان: لەبیرکردنی هەڵەکانی دوێنێ و کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە بۆ منداڵەکانتان، وەکو بەڵگەیەکی بەهێز وایە لە دایکان و باوکانیانەوە، لە سۆز و خۆشەویستییان بۆ منداڵەکانیان.

٧ـ بەسەربردنی کاتێکی خۆش: پێویستە کە کاتێکی خۆش لەگەڵ منداڵەکانتان دا بەسەربەرن، گەر ژەمە نان خوارنێک بێت لە دەرەوەی ماڵ، یا ماویەک وەرزش کردن یا ئارەزوویەک پێکەوە، یا دەرچوونێکیش لەگەڵ منداڵەکانتان بۆ پیاسەکردن لە رێگایەک دا، یا لە باخچەیەکی نزیکی ماڵەکانتان بێت، بە پێکەنین و سوعبەت و بە قسەی خۆش، ماوەیەکی خۆش بە سەربەرن.

٨ـ نووسینی دەستەواژەی تۆمان خۆشدەوێت: پێویستە دایکان و باوکان لەسەر پارچە کارتۆنێکی بچکۆک دا بنووسن «تۆمان خۆشدەوەێت» لە لای قەرەوێڵەکانێ ژوورەکانی نووستنی منداڵەکانیان هەڵیان واسن. هەر کاتێک منداڵەکانیان لە خەو هەستن و ئەو نووسینە ببینن.. هەست بەوە دەکەن کە دایکان و باوکانیان خۆشیان دەوێن.. پێویستە جاروباریش رووبەڕوویان بە زاری پێیان بڵێن «تۆمان خۆشدەوێت»

٩ـ لە باوەشکردن و ماچکردنی منداڵەکانتان: منداڵان هەموو کاتێک پێویستییان بە لە باوەش کردن و بە ماچکردن لە لایەن دایکان و باوکانیانەوە، هەیە. باوەشی دایکان، باوەشی سۆز و خۆشەویستیە، باوەشی ئارامی و ئاسوودەیی و دڵنیاییە. ئەم لە باوەش کردن و ماچکردنەی منداڵەکانتان زۆر بەسوودن لە رووی دەروونییەوە.. منداڵەکانتان وا هەست دەکەن و وا دەزانن کە ئێوەی دایکان و باوکانیان زۆر خۆشتان دەوێن.

(شکسپیر) دەڵێت:» لە جیهان دا، سەرینێک نییە کە لە باوەشی دایک نەرمتر بێت»

(سوکرات) دەڵێت:»هەرگیز هەست بە دڵنیایی ناکەم، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە لە باوەشی دایکم دام»

(ڤۆڵتێر) یش دەڵێت:»تەنیا شوێن کە دەتوانم سەرم بخەمە سەری و بە دڵنیایی و ئاسوودەیی لەسەری بنووم.. ئەوە باوەشی دایکمە»

(بنیامین ویست) دەڵێت:»ماچێکی دایکم، کردمی بە هونەرمەندێکی جیهانی»

١٠ـ بیرکردنەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی: فێرکردنی منداڵەکانتان کە بە شێوەیەکی ئەرێنی بیربکەنەوە، لە میانەی گۆڕینی شێوازی لۆمەکردنییان . بۆ نموونە: کاتێک کە یەکێک لە منداڵەکانتان لە قوتابخانە بە جلی پیسەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبێت دایکی بە شێوەیەکی ئاسایی و لەسەخۆ پێی بڵێت:» وا دیارە کە ئەمڕۆ رۆژێکی خۆشتان لە قوتابخانەدا بەسەر بردووە» نەک لێی تووڕەبێت و لۆمەی بکات و پێی بڵێت: « بە ناخێری گیانت چیت کردووە وا جلەکانت پیس کردوون» ئەم شێوەیە راست نییە.

١١ـ رێزگرتن لە منداڵەکانتان: هەرگیز منداڵەکانتان مەشکێننەوە، لە بەردەم هاوڕێ و خەڵکی دا، لۆمەیان مەکەن و قسەیان پێ مەڵێن و لێیان تووڕە مەبن و هەستیان بریندار مەکەن. هەرگیز جیاوازیش لە نێوان منداڵەکانتان مەکەن وەکو یەک خۆشتان

بوێن.. ڕێزگرتن لە منداڵاکانتان گوزارشتە لە خۆشەویستیتان بۆیان.
١٢- پێویستە دایکان و باوکان ببنە نموونە بۆ منداڵەکانیان: خۆشەویستی و ڕێزگرتنی نێوان دایکان و باوکان و ماڵی پڕ لە ئاشتی و تەبایی، ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی باشیان لە منداڵان دەبن، چونکە منداڵان چاولێکەرن و چاو لە دایکان و باوکانیان دەکەن.
١٣- لە یادەکانی ساڵڕۆژی (جەژنی لەدایکبوون) و (ڕۆژی جیهانی منداڵان) پێویستی و پێداویستییەکانی ئاهەنگێڕان بۆ منداڵەکانتان دابین و ئامادە بکەن و بە گەرمی پیرۆزباییان لێبکەن و دیاریی شیاوایان پێشکەش بکەن. ئەمەش گوزارشتە لە دڵسۆزی و لە خۆشەویستیتان بۆیان.
دایکان و باوکانی دڵسۆز، گرنگ ئەوەیە کە بزانن ئەرکێکی زۆر پیرۆز و قورستان لە ئەستۆدایە لە گۆشکردن و پەروەردەکردنی دروستی جگەرگۆشەکانتان، لە چاندن و شیرین کردنی سۆز و خۆشەویستی و ڕەوشتی بەرز و لە بنیاتنانی کەسایەتی دروست و سەرکەوتووی منداڵەکانتان.. کە هیوای داهاتووی کوردستانی نیشتمانی شیرینمانن.

پەروەردەکردنی منداڵ بە متمانەبەخۆبوون

متمانە بەخۆبوون، گرنگترین کلیلی سەرکەوتنەکان و گرنگترین سیمای کەسایەتییەکی دەروون دروست و ڕەفتارە هاوسەنگ و هێزە لە ژیانی مرۆڤدا. ئەمەش بە خشتی بنەمای کۆمەڵگایەکی بەختەوەر دادنەرێت، کە تاک بەرەو سەرکەوتنی ئاکادیمی و زانستی و کۆمەڵایەتی دەبات، بەرەو داهێنان و پێشکەوتن و گۆڕانکاری دەبات. متمانە بەخۆبوون فاکتەرێکی گرنگە لە فاکتەرەکانی کەسایەتی و ژیانی مرۆڤدا. متمانە بەخۆبوون، نهێنی هێزی داهێنەر و دروستکەر و بەدیهێنانی هیوا و ئامانجەکانی مرۆڤن، کە بە گەشاوەبوونێکی زیاتر و بە پێشکەوتن کۆتاییان دێت. متمانە بەخۆبوون هاوکاری پێشڕەویی بێ وەستان و کۆڵنەدانی مرۆڤە لە ڕێڕەوی ئامانجەکانیدا. گەر داهێنەران و زاناکان و شۆڕشگێڕان و سیاسەتمەداران و نووسەران و هونەرمەندان، بڕوا و متمان بەخۆبوونیان نەبوایە، ناویان لە مێژوودا بە نەمری نەدەمانەوە.
متمانە بەخۆبوون، بریتییە لە توانای مرۆڤ لە پشت بەستن بەو توانا و شارەزایی و ئەو بەهرانەی کە هەیەتی.. ئەم متمانە بەخۆبوونەش، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە. هەندێ کەس زۆر متمانەیان بە خۆیان هەیە، کەسانێکی تر هەن، کە متمانە بەخۆبوونیان لاوازە. ئەمەش بۆ کەسایەتی ئەو کەسانە و بۆ ئەو بارودۆخانە و ئەو هەڵوێستانە دەگەڕێتە کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و پێیاندا تێپەڕیون.. لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە، بۆ شێوازی دروستی یا نادروستی پەروەردەکردنیان لە منداڵیدا.

متمانە بەخۆنـەبوون بەربەستێکی سەخـتە لە ڕێی سەرکەوتن و کامەرانی و داهـاتوودا.
کەسسێک کە گەشبـین بێت و متمـانەی بە هـێز و بە توانـای دەروونی هـەبێت، هەرگـیز لە بەرامبەر کێشەکـانـدا، کۆڵنـادات و سەری بـۆیـان نـەوی نـاکـات.. ئەسـتـەم و نـابێش لـە فەرهـەنگی کەسـانی بە توانـا و متمانە بەخـۆبـووانـدا بـوونیـان نییە.
متمانە بەخـۆبـوونیش، کارێکی ئاسان نییە، کە لە شـەو و ڕۆژێکدا بێـتەدی.. کەسێکی بەزیـو و ورە رووخـاو، پێـویستیی بـە هەوڵـدانـێکی زۆرە تـا متمانەی بـۆ بگـەڕێتەوە.
کەسێکی لاواز و ڕەشبین و متمانە بەخۆنەبوو و بە تواناکانی خۆی، لە جیهانی ئەمڕۆدا جێی نابێتەوە.. بۆیە پێویستە هەر لە منـداڵییەوە، منـداڵەکـانمان بە متمانە بەخـۆبوون و متمانە بە تواناکـانی خۆیـان پـەروەردەیان بکەین، تا لە ئەمڕۆ و داهـاتوودا، دەربـەرن و ببنە کەسایەتیی بەهـێز، پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن و سەرکەوتـووبن لە ژانیاندا.
زانایـانی دەروونی و پـەروەردەیی وا دەبیـنن، کـە کلیلی کەسایـەتیی دروسـت و ڕێگـای دڵنیایی بەرەو سەررکـەوتن لە ژیـانی ئاکـادیمی و زانستـیدا، لە متمانە بەخـۆبوون و لە تواناکانی خود دایە. لە گەلێ لە توێـژینەوەکان و لە تێبینییەکانی زانایـانی دەروونناسیدا، گرنگترین هۆکاری دابەزینیی ئاستی خوێندنی قوتابیان بەوە دەزانن، کە ئـاستی چەمکی خۆدنەناسی و متمانە بە خۆنـەبوون و بە تواناکانی خۆیان، لە پشتەوەی گەلێ لە کـێشە دەروونی و ڕەوشـتی و ڕەفـتارییەکـانی منـداڵان و گـەورەکـانەوەن.
ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایـە متمانە بەخـۆنـەبوون، سروشتییە و لە دایکبوونەوە بە ڕەمەکی لەگەڵ منداڵاندا هـاتووە؟ یا دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەیەکی نـادروست و سەقەتی ئەم منـداڵانە لە لایەن دایکان و باوکانیانەوە، کە بەم ئەنجام و بەم ڕۆژەیان گەیاندوون؟

زانایـانی دەروونناسی منداڵان، ئەو ڕاستییەیـان بۆ ساغـکـردووینەتـەوە، کە منـداڵان بە ڕەمەکی هەست بەوە دەکەن کە بەهـا و شکۆدارییان هەیە.. پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان و پەروەردەییـەکان، لـە ماڵـەوە بێـت یا لە قـوتـابخانـەدا بێـت، گرنگیی ئـەم هەسـتە بقۆزنـەوە و گەشـەی پێ بـدەن.. بە بـڕوا و متمانە بەخـۆبـوون و ڕێزگـرتن لە خـود پـەروەردەیـان بکەن.. هـەمیشە پاڵـپشت و هـانـدەریان بـن، بۆ ئـەوەی متمـانە بـە بەخۆیان بکەن و پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن. ئەمەش فاکتەرێکی ئەرێنیی بەهێزە بۆ ئەوەی کە منـداڵان کـاری بـاش ئەنجـام بـدەن و لە کـاری ناپەسەنـد دووربکەونەوە.

تایبەتمەندییەکانی منداڵی متمانە بەخۆ:

منداڵی متمانە بەخۆ، شانازی بە خۆی و بە کارە باشە ئەنجام دراوەکانی دەکات، خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە، خۆشی و شادی لەسەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت، رەفتار جوانە و بە باشی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی تردا دەکات، بە متمانەشەوە بڕیار دەدات و بڕوا و متمانەی بە تواناکانی خۆی هەیە، کەسێکی هیواخواز و گەشبینە. دەتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. بەرگەی شکستییەکانی دەگرێت و ورە بەرزە و کۆڵنادات و توانای راستکردنەوەی هەلەکانی هەیە و پەند و وانەشیان لێ وەردەگرێت. ئازایەتی ئەدەبیی هەیە و بە خۆیدا رادەبینێت و بە ئاسایی گوزارشت لە هەست و لە ناخی خۆی و لەو بیرۆکانە دەکات کە لە ئەندێشەی دان.. توانای کارتێکردنی لە کەسانی تر هەیە.

داهێنەر و نوێخواز و هیواخوازە، شەرم ناکات و کۆمەڵاتییە و تێکەڵ بە خەڵکی دەبێت. رووحی گونجان و پێکەوە هەڵکردنی هەیە. سەرکێش و چاونەترسە و دوودڵ نییە. لەم چەند خاڵەدا، بە کورتی باس لە چەند خەسڵەتێک لە خەسڵەتە دیارییەکانی منداڵی متمانە بەخۆ و خۆناس دەکەین:

١- شانازی بە کارە ئەنجام دراوەکانییەوە دەکات، بۆ نموونە، دەڵێ (بڕواننە ئەم وێنە جوانە.. ئەمە مەن کێشاومە و وا جوان بۆیەم کردووە)

٢- خاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی، دەڵێ (بێ یارمەتی بە تەنیا خۆم ئەرکەکانم تەواوکرد)

٣- بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت، دەڵێ (ئەم کارە لە جیاتی تۆ دەکەم)

٤- بەرگەی شکستی دەگرێت، دەڵێ (ئەم پرسیارە بیرکارییە زۆر گرانە، بەڵام هەوڵدەدەم جێبەجێی بکەم)

٥- بە پەرۆشەوە شارەزایی تازە وەردەگرێت، دەڵێ (مامۆستا کوردی پێی وتین بەیانی فێری بابەتێ جۆرەکانی فرمان دەبین)

٦- کارتێکردنی لەکەسانی تر هەیە، دەڵێ (رێگام بدەرێ با فێری ئەم یارییەت بکەم کە من فێری بووم)

٧- تاوتێکردنی کەسانی تریشی بە سەرەوەیە، دەڵێ (من چێژێکی زۆر لە خوێندنەوەی هۆنراوەکان و چیرۆکەکانی - لەتیف هەڵمەت - بۆ منداڵان وەردەگرم و بە دڵمن)

٨- دەتوانێت گوزارشت لە رەهەندێکی فراونتر و لە هەڵچوونەکانی ناخی دەروونی بکات، دەڵێ (بە گەڕانەوەی باوکم لە گەشتەکانی هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم.. کە لە ماڵیش نەبێت شوێنەکەی دیارە و هەست بە خەمباری دەکەم)

٩- کراوەیە و کۆمەڵایەتییە و رووحی پیاوەتی و یارمەتیدان و چاکەخوازیی تێدایە.

تایبەتمەندییەکانی منداڵی متمانە بەخۆنەبوو:
ئەو منداڵەی متمانەی بەخۆی نەبێت، واهەست دەکات کەسانی تر بە هەندی نازانن و ڕێزی لێناگرن، هۆکارەکانی شکستییەکان و هەڵەکانی دەخاتە ئەستۆی کەسانێکی تر، شەرم دەکات و دەترسێت و گۆشەگیرە و کۆمەڵایەتی نییە، ڕەشبین و بێزارە، وا هەست دەکات کە توانای ئەنجامدانی نییە.. هەمیشە دوودڵە و بە گومانە و خاوەنی بڕیار نییە.
ئەمانە هەندێکن لە خەسڵەتە نەرێنییەکانی منداڵی متمانە بەخۆنەبوو و خۆنەناس:
١- لەو هەڵوێستانە خۆی بە دوور دەگرێت، کە دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ بۆی، بۆ نموونە دەڵێ (ئەمڕۆ ناچم بۆ قوتابخانە، تاقیکردنەوەیەکی گرانمان هەیە)
٢- خۆی بە کەم دەزانێت و لە بایەخی تواناکانی خۆشی کەم دەکاتەوە، دەڵێ (وێنەکانی من جوانین و کەس سەیریان ناکات)
٣- وا هەست دەکات، کە کەس بە هەندی نازانێت و خۆشیان ناوێت، دەڵێ (هاوڕێکانم منیان خۆشناوێت، باوکیشم رقی لێمە)
٤- شکستییەکانی دەخاتە ئەستۆی کەسانێکی تر، دەڵێ (لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچووم، چونکە مامۆستاکەمان بە باشی تێی نەگەیاندم)
٥- کارە دزێوەکانی بە کەسانی ترەوە دەبەستێت و پاکانە بۆ خۆی دەکات و پاساو دەهێنێتەوە، دەڵێ (هاوڕێکەم فێری ئەوەی کردم کە لە تاقیکردنەوەکاندا گزی بکەم)
٦- بە ئاسانی دەشەڵەژێ و گومان دەخاتە سەر خۆی (من ئەم تۆپەم نەدڕاندووە)
٧- بە لاوازی گوزارشت لە کاردانەوەکانی دەکات، دەڵێ (گرنگی بەوە نادەم گەر باوکم بگەڕێتەوە یا بڕوات)
٨- هەست بەبێ توانایی و بێ دەسەڵاتیی خۆئ دەکات، دەڵێ (من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە)
٩- گۆشەگیرە و شەرم دەکات و کۆمەڵایەتی نییە و تێکەڵ بە خەڵکی نابێت و ئازایەتیی ئەدەبیی نییە، ڕەشبینە و هیواخواز نییە، چونکە متمانەی بە خۆی و بە تواناکانی نییە.
چۆن متمانە بەخۆبوون لە منداڵەکانتاندا دەچێنن؟
زانایانی پەروەردە و دەروونناسیی منداڵان بۆ چاندنی متمانە بەخۆبوون لە منداڵاندا، بۆ پەروەردەکردنییان بە شێوازێکی ڕاست و دروست، کۆمەڵێک ڕێنمایی و ئامۆژگارییان دیاری کردوون، تا دایکان و باوکان و مامۆستاکان سوودیان لێوەربگرن و پەیڕەوییان بکەن، یارمەتیی منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان دەدەن و دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی کە

بڕوا و متمانە بە خۆیـان بکەن و پشت بە تواناکـانی خۆیـان ببەستن.. تا بشـتوانن بەشـێکی زۆری گرفـت و کێشەکانیان، خۆیـان چارەسەریان بکەن و سەرکـەوتووبن لە ژیانیانـدا.

بە کورتی تیشک دەخـەینە سـەر ئـەو ڕێنمـایی و ئـامۆژگـارییـە گـرنگـانە:

١ـ لەبەرچـاوگرتنی چەمکی جیـاوازی لە نێـوان منداڵانـدا: پێویستە دایکـان و باوکـان و مامۆستاکـان، لە راستیی جیاوازی تاک لە نێوان منداڵاندا بـزانن و پشتگوێی نەخەن، کە هەر منـداڵێک کەسایەتیی و توانای خۆی هەیە.. بۆیە نابێت منداڵەکانتان لەگەڵ منداڵانی تردا بەراورد بکەن، تاهەست بە خۆبەکەمزانین نەکەن.. هەردەم هـانیان بدەن کە ئاستی کار و رەفـتارەکانی خۆیان لە نێوان ئێستا و پێشتردا بەراورد بکەن.. تا جـیوازیی رادەی پێشکـەوتنی خۆیـان بـزانـن.

(د. سـبوک) دەڵێـت:»منـداڵ رقـی لـەوە دەبێـتەوە، لـە هەمـان ئاسـتـدا لەگـەڵ منـداڵـێکی تـردا دابنـرێت، چونکە بەراوردکـردن دەیخـاتـە ملمـلانێیەکی پـڕ لـە دڵـڕاوکی، زۆریـش هەسـتیاری دەکـات»

٢ـ گوێ لە قسەکـانی منـداڵەکـانتان بگـرن: پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکـان، بە جـوانی تا کۆتایی گوێ لە قسەکانی منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان بگرن و قسەکـانیان پێ مەبـڕن.. بواریـان بدەنێ با بە ئەوپەڕی ئـازادییەوە گـوزارشت لە نـاخی خۆیـان بکەن و ئەوەی کە لە ئەندێشەیاندایە دەریـان ببڕن.. دوایی بە هـێمنی پێکەوە تاوتـوێی قسەکـانی بکەن. شێوازی فـرمان و نە و وانییەش لەگەڵیاندا بەکارمەهێنن، قسە جوانەکانیان بەرز بنرخـێنن، هەڵەکـانیشیان بە شێوازێکی جـوان و قەنـاعەت پێکردن راستـیان بکـەنەوە.

٣ـ بەشداریکردنی منداڵەکـانتان لە هەنـدێ لە بڕیارەکـانتان: هەوڵبـدەن لـە منداڵەکـانتان نزیک ببنەوە و هاوڕێتیان بە دەستبهێنن و پەیـوندیتان بەهێزبێت. دەربـارەی هەنـدێ لە کێشەکان و بڕیارەکـانتان پرسیان پێبکەن و رایـان وەربگـرن.. تا هەست بەوە بکەن کە پشتگوێ و پاراوێز نەخـراون و پێگە و سەنگی خۆیـانیان لە نێو خێزانەکـانیانـدا هـەیە. بەمـەش متمانەیـەکی زیاتـریان بە خـۆیان دەبێت.

٤ـ هـەمیشە هـانیان بـدەن و ستاییشیان بکەن: هـاندان پاڵنەرێکی بەهـێزە بۆ ئەوەی کە منداڵەکانتان درێژە بە کارەکانیان بـدەن و هەوڵی داهێنان بدەن.. هەردەم پێیان بڵێن ئێوە دەتـوانن ئەم کـارە یا ئەم کـارانە ئەنجـام بـدەن.. سـتایشی کـارە جوانەکانیان بکەن و بە رووخۆشییەوە، ئافـەرین ودەستخـۆشییان لێبکـەن.. پێخـۆشیی خـۆتـان

بۆیـان دەربـڕن، تەنانەت گەر بە زەردەخـەنەیەکی ناسکی سەر لـێوەکانیشـتان بێت.. بـەڵام زیـادەڕۆییـش لە سـتاییش و پێ هـەڵـدانیـان مەکـەن.. تـا لـە خـۆییـان بـایی نـەبن.

٥ـ بە رەخـنە و وشەی ناشایستە منداڵەکانتان سووک مەکەن و مەیـان ڕووخـێنن: زۆر لە دایکـان و باوکـان و مامۆستاکان بە رەخـنـەی نابـەجێ و بە وشـەی زەق و ناشـیرین، هەستی منـداڵەکـانیان یا قوتابییەکـانیان بریندار دەکەن، وەکوو: هەی گەمـژە، ترسنۆک، بێ دەسەڵات، گەلحۆ، نالەبـار، تەمـەڵ، هیچوپـووچ، ...هـتد. ئـەم قسـانە کارتێکـردنێکی دەروونی خـراپیان لەسەر منـداڵان دەبێت و خۆی لەبەرچـاو دەکەوێت، ئـەو هەسـتـەی لا دروسـت دەبێت، کە ئـەم ئەو کەسـە نییە کە لە خـۆی تێگەیشـتووە. ئەمـەش هۆکـارێکە بۆ ئـەوەی کەسـایەتییەکی لاواز و متمانە بەخـۆنـەبووی لێبـێتە کـایەوە. متمانـەشی بـە کەسانی دەوروبـەریشی نامێنـێت.. ئەو قـسە ناخۆشانەشی لەبیرناچنەوە.. وەکوو دەڵێن: برینی خەنجـەر سارێـژ دەبێت و نامێنێت، بەڵام بـرینی قـسەی ناخـۆش سارێـژ نـابێت.

٦ـ نموونەیـەکی باشـبن بـۆ منـداڵەکـانتان و قـوتابییەکـانتان: پێویسـتە ئێـوەی دایکـان و باوکـان و مامۆستاکـان، هـەردەم لە رەفـتار و لە هەڵسوکەوتەکـانتانـدا، متـمانـە بەخـۆ و راستگۆبن لەگەڵ کەسانی دەوروبەرتانـدا، ببن بە نموونە و پێشەنگ بۆ منداڵەکـانتان و بۆ قوتابییەکانتان.. منداڵەکانتان چۆن بڕوا و متمانە بە قسەکانتان بکەن، کە پێیان دەڵێن جگەرەکـێشان زیـانێکی زۆری بـۆ تەنـدروستیی مـرۆڤ هـەیە.. کەچـی لەبـەر چـاویانـدا جگەرە دەکێشـن.. منـداڵەکـانتان بە راستان نـازانن و چـیتر بـڕوا بە قسەکـانتان ناکـەن.

٧ـ هانی گەشەکـردنی بەهـرە و ئارەزووەکـانی منـداڵەکانتان بـدەن: پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن.. گەر بەهـرەیان لە وێنەکێشانـدا هـەیە، بۆیە و پـەڕاوی وێنەکێشان بخـەنە بەردەستیان.. گەر هـۆگـری خوێنـدنەوەن، پەرتووک و گۆڤـاری ئاسانیان بۆیـان بکـڕن.

چونـکە منـداڵان گەر هانبـدرێن، حـەزی دەرخستـنی بەهـرە و تواناکـانیـان هـەیە.

٨ـ خوێنـدنەوە هۆکارێکی گرنگـە بۆ متمانە بەخۆبوون: خوێندنەوە ئاستی روشنبیری و زانیاری و زانستیی منداڵان بەرز دەکاتەوە، لەوانەیە چیرۆکێکی بەسوود بخوێننەوە، کە پاڵەوانی چیرۆکەکە منداڵـێکی سەرکێشی متمانە بەخـۆ بێت و سەرسامی رۆڵەکەی ببن.

٩ـ بـەری ئـازادی لە منداڵەکـانتـان و لە قـوتابییەکـانتـان مەگـرن: لەو شـت و بابەتـانەی کە پەیوەندیان بە خۆیانەوە هـەن.. سەرپشکیان بکەن با خۆیان بڕیار بدەن.. بۆ نموونە

با خۆیـان ڕەنگەکـانی جلوبەرگـەکـانیان دیـاری بکـەن.
١٠ـ تونـدوتیژ و ڕەق مەبەن لەگەڵ منداڵەکـانتان و قوتابییەکـانتان: چونکە تونـدوتیـژی چاوسوورکردنەوە هـۆکـارێکی سەرکییە بـۆ لەناوبـردنی متمـانە بەخـۆبـوونی مـنداڵان و بـۆ لاوازکـردنی کەسـایەتییان، هـەردەم شـێـوازی نـەرم و نیـانی و هـانـدان و ڕێـزگـرتن باشتـر و کاریگەرتـرن لە تـووڕەیی و تـونـدوتیـژی.
١١ـ زیادەڕۆیی لە چاودێریکردنی منـداڵەکانتان مەکەن: هەندێ لە دایکان و باوکان زیاد لە پێویست دەتـرسن و لە رادەبـەدەر بە دوای منـداڵەکـانیانەوەن.. لە نـزیک و دوورەوە لەژێـر چـاودێری و ئاگـادارییان دان، ناتـوانن بەبێ پـرسی ئەوانیش هیچ بڕیارێک بدەن. ئەمەش هۆکارێکی تری نەرێنییە بـۆ لاوازبوونی متمانە بەخـۆبوون و بۆ کەسایەتییان.
١٢ـ منـداڵەکـانتان فـێری وەرزش و مەلـەوانی بکـەن: کـە هـەردووکـیان دوو فـاکـتەری گـەورەن لە چانـدنی متمانە بەخـۆبـوون و ڕێـزگـرتن.. حەزیشیان لە چ یـارییەکە با ئـەو یارییە بکەن، بە تایبەتیش یاریی بە کۆمەڵ.. هەشیانە توانا و ئارەزووی نواندنیان هەیە ڕێییان لێ مەگرن با لە تیپی شـانۆی قوتابخانەکـانیاندا بە شـداری بکـەن.. هەمـوو ئـەم یارییانە متمان بەخۆبوونێکی زیاتر بە منداڵانی بەهـرەمەنـد و ئارەزوومەنـد دەبەخشن. ناشبـێت خۆتـان لێیان هـەڵبقـورتێنن، تا پێویست بەمە نەکـات.
١٣ـ هـانی منداڵەکـانتان بـدەن هـاوڕێی دڵسۆزی تازە بگرن: هاوڕێتی و پەیوەندیکردنی منداڵەکـانتان لەگـەڵ منـداڵانی هـاوتـەمەنی خۆیـانـدا، لە گۆشـەگیری و شـەرم ڕزگـاریان دەکەن و دەبنەە منـداڵانی کۆمـەڵایەتی.. متمانەشـیان بە خۆیـان زیاتر دەبێـت.
١٤ـ هەنـدێ ئـەرک و بەرپـرسیارێتی بە منداڵەکـانتـان و بە قـوتابییەکـانتـان بسپـێرن: پێویستە دایکـان و باوکـان لـە ماڵـەوە، هـەنـدێ کـاری ساکـار و پـرس بـە منـداڵەکـانیان بسپـێرن، وەکوو: ئـاودانی رووکەکـانی باخچەکانتان یا رووەکەکـانی ناو گوڵـدانەکـانتـان، دانـانی قـاپ و پـەرداخ و کەوچـک و چەتـاڵ لەسەر خـوانی نانخـواردنتـان، سـڕینـەوەی سەر مێزەکانتان، هەڵگرتنی پیاڵە بە تاڵەکـانتان،...هتد. لە قوتابخانەکانیشدا گـەلی بـوار هـەن، کە مامۆستاکان دەتوانن چەنـدین بەرپرسیارێتی بە قوتابییەکانیان بسپێرن، وەکوو هەر ڕۆژی قـوتابییەک بکەن بە چاودێری پۆلەکەیان، بە کۆمەڵ دەرکردنی پەخـشنامەی سەر دیوار، دانانی بەرنامەی گەشتی قوتابخانە. ڕازاندنەوەی قوتابخانەکـانیان بە بۆنەی ڕۆژی ئـاڵای کوردستـانەوە، ...هتد. هەمـوو ئـەم کـارانە، ئـەو هەسـتە ئـەرێنـییە لە لای منـداڵان دروست دەکـەن، کە دایکـان و باوکـان و مامۆستاکـانیان خۆشـیان دەوێن و بـە پێگـەیـان خۆیـان هـەیە و متمانەیـان بە متمـانە بوونیـان و بە تواناکـانیـان هـەیە.

١٥ـ وا مەکەن لە هەموو کار و بڕیارێکدا منداڵەکانتان پشت بە ئێوە ببەستن: ئەو کارانەی کە لە توانایاندان کە بیان کەن، سەرپشکیان بکەن با خۆیان بڕیاربدەن.. بەڵام پرسێکی ئەرێنییە، گەر پرس بە ئێوەی دایکان و باوکان و مامۆستاکانیان بکەن و رای ئێوە بزانن و سوود لە تێبینی و رێنماییەکانتان وەربگرن.

١٦ـ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی منداڵەکانتان و قوتابییەکانتان بدەنەوە: منداڵان بەوە ناسراون کە زۆر دەپرسن دەربارەی ئەو شتانەی لایان روون نیین و نایانزانن، هەندێ جار پرسیاری سەیریش دەکەن، کە بە لای هەندێکمانەوە بە پرسیاری بێ مانایان دەزانین.. بەڵام پێویستە بە راستی و دروستی بێ خۆدزینەوە یا پێچ و پەنادان، وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان بدەینەوە.. گەر نەمانزانین مۆڵەتیان لێوەربگرن تا دەیانزانن و وەڵامی راستیان دەدەینەوە. پشتگوێ خستنی پرسیارەکانیان متمانەیان پێمان نامێنێت.

١٧ـ فێریان بکەن کە رووبەڕووی شکستییەکانیان ببنەوە: تێیان بگەیەنن لە ژیاندا سەرکەوتن و شکستی هەیە.. بەڵام پێویستە بەسەر شکستییەکاندا زاڵبن و کۆڵنەدەن، لە رێی متمانە بەخۆبوون و تێکۆشاندا، شتێک نییە کە ناوی ئەستەم بێت و نەیاتەدی. دەتوانن ئەو جۆرە چیرۆکانەیان بۆ بخوێننەوە کە متمانە بەخۆبوونیان پێدەبەخشن.

١٨ـ خۆشەویستیی خۆتان بۆ منداڵەکانتان دەرببڕن: زۆر گرنگە کە رووبەڕوو پێیان بڵێن ئێمە ئێوەمان زۆر خۆشدەوێت. باوەشیان لێبدەن و ماچیان بکەن و دەست بە سەریاندا بهێنن.. بە گوڵەکەم و دڵەکەم ناویان بەرن.. بەمەش متمانە بەخۆبوونێکی زیاتریان پێدەبەخشن.

١٩ـ لە منداڵەکانتان بگەڕێن با ئۆخەی لە منداڵیی خۆیان بکەن: پێویستە ئەوە لەبیر نەکەن کە منداڵەکان منداڵن، بە چاوی گەورەوەکانەوە لێیان مەڕوانن.. جیهانی پاکی منداڵییان لێ تێک مەدەن.. با یاری بکەن.. پێکەنن.. هەڵبەزنەوە.. راکان.. زاق زورق بکەن.. هەموو ئەمانە لە خەسڵەتە سروشتی و ئاساییەکانی قۆناغی منداڵین.. ئەوان خاوەنی جیهانی سەیر و سەمەرەی خۆیانن.. جیهانێکی وەنەوشەیی پڕ لە هیوا و لە خەونی شیرین لە نیازی پاک.. جیهانێکی پڕاوپڕ لە پاکی و لە جوانی و لە بێ تاوانی.

دایکان و باوکانی دلۆڤان، مامۆستا دڵسۆزەکان: ئێوە لە هەموو کەسێک زیاتر لە منداڵەکانتان و قوتابییەکانتانەوە نزیکن .. لە هەموو کەسێک باشتر دەیان ناسن..هەر ئێوە دەتوانن باشترین شێوازی پەروەردەیی و باشترین رێگای سەرکەوتنی منداڵەکانتان دیاری بکەن.. ئێوە دەتوانن بڕوا و متمانە بەخۆبوونێکی زیاتریان پێ ببەخشن

و زیاتر تواناکانیان و ورەیـان بەرز بکەنەوە.. پشکی گەورەی شانـازی شایەنی ئێوەیە.
گـەلی کوردمان لە ئەمـڕۆدا، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیی بەوە هـەیە کە نەوەیەکی پـەروەردە دروستی متمانە بەخـۆ پێ بگـەیـەنین.. چونکـە بە شـان و بـازووی منـداڵانی ئەمڕۆمـان داهـاتـوویـەکی گـەشـتر و شـایستەتـر بـۆ کـورد و کوردسـتان دێنـەدی.. ئـەو داهاتووە خوازراوەش تەنها لە ڕێی چاندنی متمانە بەخوبوون لە منداڵەکانی ئەمڕۆماندا دێتـەدی.. چـونکـە متمـانە بەخـۆبـوون گـرنگـترین بنەمـای هـێز و سەرکـەوتنـە.
لە (نـاپـلیۆن) یان پـرسی، تـۆ چـۆن متمـانە بەخـۆبـوون دەخـەیتـە دڵی سەربـازەکـانت و ورەیـان بـەرز دەکەیتەوە ؟ ناپـلیۆن بـەم شـێوازە وەڵامـی ئەو پرسیارەی دانـەوە، وتی:
« ئـەوەی وتی نـاتـوانـم.. پێـیم وت هـەوڵ بـدە. ئـەوەی وتی نـازانم.. پێـیم وت فـێربە.
ئـەوەی وتی ئەسـتەمـە.. پێـیم وت تـاقـیکەرەوە»
دایکـان و باوکـان و مامۆستاکـان: بـۆ ئـەوەی کـە بـزانـن کە هـانـدان و چاندنی متمـانە بەخۆبـوون لە منداڵانـدا، لە لایـەن ئێوەوەی دڵسۆزەوە، چەنـد گـرنگ و چارەنـووسازن، حـەزم کـرد بـە کـورتی چیرۆکی (تـۆمـاس ئەدیسـۆن و دایکیتان) بـۆ بگـێرمـەوە:
ئەدیسـۆن منداڵ بوو، خـرایە قوتابخانەی بنەڕەتی، تەنهـا پێـنج مـانگ بـوو کە لە پـۆلی یەکەمی بنەڕەتیـدا بـوو.. قوتابییەکی هـێمن بوو، بەڵام گـەلێ بیـرۆکەی بـەرز لە ناخـیدا بـوون.. مامۆستاکـانی و بەڕێـوەبەری قوتابخـانەکەی وا لـێی تێگـەیشـتن کە منـداڵـێکی زۆر گەمـژە و تەمـەڵە پووچـە.
ڕۆژێـک بەڕێوەبەرێیی قوتابخانەکەیان، نامەیەکی دایە دەستی ئەدیسدۆنی منداڵی پـۆلی یەکەم.. بەڕێوەبەری قوتـابخانەکەی پێی وت: «ئـەم نـامـەیـە بـدە بە دەسـتی دایکت»
ئەدیسۆن نامەکەی بە دایکی دا، دایکی کە نامـەکەی بینی زۆر دڵتەنگ بـوو چـاوەکـانی پڕبوون لە ئەسرین، بەڵام بەسەر خۆیدا زاڵبوو و نەیهێشت فـرمێسکەکانی بچۆڕێنەوە.
بە دەنگێکی بەرزیش وا نامـەکـەی بۆ ئەدیسـۆن خـوێنـدەوە:
«کـوڕەکـەت بـلیـمـەتـە و.. قـوتـابخـانـەکـەمـان بۆ ئـەو و بـۆ تـوانـاکـانی بچـووکـە، پێـویسـتە لـە مـاڵـەوە فـێری بکـەیـت»
سـالان تێـپەڕی، دایکی ئـەدیسـۆن کـۆچـی دوایـی کـرد.. ئـەدیسـۆن بـوو بـەو کـەڵـە داهـێنەرە لە مێـژووی ئـادەمـیزاد دا.. سەرجەم مـرۆڤ قـەرزاری داهـێنەکـانی ئەوەن.
ڕۆژێکیان ئەدیسـۆن دولابـی شتەکـانی دایکی دەگـەڕا.. ئەو نامـەیەی دۆزییـەوە، کە ئـەو نامـەیە بـوو، کە بەڕێوەبـەری قوتابخانەکەی دایە دەستی و دای بە دەستی دایکی.
بەڵام لە نامەکەدا، ئەوە نووسینە نەبوو کە دایکی بۆی خوێندەوە، بەڵکو لە نامـەکەدا

ئـەم دەقـە نـووسرابـوو: « کـورەکـەت زۆر گـەمـژەیـە.. لـە بەیـانیـیەوە نـاهـێڵـین پێی بـە قـوتـابخـانەکەمـانـدا بکـات»
ئـەدیسـۆن زۆر گـریـا.. دوایـش لـە تێـنووسی (دەفـتـەری) بیـرەوەرییەکـانیـدا نـووسی:
« ئـەدیسـۆن منـداڵـێکی زۆر گـەمـژەیـە.. بەوای دایـکە نایـابەکـەیەوە بـوو بە بلیـمەت»
دایـکـان و باوکـانی خۆشـەویست، مامۆسـتا بەڕێـزەکـان: پەنـد و وانـە لـەم چـیرۆکەی ئـەدیسـۆن و دایکی وەربگـرن.. جگەرگۆشەکـانتان مەڕووخـێنن و.. بە هـیواخوازی و متمـانە بەخـۆبـوون و گـەشبیـنی پـەروەردەیـان بکـەن و پێـان بگـەیـەنن.

زیانەکانی بەراوردکردن لە نێوان منداڵان

پەروەردەکردنی منـداڵان بە ئەرێنی و دروسـتی، بەرپـرسیارێتییەکی گەورە و ئەرکـێکی قورس و زۆر هەستیارە، لە ئەستۆی خێزانەکان بە گشتی و دایکاندا بە تایبەتی. هەندێ رەفتاری نادروست و هـەڵە لە لایەن دایکان و باوکانەوە، منداڵەکـانیان تووشی فـشار و گەلێ کێشەی دەروونیی نەخوازراو دەکەن کە لە ئەمڕۆ و داهاتووشدا رەنگدانەوەیەکی نەرێنـیان لە کەسایەتی و لە ژیـانیـانـدا دەبـن.. منـداڵان باجـێکی زۆری ئـەم هـەڵانـەی دایـکـان و باوکـانیان دەدەنەوە.
بێگومان هەموو دایکان و باوکان هیواخوازی ئەوەن، کە منداڵەکانیان باشترین منداڵبن و داهاتوویەکی گـەش و پایەیـەکی بەرزیـان هەبێـت و مایەی رێـز و شانـازییابن.. بەڵام ئەمە ئـەوە ناگەیەنێت کە پاکـانە بۆ هـەڵە پەروەردەییەکـانیان بکەین لە پـەروەردکـردنی منـداڵەکـانیاندا، هەرچـەند کە ئـەم هەڵانـەشیان بێ مەبەسـتبن و لە نەزانیـنیانـەوە بن.
یەکێک لە گەورەترین ئەو هەڵە زیان بەخشانەی باوکـان و دایکـان لە پـەروەردەکردنی منداڵەکانیانـدا تێیکەوتوون و تێیدەکەون، بەراوردکردنی منداڵەکانیانە بە مـنداڵانی تـر. لەوانەیە ئەم هەڵەیە بەسەر کەسانێکی وەکوو ئێوەش هاتووبێت و دەرد و زیانەکـانی بەراوردکـردنتان بە منـداڵانی تـر چێشـتووبێت.
بەشی زۆری دایکـان و باوکـان، سەرەڕای ئـەوەی کە دەزانـن بەراوردکـرن لە نێوان منـداڵانـدا کارێـکی هـەڵـە و زیـان بەخـشە و کـاردانەوەیـەکی خـراپی لێـدەکـەوێتـەوە، کەچی درێژە بەم رەفتارە زیان بەخشە دەدەن، منداڵەکانیان لە گەڵ خوشک براکـانیان و لەگەڵ منـداڵانی کەسوکـار و هـاوڕێ و دراوسی و ناسیاوەکانیادا بەراورد دەکەن.
بەراوردکردن لە نێوان منداڵانـدا، هەر بە دایک و باوک و خـێزانەکانەوە نەوەستاوە، بەڵکو تەشـنەی کـردووە و بەشـێک لە مامـۆستایانی قـوتابخـانەکانیش ئـەم هەڵـەیە دەکەن و قوتابییەکانیان بە یەکتری بەراورد دەکەن، لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستاکان لە

هەموو کەسێک باشتر ئەم راستییە دەزان، کە لە رووی زیرەکی و بەهرە و توانا زەینی و هۆشییەکاندا، جیاوازی لە نێوان منداڵاندا هەیە. پێویستە رەچاوی ئەم جیاوزیانە بکەن و هیچ قوتابییەک بە قوتابییەکی تر بەراورد نەکەن.

هاورێیەکم وتی: من زۆ رقم لە بابەتی بیرکارییە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی ناوەندی بووم.. لەگەڵ ئامۆزاکەمدا لە هەمان پۆڵدا بووین، ئەو بیرکاریدا زیرەک بوو. ماموستای بیرکاریمان هەموو جارێک پێی دەوتم: بڕوانە کە ئامۆزاکەت چەند زیرەکە، چەند بە خێرایی وەڵامی پرسیار و راهێنانەکان دەنووسێت، ئەی تۆ بۆ وەکو ئامۆزاکەت نیت و ناتوانیت بە ئاسانی وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە؟ ئەم بەرواردکردنەی من بە ئامۆزاکەم و دووبارەکردنەوەی چەندین جار.

تا رۆژێک خۆم پێنەگیرا و بە مامۆستاکەم وت: مامۆستا ئەی تۆ بۆ وەکو مامۆستا سامان دوکتۆرات لە بیرکاریدا وەرنەگرتووە؟ ئەم قسەیەم تەنگەی مامۆستای گرت و لەبەرچاوی هاوڕێ قوتابییەکانمدا زللەیەکی مزری لێدام.. هەستی برینداکردم. لەو رۆژەوە رقم لە بیرکارییە، لەو کاتەدا رقیشم لە ئامۆزاکەشم دەبۆوە.

لێکۆڵینەوەیەک ئاماژە بەوە دەکات، ئەو منداڵانەی کە قوربانیی بەراوردکردنن بە منداڵانی تر، دووچاری متمانە بە خۆنەبوون بوونە. زۆر جاریش هەست بەوە دەکەن، کە هیچیان لەباردا نییە و بە کەڵکی هیچیش نایەن، لە شوێنی شیاویشدا نین. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە خوێندن و لە ژیانیاندا رەنگیداوەتەوە و کاردانەوەیەکی نەرێنی بۆ دروست کردوون. تا رادەیەک رەشبینیشی کردوون و هەست بە بێ ئومیدی دەکەن.

بەراوردکردن لە نێوان منداڵاندا، ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

١- بەراوردکردن لە زیرەکی و بلیمەتی لە توانا هۆشییەکاندا.

٢- بەراوردکردن لە هێزی بازووەکان و لە بەهرە جوولەییەکاندا لە نێوان منداڵاندا.

بۆ نموونە: دایکێک داوا لە کوڕەکەی دەکات خۆت لە قەرەی فلانە منداڵ مەدە چونکە ئەو لە تۆ بەهێزترە.. یا ئەی تۆ بۆ وەکو براکەت وەرزش ناکەیت و کێشت داناگریت؟

٣- بەراوردکرن لە خوێندندا: بەراوردکردنی قوتابییەک بە قوتابیانی تر لە لایەن دایک و باوک و مامۆستاکەیەوە.. وەکوو: تۆ بۆ وەکو فلانە قوتابی نمرەی بەرز وەرناگریت؟ تۆ بۆ بە یەکەمی پۆلەکەت دەرناچیت؟

٤- لەبارای توانای هونەریدا: وەکوو بەهرە و توانای وێنەکێشان، گۆرانی وتن، نواندن.

ئەوە هەڵەیە کە دوو تابلۆی وێنەکێشانی دوو قوتابی بە یەکتری بەراورد بکەین، با لە تەمەنێک و لە پۆلێکیشدا بن، چونکە هەر منداڵێک بە شێوازی خۆی گوزارشت لە هزر و لە خەون و لەو بیرۆکەیەی کە لە خەیاڵیدایە دەکات.

٥- بەراورکردن لە جوانی و بەژن و باڵادا: بە تایبەتیش بەراوردکردن لە نێوان کچاندا، بۆ نموونە: کە دایکێک بە بەر چاوی کچێکی بە کچێکی تری دەڵێت تۆ جوانیت. خوشکەکەی غیرەی لێدەکات و ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە خۆشکەکەی لەم جوانتر و شەنگتر و باڵا رێکترە، وا دیارە من ناشیرین و باڵا ناڕێکم، ئەگینا دایکم بە منیشی دەوت جوانیت. ئەمە دەبێتە گرێیەکی دەروونیی لای ئەم کچەی، رەنگە رقی لە خوشکەکەشی بێتە. یا لە بەردەم کچەکەیدا، ستایشی کچی هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت: کچی هاوڕێکەم، زۆر لەبلەبان و قسە قوت و خۆشە.. خۆزگە کچەکەی منیش وابوایە.
بەم خۆزگەیەی کچی هاوڕێکەی لە بەرچاوی کچەکەی دەخات و رقی لێدەبێتەوە.
زیانەکانی بەراوردکردن:

زیانەکانی بەراوردکردنی منداڵێک بە منداڵانی تر زۆرن، لەوانەش:

١- هەستکردنی منداڵ بە خۆبەکەمترزانین: گەر بە هەمیشەیی منداڵەکتان بخەنە ژێر فشاری بەراوردکردن بە منداڵانی تر. بارگرانی و بێزاری و وەرستبوون بۆ منداڵەکەتان دروست دەکەن. کارتێکردنێکی نەرینی لە راپەڕاندنی کارەکانیدا رەنگدەداتەوە. چونکە ئەو منداڵەی بە هاوڕێکانی یا منداڵانی تر بەراورد دەکرێت، کە نەتوانێت خۆی یەکسان و هاوتابکاتەوە لەگەڵیاندا. متمانە و بڕوای بە توانای خۆی نامێنێت. سەرەڕای ئەمەش هەستی رق و ئیرەیی و چکوسی بەرانبەر بەو هاوڕێ و ئەو منداڵانە لادروست دەبێت و هاوڕێتیشیان سارد و کاڵ دەکاتەوە.
دایک و باوک لە بریتیی ئەوەی کە منداڵەکەیان تووشی دۆخێکی نەخوازراوی وا بکەن.. باشتر و دروستر وایە، کە دەست بەسەر خاڵە لاوازەکانیدا بگرن و لەگەڵیدا دابنیشن و پێکەوە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.. پێویستیشە ستایشی لایەنە ئەرێنییەکانیشی بکەن.
٢- کەبوونەوەی رێزگرتن لە خود: بەراورکردنی منداڵێک بە منداڵانی ئاست بەرزتر ئەو بڕوایە لای ئەو منداڵە دروست دەبێت، کە هاوڕێکانی لەو زیاترن، ناتوانێت. کارێکی باشی ئەوتۆ ئەنجام بدات، کە بە دڵی دایک و باوکی بێت و لێی رازیبن. ئەم هەستەشی زیانێکی زۆری پێدەگەیەنێت. تەنگ بە گەشەکردنی کەسێتی و پێشکەوتنی ئاکادیمیی لە خوێندندا پێ هەڵدەچنێت.
بۆیە پێویستە دایکان و باوکان بڕوایان بە جیاوازیی توانا و بەهرەی تاک هەبێت، بە تایبەتیش لە منداڵاندا، کە خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پاکن.. گەر گەورەکان فێریان نەکەن ئەوان رق و کینە و ئیرەیی و چکوسی نازانن.

٣ـ کەمبوونەی بایەخدان بە باشکردنی کارەکانیان: گەر بێت و دایک و باوک کۆشس و بەهرە و کارە ئەنجامدراوکانی منداڵەکـەیان، پشتگوێ بخـەن و بایەخـیان پێ نـەدەن و بە هەنـدیان نـەزانن، دەستخۆشی و ئافـەرینی منـداڵـەکەیان نەکـەن و بە ئەنجامـدراوە باشترەکانی هاوڕێکانی بەراوردیـان بکەن و بە چـاوێکی کەمتر لە بەهـرە و تواناکانی منداڵەکەیـان بـڕوانن.. وا لە منـداڵەکەیـان دەکەن کە ساردبێتەوە و چـیتر خۆی مانـدوو نەکـات.. چونکە دایـک و بـاوکی لە بەهـرە و کارەکـانی نـاڕازیـن و بە هەنـدی نـازانن. هەستیش بە شـەرم دەکـات و گۆشـەگـیر و دوورە پـەرێـز دەوسـتـێت، لـەوە دەتـرسێت کە دایـک و بـاوکی بە منـداڵی میـوانەکـانیان بـەراوردی بـکەن و بیشکـێننەوە.
٤ـ لەدەسـتدانی بەهـرەی داهـێنان: گەر بەهـرە و خـەون و توانـا تایبەتمەنـدییەکـانی منداڵەکەتـان لەبەرچاونەگرن و هانی نەدەن بۆ درێـژەپێدان و پێشکەوتن و داهـێنانی زیاتر و باشتر و، پەرپێدان بە بەهـرە و ئارەزووەکانیان. بەراوردیان بکەن بە بەهـرە و منداڵانی بەهرەمەنتر و داهـێنەرتر، منداڵەکەتان وا لێکیدەداتەوە کە شکستی هـێناوە و پێویست بە درێـژەپێـدان ناکـات و حـەزی داهـێنانی تێدا دەمـرێت.
٥ـ دابـڕانی نێوان منـداڵ و دایـک و بـاوکی زیاتـر دەبێت: بەراوردکـردنی منـداڵەکەتـان لەگـەڵ منـدالانی خـزم و ناسـیاو و هـاوڕێ و دراوسـێ، یا لەگـەڵ خوشـک و بـراکـانی، هۆکارێکە بۆ دروست بوونی گرێی دەروونی بۆ منـداڵەکەتان، هەست بـەوە دەکـات کە ئەو پەسەنـد نییە و خۆشـتان ناوێت و لەبەردڵاتـان نییە و لێی رازی نین.. بۆیـە حـەز بەوە دەکات مـاوەی دابـڕان و دوورکەوتنەوەی لێتانەوە بپارێـزێت و هـێندە بەلاتـانەوە نەیات.. ئەمەش خاڵـێکی نەرێنییە و پەیـوەنـدی و خۆشـەویستیی بۆتـان لاواز دەبـێت.
٦ـ بەراوردکـردن دوژمنـایەتی دەخاتە نێـوان منـداڵانەوە: بەراوردکـردنی منـداڵەکەتان بە منـداڵانی تر، لە جـیاتی ئەوەی ستایشی ئەو منـداڵانە بکات، هەستی دوژمنایـەتی و رقلێبوونەوەیانی لا دروست دەبێت، ئەم بەراوردە پاڵـنەریشە بۆ ئەوەی بە نادروستی رەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا بکات. چونکە غیرەیان لێدەکات و ئیرەییان پێدەبات، دووریش نییە کە دوژمنایەتی و شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا دروست بێت و ئەنجامێکی خـراپی لێبکەوێتەوە.
٧ـ بەراوردکردن پەیامێکی نێگەتیڤە بۆ منداڵەکەتان: کاتێک دایک و باوک بەراوردی منداڵەکەیان لەگەڵ منداڵانی تردا دەکەن، ئەو پەیـامەیان پێـدەگەیەنن، تـۆ بێ توانـایت و هیچت لەدەست نایـات، بۆیە پێویستە خـۆت بە منـداڵانی تر بەراوردبکـەیت و چـاو لەوان بکەیت.. ئەم بۆچوونە هەڵەیەشتان، وا لە منداڵەکەتان دەکات کە بەهای خۆی لەدەست بدات و ببێت بە پاشکۆی منـداڵانی تر.. لە خـۆشی رازی نابێت و هەست بە

دڵـنیایی و دەروون ئاسوودەیی ناکـات.
٨ـ بەراوردکردن وا لە منداڵەکەتان دەکات، کە رستەگەلێکی لەم جۆرە بەکاربهـێنن: من لە فلان منـداڵ باشـترم.. یا من لە فلان منداڵ خەراپـترم.. یا من جیاوزتـرم لەگەڵ مندالانی تردا..»باشترم ـ خراپترم ـ جیاوزاترم» ئەم وشانە خۆبەراوردکردنە لەگـەڵ مندالانی تردا. منداڵەکەتان وای لێدێت هەمیشە بە مندالانی تر خۆی بەراورد بکات.
٩ـ منـداڵ دوای خۆشەویستی دەکەوێت: هەموو منداڵـێک دەیەوێت پـاراوی سـۆز و خۆشـەویستیی دایک و باوکی ببێت. کە منداڵەکەتـان دەیـەوێت بێ جـیاوازی وەکوو خوشـک و براکـانی تـری خۆشـەویستیی پێ ببەخـشن و نـازی هەڵـبگرن.. بـۆ ئـەم مەبەستەش دەیەوێت کاری لە توانا بەدەر ئەنجام بدات، لە چـوارچـێوەیەکدا دەژی کە لـە توانـای سروشتی خـۆی زیاتـرە. هـەر بـۆ ئـەوەی کە ئـێوەی دایـک و بـاوکی لێی رازی ببن.
١٠ـ زیـادەڕۆیی لە بەراورکـردنـدا: بێ لەبەرچـاوکـرتنی جـیاوزی لە بەهـرە و توانـا و بـارودوخ.. هەنـدێ لـە منـدالانی جیاواز لەگـەڵ منـدالانی تـردا، تـووشی لەخـۆبـایی و لەخۆدەرچـوون و فـیززلی دەبـن، لەوانـەیە ئەم خەسـڵەتە نەرێنییە ببـێتە خـوویـان.
١١ـ بەراوردکـردنی منـداڵ بە منـدالانی تر، هۆکارێکە بۆ شەرمکردن و گۆشەگیری و خۆدوورگـرتن و ناکۆمـەلایەتی. کەم دووە و حەزناکات تێکەلاوی دانیشتن و کۆڕبێت.
١٢ـ منـدالان لە هەموو بوارەکـاندا وەکوو یەک بەهـرەمەنـد و بە توانـا و پێرفێکت نین. منداڵ هەیە لە بیرکاریـدا زیرەکە.. هەیە لە زماندا زیرەکە.. هەیە لە وێنەکێشاندا.. هەیە لە نوانـدا.. هەیە لە موزیک و گۆرانیـدا، هەیە لە هۆنراوە و وتار خوێندنەوەدا،...هـتد.
دایکـان و باوکـانی خۆشـەویست، مامۆستایانی هـێژا و دڵسۆز: بەراوردکردن لە نێوان منـداڵەکـانتان و قوتابییەکـانتان و منـدالانی تر و قوتابیـانی تر، زیـانێکی مەتـرسیداری نەخـوازراوی لێدەکەوێتەوە، هۆکارێکە بۆ گەلێ کـێشە و گـرێی دەروونی و بارگـرژی. رەنگدانەوەیـەکی خـراپیشی لەسەر کەسـایەتی و ژیـانی ئەمـڕۆ و داهـاتووی منـدالان دەبێت و هـۆکـارێکیشە بـۆ رق و دژایـەتی و دوژمنـایەتی لە نێـوان منـدالانـدا.
خۆ ئەگەر بەراوردکـردن لە نێوان مندالاندا، بە ئاراستەی پۆزەتیف بێت، واتا ئەگەر بۆ ئەوەبێت کـە منداڵەکـانتان چـاو لە منـدالانی ئاسـت بەرزتـر و زانـا و دانـاتر لـە خۆیـان بکەن، هەوڵبـدەن وەکوو ئەوان ئاستی خۆیـان بەرزبکەنەوە و سـوود لە زیـرەکی و لە ئەزموونەکانی هاوڕێکانیان وەربگـرن، بە رووحێکیٔ وەرزشیـیەوە ململانێ و کـێبرکێ لەگـەڵ یەکتریـدا بکەن لە پێناوی زیاتـر فێربوون و داهێنان و پێشکەوتـن، ئەمە مایەی بەخـتەوەری و پێشکەوتـن و سوودبەخـشینە نەک زیـان پێگەیاندن.. پەروەردەکـردن و

راهێنانی منداڵان بە ئاراستە ئەرێنییەدا، لە سایەی دایکان و باوکان و مامۆستایانی هۆشیار و هەستیار و دووربین و شارەزایانی پەروەردەی ئەرێنیدا دێتەدی.

(*) تێبینی: تا رادەیەک سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوون:

١. اضرار المقارنة بين الاطفال ـ مجلة هي ـ يمام سامى.

٢. المقارنة بين الاطفال ـ من اكثر اخطاء التربية شيوعا ـ هالة الشحات.

٣. لماذا نصر على المقارنة بين الاطفال ـ تربية الاطفال والصحة النفسية.

٤. الاطفال من الجنة ـ دكتور جون جراى ـ ٢٠١٨

٥. ادوات التهذيب الايجابي في التربية ـ دكتور جين نيلسن و مارى نيلسن ـ ٢٠١٨

ڕەزا شوان

نووسەر لە بواری ئەدەبی منداڵان و پەروەردەی منداڵان.

r.shwan@hotmail.com

کاریگەرییەکانی سیستمی فێرکاری لەسەر هزری ناتوندوتیژی و پێکەوە ژیان

ناسک سعید

شوناسی هەموو تاکێک لە خێزانەوە دەست پێدەکات، لەم دیدگایەوە خێزان دەبێتە یەکەم شوێنی پێگەیشتنی منداڵ بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، هەربۆیە ڕەفتارو کردارەکانی ڕەنگدانەوەی خێزانە.

خێزان بەپێی ئەو فەزایەی بۆ منداڵی دابین دەکات لە داهاتوودا دەبێتە بەشێک لە خواست و جیهانبینییەکانی و بەردەوام کاری بۆ دەکات. خوێندنەوەی توێژینەوە جیاجیاکان لە بارەی ڕۆڵی خێزانەوە لە گەشەی فکری و پەروەردەیی ئەوە دەردەخەن کە خێزان بەیەکەی کۆمەڵایەتی بەرپرس دادەنرێت بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەرکردنی ڕەفتارە جیاوازەکانی منداڵ لە قۆناغەکانی داهاتووی تەمەنیدا. وردە وردە ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتیە گۆڕانکاری بەسەرداهات، دەسەڵاتی پەروەردە و فێربوون دوای خێزان درا بە کۆمەڵگە، ئەمەش بە هۆی فراوان بون و کاریگەربوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە دارشتنەوەی عەقڵییەت و دەزگاکانی فێرکردن.

قۆناغی تێکەڵبوونی منداڵ لەدوای خێزان هەر لەتەمەنی یەک ساڵیەوە دەست پێدەکات لەداینگەو باخچەی ساوایانەوە منداڵ دەتوانێت بیری ئاشتیخوازی و یەکتر قبوڵکردن لە هزری بچەسپێێت. دەتوانێت وەک تاکێک بەپێی ئەو تەمەن و تێگەیشتنەی هەیەتی هەرزوو کاردانەوەی بۆ بابەتە وەرگیراوەکان دەبێت بەتایبەت ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا گەورە بێت کە ئایین و کلتوری جیاوازی تێدا بێت، هەرچەندە منداڵ لەو تەمەنەدا درک بە جیاوازیەکان ناکات بەڵام ئەگەر خێزان هاندەری بن و ڕوونکردنەوەی بدەنێ لەسەر ئایین یاخود خێزان بیەوێت هەر زوو لە ئایینەکەی خۆیانی بگەیەنن ئەو کات منداڵەکەش ناخودئاگایانە دەبێتە پەیرەکەری ئەو ئایین و فکرە بەبێ ئەوەی بزانێت کە چیەو بۆچی

دەبێت قبوڵی بکات. سەرباری ئەوەش ئەگەر لە دەرەوەی خێزان بەریەکەوتنی هەبوو لە هاوتەمەنەکانی خۆی رەنگە جۆرێک لە شۆک و دروست بونی پرسیارگەلی بێ وەڵامی بۆ دروست بێت کە تا دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو ئەو پرسیارانە هەر لە هزریدا بمێننەوە. راهێنانی منداڵ و هەرزەکاران لەسەر پرۆسەی یەکتر قبوڵ کردن و دروستکردنی روحی هاوکاریکردن بە یەکێک لە میکانیزمەکانی خوڵقاندنی جیهانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە دائەنرێت.

پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لای کانت ئەوە دەگرێتەوە کاتێک منداڵ لەتەمەنێکدا لە خێزان دەردەچێت و تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبێت، بەڵام لە ژێر کاریگەری خێزاندا هەردەمێنێتەوە بە تایبەتی تەمەنی پێش دەرچونی لە خێزان. ئەگەر منداڵ لەسەرەتاوە وازی لێبهێنرێت و لەهەموو شتێکدا ئازادبێت، تەنها لەو کارانەدا نەبێت کەمایەی زیانن.

دایک وەک یەکەم پەروەردەکاری منداڵ رەچاوی ئەمانە بکات و سنوریان بۆ دابنێت، نابێت کارێکی هەڵە یاخود درۆیەک لەگەڵ منداڵەکەیدا بکات، وە بتوانێت پەروەردەیەکی راستی منداڵەکەی بکات تا لەداهاتودا تاکێکی دروست پێشکەش بەکۆمەڵگەکەی بکات. زۆرجار دایک لەناخودئاگاییەوە کارەکانی لەبەرچاو منداڵەکەی رادەپەڕێنێ و جێبەجێدەکات لەبەرامبەریشدا منداڵ دەرک بە کردارەکان دەکات و لەلایەن خۆیەوە بە خودئاگاییەوە دووبارەیان دەکاتەوە.

بێگومان دایک وەک رەچاوکەرێکی بەردەوام ئەو کردارانەی لەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێ رێگەی لێدەگرێت و ناهێڵێت منداڵەکەی دوبارەی بکاتەوە، بەڵام منداڵ بەرپەرچدانەوەیەکی توندی دەبێت و پێیوایە ئازادی لێگیراوە و ناتوانێت ئەو توانابییەی کەخۆی هەیەتی بە ئازادی دەرببرێت. رۆسۆی فەیلەسوف و کۆمەڵناس پێی وایە مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت و دەبێت هەرئازادبێت، کەواتە دایک دەبێت ئازادی تەواو بۆ منداڵەکەی دابین بکات کە دووربێت لە هەرەشەو لێدان هەتا ئەو حاڵەتانە لە هزریدا نەچەسپێت و بیەوێت وەک تۆڵە لە داهاتوودا ئەنجامیان بدات، ئەگەرنا دەبێتە تاکێکی شەرانگێز.

بەپێی توێژینەوەیەک کە لەزانکۆی لیستەر لە ولاتی بەریتانیا ئەنجامدراوە، دەریدەخات نزیکەی ٣٦ ملیۆن منداڵ لە جیهاندا بەهۆی کێشەو ململانێکانەوە لەپرۆسەی خوێندن بێبەشکراون ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی رۆشنبیری و چۆنییەتی یەکتر قبوڵ کردن هەیە چونکە شەر و ململانێکان دەبنەهۆی چەکەرەکردنی هزری توندوتیژی و توندرەوی، بەپێچەوانەوە سیستمی خوێندن وفێرکاری میکانیزمێکە بۆ سەپاندنی چەمکی خۆشەویستی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە. لەرێگەی سیستمی فێرکاریەوە مرۆڤ دەتوانێت ئاشنا بکرێت بە مێژوو و شارستانییەتی ئەو نەتەوە و میللەتانەی کە هیچ رێگرییەک نییە بۆ پێکەوە ژیانیان وەک جیاوازی ئایین و نەتەوەو کلتور. سیستمی فێرکاری دەکرێت لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بگەیەندرێتە خەڵک بەڵام لەهەر کۆمەڵگەیەک شەرهەبێت ئەوا ناتوانرێت نەک هەر سیستمی فێرکاری بەڵکو هیچ بەشێکی ئەو ژیانە لە شوێنی خۆیدا بێت و مەهام و ئامانجەکانی خەڵک بێتەدی.

لە پەیامێکی پەیمانگای نێودەوڵەتی ئاشتی جیهانیدا هاتووە پەیوەندی سیستمی فێربون و پەروەردەکردن و ئاشتی دوو چەمکی گرێدراوی یەکترین، ئاشتی دەتوانێت پەرەبستێنێت لەرێگەی خوێندن و منداڵانەوە چونکە بەم رێگایە دەتوانرێت نەوەیەکی ئاشتیخواز دروست بکرێت کە لەئەنجامدا نەک هەر کۆمەڵگەکەی خۆی بەڵکو هەموو جیهان دوور دەبن لە شەرو کێشە نێودەوڵەتیەکان.

ئاشتی بەو مانایە دێت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا تاکەکانی بەبێ جیاوازی ئایین و رەگەزو چین و نەتەوە هەست بکەن مافەکانیان لەچوارچێوەی یاسادا پارێزراوە و دڵنیاین لە ژیان و ئاییندەیان.

لەم روانگەیەوە، ئەگەر دیقەت لەووتەیەکی «ماندیلا» بدەین لەسەر چەمکی پەروەردە، تێدەگەین گرنگترین سێکتەری کۆمەڵگە پەروەردەیە و کاریگەری لەسەر هەموو سێکتەرەکانی دیکە دەبێت، وە خاڵی گۆرانکاری کۆمەڵگەیە لەرووی پێشکەوتن و شارستانییەوە.

سیستمی فێرکاری و پەروەردەیی دەبێتە خاڵی گرێدانی لەگەڵ سێکتەرەکانی دیکە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەڵ سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی. دەبێت ئەوە روون بێت لامان سیاسەتی پەروەردە هۆکاری دروستبونی تاک و هاوڵاتی باش و چالاکە بۆ نیشتمان بەو مانایەی لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا پەروەردە تەنها ڕێگەچارەیەکە بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵک لە کێشە و ململانێکان، بەرپەرچدانەوەی بیری توندرەوی و توندوتیژییە.

لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، گەیشتن بە بەها باڵاکان و دەستەبەرکردنی ئاشتی و پێکەوەژیان، پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان بە کرۆکی بەرهەمەکانی پەروەردەو سیستمی فێرکاری هەژمار دەکرێت، بۆیە دەبێت لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی گشتی گرنگیەکی تایبەت بە پەروەردە بدرێت و پەروەردەی مەدەنی بکرێتە بنەمایەکی سەرەکی. وەک دەزانین پەروەردەی مەدەنی هێمایەک دەبێت بۆ فێرکردنی تاک بە کۆمەڵێک بەها و بنەمای مەدەنی و دیموکراسی، کە یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی هاووڵاتییەکی کارا و بەشدار بن لە ژیانی سیاسی و مەدەنیدا، هاوکات ماف و ئازادییەکانی خۆیان بزانن و بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ یەکتردا بژین و هەست بە هاووڵاتیبوون بکەن و لەژێر چەتری کەلتوورێکی مەدەنی و دیموکراسی هاوبەشدا ژیان بەسەربەرن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی شوناس و ناسنامەیەکی نیشتیمانی و هەمووان بەشدار دەبن لەپرسە گشتگیریە نیشتیمانییەکاندا، لەدواجاردا فاکتەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گیانی ململانێ و توندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا.

لە روانگەی تیۆری و پراکتیکیەوە، دوو رەهەندی سەرەکی دەبنە پێکهێنەری پەروەردەیەکی تەندروست و کاریگەر ئەوانیش پاراستنی بنەمای هاووڵاتیبوون و مافە مەدەنییەکانن بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەک کە پڕە لە توندوتیژی و دەمارگیری و ململانێ. کەواتە پەروەردەی مەدەنی لە ڕێگەی دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە، دەتوانێت ئاشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین بکات، ئەوانیش پارێزگاری و گەشەدان بە بنەمای هاووڵاتیبوون کە خۆی لە پێدانی مافە سەرەتاییەکانی هاولاتی وەک

نیشتەجێبوون و بەشداری تاک لەسەرجەم پرسە نیشتیمانییەکاندا دەردەخات، لەلایەکی دیکەوە هۆکار دەبێت بۆ گەشەکردنی ئینتیما و خۆشەویستی خاک، بەمەش دەکرێت ژیانی پێکەوەبوون و خۆشەویستی زاڵ بێت و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی پەرەی پێبدرێت. هەروەها بە پەروەردە و سیستمێکی فێرکاری مەدەنی، هەوڵ دەدات مافە مەدەنی و بەها دیموکراسییەکان لە کۆمەڵگەدا گەشە پێ بدات.

پرسیارێک لێرەدا دروست دەبێت ئایا سیستمی فێرکاری تا چەند کاریگەری لەسەر جیاوازی رەگەزی هەیە لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا؟

دانیشتن لەهەمان پۆل و خوێندنەوەی هەمان کتێب، هاوکات گوێگرتن لە هەمان مامۆستا دەکرێت بە تێگەیشتن و درک پێکردنی جیاواز بگاتە لای قوتابیە کور و کچەکان، دەرەنجام کاریگەری و دەرهاویشتەی جیاواز لایان بەرهەم دێنێت.

جیاوازی بیرکردنەوەکان لەهەر کایەیەکدا بێت توانیویەتی بۆچونی جیاوازی رەگەزی دروست بکات یەک لەوانە لایەنی کۆمەڵایەتی و سیستمی فێرکارییەکانە، ئیدی ئەم سیستمە لەخێزان پیادە بکرێت یاخود لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بێت.

جیاوازی رەگەزی کاتێک لەرێگەی خوێندن و قوتابخانەکانەوە دەگاتە تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری چونکە تەنها بۆچونەکانی رەگەزی نێر بەهەند وەردەگیرێن و زۆر جار ئەم بۆچونانە دەبنە رێسای بیرکردنەوەی خەڵک و ئا لێرەوە کارەسات روودەدات.

کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئەژمار دەکرێت هەتا ئەم چرکەساتەش بیرکردنەوە و بریارەکانی پیاو زاڵە، ئەم رەوتی بیرکردنەوەیە گەیشتتۆتە سەرجەم رەهەندەکانی کۆمەڵگە، یەک لەوانە ئەگەر دیقەت لە مەنهەج و پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی سەرەتایی بدەین دەبینین دەستپێکی ناوەکان بە ناوی نێر دەست پێدەکات، بۆیە

هەریەک لە ئێمە هەمیشە ئەو ناوانەمان لە یادە کە لەو قۆناغەدا لە پرگرامی خوێندن بەرگوێمان کەوتون. بەپێی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن خوێندن و پێگەکانی فێرکاری دەتوانن جیاوازی رەگەزی دروست بکەن، بۆیە گرنگە کۆنسێپتی یەکسانی بۆیان روون بکرێتەوە بەو مانایەی کە جێندەر هیچ کاریگەری لەسەر دروستکردنی ئایندە و توانا جەستەیەکانی مرۆڤ نابێت. لەزۆر کۆمەڵگەدا خوێندن و سیستمی فێربون زیاتر بۆ رەگەزی نێربووە، هەروەک لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەتا ئێستاش رێژەی نەخوێندەواری لەناو ئافرەتان زیاترە تا پیاوان، ئەمەش لەو سۆنگەوە سەیر دەکرێت کە چونە دەرەوەی ئافرەتان و تێکەڵبونیان بە رەگەزی دیکە وەک تاوانێک سەیرکراوە، لەلایەکی ترەوە ئافرەتان دەبوو هەر کاری ناوماڵ بکات و کاری دەرەوە و فێربون کاری ئەوان نەبووە.

سیستمی فیرکاری دەتوانێت چانسی یەکسانی ژیان بۆ هەموو کەس و کۆمەڵگەیەک فەراهەم بکات، ئەم سیستمەش دەکرێت لەزۆر بوارەوە بگاتە خەڵک وەک کەناڵەکانی راگەیاندن کە بە خێراترین سەرچاوە و پەیوەندی خەڵک و سیستمە جیاوازەکان دادەنرێت بەهۆی بوونی پرۆگرامی تایبەت بەو فکر و جیاوازە ئایدیانەوە.

خاڵێکی دیکە، بەپێی توێژینەوەیەک تایبەت بە رێژەی بەشداری مێ لەناو پرۆسەی خوێندندا، لەساڵی ٢٠١٠ لە کۆی ٦١ ملیۆن منداڵ نزیکەی ٥٣٪ی لەقۆناغی سەرەتایی لە رەگەزی مێ بوون، بەڵام لەساڵی ٢٠١٢ رێژەکە گۆڕا بۆ ٤١٪ لە کۆی ٥٧ ملیۆن کەس. ئەم راپرسی و بەدواداچونە لە ٣٠ وڵاتی ئەفەریقا و ئاسیا ئەنجامدراوە. شارەزایان باس لە هۆکارەکانی دروستوبونی جێندەری لەو کۆمەڵگایانەدا دەگەرێنەوە بۆ ئاستی بیرکردنەوە و رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگانە، هاوکات کاریگەری ئایین و کلتور بە سەرەکیترین فاکتەر دەزانن.

بەشداریکردنی رەگەزی مێ لە پرۆسەی خوێندندا دەبێتە هۆکاری نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی، و بەشداری پێکردنی ئافرەتان لەسەرجەم سێکتەرەکان وەک سیاسەت و ئابووری، و دیپلۆماسیەت بەمەش دەرەنجامە باشەکانی سیستمی فێرکاری دەردەکەون و راستەوخۆ سودەکانی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەگەرێتەوە.

لەم روانگەوە فیمینیستەکانیش بەتایبەت شەپۆلی دووەمی فیمنیستەکان کاریان بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان کردووە لە ناو پرۆسەی خوێندندا بۆ ئەوەی جیاوازی رەگەزی نەهێڵن و ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاریان بەرزبکەنەوە. هانی ئافرەتان و ئافرەتان بدەن چیدیکە لەناو ژووره دخراوەکانیماڵەکاندا نەمێننەوە و ببنە کارەکتەر و هاوڵاتیەکی سودبەخش بۆ کۆمەڵگە، وەک پیاوان بەشداربن لە کایە و سێکتەرە جیاوازەکانی دەوڵەت، بەم هەنگاوەش وێنایەکی نوێ و فۆرمێکی نوێ ئەدرێت بە سیستمی فێرکاری و پەروەردە کە وەک ئامرازێک بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی لە کۆمەڵگەدا بەرجەستەبووە.

...

▪ ناسک سەعید، ماستەر لە میدیا وکلتور

گۆی زەوی و ژیانی مرۆڤایەتی لەبەردەم هەڕەشەی کارەساتەکان

هێرش شکاک

گۆی زەوی لە هەسارەیەکی داینەمیکی هاوسەنگی داخراو ... بەرەو نا هاوسەنگی ... !
جەنگەکان ... لە کلتوری هەندێک لە مرۆڤەکان ... !
کاری مرۆڤەکان ... لە بەهەدەردانی وزەی گۆی زەوی ... !

هەر لەو رۆژەوە کە مرۆڤــ هاتووەتە سەر گۆی زەوی، هەروەها هاوکات لەگەڵ بنیاتنانی شارستانیەتەکان ململانێ لەنێوان مرۆڤەکاندا سەریهەڵداوە، ململانێ لەسەرچی؟ لەسەر زەوی، لەسەر بەرکەوتنی بڕێکی زیاترو گەورەتری خۆراک، لەسەر دەسەڵاتی زیاتر. وایلێهات ئەو ململانێیانە بوونە جەنگ واتا هەندێک لە مرۆڤەکان فێری دروستکردنی جەنگ بوون، بەڵام لەگەڵ بنیاتنانی دەوڵەتان و شارستانیەتەکان جەنگەکان مانایەکی گەورەترو قوڵتریان بەخۆیانەوە بینی، شێوازو ئاڕاستەی جەنگەکان گۆڕانکاری زۆر گەورەیان بەسەرداهات و بیرۆکەی داگیرکاری کەوتە نێو مێشکی بەشێکی دەسترۆیشتوانی جیهانی گۆی زەوی. بەدرێژایی مێژوو ئەم حاڵەتە دژبەیەکە لەگەڵ ژینگەی زەویدا بەردەوام بووە، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێستا زۆر جیاوازە و ئێستا بەشێکی مرۆڤەکانی جیهانی گۆی زەوی لەنێو کارەساتدا ژیانیان بەڕێدەکەن. چ کارەساتێک؟ کارەساتە دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤــ، ئەمڕۆ بەشێکی دەستڕۆیشتوانی جیهانی گۆی زەوی و بەشێکی مرۆڤە ئاساییەکان دژ بە ژینگە لە جەنگدان، ئەو جەنگەی کە زۆربەی جاران بریتییە لە هەڵتەکاندنی پێکهاتەی ژینگە. ئەگەر لە قوڵایی لۆژیکدا بیر لەم بابەتە بکەینەوە (بابەتی بەکاربردنی بێ سنووری هێزو توانای گۆی زەوی) بابەتەکە بریتییە لە شتێکی زۆر بێ مانا، کاتێ مرۆڤەکان بە دەستی خۆیان هاوسەنگی سەرچاوەکانی ژیانی خۆیان بەرەو ئەبەدی لەناوببەن، ئایا ئەوە هەندێک لە مرۆڤەکان خەریکی چین ... ؟ ئەوان خەریکی دروستکردنی پیسترین جۆری چەکن و لەسەر مرۆڤــ و زیندەوەران و دارو درەختەکان و پیسکردنی ئاوی سازگار تاقیدەکەنەوە... ! گۆی زەوی (کە بۆ ئێمەی مرۆڤــ بریتییە لە جیهان) خاوەن سیستمێکی داینەمیکی داخراوەو تواناو وزەکەی

دیاری کراوەو بەشێوەیەکی زۆر خێرا لە تەمەنی دروستبوونی مرۆڤەوە تا ئێستا کە ماوەیەکی ئێجگار کورتە بەرەو ناهاوسەنگیەکی زۆر ئاڕاستە کراوە. تەمەنی دروستبوونی مرۆڤ زۆر کەمە و لەم ماوە کورتەی تەمەنی مرۆڤدا بۆ هەندێک لە خودی مرۆڤەکان ژیان لەنێو کارەساتە مرۆڤکردەکاندا بەڕێدەکرێت، من بەشێوەیەکی گشتی ئەم سەردەمە ناودەبەم بە سەردەمی جەنگەکان، کە جەنگی پلە یەک ئەو جەنگەیە کە ماوەی نیو سەدە دەبێ مرۆڤ لەگەڵ سروشت و ژینگەدا هەڵیگیرساندووەو پسپۆڕانی سروشت و ژینگە باش لەم جەنگە تێگەیشتوون، بەڵام جەنگەکانی دیکە کۆمەڵگای مرۆڤ لەنێو خۆیدا بەرپای کردووە، کە جەنگەکانی تیرۆر و ئابوری لە گەورەترین جەنگەکانی ئەم سەردەمەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو ئەم جۆرانە هەردەم فاکتەری گەورەی نێگەتیڤی دژ بە هاوسەنگی گۆی زەوین.

دەپرسین ئایا سروشتی گۆی زەوی، ئەو گۆی زەویەی کە بریتییە لە شوێنگەی ژیانمان، هاوسەنگ ماوە یاخود مرۆڤ ئەم گۆی زەویەی بەرەو کارەساتەکان ئاراستەکردووە.

یاخود دەپرسین ئایا راستە سروشتی ژیانمان لەبەردەم هەڕەشەو مەترسی گەورەدایە، بەر لە هەموو شتێک پێویست دەکات ئێمەی مرۆڤ لەوەتێبگەین کە توانست و قودرەتی گۆی زەوی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە کە بریتییە لە سیستمێکی داینامیکی داخراو سنووردارە، هەروەها پێویست دەکات مرۆڤەکان ئەوەش بزانن کە چالاکیە زۆرەکانی مرۆڤەکان لە گۆی زەویدا، واتا بەکاربردنی بڕی زۆری وزەی ئامادەی نێو گۆی زەوی ئاستەکەی هێندە بەرزبوەتەوە کە گەیشتۆتە رادەیەکی زۆر مەترسیدارو ئەم مەترسیەش رۆژ دوای رۆژ لە بەرزبونەوەیەکی خێرادایە کە دواجار زۆربەی چالاکیە مرۆڤکردەکان بە زیانێکی گەورەی سروشتی سیستمە داینامیکیەکەی گۆی زەویدا شکاوەتەوەو دەشکێتەوە، ئەگەر وێنەیەکی بچوککراوەو خێرای حاڵەتە مەترسیدارەکە بۆ بەرچاوی خۆمان وێنا بکەین، ئەوا دەبێ ئاماژە بکەین بە دیمەنێکی ئەم بەکاربردنانە: رۆژانە هێنانە دەرەوەی دەیان ملیۆن بەرمیل نەوت لەنێو چینە جیۆلۆجیەکانی گۆی زەوی، ئەگەر تەنها ئاماری ساڵی ٢٠٠٥ وەربگرین رۆژانە لە هەموو جیهاندا بڕی ٧٨,٩٠٠,٠٠٠ بەرمیل نەوت بەرهەم هاتووە. هەروەها رۆژانە دەرهێنانی ملیۆنان مەترسێجا گازی سروشتی لەنێو چینە جیۆلۆجیەکانی گۆی زەویەوە. رۆژانە گۆڕینی روبەرێکی فراوانی زەوی سەوزو گژوگیا و کشتوکاڵی بە بیناکردن و کۆنکریت کە بەردەوام ژمارەیەکی ئێجگار زۆری هەمەجۆری زیندەوەران لە چەندین شوێنانی سەر گۆی زەوی لەبەردەم هەڕەشەیەکی زۆر گەورەدان و لەناودەبردرێن. رۆژانە سوتاندنی بڕێکی ئێجگار زۆری جۆرە جیاوازەکانی سوتەمەنی و ئامادەبوونی هەزاران ملیۆن ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکانی گۆی زەویدا، رۆژانە بوونی

سەتان کەشتی جەنگی و کەشتیە بارهەڵگرەکان لەنێو دەریاو زەریاکانی گۆی زەویدا، ساڵانە دوبارەبونەوەی پیسکردنی روبەرێکی زۆری ئاوی دەریاو زەریاکان لەرێگەی ڕژانی نەوت و سوتەمەنیەکان بەنێو ئاوی دەریاو زەریاکاندا، بەردەوام ڕماندن و تەقاندنەوەی گردۆڵکە و شاخەکان بۆ کەڵک لێوەرگرتنیان بۆ مەبەستی دەستکەوتنی وزە و کەرستەی بیناسازی، رۆژانە پیسکردنی پانتاییەکی زۆری رووبارەکان لەرێگەی دەرهێنانی چەوو لم وەک کانگاکان بۆ کاری بیناسازی، دەست حستنە ناو سروشتی ژینگەی جەمسەرەکانی باکوور و باشووری گۆی زەوی و بەردەوام دارمانی بارستەو چیا بەفرینەکان، بەردەوام بڕینەوەی دارو درەختە زەبەللاحەکان بۆ بەکاربردنیان لە کاری بیناسازی و کەلوپەلی ماڵەوە هەروەها لە شوێنە هەژارنشینەکان بۆ خۆ گەرم کردنەوە، کە ساڵانە روبەرێکی گەورەی سەوزایی بۆ وشکایی دەگۆڕدرێت و لە خاکی بەپیتەوە بۆ خاکی بێ سوود دەگۆڕدرێت، بەردەوام کارکردنی کۆمپانیاکانی چەک و تەقەمەنی دروستکردن و بەردەوام دروستکردنی کاریگەرترین چەکەکانی دژ بە ژینگە و مرۆڤایەتی و گشت زیندەوەران و تاقیکردنەوەی هەندێکیان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەی چەندین ساڵە لە گەورەترین تاقیگەکانی ئەم جۆرە چەکە ترسناکانەن، کە دەرئەنجامی ئەم هەموو نالەباری و گرفتە ئاڵۆزانە برسی کردنی سەتان ملیۆن مرۆڤی لێکەوتەوەو ملیۆنان مناڵ نەخوێندەوار بوون و کەوا ئەوەش دیسان دەبێتەوە رەگی دروستبوونی چەندین کێشەی دیکەی ژینگەیی و دژ بە سیستمە داینامیکیەکەی گۆی زەوی. ئەمانە وێنەیەکی زۆر بچوککراوەی ئەو کارەساتانەن کە بەردەوام لە هەر چرکەیەکدا بەرەو رووی سروشتی گۆی زەوی و ژیانی مرۆڤایەتی دەبنەوە. واتا لەلایەن بەشێک لە مرۆڤەکانەوە گۆی زەوی زۆر بەبێ بەزەییانە بریندارکراوەو هاوسەنگیەکەی لێ تێکدراوەو ئێستا گۆی زەوی لە حاڵەتێکی ناهاوسەنگ دایە. ئایا کەی خاوەن بڕیارەکانی وڵاتانی زەبەللاح لەوە تێدەگەن ئەو گۆی زەوییەی کە ماڵی هەموومانی لەسەرە لە پێشکەوتوترین وڵاتانی جیهان تا دواکەوتوترین وڵاتانی جیهان، لە دەوڵەمەندترین مرۆڤەکان تا هەژارترینیان، لە رۆشەنبیرترین مرۆڤەکان تا شەڕخوازترینیان، ماڵی هەر هەمومان لەسەر ئەم هەسارە بریندارەدا بیناکراوە. پاراستنی ژیانی گشت گیانەوەر و زیندەوەرەکان لە ئەسۆی مرۆڤەکاندایە، پاراستنی سروشت لە گشت ئەگەرە ترسناکە مرۆڤکردەکان لە ئەستۆی مرۆڤایەتیدایە، ئەوە زەمەنێکی دوورو درێژە بەشێکی مرۆڤـ و بەشێکی گیانلەبەر و بەشێکی زۆری سەوزاتی و ژینگەی جیهانی گۆی زەوی لەژێر فشارێکی ئێجگار زۆری مەینەتی کارەسات دوای کارەسات ژیانیان بەسەر دەبەن.

کاریگەرێتی جەنگەکان لەسەر سامانی ئاو:

ئاو کە یەکەم سەرچاوەی ژیانە، بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر دوچاری گرفتەکانی بەردەم کارەسات و جەنگە مرۆڤکردەکان بووەتەوە، بە تایبەت لەماوەی دوو سەد ساڵی دوایی تەمەنی گۆی زەوی، بەجۆرێک کە ئاوی نێو چینەکانی گۆی زەوی دوچاری کردارە پیشەسازیەکان بۆتەوەو کێشەی زۆر لەبەدەم ئاسایشی ئاو لە زۆر شوێنانی جیهاندا بوونی هەیە. ئەو هاوسەنگیەی کە ئاو لەنێو سروشتدا پێویستیەتی ئەمرۆ لە زۆر شوێنی گۆی زەویدا بوونی نیە و رۆژ دوای رۆژ و بەخێرایی ئەم حاڵەتە زەقتر دەبێتەوە. خۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان بە نموونە بێنینەوە لەماوەی تەنها بیست ساڵدا دابەزینی نزیکەی ٨٠ مەتر بە تێکڕایی لە ئاستی ئاوی نێو چینە جیۆلۆجیەکان حاڵەتێکی نائاسایی باوەڕپێنەکراوە، کە ئەوە نموونەیەکە لە حاڵەتە زۆر ترسناکەکانی کە چالاکیەکانی مرۆڤـ لەم هەرێمەدا بە نادروستی ئەنجامی داوە لە ئیدارەدانی ئاودا بێ ئەوەی ستراتیژیەتی وزەی دیاریکراوی گۆی زەوی خرابێتە ژێر وردبینیی زانستیەوە. وشککردنی ئاوی بەدەیان بیر لەماوەی تەنها چەند ساڵێکدا واتا کەمبونەوەی خێرای بە چەندین عەمبارە ئاوی نێو جیۆلۆجیەکان، واتا ژینگەی ژێر زەوی لەژێر هەڕەشەیەکی حەقیقیدایە بەردەوامبوون لەسەر ئەم دەستخستنە لەڕادەبەدەرەی مرۆڤـ بۆنێو ژینگەی ژێر زەوی ئاراستەکەی تەنها بەرەو کارەسات بردنە.

بونی پلانێکی تۆکمەی ستراتیژی ئاو لە چوارچێوەی ئیدارەدانێکی دروستی ئاو بە جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی دروستی ئاو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ لە چوارچێوەی ئەو گرنگی پێدانەبێ کە هەموو کارە ژینگەییەکان بەبێ هەبوونی سیاسەتێکی دروستی ئاو کەموکوڕی زۆر گەورەی تێدایە، بەوپێیەی کە ئاو سەرچاوەی زیندویەتیە و بۆئەوەی ژینگەیەکی زیندومان هەبێت دەبێ ئاسایشی ئاومان هەبێت، ئاو سەرچاوەی خۆراک و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گشت کایەکانی ژیانە، ئاو سەرچاوەی دروستبوون و پەرەسەندن و بەردەوام بوونی شارستانیەتە گەورەکانی مێژوو بوو. کارکردن بۆ ئیدارەدانێکی دروستی ئاو واتا ئیدارەدانێکی دروستی گرنگترین بەشی ژینگە. ئەرکی سەرشانمانە ئیدارەدانێکی سەرکەوتووی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ بکەین، بە تایبەت کە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژیین کە کێشەی هەبوونی ئاوی خواردنەوە دوچاری ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گۆی زەوی بۆتەوە، هەروەها ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن بۆ هاتنەدی کێشە لەبەردەم ئاسایشی ئاو رۆژ دوای رۆژ روو لە زیادبوندان. کە کێشەی کەش و هەوا لە کێشە زەقەکانی ئەم سەردەمەی ئێستایە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێکی نا هاوسەنگی ئاودا دەڕوات و چاوەڕوان

دەکرێت لە داهاتوودا کێرقی کێشەی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەخێرایی بەرەو بەرزبوونەوە بڕوات کە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکان نەبوونی سیاسەتێکی دروستی ئاوە لە چوارچێوەی ئیدارەدانێکی سەرکەوتووی ئاو. هەرێمی کوردستانیش کە بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ هەبوونی پلانێکی ستراتیژی ئاوو کارکردن لەسەری لە چوارچێوەی ئیدارەدانێکی دروستی ئاو لە داهاتوودا بەرەو ڕووی کێشەی گەورەی ئاو دەبێتەوە، کە بەشێوەیەکی تێکڕایی (average) لەماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ٧٠-٨٠ مەتر ئاوی نێو چینەکانی زەوی دابەزیووە. قەرەبوکردنەوەی لەدەستدانی ئەو یەدەگەی ئاوی ژێر زەوی زۆر ئەستەمە، ئەمڕۆ ساسەتی ئاو بەتەواوی بە سیاسەت و ئەجیندای بەڕێوەبردنی وڵاتان گرێدراوە، کە شوێنگەی هەرێمی کوردستان لە جیۆگرافیایەکی داخراودایە و بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی لە دەرەوەی سنورەکەیەوە لە تورکیا و ئێرانەوە بۆی دێت، کەواتە بەبێ هەبوونی پلانی ستراتیژی سەرکەوتوی ئاو بێگومان داهاتووی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا دەکەوێتە ژێر مەترسیەکی گەورە، لە نموونە زەقەکان لە دوا ساڵەکانی نەوەدەکان و ساڵی ٢٠٠٠ و چەند ساڵێک دواتر کێشەی ژینگە و وشکەساڵی و کەمی بەفرو باران بوو بە هۆکاری کۆچکردنی دانیشتوانی ژمارەیەک لە گوندەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو شارو شارۆچکەکان، کەچی شوێنی ئەم گوندانە لە بەشی سەرەوەی هەرێمی کوردستاندان. تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا نەبوونی نەخشەی ئاوی نێو چینە جیۆلۆجیەکان بریتییە لە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم ئاسایشی نەتەوەیی، بەو مانایەی کە کێشەی گەورەی تایبەت بە ئاوی نێو چینە جیۆلۆجیەکان هەیە، بەڵام نازانرێت سنور و قەبارەی ئەم کێشە ستراتیژیە چەندە.

کاریگەرێتی چالاکیەکانی مرۆڤ لەسەر بەرهەم هێنانی زبڵخانەکان:

لەژێر کاریگەرێتی ئەو ئیدارەدانەی کە لە کێبڕکێی ئابوریدا لەنێوان دەوڵەتانی پێشکەوتوی جیهانی گۆی زەویدا هەیە، ڕۆژ دوای ڕۆژ زبڵ و پاشماوەکان لە زیادبونێکی پێشبینی نەکراودایە و هەندێک لە دەوڵەتان بەشێکی خاکەکەیان بۆ زبڵ و خاشاک تەرخان کردووە، کە ئیدارەدانی پاشماوەکان لە جیهاندا بە گشتی کێشەیەکی زۆر گەورەی مرۆڤایەتیە کە دوچاری گشت گیانلەبەرێک بووەتەوە، بەمەش پانتاییەکی زۆری زەوی لە خاکی بەپیت و سەوزەوە گۆڕدرا بۆ ئەو خاکەی کە ناو هەناوی پڕکرا لە زبڵ و پاشماوەکان. لەم ڕۆژگارەدا زۆربوون و فراوانبوونی ئاسۆیی و ئەستونی زبڵخانەکان وەک یەکێک لە مەترسیەکان دوچاری ژیان و تەندروستی مرۆڤایەتی و ژینگە بۆتەوە، لەو وڵاتانەی کە

تا ئێستا تەکنەلۆژیای دوبارەبەکارهێنانەوەی زبڵ و پاشماوەکانی (recycling) لێنیە یاخود زۆر لاوازە ئەوا کێشەی زبڵ بوەتە یەکێک لە کێشە گەورەکان لەبەردەم ئاسایشی تەندروستی. ئایا بۆ مرۆڤەکان بەم شێوە زۆرە زبڵ و پاشماوەکان بەرهەم دێنن ... ؟ ئایا بۆ مرۆڤەکان بەم شێوە ژیانی خۆیان دەخەنە بەردەم مەترسی گەورە.
کەواتە لم سەردەمەدا لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ سەرچاوەی بوژاندنەوەی ژینگە بێت، بەڵکو مرۆڤ سەرچاوەی کەڵەکە کردنی زنجیرەیەک مەترسی بنەڕەتیە بۆ سەر خودی ژینگەکەی خۆی. دەبێ ئاماژە بکەم بە جۆری زبڵی ترسناک و زبڵی ئەلیکترۆنی و زبڵی تەندروستی، کەوا ئەم جۆرانەی زبڵ و پاشماوەکان مەترسی زۆر گەورەن لەبەردەم ئاسایشی تەندروستی و ژینگەیی، کە زۆربون و گرنگیدان بە بەرهەمی کوالیتی خراپ و ئاست نزم کەناڵێکی زۆر گەورەو فراوانی رۆژ دوای رۆژ زیادبوونی زبڵی ترسناک وزبڵی ئەلیکترۆنیە بە حوکمی ئەوەی بەرهەمە ئەلیکترۆنیە کوالیتیە نزمەکان زوو تێکدەچن و دەبن بە زبڵ و ئەوەش یەکێک لە کێشە زۆر گەورەکانی هەرێمی کوردستانە، بەرهەم هێنانی کوالیتی ئاست نزم یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم مرۆڤایەتی.
دوای دیراسەکردنێکی زۆر و لەماوەیەکی دوورودرێژدا لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەدا زاناکانی ژینگە و سروشت گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە خەسڵەتی نەتەوە پێشکەوتووەکان بوونی ژینگەیەکی خاوێن و سەلامەتە، بۆیە ئاستی هۆشیاری نەتەوە بە پاکوخاوێنیی ژینگە بەستراوەتەوەو مرۆڤی ژینگە دۆست مرۆڤێکی هۆشیارو رۆشەنبیرە.
ئەو برە ئێجگار زۆرەی وزە کە مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەویدا بۆبەردەوام بوون لە ژیانیاندا خەرجی دەکەن، زۆر زیاترە لە ئاستی پێویست. تا ئێستا زۆربەی مرۆڤەکان لەوە تێنەگەیشتوونە کە مرۆڤەکان لەنێو چ کارەساتێکی چاوەڕوان کراوی ناهاوسەنگی گۆی زەویدا ژیان بەڕێدەکەن.
مرۆڤ زۆر لە وزەی گۆی زەوی و توانستە سروشتیە ژینگەییەکەی بەفیڕۆداوە، ئەوە ئەو ئەنجامەیە کە زانایانی ئەڵمانی لە پەیمانگای بۆتسدام بۆ لێکۆڵینەوەی کەش و هەوا کە تەئکید دەکاتەوە لە کاریگەرێتی نێگەتیڤانەی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی لە سنوری ئاساییدا تێپەڕاندووە. هەروەها پەیمانگای بۆتسدام لە رێکەوتی ٢٠١٤/١/١٦ تەئکیدی لەوە کردەوە کەوا لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکان گەیشتونەتە ئەوەی کە کاریگەرێتی مرۆڤ لەسەر زەوی لە سنووری بەرگەگرتنی زەوی تێپەڕاندووە.
هەروەها ئەو تیمە نۆ لایەنی بارودۆخی ژیانێکی هاوسەنگ و جێگیریان لەسەر زەوی دانا، وایان دەرخست کە بەشێوەیەکی واقعی چوار لەم نۆ لایەنانە بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر

کەوتونەتە ژێر فشاری کاری نێگەتیڤانەی مرۆڤەکان. کە ئەوانیش گۆڕانکاری کەش و هەوا و لەناوچونی هەمەجۆریتی زیندەوەران (bio diversity) کە لایەنی پڕ گرنگی پێویستی ژیانن. کە زانایان ئەم زانیاریانەیان لە گۆڤاری «ساینس» بڵاوکردەوە کە ئەم گۆڤارە تایبەتە بە زانستە سروشتیەکان و ئەو زانیاریانە لە مونتەدای نێودەوڵەتی داڤۆس لە سویسرا پێشکەش کرا. کە سەرۆکی تیمە زانستیەکە وێل ستێڤن لە زانکۆی ستۆکهۆڵم گوتی «گۆڕانکاریە کارەساتبارەکانی کە لەم دواییانەدا لەسەر زەوی رویانداوە لە ماوەی ساڵی ١٩٥٠ وە رویان نەداوە. هەروەها ستیڤن گوتی «دەتوانین ماوەی دوای ساڵی ١٩٥٠ ببینین کە گۆڕانکاریە گەورەکانی «رێکخراوەیی» زەوی پەیوەندی راستەوخۆی بە گۆڕانکاریە ئابوریەکان هەیە. کە ئەم دیاردە تازەیە ئەوەمان بۆ روندەکاتەوە کە مرۆڤـ لەسەر ئاستی جیهاندا بەرپرسیارێتی تازەیان لەسەرە لەبەرامبەر هەسارەی زەوی. ئەوە وتەیەکی ئێجگار گەورەو پڕ مانایە کە بڵێین ئەو هەسارەی کە جێنزرگەی ئێمەیە هاوسەنگیە داینامیکیەکەی لەدەستداوەو مرۆڤەکان ئەوەیان بەسەر هێناوەو کەواتە بەمانیەکی دیکە ئێمەی مرۆڤـ و گشت گیانلەبەر و زیندەوەرەکان لەنێو دونیایەکی ناجێگیردا ژیان بەسەر دەبەین و ئەوەش لێکدانەوەی فراوانی دەوێت بەشێوەیەک کە بەشێوەیەکی گشتی سروشتی ژیان لەژێر مەترسی گەورەدایە. ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەبواری سروشت و ژینگەدا کاردەکەن زۆر باوەڕپێکراوە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە بێئاگان لە بارودۆخی نالەباری گۆی زەوی لەوانەیە بە راست لێکدانەوەی بۆ نەکرێت.

کێبڕکێی پیشەسازی چەک ... وێرانکردنی سروشت:

ساڵانە ملیارات دۆلار لە دروستکردنی چەک و تەقەمەنیە پێشکەوتووەکاندا خەرج دەکرێت، بەڵام ئایا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە کەڵەکەکردنی ئەم هەموو چەک و تەقەمەنیە هەیە ...؟ ئایا بۆ هەر لەدێر زەمانەوە بەشێک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بریتیی بووە لە کردنی بەشێک لە گۆی زەوی بە عەمباری چەک و تەقەمەنی بەڵام بۆ بەکارهێنانی بەرامبەر بەیەکتر، بەرامبەر بەو خاک و ژینگەیەی کە نان و ئاومان پێدەدات، ئەگەر لەروانگەی فەلسەفەی مرۆڤـ دۆستیەوە تێبڕوانین هەست دەکرێت کە حاڵەتێکی زۆر نائاسایی لەنێو جەستەی کۆمەڵگای مرۆڤەکاندا دەخولێتەوە کە ئەوەش جەنگانە دژ بە سروشت و ژینگە و گۆڕاندنی بەهەشتی سەر زەوی بە دۆزەخی سەر زەوی، گۆڕاندنی هێمنی و ئارامی بە هەراو ژاوەژاوو، گۆڕاندنی هیوا بۆ بەدبەختی، بەشێوەیەک مرۆڤەکان سروشتی ژیانیان لە گیاندارو ئاژەڵەکانیش تێکداوە، مرۆڤەکان خۆشی و جوانیان لە گوڵ و دارو درەخت و باڵندەکانیش تێکداوە، گەورەبوونی بیرو هۆشی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەوەی خۆشی و رەفاهیەتی بێ سنووری هێنایەدی بەڵام لە هەمان کاتدا بەدبەختی و

کارەساتی گەورەی هێنایەدی. بۆ ملیۆنان منداڵی بێ گوناحی سەر دونیای گۆی زەوی ئەم دونیایە ئەم جیهانە زۆر ترسناک و تاریکە و دۆزەخێکی تەواوەو هەموو رۆژێک هیوا جوان و پاکەکانیان لەبار دەبرێن و برسی و بێ جێگە و رێگەن وترسیان لێ نیشتووە، من کاتێ کە خەریکی نوسینی ئەم چەند دێرەم کوژرانی چەند هەزارێک لە کوردە پیاوو ژن و منداڵەکانی هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستانم دێتەوەبەرچاو لەژێر هێرشی کیمیاباراندا، چەندین لەو دایک و داپیرە و باوک و کورو کچ و منداڵە بەریئەکانی کورد کە بە کۆمەڵ و زۆر بێ بەزیی بەناوی ئەنفالەوە خرانە ژێر خاکی خاکەکەی خۆیان و بەسەر یەکتردا خرانە نێو چاڵە ترسناکەکانی ئەم دونیایە، ئەو خاکەی کە دەبوو بنیاتی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لێیەوە دروست بکرێت بەڵام هەزاران مرۆڤی گوناحی خراناو، هێرشەکانی جەنگی سوریا بۆ سەر خەڵکە بێ تاوانەکان بەتایبەت منداڵە بەریئەکانم دێتەبەرچاو کە لە ترسی دەنگی ناپاڵمە پڕ مەترسیەکان هەموو لاشەیان لەلەرزین نەدەوەستا و ترس ئەوانی بردبووە دونیای پڕ لە گوناحی شەیتانەکان، بەڵام ئەم دیمەنانە هەر بەردەوامن و هەر بەردەوامیش دەبن، کە هەر جارەی بۆ بەشێکی کۆمەڵگا و لە زەمەنێک و شوێنێکی جیاوازدا چەندین جارە دەبنەوە. ئەم گۆی زەویە گوناحی زۆری بەرامبەر کراوە، بەشێکی کراوە بە دۆزەخی بەشێکی دانیشتوانی گۆی زەوی و گشت بونەوەرەکان. هەریەک لە ئێمە بەبێ بەزەیی مەبەستیەتی لەپێناو بەردەوامبوون لە ژیانیدا وزەی گۆی زەوی بکات بە قوربانی خۆی، بەڵام وردنین لە بەرژەوەندی لەو هەموو خەڵکەی کە لەدوای ئێمەوە دێنە سەر شانۆی ئەم گۆی زەویە و پێویستیان بە ژیان و بەختەوەریە. لەبەرئەوەی بێگومان لەماوەیەکی زۆر کەمی تەمەنی شۆڕشی پیشەسازیدا وزەی زۆری گۆی زەوی خەرجکراوە. چیا سەهۆڵینەکانی جەمسەری باکور بەشێکە لە وزەی زۆر بە نرخی گۆی زەوی، بەڵام توانەوەی بەردەوام و بچوکبوونەوەی قەبارەی ئەم سروشتە بریتییە لە دەستدانی بەشێکی زۆر بە نرخی وزەی گۆی زەوی، ئەم وزەبردنە لە ئەنجامی گەرم داهاتنی گۆی زەوی و کێشە دروستکردن لەبەردەم چینی ئۆزۆن تێکدانی هاوسەنگی ئەتمۆسفیر لە ئەنجامی چالاکیە زۆرو بی بەزەییەکانی بەشێک لە مرۆڤەکان بریتییە لە ئاراستەکردنی دونیای گۆی زەوی بەرەو کارەساتە یەک لەدوای یەکەکان. دەتوانین بڵێین بەشێک لە مرۆڤەکان لەنێو گێژاوی بێشوماری نەهاکمەتیەکانی مرۆڤەکان گیریان خواردووەو دەربازبوون لێیان پڕ زەحمەتە. کەواتە بۆ هەندێک لە مرۆڤەکان بۆ هەندێک لە منداڵە بێ گوناح و فریشتە ئاساکان بۆ هەندێک لە دایک و باوکە بە تەمەن و هەست ناسکەکان بۆ هەندێک لە گەنجە دڵ گەرم و پڕ هیواکان دونیای گۆی زەوی بریتییە لە دۆزەخ و دونیای کارەساتەکان. بەتایبەت ئەوەی لە بەشێکی ئەم رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستە ژیابێت و خرابێتە نێو یاساو ڕێسا بێ سەروبەرەکانیەوە، ئەوا بەباشی لەم وتانەم تێدەگات. بێگومان ئەو کەسانەی ئەو مرۆڤانەی کە هەوڵی ئەوەدەدەن دونیای گۆی زەوی بەبەهشت بهێڵنەوەو گۆی زەوی بکەن بەبەهەشت بەهەشتین، ئەو مرۆڤانەش کە بەهەشتی گۆی زەوی دەکەن بە دۆزەخ و دۆزەخ بەرهەم دێنن دۆزەخین.

سیاسەتی دورخستنەوەی کارەساتەکان:

ئەوەی گرنگە لەم سەردەم و زەمەنە پڕ کێشە و کارەساتبارەی گۆی زەوی کە کاریگەرێتی قولی کێشە زۆرەکانی کە بەرامبەر هاوسەنگی سروشت و ژینگە و ژیانی مرۆڤ و گشت بونەوەران دەمێکە بەربڵاوبووە، زۆر لە دەوڵەتان کە هەرچەندە هەندێکیان کە خۆشیان ڕۆلیان لە بەشێک لە دروستکردنی کارەساتەکان هەبێت، بەڵام ستراتیژیەتێکی دێژخایەنیان لە هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی کاریگەرێتی زۆر لە کێشە ژینگەییە مرۆڤکردەکاندا هەیە، بۆیە ساڵانە لە ئەجێندای حکومەتدا بەشێک لە بودجەی دەوڵەت لەپێناو پاراستنی وڵات لە دۆخە نالەبارەکاندا خەرجدەکرێت، کە داهێنان لە ئامێرەکانی هاوڕێی ژینگە و هەوڵە زانستیە- کۆمەڵایەتیەکانی کەمکردنەوەی زبڵی بەرهەمهاتوو و هەوڵی بەردەوامی کەمکردنەوەی بێ کاری و هێنانەدی هەلی کار (کە هەژاری و بێ کاری لەوانەیە بە ئاراستەی پیسبوونی ژینگە هەنگاوبنێت) هەروەها کۆنترۆڵکردنی کاری بازرگانی لە پابەندبوون بە کوالێتی کۆنترۆڵ لە هاوردەکردنی کوالێتیە باش و بە کەڵکەکان، بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاونیشتمانی بۆ وەدەستکەوتنی ئاکارە پڕبەهاکانی مرۆڤایەتی لە پاراستنی ژینگە و سروشت و هێشتنەوەی سروشت و ژینگە بە پاکی بۆ نەوەکانی داهاتوو، هێنانەدی کلتوری خۆشویستنی نیشتمان بە مانا گەورەکەی کە بریتییە لە هەرچی باشە بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەت ئەنجامی بدەیت و هەرچی خەراپیشە ڕەتی بکەیتەوە، ئەوەی ئاماژەم پێکرد لە چەند دێڕی رابردوودا هەوڵی بەرێوەبردنی وڵاتە بە ئاڕاستەی دوورخستنەوەی وڵات لە نەهامەتیەکان لە کارەساتەکان لە هەر هەوڵێک کە تێکدەری بارودۆخی ناوەوەی نیشتمان بێت.

بەدارستانکردن و بەرفراوانکردنی روبەری ئاویی لەنێو نیشتماندا لە هەوڵە بەردەوامەکانی وڵاتانی خاوەن سەروەری و ئەجێندای پێشکەوتنی بەردەوامە بەئاڕاستەی خۆدورخستنەوە لە کارەساتە مرۆڤکردەکان.

دورکەوتنەوەی مرۆڤ لە سروشت و کەمبونەوەی هاوڕێیەتی نێوان مرۆڤ و سروشت، یاخود هاوڕێیەتی نێوان مرۆڤەکان و ژینگەی دەوڵەمەند هۆکارێکی کاریگەری دابڕانی مرۆڤە لە سروشتی ژینگە و بەمەش لە زۆر شوێنانی دونیای گۆی زەوی خزمەتی ژینگە کەم گرنگی پێدەدرێ باشترین نموونە بۆ ئەم حاڵەتە ناهەموارەش هەر رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستە. جەنگ لە هەر شوێنێک بێت ئەوا کارەساتەکان لەو شوێنەن، ماوەی ٢٩ ساڵە جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان وجودی هەیە. بەڵام «دابڕانی مرۆڤ لە ژینگە و هەڕەشەی مرۆڤەکان بۆ سەر ژینگە» خۆی لە خۆیدا بریتییە لە جەنگ لەبەر ئەوەی چالاکیە ئاساییەکانی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا هەندێکیان دژ بە ژینگەن و بەرپاکردنی جەنگە دژ بە سروشت و ژینگە و مرۆڤ و گیانەوەران. لە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ نموونە شوێنێکی وەک ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا و یەمەنی عەرەبی و هەندێک شوێنانی کیشوەری ئەفریقیا و ... هتد. بە سەربازگەکردن باڵی بەسەر ژینگەدا کێشاوە، سەربازگە مانایەکە لە ماناکانی شەڕو بۆنی باڕووت، لە ساتەکانی چالاکیەکانی سەربازگەدا ژینگە هیچ مانایەکی نامێنێت، بەڵکو لەو کاتانەدا بردنەوەو وەڵامدانەوەی سەربازی و هێرشکردن و لەوانەیە داگیرکردن و کوشتنی مرۆڤ و زیندەوەران و دارو درەخت و وێرانکردنی کانیاوەکان و هەموو شتە جوانەکانی نێو سروشت بریتیین لە سەروەریەکی ئێجگار گەورە لەپێناو سەرکەوتن بەسەر ئەوی دیکەدا.
فەلسەفەی بڵاوکردنەوەی ئاشتی و پێکەوە ژیان و خۆشویستن و پاراستنی سروشت و ژینگە لە بەرژەوەندی سەلامەتی گۆی زەویدایە، ئەو گۆی زەویەی جێگەو ڕێگە و ماڵی هەموومانە، بۆئەوەی باڵندەیەک لەسەر لقەدارێک هێللانە دروست بکات پێویستی بەوە هەیە لەسەر ئەو دارەدا ئاشتی و بێ دەنگی هەبێت، مریشک کە چەند هێلکەیەک دەکات و کۆیان دەکاتەوە بۆئەوی ماوەی چەند ڕۆژێک لەسەریان کڕبکەوێت و دوای گەرمداهاتنیان و چالاکبونیان ببن بە جوجەڵە (جوجکە) ئەم پرۆسەیە بریتییە لە بەردەوام بوونی ژیان بەڵام بە ئاسانی نایەتەدی، بەڵکو کۆی ئەم کردارە پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار لە سەلامەتی و ئاشتی هەیە بۆئەوەی ئەم کارەی کە مریشکەکە پێی هەڵدەستێ تەواو بێت و بە ئەنجامی خۆی بگات کە ئەویش لەدایکبوونی چەند جوجەڵەیەکە لەنێو ئەو ژیانەی کە خەسڵەتی داینەمیکی هەیە لەسەر رووی گۆی زەویدا. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەم پرۆسەیە پێویستە لە بارودۆخێکی ئاشتیانەو لەنێو دەنگی سروشتدا روویدات، نەک لەنێو دەنگ و ژاوەژاوی جەنگ، گوڵەکان بۆئەوەی بە جوانترین شێوە خۆیان پێشانی سروشت و مرۆڤ و زیندەوەر و مێشهەنگوینەکان بدەن نابێ لەژێر کۆنترۆڵی بۆنی باروت و لەنێو کوشتارگەدا ئەم پرۆسە سروشتیە بێتە ئەنجام، لەدایکبوونی هەموو شتێکی جوان پێویستی بە ئارامی و دەنگی سروشتە. گۆی زەوی سروشتێکی نایاب بوو بەڵام مرۆڤەکان تێکیانداو زۆر بێ بەزەیی دژی جوانیە بێ سنورەکانی وەستانەوە. ئێستا ئەوەی هەیە گۆی زەویەکی هاوسەنگ تێکدراوو بریندارکراو بە جەنگە مرۆڤکردەکان بە لەنێوبردنی چەندین خەونی نەوەکانی داهاتوو لەپێناو دەستکەوتنی پارەی زیاترو بەرهەم

هێنانی چەک و تەقەمەنی کاریگەرتر، ئەوەی بەلای باڵندەکانەوە گرنگە بوونی کەش و هەوایەکی لەبارو بۆن خۆش و تەڕو باراناویە بۆئەوەی لە ئاسمانی گۆی زەویەوە ئەو سروشتە جوانە ببینن کە بۆی خەڵق کراون، جولەی ئاوی کانیاوەکانیش بۆ ئەوە خەڵق کراون کە شۆڕببنەوە تا دەگەن بە ڕەگی چەندین گژو گیاو دارو درەخت و شکاندنی تێنوێتی چەندین زیندەوەر، بەڵام بە وێرانکردنی کانیاوەکە یان نەهێشتنی گژوگیاو دارو درەختەکان یاخود لەناوبردنی زیندەوەرەکان ئەوا ڕێڕەوی فەلسەفەی ژیانی سروشت گشت ماناکانی تێکدەچێت و بە قوربانی خەونی چەندین مرۆڤی شەڕخواز دەکرێنەوە، ئەم کارەساتانە هەر هەمویان بەبەرچاوی خۆمانەوە رویانداو بوونە بەشێک لە مێژووی مرۆڤایەتی، بوون بەبەشێک لە مێژووی سەپێنراو بەسەر دونیای گۆی زەوی.

تا ئێستا بەشێک لە مرۆڤەکان لەوە تێنەگەیشتونە کە مرۆڤ بەبێ بوونی سروشتی ژینگەیەکی پاک ناتوانێت بە هاوسەنگی بژیێت، بۆیە لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووی سستمی تەندروستی، ئەم سیستمە بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر بە راهێنانی نەخۆش لەسەر دەنگی میوزیک و دەنگی سروشت کاری بۆ دەکرێت و هەوڵی ئەوە دەدرێت بە هەموو توانایەک کەسی نەخۆش بگەڕێندرێتەوە بۆ نێو سروشت و ئەنجامدانی وەرزشکردن (چونکە وەرزشکردنیش زۆر گرنگە کە لە ئاوو هەوایەکی پاک ئەنجام بدرێت) بەشێوەیەک هەندێک لە نەخۆشیەکانی شێرپەنجەش ئەوە چارەسەرەکەیەتی، کەواتە بۆ زانایان ئەوە روونبۆتەوە کە مرۆڤی هاوسەنگ ئەو مرۆڤەیە کە لەنێو سروشت و ژینگەیەکی پاک و دوور لە شەڕ و ژاوەژاو ژیان بەسەرببات، کەواتە تێکەڵبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و ژینگەیەکی ئارام و دوور لە نائارامی و جەنگەکان و هەوڵدان بۆ بەشداری کردن لە ئاوەدانکردنەوەی ژینگە لە بەرپرسیاریەتی هەمووماندایە و با ئێمەش هەوڵی دوورخستنەوەی هۆکارەکانی نائارامی لە هەرێمی کوردستان بدەین لەپێناو تێکەڵبونەوەی زیاترمان بە سروشتی نیشتمانمان کە بەشێکی زۆری پێکهاتووە لە بەهەشتی سەر گۆی زەوی، کە لە بنچینەدا ئەمە کلتوری رەسەنی کوردی یە . بە تێکەڵبونەوەمان لە کلتوری رەنگاو رەنگ و دەنگی سروشتی کوردستان زۆر جیاوازتر دەردەکەوین و دەبا ببین بە بەشێک لە ژینگەی کوردستان، نەوەکانمان فێری ئەوە بکەین کە ئێمە خۆمان بریتیین لە سروشت و ژینگەی دەوڵەمەندی نیشتمان و باڵندەکان هاوڕێمانن و بەیەکەوە سیمفۆنیای ژیان دەڵێینەوە .

The sources of innovation”. Oxford University Press، New York Clark،” (١٩٨٨) Von Hippel E .١
Idea Management: “How to Motivate Creativity and Innovation”. New .(١٩٨٠) .Charles H
.York: AMACOM
Managing Innovation: «Integrating Technological،) .٢٠٠٩) Tidd، Joe & Bessant، John .٢
.٤e - first ed. with Keith Pavitt. Chichester «Market and Organizational Change
.Innovation Management and New Product Development. Prentice Hall .((٢٠٠٥) Trott، Paul .٣
Strategy، Innovation and Performance. .(١٩٩٠) .Nicholson N.، Rees A.، Brooks-Rooney A .٤
٥٣٤–٥١١ .pp ،٥ .n ،٢٧ .Journal of Management Studies: vol
.Sustainable Manufacturing and Eco-Innovation .(٢٠٠٩) .OCDE .٥
The innovator’s dilemma: when new technologies cause great .(٢٠١٤) .Christenson، C .٦
.firms to fail. Harvard Business School Press
Innovation Forecasting: A case study of the .(٢٠١١) .Cunningham. S. W. & Kwakkel، J .٧
management of en-gineering and technology literature. Technological Forecasting & social
.٣٥٧-٣٤٦ ،Change
Scattering the seeds of invention: The globalization of research and .(٢٠٠٤) .EIU .٨
.development، Economist Intelligence unit
Promoting Innovation in developing Countries- A Conceptual - .(٢٠٠٤) .Aubert، J .٩
.Framework، World Bank Institute
Markets for technology: The economics of .(٢٠٠١) .Arora، A.، Fosfuri، A.، Gambardella، A .١٠
.innovation and corporate strategy. Cambridge، MIT Press، MA
Navigating the patent thicket: Cross licenses، patent pools، and .(٢٠٠١) .Shapiro، C .١١
standard setting. In A. B. Jaffe، J. Lerner، & S. Stern (Eds.)، Innovation Policy and the
.Cambridge، MA: MIT Press .١٥٠-١١٩ :١ .Economy، Vol
Small entrants and large incumbents: a framework .(٢٠١٤) .Markman G. D.، Waldron T. L .١٢
.٢ .n ،٢٨ .of micro entry. Academy of Management Perspectives، vol
Author Essay by Geoffrey Moore». HarperCollins.» .(٢٠٠٢ Moore، Geoffrey (April .١٣
.١١-٠٧-٢٠٠٧ Retrieved
https://books.google.com › Business & Economics › Skills .١٣
The incumbents curse: incumbency، size، and radical (٢٠٠٠) .Chandy R.K.، Tellis G.J .١٤
.١٦-١ .pp ٦٤ .product innovation، in Journal of Marketing، n
Fast Second: How Smart Companies Bypass Radical .(٢٠٠٥) .Markides، C.، Geroski، P .١٥
.Innovation to Enter and Dominate New Markets. Jossey-Bass، San Francisco
.١٩٨٦ .Richard N. Foster «Innovation: The Attacker›s Advantage». Summit Books .١٦
١٩٨٦ ،١ The Attacker›s Advantage Hardcover – April .(١٩٨٦) .Richard J. Foster .١٧
The Innovator›s Dilemma: The Revolutionary Book That Will .(٢٠١١) Christensen، Clayton .١٨
.٣٣٦ .Change the Way You Do Business. Harper Business. p
The innovation’s dilemma - when new technologies cause great (١٩٩٧) .Christensen C.M .١٩
.firms to fail، Harvard Business School Press

Critical development activities for really new’ (١٩٩٨) .Song M.X.، Montoya-Weisse M.M
،٢ .n ،١٥ .versus incremental products’، in Journal of Product Innovation Management، vol
.١٣٥-١٢٤ .pp
...MANAGING_DISRUPTIVE_INNOVATIO_٣١٩٩٠٢٨٩٢/.../https://www.researchgate.net .٢١
The ongoing process of building a theory of disruption. Journal of .(٢٠٠٦) .Christensen، C .٢٢
.٥٥ – ٣٩ ،٢٣ ،Product Innovation Management
Product and Process Innovation in the food industry: Department of .(١٩٩٧) .Bruce Trail .٢٤
.١١٧ .Agricultural and food Economics and Management; University of reading UK. P
https://www.amazon.com/W-J-Abernathy-J-M-Utterback...ebook/dp/B٠١DO٦XL٨E .٢٥
.٢٦
Open Services Innovation. Rethinking your Business to Grow .(٢٠١١).Henry Chesbrough .٢٧

.and Compete in a New Era.Hardcover
Open business models. How to Thrive in the New Innovation.(٢٠٠٣).Henry Chesbrough .٢٨
١st Edition Landscape
.Harvard Business School press .٢٩
Interpretive barriers to successful product innovation in large firms. .(١٩٩٢) .Dougherty، D .٣٠
.٢٠٠–١٧٨ ،(٢) ٣ ،Organization Science
Order and disorder in product innovation models. .(٢٠٠٣) .Cunha، M.P.، & Gomes، J.F.S .٣١
.١٨٧–١٧٤ (٣)١٢ ،Creativity and Innovation Management
Success factors in product innovation. .(١٩٨٧) .Cooper، R.G.، & Kleinschmidt، E.J .٣٢
.٢٢٦–٢١٥ ،١٦ ،Industrial Marketing Management
Investigation the source of process innovation among .(٢٠٠٦)،.Reichstein، T. & Salter، A .٣٣
.٨٥-٦٥٥.pp ،(٤)١٥ ،UK manufacturing firms. Industrial and Corporate Change
Process Innovation. Boston: Harvard Business School Press .(١٩٩٣) ،.Davenport، T.H .٣٤
Social identification effects in product and process development .(١٩٩٧) .Scott، S.G .٣٥
.١٢٧–٩٧ ،١٤ ،teams. Journal of Engineering and Technology Management
Removing the fuzziness from the fuzzy front-end of service innovations .(٢٠٠٦) .Alam، I .٣٦
.٤٨٠-٤٦٨ ،٣٥ ،through customer interactions. Industrial Marketing Management
Joel West، Scott Gallagher. «Challenges of open innovation: the paradox of firm .٣٧
،٣٦ investment in open-source software» Research and development Management، volume
.٣٣١-٣١٩ .p ،(٢٠٠٦) ،٣ issue
Esteve Almirall، Jonathan Wareham، Living labs and open innovation: roles and .٣٨
،١٠ applicability، The Electronic Journal for Virtual Organizations and Networks،Volume
.٥٠-٢٥ .p ،٢٠٠٨ Special Issue on Living Labs'، August'
Paul Trott and Dap Hartman، Why open innovation is old wine in new bottles، .٣٩
-pv١٥ .٢٠٠٩ December ،٠٤ Issue ،١٣ International Journal of Innovation Management، Volume
.٧٣٦
Almirall، E. Casadesus-Masanell، R. Open versus closed innovation: A model of .٣٦
.٤٧–٢٧ ،٣٥ ،٢٠١٠ .discovery and divergence. Acad. Manag. Rev
Joanna Barsh، Marla Capozzi and Jonathan Davidson. 'Leadership and Innovation' .٣٧
.١ no ،٢٠٠٨ ،McKinsey Quarterly



ژن لە ڕاگەیاندنی کوردیدا

پ.ی.د.نەزاکەت حسێن حەمەسەعید

قسه کردن لەسەر ڕاگەیاندن و ژن دەبێت لە کۆمەڵێک ڕووەوە باس لە ڕەهەندە جیاوازەکانی بکەیت تاکو وێنایەکی گشتگیرو تێگەیشتنێکی تەواو بدەیت بە خوێنەر، گەرچی ئەم بابەتە بابەتێکی قوڵە و لەگەڵ گەشە کردنی ڕاگەیاندن لەڕووی ناوەڕۆک، ئامراز و بەتایبەتیش گەشەی تەکنەلۆجیاو سەرهەڵدانی فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەردەوام شتی نوێ ترو ڕەهەندی تری دێتە سەرو قسەی زیاترهەڵدەگرێت،لەم باسەداو لە چەند زنجیرەیەکدا لەسەر چەند تەوەرەیەک باس لە مێژوو و پرس و پێگەو وێنەی ژن لە ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی دەکەین لە بەشی یەکەمدا کورتەیەک لەسەر ژن لە مێژووی ڕۆژنامەنوسی کوردی و بەربەستەکانی بەرەوپێش چوونی دەکەین و لە بەشەکانی داهاتوودا لەچەندین ڕووی ترەوە لەسەر ئەم باسە دەڕۆین.

کورتەیەکی مێژوویی

ڕاگەیاندنی کوردی ڕاستە بە بەراورد بە مێژووی ڕۆژنامەگەری وڵاتانی دەوروبەری مێژویەکی کورتی هەیە کە سالی ١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامە ی کوردی دەردەچێت سەد ساڵ دوای ئەوە دێت کە یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی ١٧٩٩ بەناوی ‹الحوادس اليوميه › دەردەچێت، یەکەم ڕۆژنامەی تورکی ١٨٣١ بەناوی ‹تقويم الوقائع› دەردەچێت،١٨٢٠ یەکەم ڕۆژنامەی فارسی بە ناوی ‹مريت الاحوال› دەردەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەد ساڵ جیاوازین، بەڵام تاکە هۆکار بۆ کەمی ژن یان دواکەوتنی ژن، لای ئەوانیش بەشداری ژن نابینرێت کە بە سەد ساڵ لە پێش ئەوانەوەین. ئەگەر گەڕانەوەیەکی کورت بکەینلە نوسینی ژن و قەڵەمی ژنی کورد دەبینینبەشداری ژن بۆ سەدەی ١٩ دەگەرێتەوە‹ ما شوکت ئەردەڵان› ناسراو بە ‹مەستورەی ئەردەڵانی› ١٨٠٥-١٨٤٨ بە یەکەم ژنە مێژوو نوس دەناسرێت کە کتێبی مێژوی ئەردەڵانی نوسیوە .لە ڕۆژنامەگەریشدا ڕۆژنامەی ‹ژین و ژیان› کچ نەبوون بەڵکو هاندانێک بوە چ پیرەمێردو چ نوسەرەکانی تر بابەتیان بە ناوی ژن یان کچەکەی خۆیان نوسیوە وەک هاندانێک.

یەکەم نوسینی ژنساڵی ١٩٢٦ ئەویش نوسێنێکە بەناو نیشانی ‹ژن و تەئسیراتی لە حەیاتی مەدەنیەتدا› بە قەڵەمی› ‹گوزیدە عەزیز خانم›بە ڕێوەبەری قوتابخانەی سلێمانی کچان. دەتوانرێت بەیەکەم سەرەتای بەشداری قەڵەمی ژن بزانرێت لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

ڕەوشەن بەدرخان کە لە ساڵی ١٩٠٩–١٩٩٢ ژیاوە دەتوانرێت بەیەکەم ڕۆژنامەنوسی ژنی کورد بناسرێت لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. لە گۆڤاری هاوار هاوکارێکی جەلادەت بەدرخان بوو .

ڕەحمە خان کچی پیرەمێرد دوای مردنی باوکی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی ژین› ی وەرگرتوە. ئەمانە وەک سەرەتا و یەکەم کەس دواتر دوای پەنجاکان شەستەکان ژنی کورد چوەتە قۆناغێکی ترەوە هەڵکشانی بینەوە. رۆئیا تلوعی: دەڵێت ‹ژنانی کورد تا دەیەی ساڵانی شەستەکان لاوازبوون دواتر لە شەست و حەفتاکاندا ڕویان لە هەڵکشان کردوەلە کاری نوسین و ڕۆژنامەگریدا› وردە وردە دەبنە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان؛ ژنانی ئازاد ‹کە بە کرمانجی ناوەراست و بە پیتی ئارامی لە سلێمانی دەرچوە سەر بەلقی کوردی ژنانی شویعی عێراقی بوە. گۆڤاری ژن›لە بەغداد لەلایەن رابیتەی ژنانی عێراقیەوە دەرچوە. گۆڤاری ‹دەنگی ژن› لە لایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە شاخ دەرچوە. ئیتر بەردەوام دەرگا کراوەتەوە بۆ دەرچوونی چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تری ژنان.

ژن لە پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆن

لەگەڵ هاتنی ڕادیۆو تەلەفزیۆن ژن بوونی هەبووە گەر بە تەنها یان یان ژمارەیەکی کەمیش بووبێت بۆ نمونە یەکەمین تەلەفزیۆنی کوردی کەرکوک ١٩٦٩ ژنی تێداوبوە وەک بێژەر. ڕادیۆی کوردی لە بەغداد تا ساڵی ١٩٣٩-١٩٧٦ یەک بێژەری کوردی هەبوە کە ‹نیهایەت جەمال› بووە لەساڵانی حەفتاکان لە نێوان کارمەندە گرێبەستەکان ٥ ژن هەبوە لەو ڕادیۆیەدا.

گەرچی نامەوێت بابەتەکە بکەمە بابەتێکی مێژووی بەڵام دەبێت ئامازە بەوەبکرێت کە لەدوای ڕاپەڕین دەرکەوتنی ژن لە ڕۆژنامە سەرەتاو دواتر ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا بەردەوام لە هەڵکشان بووە، سەبارەت بە پێگەو ڕۆڵەکەی بە جێی دەهێڵم بۆ بەشەکانی داهاتووی نوسینەکە کە لەهەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە شی دەکەمەوە. دەچمە سەر تیشکێکی کورت لەسەر هۆکارەکانی کەمی بەشداری ژن لە کاری ڕۆژنامەنوسی

کوردیدا لەسەرتاوە تا ئەمڕۆ کە ئەویش لە کۆمەڵیک هۆکاردا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمانە سەرەکیەکانییەتی:

بارودۆخی کولتوری و کۆمەڵایەتی

دیدگاو ڕوئیای کۆمەڵگە سەرچاوەیە بۆ تێڕوانن و گرنگیپێدان و دانی پێگە بە تاکی کۆمەڵگە چ ژن چ پیاو، تێروانین و دیدگای کۆمەڵگەی کوردی لە پەروەردەی منداڵییەوە تا دواتر و قۆناغەکانی ژیانی کچ و ژن هەمیشە پێشینەیی بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکەی داوە و نەک هێشتا دیدگای بۆ ژنی ڕۆژنامەنوس باش نییە بەڵکو لە هەندێک ناوچەو زۆربەی خێزانەکانیشدا ژن پێوانە دەکرێت بەوەی ئەگەر لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکی سەرکەوتو بێت تاکە پێوەرە بۆ ئەوەی ژنێکی باشە، کارکردنی لە هیچ کام لە بوارەکانی دەرەوە لە دیدگای تاکی کوردی پێوەر نییە باشە یان خراپە، واتە کچ بۆ ئەوە پەروەردە ناکرێت، سیاسی بێت یان ڕۆژنامەنوس یان هەر کارێکی تری دەرەوە، بۆیە زۆر جاریش بە نامۆ سەیری دەکرێت ئەم کارە دەکات. ئەمە یەکێکە لا فاکتەرە سەرەکیەکانی نەچوونە پێشەوەی ژن لە کاری ڕۆژنامەنوسی.

لە لایەکی ترەوە ئەم دیدگایە بۆ کاری ژن هەندێک ڕەفتاری تری خولقاندوە کە بوەتە هۆی ئەوەی ئەو ژن و کچانەی لە ڕاگەیاندن ئیش دەکەن زۆرترین ڕوبەڕووی بێزاری سێکسی دەبنەوە، ئەمە بووەتە هۆی دورکەوتنەوەو سڵەمینەوەی ژن لەو بوارە یان بە باش سەیر نەکردنی ژن کە لەو بوارە ئیش بکات. کە بە پێ ی ڕاپۆرتێک زۆرترین بێزاری سێکسی لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکان بەرامبەر ژنانی ڕۆژنامەنووس دەکرێت.

لەڕووی پەروەردەوە

سیستمی پەروەردە هۆکارێکە بۆ ئەم دواکەوتنەی ژن چ لەڕووی ئەوەی کە کاری ڕۆژنامەنوسی بۆ ژن نەکردووەتە پیشەیەکی دروست و جوان، چ وەک ئەوەی وەک شۆڕبوەوەی زانستەکانی ناو زانکۆکان بۆ ئامادەیەکان بابەتی میدیا ناخوێنرێت لە قۆناغەکانی ئامادەیی تاکو خوێندکار وەک بابەتێکی گرنگ سەیری کات و خۆی بۆ ئامادەکات بۆ زانکۆ، چ وەک ئەوەی خوێندنی میدیایی لە هەرێمی کوردستان مێژویەکی کەمی هەیە بە بەراورد بەوڵاتان.

گرفتی پیشەیی:کاری ڕۆژنامەنوسی تا ئێستا وەک پیشە نەناسێنراوە لە یاسای کاری هەرێمی کوردستاندا، ئەمە نەک لە گرنگی ئەم پیشەیەی لای تاکی کورد کەم کردوەتەوە بەڵکو ماف و دەستکەوتی ئەم پیشەیەش بە یاسا ڕێک نەخراوە.

هۆکاری سیاسی

سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت هەرگیز›هەرگیز فەرمانڕەوایەکی ژنسالاری بە مانای سیاسی لە مێژوودا نەبوە، دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لای پیاو بوە ‹سەرباری بارودۆخی سیاسی کە سالانێک ڕژێمی پێشوو فەرمان ڕەوایی ئەم کۆمەڵگایەی کردوە، نەک ژن کاری ڕۆژنامە نوسی بۆ پیاویش ڕێگە پی نەدراو بوە تەنها بۆ لایەنگرانی ڕژێم نەبێت و کارکردن لەوبوارە مەترسیدار بوە، دوای ئازاد کردنی کوردستانیش بارودۆخی ئازادی ڕۆژنامەگەری هەنگاوی باشی بە خۆیەوە بینیووە بەڵام هێشتا ترس و پێشیلکاری وکوشتنی ڕۆژنامەنوس هۆکارێک بوون بۆ سڵەمینەوەی تاک بە گشتی وژن بە تایبەتی لەم کارە.

هۆکاری خودی

ئەو دیدگایەی ژنی لەسەر پەروەردە کراوە، ئەرکە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکەی، کلتوری کوردی و هەڵە ڕاڤەکردنی هەندێک لە دەقە ئاینییەکان کە ڕێگری دەکات لە ژن لە هەندێک بوار، وای کردوە ژن خۆشی ئامادەیی نەبیت بۆ کار کردن لەو بوارەو ترسی هەبێت یان قۆناغێک دەروات و دەوەستێت یان بەرگەی سەختیەکانی ناگرێت چونکە کاری ڕۆژنامەنوسی سەختی زۆری لە ڕیگایە و پشوو دریژی دەوێت.

ئەمە تەنها لە کۆمەڵگەی کوردی نییە ئەگەر بە نموونە هەندێک کۆمەڵگە باس کەین: لە گەڵ ئەوەی وڵاتان لە فەرهەنگ و لە سیاسەت لە داب و نەریت جیاوازن نموونە

بەریتانیا سەرنوسەری یەک ڕۆژنامەی نەشنالی ژن نییە ژنان ڕێژەی٢٠٪ ڕاگەیاندنکار ڕۆژنامەنوسە ژنەکانن، لەم سالانەدا ڕۆڵی بەرپرسیاریەتیان پێدراوە. لە هەموو ڕۆژنامە میللیەکاندا تەنها ٢ سەرنوسەر ژنن. لە بی بی سی بە درێژایی مێژوو ژنێک نەبوە بەڕێوەبەری گشتی بێت، بەڵام ژمارەی بەڕێوەبەری بەشەکان ژنان زۆرن.

لە دانیمارک ڕێژەی لە ٤٠٪ ئەندامانی سەندیکا ژنن، لە ٢٠٠٥ ئەو کچانەی لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکان وەرگیراون لە پیاوان زیاترن. ئوردن ڕێژەی ڕۆژنامەنوسی ژن ١٪

سەندیکای ڕۆژنامەنوسانە، دوو سەرنوسەری ژنی ڕۆژنامەو یەک سەرنوسەری ژنی گۆڤار هەیە. لوبنان پێش جەنگ ڕۆڵی تەنها بێژەری بوبێت ئێستا لەبەشی هونەریە بە ڵام هێشتا هەر لە پەراوێزدایە لە ڕووی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن وڵاتەکانی تریش نموونە زۆرە لەو بوارە، بەڵام ئەم باسەی ئێمە نایەوێت لەو بوارانە قوڵ بێتەوە کە بە تێکڕای وڵاتان کۆمەڵێک هۆکاری هاوشێوە هەیە لەوانە:

١-متمانەی تەواو بە ژنان ناکرێت

٢- دەرفەت نەدان بۆ ژن بۆ فێربوون وخول و ڕاهێنان و پێشنیار کردن لە ٧٠٪ ڕۆژنامەنوسە ژنەکانی بەریتانیا ڕایان وایە چانسیان وەک پیاوان نیە بۆ چوونە پێشەوەو خۆ پێگەیاندن

٣- لە زۆر بەی وڵاتدا مەرجیان بۆ وەرگرتن بۆ کاری ڕۆژنامەنوسی لە پیاو زیاترەو موچەشیان کەمترە

٤- تەمەن، ژنە رۆژنامەنوسەکانی دانیمارک پێیان وایە کە کاتێک دەچنە تەمەنە وە پشت گوێ دەخرێن، لە کاتێکدا بۆ پیاو پێچەوانەیە لە هەمان کاتدا.

٥- رۆژنامەنوسە ژنەکان لە روسیا سکاڵای ئەوە دەکەن کە بە خراپ باس دەکرێن تەحەروشیان پێدەکرێت و وەک ئامرازێک بۆ ڕابواردن بەکار دەهێنرێن نەک تەنها بە قەڵەمی پیاوان بەڵکو لەلایەن ڕۆژنامەنوسە ژنەکانیش خۆیان بە خراپ باس دەکرێن، لە بەریتانیاش هەمان شێوە ئەو بارودۆخە هەیە بە نیوەه رووت دەهێڵرێنە بۆ ریکلام.

ئەمانە لەسەر کورتەیەکی مێژوی و هۆکاری دواکەوتن ولاوازی ژن لەو بوارەدا ئەگەر لەسەر ئەو پێگەیەش قسە بکەین کە ژن ئێستا هەیەتی لە ناو کاری ڕۆژنامەنوسی و میدییا کوردیدا دەتوانین لەم خاڵانە کورتی بکەینەوە

١-بوونی لە چاپکراوواتە زۆرینەی ژنانی ڕۆژنامەنوس لە ڕۆژنامەنوسی چاپکراو کار دەکەن ئەمەش نیشانەی ئەوە نییە لەوبوارە بەتوانایە، یان ئەولەویەتی پێدراوە بەڵکو؛

- ڕۆژنامەی ژنان بە هۆی ڕێکخراوەکانی ژنان زۆرن ئەگینا لە ڕۆژنامە گەورەو هەواڵی و ڕۆژانەکاندا کەمترین ڕێژەیان هەیە.

- نوسەری ژن رەنگە زۆربێت ئەگینا رۆژنامەنوسی مەیدانی و کارا نییە

- کەمتر دەردەکەوێت زیاتر لەبەشەکانی نوسین و چاپ.

-لە شوێنی ئاست نزم وەک پرسگە یان تایپێست یان کاری ئیدرای خوارەوە دانراون.

-کەمتر پەیامنێرن ئەگەر پەیامنێریش بن بۆ بوارە هەستیارەکان متمانەیان پێ ناکریت.

-له دەستەی باڵاو پۆستی بەڕیوەبەرو شوێنی بڕیارداندا نیین.
-له ژوره هەستیارەکانی وەک هەواڵ و سیاسەت بونیان یان نییه یان زۆر کەمه.

وێنەی ژن له میدیای کوردیدا

ڕۆل مۆدیل ژنی سیاسی و ڕاگەیاندن نییه، وێنەی ژن وێنەیەکی نەمەتییه، قوربانییه،ناشیرینه، هەندێک جار جەلادیشه، پەیوەندیه سۆزداریەکان، تەوزیفی جنسی، کاینێکی نێگەتیڤی، بەکارهێنراوه، نەک بەرهەمهێن، کائینێکی لاواز. ئەم وێنەیه بەم شیوەیه کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر دیدگا و پەروەردەو تێڕوانینی کۆمەڵگه بۆ ژنی ڕۆژنامەنوس چونکه پرۆسەیەک هەیه میدیا مرۆڤ بەرهەمی دێنێت، میدیاش بۆ خۆی مرۆڤ و وەرگر بەرهەم دێنێتەوه، وێنەی بچووک بایەخی بچووک دروست دەکات لای هۆشی تاک. فیمینیستەکان ڕەخنه دەگرن له میدیای عەرەبی که ژن له(٣ شوێن پیشان نادات،

یەکەمیان: له ناو هەواڵی گرنگ و قۆرخی ژووری هەواڵ و هەواڵ سازی و نوسینی ڕاپۆرتی سیاسی، بیروڕا گرفت تەنها قۆرخ یان بەرهەم هێنان نییه له لایەن پیاوانەوه، بەڵکو له ناساندنی هەواڵ، ڕێگەدان به چی دەبێته هەواڵ چی بڵاو دەبێتەوه.

دووەم: جەخت لەسەر تایبەتمەندی جنسی نەک ئایدیاکانیان.

سێیەم: نەبوونی له شوێنی بڕیاردان گرفتەکانی بەردەم ژن له گەیشتن به شوێنی بڕیار

به پێی ڕاپۆرتێکی یونسکۆ ٢٠٠٠ له ٢٠٠ دەزگای ڕاگەیاندن له ٣٠ وڵاتدا ژن ٧ پۆستی بەڕێوەبەرو ٦ پۆستی جێگری یەکەمی بەڕێوەبەری هەبوه

میدیا و بەلەنسا جێندەری
(کوردستان وەك نمونە)

د. زبیدە سیدسالح

هەر ژ کوتاییا سەدێ نوزدێ ودەستپێکا سەدێ بیستێ (مێدیا)، ژ لایێ زانستێ سوسیولوژیڤە د هێتە نیاسین وەک (یەکەیەک یان ئەنستیتویەک) کو دشێت کاریگەریا خو لسەر بویەران هەبیت و ئەو هێز یا هەی کو گهورینێن هزری و فەلسەفی دروست بکەت. کە واتا رولەکێ هاوتەریب یێ هەی د گەل خێزانێ، قوتابخانێ و زانکویان ژ بو هوشیار کرن و بە کومەلایەتیبوونا تاکان ((socialization د ناڤ کومەلگەهی دا.

د ڤی بابەتی دا مەیدانا ڤەخاندنا مە (مێدیا، جێندەر و کوردستان)ە. چاوان کوردستانێ ب بەراورد د گەل وەلاتێن دەوروبەر تایبەتمەندیێن خو هەنە وەسان ڤەخاندنا مێدیا و ئامرازێن میدیایی و پرسا جێندەر و بەلانسا جێندەری ژی ل کوردستانێ تایبەتمەندییا خو هەیە، لەوما من ب پێویست زانی سەرەتا پێناسەکێ بدەینە ڤان هەر دوو تێگەهان (مێدیا و جێندەر).

وەک سادەترین پێناسە، رولێ مێدیایێ، پەیوەندیکرن و گەهاندنا پەیامەکێ یە. کە واتا پەیوەندیکرن پروسێسەکە کو پەیامەک ژ ڤرێکەری بو وەرگری دچیت.

گەهاندنا ڤێ پەیامێ برێکا ئامرازێن مێدیای (Mass Media)ێ یە. ک چاپەمەنی، سینەما، رادیو، تێلەفزیون، رێکلام، ساتلایت، ئنترنێت و ...هتد بخوڤە دگریت. ئامرازێن مێدیای (Mass Media) د قوناغێن جودا جودا و بگورەی گەشەکرنا زانست و تکنولوژی و ب هەر سێ رێکێن (دیتن، گوهلێبون، نڤیسین)، ئەوێ پەیوەندیێ دروست دکەن. ئەڤ پەیامە و پەیوەندیکرنە یا گرێدای وی دەم و جهی و ئەوێ کونتیکستا مێژوویی، سیاسی، کولتوری و ئابووریە کو کومەلگەه تێدا دەرباس دبیت.

لدەستپێکێ ئەڤ پەیامە و ئامرازێن گەهاندنا پەیامێن سادە و ساکار بوون (بو نمونە وەک ئامراز کوتر بوو و پەیام ژی بەس ئاگادار کرنەک بوو). لێ د گەل گەشەکرنا پێشەسازی وتکنولوژیێ و داهێنانا ئامرازێن نوو یێن راگەهاندنێ ژ لایەکی و د گەل وەرار و پێشکەفتنا کومەلگەهان ژ لایێ هزری و پرنسیپێن مروڤایەتی (مافێ تاکی، دیموکراسی، ئازادی، یەکسانێن کومەلایەتی و جێندەری) ژ لایەکێ دیترڤە، گهورین

کەفتە ناڤەروک و شێوازێ گەهاندنا پەیامێ.
لەوما ئەگەر نها پێکڤەگرێدانەکێ لسەر ڤان هەر دوو چەمکان (مێدیا و جێندەر) بکەین و مێدیا ب ئامرازەکی دابنین کو شیایە بەلەنسا جێندەری ژ لایێ فیزیکی و واتایی و هزری د ناڤ کومەلگەهان بچەسپینیت، دێ بینین ئەڤە ئێک ژ کێشە و ئاریشێن ئافرەتێن مێدیاکارە هەتا د پێشکەفتی ترین وەلاتێن جیهانێ دا. واتا نە بەس کێشا ئافرەتێن کوردستانێ یە. هەر چەندە ئەو کونتێکستا مێژویی، سیاسی، کولتوری و ئابوری کو مێدیا تێدا دەرباس دبیت ژ کومەلگەهەکی بو یێ دیتر جێوازە و کێشا جێندەری ژی دێ یا جێواز بیت.
ب گورەیی ڤەکولینەکا (ئەنستیتویا ئەوروپا بو یەکسانی یا جێندەری)، ل هەمی وەلاتێن ئەوروپا رێژا ئافرەتان وەک ئامادەبوونا فیزیکی د ناڤ دەزگەهێن مێدیایی دا ژ یا زەلامان کێمترە. ب گورەیی ڤێ ئەنستیتویێ بەرزترین رێژا ژنان د ناڤ دەزگەهێن مێدیای ل ئوروپا، ل وەلاتێ سوێدە کو رێژا چل و پێنج ژ سەدێ یە و نزمترین ژی وەلاتێ مالتایێ یە کو رێژا ئافرەتێن مێدیاکار ل ڤی وەلاتێ ئەوروپی بەس پازدە ژ سەدێ یە.
ئەڤە ژ لایێ ئامادەبوونا فیزیکی یە، لێ ژ لایێ هزری و واتایی ژی هەر لگورەی ئەنجامێن (ئەنستیتویا ئەوروپا بو یەکسانی یا جێندەری)، مەزنترین ئاستەنگێن ل پێشیا ئافرەتێن مێدیاکار ل ڤان وەلاتان دەست درێژیێن سکسی. رەگەز پەرێسی و ئاریشێن تەمەنی نە، چونکی زوربەی ئامراز و دەزگەهێن مێدیایی بەس ئافرەتێن گەنج ددەنە کاری.
لەوما ژ بەر ڤێ نایەکسانیا جێندەری کو د کارێ مێدیایی و لسەر ئاستێ جیهانی بەربەلاڤە، یونسکو پلانەکێ درێژخایەن هەتا (Gender Sensitive Indicators for Media) لسەر ئاستێ جیهانی و ل زوربەی وەلاتێن جیهانێ هەتا سالا (٢٠٣٠)ێ دەست پێکرییە و مەبەست ژ ڤی پروگرامی کار کرن بو یەکسانیا جێندەری ل ناڤ پیشەیا مێدیایی و پالپشتی یا ئافرەتێن روژنامەڤان ب تایبەت ل وەلاتێن ئاسیایی و ئەفریقی یە کو ئافرەت د بارودوخێن نە گونجایتر دژیت ب بەراورد د گەل وەلاتێن ئەوروپی یان ئەمریکی.

مێدیا و بەلەنساجێندەری ل ئاستێ کوردستانێ

ل سەر ئاستێ کوردستانێ، ئەگەر ڤان هەر دوو کونسێپتان، (مێدیا و جێندەر) شروڤە بکەین، ژ لایێ مێژوویڤە (مێدیا ب هەمی ئامرازێن خوڤە) ژ قوناغا پشتی سەرهەلدانێ ١٩٩١ ێ ب شێوازەکێ عەینی ل کوردستانێ گەشە کرییە. بەریا ١٩٩١ ئەگەر بەحسێ راگەهاندنێ بکەین بەلکو بەس چەند بەلاڤوک یان گوڤار و و رادیو بووینە، ئەو ژی یان شورشگێری بوون و ل چیای دهاتنە بەرهەمئێنان و گوتارەکا شورەشگێری بوو. یا یانژی دەق و بابەتێن ئەدەبی بوون کو لژێر سانسورەکا دژوارا حکومەتا بەعسی ل بەغدا یان ب کت و مات ل هندەک باژارێن کوردستانێ دەردچوون.

(جێندەر و پرسێن جێندەری) وەک مە ئاماژە کری، پرسا هەمو کومەلگەهەکی یە لێ د ڤان سالێن داویێ د ناڤ کومەلگەهێ کوردستلنێ ژ لایێ هندەک زانکو و ئەکادیمسیەنان پتر هاتە بەحس کرن ب مەرەما هوشیار کرن و ئەکادمی کرنا پرسا ژنان ژ لایێ هزریڤە.

پشتی ١٩٩١ ێ و بارودوخێ سیاسی یێ نوو و ئازادیا رادەربرینێ ژ لایێ پەرلەمانێ کوردستانێ، د ماوەیەکێ کێم دا ب سەدان روژنامە، گوڤار، رادیو، تێلەفزیون و ساتلایت....هتد کەفتنە کاری. ئەو کەس و پارت و لایەنێن هەتا وی دەمی نەدشیان دەربرینێ ژ بیر و رایێن خو بکەن پشتی ١٩٩١ ێ ب ئازادانە ئەو دەلیڤە بو هاتبوو پێش. ئەزمونەکا نوو بو نە تەنیا بو ئافرەتان کو خو د ناڤ مێدیایێ دا ببینن بەلکو بو هەمی تەخ و چوینێن دیتر. نها ئەگەر وەک رێژا ئامادەبوونێ بەراوردەکێ بکەین د ناڤبەرا ژن و زەلامێن مێدیا کار، رێژە تا رادەیەکی دلخوشکەرن، بو نمونە ژ کوما (٥٨٠) ئەندامێن سەندیا روژنامەڤانان ل دهوکێ (١٥٢) ژ وان ئافرەتن. دبیت ئەڤ رێژە ل هەولێرێ و سولەیمانی یێ بەرزتر ژی بیت.

بێ گومان، رادەربرینا ئازادانە یا ڤان خانمان د مێدیایێ دا و دەرکەفتنا وان لسەر شاشە و کەنالێن جودا ل دەڤەرەکا جیوگرافی دا کو هێشتا یا لژێر رکێف و کارتێگرنێن دەمارگیریا ئولی و کولتوری، ئامازێن لڤین و گەشە کرن و پێشکەفتنێ یە. پێدڤییە داکوکی ل ڤێ چەندێ بهێتە کرن، کو دام و دەزگەهێن مێدیایی ل کوردستانێ، ئامرازەکێ یاریدەدەر بوون، ژ بوو دیار بوون، ئامادەبوونا و بەشداریا ئافرەتان د ناڤ کومەلگەهی دا. لێ ئایا ئەڤ ئامادەبوونە، بەس یا فیزیکی یی یان یا هزری و واتایی یە؟ ئەگەر بهێن ژ لایێ هزری، فەلسەفی و یەکسانیا جێندەری، بارودوخێن ئافرەتێن مێدیا کار بێخینە ژێر شروڤەکرنێ، دێ بینێن ئافرەت وەک سیمون دوبڤوار دبێژیت (second sex) رەگەزێ دوویێ یە. د گەل ریز بو ئافرەتێن خودان شیان د مێدیایا کوردی دا لێ

د زوربەی کەنالێن مێدیایی دا، هوشیاریا زەلامێ مێدیاکار ل سەر ژنێ و هەتا یا ژنێ بخو ژی لسەر خو د ناڤا پروسێسەکێ دایە کو ژن وەک ئەکتەرەکا (پەسیڤ) و نە گەلەگ (سەربخو) د هێتە دیتن و زەلام ئەو ئەکتەرێ (ئەکتیف و سەربخوو) یە کو دشیان دا هەیە بویەران دروست بکەت و کارگیریا خو هەبیت .

کە واتا مێدیا ل کوردستانێ ئەوان کودێن (خێزان، قوتابخانە و کومەلگەه) پێ ئافرەتێ پێناسە دکەن، یا دووبارە دکەتەڤە. بو نمونە ل خێزانا کوردستانێ، هەمی ئەرک و کارێن دناڤ مالێ ژ لایێ ئافرەتێ د هێنە ئەنجامدان و ئەرکێن ژدەرڤەیی خێزانێ، د هێنە راسپاردن ب زەلامی. ئەگەر تەماشای زوربەی شانو و ریکلام و پروگرامێن دیتر ل مێدیایا کوردی بکەین ئامرازەکن بو هندێ کو قاپ شوشتن، چێشت لێناندن، مال پاقژ کرن، پەروەردا زاروکی، فەرمانبەری ژ مێری و برا و باب و .....هتد وەک ئەرکێ سەر ملێ ئافرەتێ نیشان بدەن و ئەرک کار و بارێن ژ دەرڤە، بریار دان، ئینانا پارەی بو خێزانێ و ... هتد وەک ئەرکێ زەلامی دناڤ شانو، دراما، پروگرام و گوتارا مێدیایی دهێتە بەرجەستەکرن.

هەتا زور جاران دێ بینین، ئەگەر ئافرەتەک ژ دەرڤە ژی کار بکەت، دەما ڤەدگەریتە مالێ پێدڤییە هەمان ئەرکێن ناڤ مالێ هەموان جێ بە جێ بکەت بێ یارمەتی وەرگرتن ژ زەلامی. ئەڤجا ئەڤ مێدیا یا نڤیسینێ، گوە لێبوونێ یان دیتنێ بیت، ئەو کولتورێ پیاوسالاری یان دەمارگیریێن ئولی کو د ناڤ کومەلگەهی دا یێ زالە یا دووبارە دکەت و مێدیا نەبوویە ئەو هێز کو کار بکەت ژ بو رزگار کرنا ئافرەتێ ژ ڤان هەمو چەق و بەربەستێن کومەلایەتی.

بکارئینانا بەلەنسی جێندەری ل جیاتی یەکسانی یا جێندەری

سەرەرای دەست خوشیکرن ل ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ کو ئەوان بو کونفرانسێ خو لرێکەفتی (٢٣ ێ نیسانێ ٢٠١٩)، تێگەهێ بەلانسا جێندەری بکار ئینا، ئەگەر ڤەگەرینە ڤە لایەنێ تیوری لسەر بابەتێ میدیا و یەکسانی یا جێندەری ((Equality Gender، وەک تێگەه بابەتەکە کو هزرا گەلگ سوسیولوگ و زانایێن کومەلناسی بخوڤە مژوول کرییە و تیوری و را و بوچوونێن جێوار سەبارەت ئەڤی تێگەهی هەنە. لڤان سالێن داویی بو سوسیولوگەکێ بناڤ و دەنگ وەک (ئالن تورێن= Alain Touraine)، یەکسانیەکا تەندروست د قەبول کرنا جێوازیان دا دهێتە بدەستڤە ئینان نەک بەرجەستە کرنا جێوازیان. کە واتا ئەگەر ب تە مامی د تێگەهێ (بالانسا جێندەری) بگەهین و شروڤە بکەین، واتا ئێکتر قەبول کرنە، نە کو هەولا کێم کرن یان ژ

ناڤبرنا لایەنێ بەرامبەر یان رەگەزێ بەرامبەر بهێتە دان. مێدیا و بەلانسا جێوازی ب واتا هندێ یە کە مێدیا ببیتە ئەو ئامراز، ئەو هێز کە گەنگەشە کرن و دان و ستاندنێن وان ژ بو پەرەسەندنا گیانێ لێبورینێ، ئێک و دوو قەبولکرنا رەگەزێن جێواز، هزرێن جێوازو پێکڤە ژیانێ بیت د کومەلگەهەکێ فرە کولتوری دا و مافێن هەمی تاکێن وی کومەلگەهی وەک ئێک د پاراستی ب ئافرەت و زەلامڤە.

ژێدەر:

2006 ,Alaine Touraine, Le monde des femmes, Fayard, Paris --

2016 ,La construction de l Identite nationale kurde, Harmattan, Paris-

Gender Sensitive Indicators for Media, UNISCO program-

وێنە جەستەیی و هزرییەکەی ئافرەت لە میدیای کوردیدا

د.هاوژین عومەر

کاتێک باس لە وێنەی ئافرەت لە میدیا دەکەین مەبەستمان تەنها وێنە شەکلی و باوەکەی ئافرەت نییە، بەڵکە وێنەی هزری وجەستەییە بەیەکەوە. شرۆڤەکردنی زانستییانەی ئەم بابەتە گرێدراوی مەسەلەی گوتار (خیتاب- discourse)ی میدیاییە کە پەیوەندارە بە (میتۆدی شرۆڤەکردنی گوتار). ئەم میتۆدە وەک میتۆدی (شرۆڤەکردنی ناوەڕۆک) تەنها لەسەر شیکردنەوەی توێکڵ و سەرخانی تێکست ناوەستێت، بەڵکە دەچێتە ناواخن و قوڵایی تێکستەکان وئاشکراکردنی ژفرەکانی گوتار و رۆشنایی خستنە سەر ئەو ژینگە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.....تاد، کە گوتارەکەی تیادا بەرهەم هاتووە.

هەر بۆیە هەوڵ دەدەم لە دوو خاڵی تێکهەڵکێش بەیەکتری تاوتوێی بابەتەکە بکەم، ئەوانیش یەکەم: تەوزیفکردنی ئافرەت لەرووی جەستەییەوە لە مێسژە میدیاییەکان، بەتایبەت لە بەرهەمهێنانی رێکلامدا.دووەمیان: ئەو وێنە دووبارە و کلاسیکی و چەسپاوەی لەرووی هزریەوە دەربارەی ئافرەت چەسپاوە، بەهۆی پێگەی لە میدیای کوردیدا.

خاڵی یەکەم کاریگەری راستەوخۆی نێگەتیڤی لەسەر نەخشاندنی تەوەری دووەم هەیە، بەوپێیەی وێنەی کلێشەیی- نەمەتی ئافرەت لە بابەتی رێکلام و بازرگانی میدیایی و ئیلکترۆنی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رەنگدانەوەی دەبێ لە عەقڵی شاراوەی تاک و باکگراوندە هزری و مەعریفییەکەی دەربارەی کارەکتەری ئافرەت لە کاری میدیایی و بەرهەم هێنانی مەعریفەدا.

لەرێکلامدا، بەکارهێنانی ئافرەت لە رووە ژێندەری و جەستەییەکەی بەم شێوە بەربڵاوە وەک هۆکارێک بۆ بەبازاڕکردنی (کەلوپەلی جوانکاری، کەلوپەلی ناوماڵ، ئۆتۆمبیل، جلو بەرگ......تاد)ئیمائژێکی ناڕاستەوخۆیە کە دوا خەمی ئافرەتان و بایەخەکانیان لە پرسی: مەتبەخ خواردن وخورادنەوە، خۆڕازاندنەوە، کەلوپەلی ناوماڵ، ئاهەنگ و کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی سەفەرکردن....تاد، چڕدەبێتە. هاوکات بەشێوەیەکیش لە شێوەکان بەسادە و سەتحی نیشاندانی عەقڵ و هزری ئافرەتە کە خاوەن فیکر و داهێنان نییە،و تەنها کارەکتەرێکی بەکاربەرە، رۆڵی نییە لە جوڵەی بەردەوامی کۆمەڵگە.

لەرووی ئابووریشەوە لەوانەیە ئاسەواری نێگەتیڤی هەبێ، بۆنموونە ببێتە هۆکاری کردنەوەی شەهیەی ئافرەتان لەکڕینی کەلەوپەلی زیاتر، وخەرجکردن.

سەبارەت بە خاڵی دووەم، کە گرێدراوی کارکردنی ئافرەتە لە میدیای کوردی زۆر بەزەقی دەبینین کە هەمدیس بابەتەکانی (جوانی دەمووچاو، لەش و لار) پێوەرن لە کارپێکردنیان، زۆر بەکەمی لە تێستی وەرگرتندا تێستی لایەنی هزری و مەعریفی و باکگراوندی رۆشنبیری بەهەند وەرگیراوە، بێگومان ئەمەش پەیوەنداری ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان و هزری پیاوسالارییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە بەداخەوە میدیاکاری پیاوی کوردی و بەرپرسانی دەزگا میدیاییەکان نەیانتوانیووە خۆیان لێی قوتاربکەن.
بۆیە زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین وێنەی میدیای کوردی وێنەیەکی پیاوانەیە، کەمتر ئافرەت رۆڵی لە نەخشاندنی رەنگەکانی ئەم وێنە هەیە. زۆر بەدەگمەن ئامادەکردن و ئیدارەدانی بەرنامە سیاسی و رۆشنبیرییە قوڵەکان بە ئافرەتان سپێدراوە، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین حزوری ئافرەت وەک میدیاکار زیاتر لە پێشکەشکردنە، بەتایبەت پێشکەشکاری بەرنامە هونەری، تەرفیهی، وەرزشی......نەک بەرنامە قورس و کاریگەرەکان.

ئەم دابەشکارییە لە پرۆگرامەکان لەسەر ئەساسی ژێندەری نەک ناوەڕۆک، زیانی لە پێگەی ئافرەت و کەسایەتییەکەی داوە.
هەر پەیوەست بەم تەوەرە، غیابی ئافرەت لە هەرەمی دەزگا میدیاییەکان و سێنتەری بڕیار وبەرپرسیاریەتی، ئاڵنگاری و ئیشکالیەتێکی دیکەی بەردەم ئافرەتی میدیاکارە، کە رەنگدانەوەی لەسەر چەسپاندن و جێگیرکردنی وێنە کلاسیکیەکەی ئافرەت هەیە لە میدیای کوردیدا.چەندن ژمارەی ئەو ئافرەتە میدیاکارانەی کە پۆستی یەکەمی دەزگا میدیاییەکان (سەرنووسەر، بەڕێوەبەری گشتی...تاد) لە ئەستۆیە؟ ئافرەت کە بتوانێ ببێتە وەزیر و پەرلەمانتار و مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری گشتی....تاد بۆ ناتوانێ ئیدارەی دەزگایەکی میدیایی بکات؟!
سەبارەت بە چۆنیەتی خستنە رووی ئافرەتیش لە میدیادا، واتە لەرێگەی ناوەڕۆکی مێسژ یان گوتارە میدیاییەکان، هەمدیس وێنەکەی پێشوو دووبارە دەبێتەوە، کە بابەخەکانی بایەخی سادە و سەرپێی و گرنگ و قووڵ نین، زیاتر وێنەی بەکاربەرێکن کە هەڵپەی بازاڕکردن و خواردن و خۆخەریککردنە بە درامای تەلەڤزیۆنی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هێڵی ئینتەرنێت....تاد، نەک وێنەی کارەکتەرێکی رۆشنبیری بایەخدەر بە پرسە جڤاکی و کلتوری و سیاسییە گرنگ و کاریگەرەکان.
لە بەرهەمهێنانی هونەریشدا، بەتایبەت گۆرانی و کلیپەکان ئەوەندەی وەک کەرەستەیەکی جوانکاری و وروژێنەری نێو ئەم بەرهەمانە بەکارهاتووە، ئەوەندە فۆکس نەخراوەتە سەر بەهرە و تایبەتمەندییەکانی.
لەهەمان کاتدا، لەحاڵەتی بەراوردکردنی توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەکە بە وێنە واقیعییەکەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، دوو فاقییەکی دیار بەدیدەکرێت، بەشێوەیەک

ئەو میسالییەتەی لە وێناکردنی میدیاییدا هەیە نایەکانگیرە لەگەڵ وێنەی ڕاستەقینەی ئافرەتی کورد کە خولیا و حەز و خۆزگەکانی جیاوازترن لەو خولیا و ئارەزووانەی کە ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان دەیگەیەنن، لەپاڵ ئەمەشدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئەم وێنە ناواقیعییە شێوەکانی شاری بەسەردازاڵە، واتە توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەکە زیاتر توخمی شارین نەک هی شارۆچکە و لادێکان.

کۆڕا ئەوەیە کە خیتابی ئیعلامی کوردی لە پرسی وێناکردنی ئافرەتدا هێشتا خیتابێکی دووبارەی کلاسیکی ناواقیعییە، ڕۆڵی هەبووە لە نەخشاندنی وێنەیەک کە فکر و عەقڵ و مەعریفەی ئافرەت بە لاواز یان نەبوو نیشانبدات، لەسەر حیسابی بەدیارخستن و قەبەکردنی چەند خولیا و بایەخێکی دیاریکراو، لە ڕێگەی تەوزیفکردنی مێینەیی ئافرەت، تەنها کەرەستەی (جەستە و وروژاندن) لە بەرهەمهێنانی وێنەکەدا.

((وێنای ئافرەت لە ڕاگەیاندندا لە ڕووی هزری و جەستەوە))

پ.د.یوسف حمه صالح مصطفى

پێش هەموو شتێک ڕاستییەک دەربارەی ڕاگەیاندن لە کوردستان هەیە کە میدیا بە گشتی مۆرکێکی حیزبی و سیاسی پێوەییە، زۆر ئاستەمە ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ ببینین لە هەردوو جۆری ڕاگەیاندن، حیزبیی و ناحیزبی،و هەروەها ناپرۆفیشینالێتی بە گشتی پێوە دیارە، و کەم جاریش ببینین کەسێکی میدیاکاری پسپۆر تەنها لە بوارێکدا بنووسێت،بەڵکو هەندێک ناو هەیە لاری نییە کە لە زۆربەی بوارەکانی ژیان بنووسێت بە بێ ئەوەی لە زۆربەیان شارەزاییەکی ئەوتۆی هەبێت،بۆیە ئەم جۆرە نووسینانە هەندێک خەسلەتیان پێوە دیارە وەک:

١. خۆدەرخستن: بەتایبەتی کە دەڕوانینە هەندێک ناونیشانی سەیر و قەبە کە مافی خۆی پێنەدراوە، یا نووسەرەکە لە ئاستی ئەو بابەتە نییە کە خۆی هەڵیبژاردووە .

٢. نادیاری ئامانجەکە: جگە لە نووسینی بۆنەکان، کەواتا لە هەندێ نووسین لە ڕاگەیاندن دا لە هەڵێنجانی کۆتایی بۆمان دەردەکەوێت تەنها نووسینە لە پێناوی نووسین .

٣. زۆر بەدەگمەن بابەتێکی پەروەردەیی مۆدێرنی بەسوود و نوێ لە ڕاگەیاند بەدیدەکرێت لە پێناوی بەهێزکردنی تاکی کورد بە هەردوو ڕەگەزییەوە،بەڵام پەیامی سیاسی و موجامەلە و پێهەڵدان و تۆمارکردنی وەلائی حیزبی لە زۆربەی نووسینەکان دەرئەکەویت.

٤. ڕووکەشی ناوەڕۆکی بابەتەکان بە گشتی کە نا پسپۆری جۆرێک لە جۆرەکانی نووسینی پێوە دیارە، بۆییە دەبینن لە ڕۆژنامە پرۆفیشینالە بیانییەکان کەسێکی دیاری کراو پسپۆرە لە نووسینی جۆرێکی دیاریکراو لە کێشەکانی خەڵک یا لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان،ئەو نووسەرە خوێنەواری خۆی هەیە چاوەڕوانی ستونەکەیدەکات،کە پێشەکی دەزانێت نووسەرەکە شتی باش و بە سوودی پێیە،چ لە ڕووی زانیاری یا لە رووی دەستنیشان کردنی کێشەکان و چۆنییەتی چارەسەریان، و زوربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بە ناوبانگەگانی جیهان بەو نووسەر و ستونانە ناسراون.

- **بۆیە وێنای ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا لەم چوارچێوەیە بە دوور نییە**

ئەوەی دەیینن لە نووسینەکان لەم بوارەدا یان پیاو دەینووسێت یا ئافرەت خۆی،بەڵام پیاو کاتێک بابەتیانە و پەروەردەییانە وێنای ئافرەت دەکات، ئەو کاتەی پڕ لە ئەزموون و شارەزایی بێت و رزگاریبووە لە هەموو ئەو گرێ دەروونیانە کە کۆمەڵگا چاندوییەتی لە ناخیا دەربارە ڕەگەزی مێ یا ئافرەت و لەسەرو هەموویانەوە گرێ سێکسیەکەیە،بۆیە لێرەدا زیاتر بایەخ بە جەستەو جوانی ڕووکەشی ئافرەت دەدرێت لەسەر حیسابی هزر و ڕۆڵبینینی ئافرەت وەک و پێویست لە کۆمەڵگادا.

بەڵام نووسەری ئافرەت زۆر کەم تیشک دەخاتە سەر درووستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز وەک هزر و رۆل بۆ ئافرەت،چونکە بە زۆری ئەو نووسینانە مۆرکی بەرگرییان پێوە دیارە، و ئەمەش ئافرەت لە سەنگەرێکی لاواز نیشاندەدات، چونکە ئافرەت پێویستی بە بەرگری نییە، بەڵکو پێویستی بە گەشەپێدانی هۆشیاری هەیە،کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە بەهێزکردنی کەسایەتی و جۆرێکە لە ڕۆل بینینی کارا لە کۆمەڵگەدا، هوشیاری بە ڕۆڵە گرنگ و سروشتییەکەی خۆی دوور لە وێنا لاوازە گشتییەکەی کۆمەڵگە،هوشیاری بەوەی چۆن هەڵسێتەوە بە هێز و بازوی خۆی دوور لە کۆتا و چاوی بەزیی حیزبایەتی، ئەم هوشیاریەش درووستنابێت بەبێ وەرگرتنی زانیاری زانستی دەربارەی خۆی و ئەزموونی میللەتە پێشکەوتووەکان، وئەمەش تەنها بە خوێندن و خوێنەواری فەراهەمدەبێت .

ڕاگەیاندنی کوردی لاوازی و کەمتەرخەمی پێوە دیارە بەگشتی و بە تایبەتیش لە ئەرک و لە وێناکردنی گرینگی رۆڵی ئافرەت لە درووستکردنی کەساییەتیەکی ساغ و چالاک چ بۆ خۆی یا بۆ کۆمەڵگەی بە گشتی، بەڵکو کەمتەرخەمیشە لە دیاریکردنی ئەزموون و بەها جیهانییەکانی مرۆیی ئەو بەها و ئەزموونانەی کە ڕۆڵدەبینن لە گەشەپێدانی هزر و و بیری تاکی کورد وەک هاندەرێک بۆ بەهێزکردنی کەسایەتی بە هەردوو ڕەگەزەوە.



رۆڵ و بەشدارپێکردنی پیاوان لە کەمکردنەوەی ئاستی رەگەز

د. پاڤۆ جمیل احمد

پێشەکی پێش ئەوەی بچمە سەر بابەتەکەم دەمەوێت بە دەرخستنی چەند ئامارێکی توندوتیژی دژ بە مێینە دەست پێبکەم کە بەپێی ئامارەکانی رێکخراوە جیهانیەکان دەستم کەوتووە، بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (٨٧٠٠٠) ژن لەساڵی (٢٠١٧) کوژراون، لە ٪٥٠ ی ئەو رێژەیە (٥٠٠٠٠) ژن کوژراون لەلایەن هاوسەرکانیان یان ئەندامانی خێزانەکانیان، لە ساڵی (٢٠١٢) (٤٨٠٠٠) ژن کوژراون لە تەواوی جیهاندا کە کیشوەری ئاسیا لە پلەی یەکەمدا رێژەی ئەو ژنانەی کە تێدا کوژراوە (٢٠٠٠٠) ژنە و ئەوروپا (٣٠٠٠) و ئەمریکا (٨٠٠٠) ئەفریقا (١٩٠٠٠) سەرجەم (٥٠٠٠٠) ژنە لە تەواوی جیهان .

بە پێی راپۆرتەکانی هیومان رایت ۆچ (٣٠٠٠٠٠) ژن و کچ لە ساڵی (٢٠١٨) مەترسی هەرەشەیان لەسەر بووە لە جیهاندا . (٧٥٠) ملیۆن کچ کە لەئیمرۆدا دەژین هاوسەرگیری پێش وەختیان پێکراوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە (١٥٠٠٠٠٠٠) پانزە ملیۆن کچ لە جیهاندا بێبەشن لە خوێندنی سەرەتایی، لە ساڵی (٢٠١٨) بەپێی ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها رۆژانە (٨٣٠) ژن گیان لەدەست دەدەن لەکاتی دوگیانی و منداڵ بوندا .(٢٠٠٠٠٠٠٠) دووسەد ملیۆن کچ و ژن کە لە ئیمرۆدا دەژین لە تەواوی جیهاندا خەتەنە کراون بەبێ ویستی خۆیان (٦٠٠٠٠٠ — ٨٠٠٠٠٠) مرۆڤ ساڵانە بازرگانیان پێوە دەکرێت لەو رێژەیەش ٪ ٨٠ ژن و منداڵن، ئەم رێژانەی کە باسمانکردن تەنها ژمارە نییە ئەمە ژیان و گوزەران و حاڵ و وەزعی مرۆڤەکانە روئیا و بیرکردنەوە و ئاستی رۆشنبیری ئەو نەتەوانەیە، ژیانی ئەو مرۆڤانەیە کە بونەتە قوربانی و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر تەواوی ژیان و گوزەران و تەواوی پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی بۆیە گرنگە باسی سەرەکی ترین هۆکاری ئەم توندوتیژیانە بکەین کە بریتیە لە سیکس و جێندەر هەروەها دەست بخەنینە سەر جیاوازی نێوانیان بۆیە بەو پرسیارە دەست پێدەکەین کە سیکس و جێندەر جیاوازیان چییە؟

جێندەر دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆ ناساندنی ئەوجیاوازییە کۆمەڵایەتیانەی کە هەیە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ لەکۆمەڵگەدا کە فاکتەری مێژووی و کلتوری و ئایین ڕۆڵیان هەیە تێدایە هەروەها دەستەواژەی جێندەر دەکرێت واتاکەی بگۆڕێت بەڵام سیکس دەستەواژەکەیە بەکاردرێت بۆ ناساندنی جیاوازییە بایەلۆجی و فسیۆلۆجیەکانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ ئەم دەستەواژەیە ناگۆڕێت و جێگیرە بۆ ناساندن .

پرسیاری دووەممان بۆ ڕوونکرنەوەی بابەتەکە بریتیە لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی چییە ؟

دادەنرێت بە دیارترین و فراوانترین پێشێلکاریەکانی مرۆڤ کەبە (G B V) ناسراوە ڕووبەڕوی ڕەگەزی کەسەکە دەبێتەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز یاخود جێندەر کە دەبێتە مایەی زیانی (جەستەیی، سێکسی، دەروونی)، ئەم کردارانە مافی مرۆڤی تاک پێشێل دەکات . (G B V) زیاتر لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت بەرامبەر بە ژنان و کچان و کەسانی بێدەسەلاتی تر ئەنجام دەدەرێت، بەڵام دەکرێت پیاوانیش هەروەها قوربانی توندوتیژی ڕەگەزی بن.

بۆیە ئەم باسە پرسیاری سێیەم بەدوای خۆیدا دەهێنێت توندوتیژیەکان چین ؟

دەتوانین بڵێین توندوتیژی جۆر و شێوازی زۆرە لەوانە توندوتیژی (فیزیکی- سێکسی- گێچەڵی سێکسی-توندوتیژی خێزانی – ئابوری- ڕوحی کە جۆرێکی توندوتیژیە کە کاریگەری دەبێت لەسەر بیروباوەڕی ئاینی و ڕوحی کەسی قوربانی- توندوتیژی دەروونی- توندوتیژی زارەکی- گوێپێنەدان کە سەرجەم ئەو گوێپێنەدانانە دەگرێتەوە کە ئاراستەی کەسێک دەکرێت کە دەبێتە هۆی ئازار پێگەیاندنی دەروونی- توندوتیژی دژبە کەسانی هاوڕەگەز خوازان)

هەربۆیە دەرئەنجامەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای توندوتیژی GBV دەکرێت چەندین لێکەوتەی کورت خایەن و درێژخایەنی لەسەر لایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسی قوربانی جێبهێڵێت، بەشێوەیەکی گشتی دەرئەنجامەکان پۆلێن دەکرێن بۆ سێ بەش ئەوانیش:

دەرئەنجامی (تەندروستی – کۆمەڵایەتی- ئابووری).

لەپاش ئەم ڕوونکردنەوانە دەکرێت بچینەسەر بابەتە سەرەکییەکە کە پێکدێت لە پرسیارە گرنگەکەی (بۆچی دەبێت پیاوان بەشداربن لەم دۆزەدا؟)

دەکرێت بەوە دەستپێبکەین کە هەندێک لە سروشتی پیاوان شرۆڤە بکەین، پیاوان زیاتر توندوتیژی ئەنجام دەدەن زیاتر لە ژنان، ڕوونکردنەوەکانی پێشووترمان ئەم خاڵە پشتڕاست دەکەنەوە، هەروەها پیاوان ئازاری خۆیان دەدەن بە شاردنەوەی هەستەکانی خۆیان، پیاوان دابەشبوون لەدژی یەکتر، وە ئەوەشمان بیرنەچێت کە خاڵی ئەرێنیشیان

هەیە بەوەی کاریگەری ئەرێنی و خێرایان هەیە لەکەمکردنەوەی توندوتیژیدا، هەروەها هەبوونی ڕۆڵی کاریگەر و کاریزمای پیاوان لەکەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە وەکوو باوکایەتی، کەسایەتی ئایینی، بۆیە دەکرێت بەچەند ڕێگایەک ئەم بەشدارییپێکردنە دەستپێبکەین لەوانە:

- بەهێزکردنی زانیاری و لێهاتوویی تاکەکەسی لە کۆمەڵگەدا.
- پاڵپشتی کردنی پرۆگرامی پەروەردە لە کۆمەڵگەدا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی.
- هەروەها بەهێزکردنی تواناکانی کەسانی کاربەدەستی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی کاری ڕێکخراوەکان و گۆڕینی سیستەمی کارکردنیان دژی توندوتیژی هەروەها لە گرنگترین خاڵەکانی کاریگەری خستنەسەر یاسا و دەستووره کۆنەکان.

پرسیاری کۆتایمان ئەو بەرنامە و پرۆگرامانە کامانەن کە پیاوان بەشدار ی پێبکەین بۆ کەمکردنەوەی توندووتیژی؟

١- گفتوگۆی تایبەتی پیاوان دەربارەی دۆێکی تایبەت (فۆکەس گروپ دیسکەشن)
٢- کەمپین و هەڵمەتی داکۆکی کردن بۆ نەهێشتنی دیاردەیەکی نەخوازراو.
٣- ئەنجامدانی کۆبوونەوە و چالاکی فەرمی.
٤- دروستکردنی کوورتە ڤیدیۆ.
٥- چالاکی وەرزشی دژی توونددوتیژی.
٦- چالاکی و شانۆیی کارلێککەر.
٧- بڵاوبوونەوەی هۆشداری لە ڕێگەی نووسین و ووتار لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.
٨- کاریگەری میدیاکان.

لە دەرئەنجامدا دەبێت بڵێین تەنها نابێت برینەکان ببینین و بێ چارە سەر بەجێی بهێڵین، بەڵکو دەبێت بۆ لەمەودوا دەست لەدەست بگەڕێین بەدوای ڕێگە چارەسەرەکان، وەک هەستێکی لێپرسراوانە بڕوانینە کەیسەکانی تایبەت بە مرۆڤایاتی بەجۆرێک هەموو دامەزراوەکان وەک زنجیرەیەکی لێکنەپچڕاو کاربکەن بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی توندوتیژی ڕەگەزی.

هونەرمەندی خۆڕسك حەمید خاوەر و سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی هونەری شێوەکاری کوردەواریی لە ناوچەی بنکوورە و شاری خانەقین ١٩٢٧ - ١٩٨٣

پ . ی: ئەحمەد باوەڕ

بەدەر لە هەواداری ناوچەگەرێتیی و شارچێتی، ئەگەر تۆزێک زێدەڕۆیی و سەرچیغ نەچوو بێتین، ڕەنگە زۆر کەس، بەتایبەتی ئەوانەی، کە ئەم نووسینە یان ناونیشانی ئەم بابەتە کورتەمان دەخوێننەوە بڵێن: بابەتێکی وا بەسەر چوو و کلاسیکی ئەبێت بایەخی لە چیدابێت، وا بۆتە جێی سەرنجی مامۆستایەکی زانکۆ یان حیکمەت لەوەدا چییە کە خۆی بەمەوە خەریککردووە، بەڵام بەواتایەکی دی زۆر دڵنیام لەوەی ئەگەر سەربوردەو تۆماری ژیانی زۆرێک، لەم دەنگ و بە هرانەو لەسەر گوزەشتەی ئەم سەربازە ونانەی نێو کوردەواریی و کۆمەڵی کوردەواریی، لە سەروبەندوکاتی گونجاوی خۆیدا، تۆمار بکرایەن و بە باشی و بەئەمانەتەوە بنووسرایانەوە. ئەوا تا ئێستا کەرەستەیەکی خاوی زۆر باشترو زۆر دەوڵەمەند ترمان لەبەر دەستدا دەبوو . بۆ کاری نووسین و تۆمارکردنی لایەنە بایەخدارو ڕۆشنەکانی مێژووی هونەری کوردەواریی، بە هەموو بەشەکانیەوەو لە هەموو شوێن و گوندو ناوچەیەکیی دوورە وڵاتی دەستی کوردستاندا بێ جیاوازی، بەڵام ئەمڕۆ نەگبەتی و بێ دەرەتانی و ماڵوێرانیەکەی ئێمە لەوەدایە نەک تۆمارکردن و نە نووسینەوەی داستان و مێژووەکەی، بەڵکو وا خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ و وردە.. وردە ناوی هەموو ئەو ئامێرو سواڵەت و کەرەستانەشمان لە بیر دەچێتەوە. کە بابوباپیرانمان پێشتر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بە کاریان هێناوە . خۆ ئەگەر بێتوو کەرەستەیەکی دێرینە یان ئامێرکی عەنتیکەی دێرینەی نێو کۆمەڵگای کوردەواریی ببینین، بەلامانەوە شتێکی زۆر غەریب و نامۆ بێت و نەزانین ئەمانە لە کۆی هەموو ئەو ئامێر و کەرەستە گرنگانەن، کە پێشتر لە نێوخانەوادەو ماڵانی بابو باپیرانماندا، ڕۆژانە بەکار هێنراون و هاوکات هەموو ئیشی ڕۆژانەی خۆیانیان بەوانە ڕایی کردووە، بۆ نموونە: لە ساڵانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، زۆر بەباشی ئەوەم دێتەوەیاد، کە هێشتا لە تەمەنی مێرد منداڵی و هەر ئەو کاتەش، هێشتا پرۆسەی نەگریسی تەعریب و پێش دەرکردن و ڕاگواستنمان لە شوێنی ڕەسەنی خۆمان، ماڵمان لە ئاوایی (غێدان) ی ناوچەی (بنکوورە) ی سەر بە شاری خانەقین بوو، واتە هێشتا ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری و تەعریبی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، باڵی ڕەشی وێرانەیی ناوچەکەمانی سیخناخی لێڵی

و تاریکی نەکردبوو، هەر ئەوکاتەو پێشتریش هەموو ساڵێک، کە وەرزی پاییزان دا دەهات و نزیک دەبووەوە لەوەرزی زستان، ئەو ژوورەی ماڵەکەمان، کە بەردەوام وەک مووبەقی ئێستاو بۆ چێشت لێنان بەکار دەهێنراو لە نێو دانیشتوانی ئەوسای ناوچەی (بنکووره)دا، پێیان دەگوت: ((ئاگردان))، دایکی بە هەشتیم لەگەڵ خوشکەکانمدا، هەموو ساڵێک ئەوکاتە لادیوارێکی ئەو ژوورەیان بەقوڕی زۆر ئەستوور سواخ دەدا و ئەوجا سەلکەپیازێکی وشکی زۆریان، زۆر بەجوانی و بەڕیز دەچەقانە قوڕی سەر دیوارەکەداو پێوەی دەمایەوە تا ئەوکاتەی بەتەواوی کاتی پێویستی و وەرزی سەختی زستاندا دەهات. ئەوجا ڕۆژانەو وردە...وردە بۆ چێشت لێنانی نیوەڕوان و ئێواران، لەو پیازە هەڵگیراوانەیان دەکردەوەو دەیان جنی و بۆ چێشت لێنان و بۆ خواردن بەکاریان دەهێنا، بە جۆرێک پیازە وشکەکە وەکو خۆی دەمایەوەو هیچی لێ نەدەهات، تەنها ئەوە نەبێت، لەبەر ئەوەی تەڕایی و ئاوی لێ دەبڕا، تابڵێی تامی زۆر تیژتر دەبوو، هەر زۆر زۆر چاکیشم لەبیرە منیش بە هەموو هەست و عەقڵ و ئاوەزێکی ئەوکاتەو مێرد منالی خۆمەوە، بەردەوام وردە چاڵی شوێن سەلکە پیازەکانم دەژماردو کەچی زۆر جاریش لێم تێک دەچوون و ناچار دووبارەو سێ بارە دەم ژماردنەوە، بەڕاستی ئەم دابونەریتەم بەلاوە شتێکی زۆر جوان و زۆر عەنتیکەو سەرنج ڕاکێش بوو . هەرکە تەواویش دەبوون . دووبارە قوڕە وشکەکەی لێ دەکرایەوەو دوای تەڕاوکردنێکی شوێنەکەی دووبارە بۆ ساڵی داهاتوو بەکار دەهێنرایەوە . خۆ ئیتر جگە لەو هەموو کەرەستانەی دی، کە بە بەردەوامی لە ماڵاندا بەکار دەهێنران .(بەدڵنیاییەوە لەداهاتوودا لێکۆڵینەوەیەک یان کتێبێکی سەر بەخۆ لەسەر دابونەریتی ئەم ناوچەیە بڵاودەکەمەوە).

خۆ ڕەنگە لە ناو نەوەو توێژی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردەواریی دا، باس لە کەرەستەو بابەتە کۆنینەکانی وڵاتی کوردەواریی بکەی و ئەگەر بە گەنجێکی گەرمیانی یان هەر شوێنێکی تری ئەم وڵاتە بڵێی: زەحمەت نەبێت ئەم کەرەستانەی، کە باب و باپیرانمان بە کاریانهێناون چی دەگەیەنن و بۆ چی باشن لەوانە کەرەستەکانی وەک: هیزە، دیزە، دەرخۆنە، خورج، دەستاڕ، قرۆمە، کۆماج، کونە، مەشکە، هەگبە، هەسان، شوقە لەت، چاری، جاجم، کەنوو، کونەڵان و..... کورە چووزانم ... دەیان و سەدان کەرەستەو بەدبەختی و شتی تری لەو بابەتە . جا وەک ئاماژەیان بۆ کرا: دووبارە نەگبەتی و نەهاتی و ماڵوێرانیەکەی ئێمە لەوە دایە تۆ وەرە ئەمڕۆ، بەدوای دروستکەر و وەستاو کارخانەو ژیان و سەربوردەی هەموو ئەو کەسایەتی و بەهرەمەندانەدا بگەڕێ و شار بەشارو دێ بە دێ عەودالْ بە، کە لە کاتی خۆیدا هەموو ئەو ئامێرو کەرەستانەیان بۆ باب و باپیرانمان دروست دەکردو هەر یەکەو لای خۆشیەوە ناوێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەداخەوە ئەمڕۆ ئێمەو مانان لەلایەک خەریکە هەموو کەلتوورو کەرەستەو کەلەپوورێکی کوردەواریی وڵاتی خۆمانمان بیردەچێتەوەو کەچی تاقە کەسێکیش مێشێک میوانی نیە

. هەروەها لە لایەکی تریشەوە دونیای گڵۆباڵ و تەکنۆلۆجیای تاین، وای لێ کردووین، وا خەریکە هەر هەموومان دەکاتە تەڵەپووشی دەم شەپۆلی گەردەلول و بە کەیفی خۆی بۆ کوێی بوێ دەمان باو هەر دەمان سورێنێتەوەو کەچی هەر ئەوساکەش بە خۆت نازانی لە چ کۆردەرەو لەچ بیابان و کۆریانێکدا فرێت دەدا، جا بۆیە هیچ سەرتان سوور نەمێنێت ڕۆژێک، بە خوێندکارێکی زانکۆی خۆمم وت: زەحمەت نەبێت ناوی باپیرە گەورەت چیەو بۆ لیژنەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ، کە زۆر پێویست بوو، دوای بیرکردنەوەو منجە منجێکی زۆر ئەوجا داوای لێ بووردنی کردو زۆر بە ئاسایی وتی: سبەی لە ماڵەوە دەپرسم و خەبەرەکەت بۆ دەگێڕمەوە، جا قوربان خۆ ئەگەر پێی بڵێی: (چاری) یان (بەردەهەسان) بە کەڵکی چی دێ و بۆ چی باشن، ڕەنگە سەری خۆی هەڵبگرێت و بداتە کەژا، چ جای قسە کردن لە سەر هونەری کوردەواریی و گێڕانەوەی سەربوردەو ژیانی هەموو ئەو کەسایەتیانەی، کە هەموو تەمەن و جوانی خۆیانیان لەگەڵ ئەمانەدا بەسەر بردو بوون بە ئاردی ناو دڕک .

کەسایەتی و هونەرمەندێکی خۆڕسک و کۆچکردووی وەک خوالێی خۆشبێت: حەمید خاوەری بنکوورەش لەوانەن، کە لە شوێن و ناوچەو گوندێکدا ژیاو گەورەبوو، ڕەنگە تا ئێستاش چەندین جار ڕووخابێت و خەڵکەکەی ئاوارەو دەر بەدەر بوو بێتن . بە هەرحاڵ ئەم هونەرمەندە خۆڕسک و شێوەکارەی گەرمیان و ناوچەی (بنکوورە)ی سەر بە شاری خانەقین، حەمید ڕەشید نادر، کە لە نێوەندی کۆمەڵانی خەڵک و ناوچەی بنکوورەو گەرمیان و ناوچەی خانەقین دا بە حەمید خاوەر ناسراو بووەو هاوکات هەموو ژیانی بە دیار کەرەستەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بە سەر بردو بەردەوام بە دروستکردن و چاکردنەوەی هەموو ئەوکەرەستانەش ژیانێکی سادەو بێ منەت ژیا . ماوەتەوە بڵێین: ئەم کەسایەتیە، بەپێی تۆماری سەر شوناسنامەیەی، کە لەبەردەستایە لە ساڵی (١٩٢٧)زایینی دا، لە گوندی (شێرەوەند) ی ناوچەی بنکوورە، لە دایک بووەو هەرلە تەمەنی مێرد مناڵیشەوە کە نزیکەی (١٢) دوازدە ساڵان بووە، باوکی دەچێتە بەر دلۆڤانی خوداو ئەمیش لەگەڵ تاقە خوشکێکی دا بەناوی (ئامینە) ەوە . بە هەتیوی و هەژاری و بێ کەسی گەورە دەبن . تا ئەوکاتەی خوالێی خۆشبێ عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی عەزیز ئاغای باجەلان (١٨٨٤- ١٩٦٤) ی ناوچەی بنکوورە بۆ ماوەیەک، دەبێتە پشت و پەنا بۆیان و هاوکات لەگەڵ کوڕێکی خۆیدا، کە ناوی (عەبدولوەهاب) بووەو دواتر بووە بە پارێزەرێکی ناسراو لە عێراق و باشووری کوردستانداو دواتریش هەر بە عەبدولوەهاب باجەلان (١٩٣٣- ٢٠٠٨) ناسراو بووە، هاوکات لای خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی زاریش لە گوندی (ئاوایی گەورە) پێکەوە دەیانخاتە حوجرەو بەر خوێندن، بە سەریەکەوەو لەماوەی چەند ساڵێکی زۆر کەمدا، تاڕادەیەک، فێری خوێندەواریی و بە تایبەتی خوێندنی قورئانی پیرۆز دەبێت، بەڵام دواتر بە هۆی هەژاری و دووبارە مێرد

کردنەوەی دایکییەوە، بە پیاوێک بە ناوی مەولود ئەکرەمەوە و لە ساڵی (١٩٤٣) دا، هێندەی دی ئەرکی خۆی و خوشکە تاقانەکەی قورستر دەبێت و ئینجا هەردووکیان دەکەونە لای خاڵێکیان بە ناوی جەوهەر خەیاتەوە، هەروەها شانبەشانی ئەوەو بۆ بژێوی ژیانی ناچار دەکەوێتە کاری کشتوکاڵ کردن و پیشەی دارفرۆشی لە کە ناری (ڕووباری سیروان) ەوەو گواستنەوەی بۆ بازاڕی شاری خانەقینی ئەوکاتە.

بەپێی گێرانەوەی بەشێک لە کەس و کارو خانەوادەکەی ئەو لەگەڵ ئەوەیدا کەسێک بووە، کە بەردەوام بیری لە ژیان و وردەکاریەکانی ژیان و دروستبوونی بوونەوەرو هەروەها ئەو نەخۆشیانە کردۆتەوەو کە تووشی مرۆڤ دەبوون لەگەڵ ئەوەشدا بیری لەوەش دەکردەوە، کە چۆن چارەسەر بۆ ئەوانە بدۆزێتەوەو ئەمەش بۆ خۆی وای لێ کردبوو، کە جۆرێک لە دەستی پزیشکی هەبێ و بۆ چارەسەر کردنی ئەوانەش دەواو دەرمانی بۆ کۆمەڵانی خەڵک و نەخۆشەکان نووسیوەتەوەو پارێزی پێویستی بۆ دادەنان و هاوکات پێویستیشی بکردایە ئەوا لە ڕێگەی دەرزی و لێ دانی دەرزیەوە چارەسەری دەکردن و هەرخۆشی لێ دانی دەرزیەکەی و بە پێی ئەزموون و تەجروبەی خۆی جێ بەجێ دەکرد، بەوەی (ئاوی دەرزی)ەکەی پێشتر لە پرۆسەی هەوری ئاسمانەوە تەجروبە کردبوو، وەک چۆن هەور سەرەتا لە هەڵم دروست دەبێ و دواتر لەئاسمان هەوای ساردی بەر دەکەوێت و دەبێتەهۆی بارینی باران . ئەمیش بۆ ئەو مەبەستە مەنجەڵێکی دەهێنا و پڕی دەکرد لە ئاو پاشان دەیخستە سەر ئاگرێک . بەڵام سەرقاپی مەنجەڵەکەی بە وەرگەڕاوی دادەناو لە ژێر سەر قاپەکەشەوە جامێک یان دەفرێکی تری دادەنا، هەرکە لە ناو مەنجەڵەکەوە هەڵمی دەکرد بە هۆی ئەوەوە، کە لە دەرەوە ئاوی دەکردە ناو سەر قاپەکەوە، تاوەکو لە ناو مەنجەڵەکەوە ئەو هەڵمە دا دەبەزێت بۆ ناو جامە ئاوەکە یان دەفرەکە واتە لە ناو دەفرەکەدا، ئەو ئاوەی کە کۆدەبووەوە بە کرداری بوونە هەڵم دروستی دەکردو دواجاریش ئاوی دەرزیەکەی لەو ئاوە بەکار دەهێناو تا ماوەیەکی زۆر زۆربەی گوندو دێهاتەکانی ناوچەی (بنکوورە) و دەورو بەری لای ئەم پیاوە دەرزیان داوەو تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی زۆر جار پارێزو چارەسەری گونجاوی بە ئەزموونی خۆی بۆ نەخۆش نووسیوەو ڕێنومایی تەندروستی کردوون.

هاوکات یەکێکی دی لەو پیشانەی کە ئەم پیاوە وەک بەهرەیەک، لە پیشەوەرە ناسراوەکانی شاری خا نەقینی ئەوکاتەوە فێری ببوو کاری وێنەکێشان بوو . بە تایبەتی لەسەر هەموو ئەو بۆفیەو سندوقی بۆراقانەی کە لە ڕۆژگارێکدا زۆر باویان هەبووە لە ماڵانداو بە تایبەتی لە ژووری نوستندا کە پێی وتراوە: (نیشتمان) دا دەنراو بۆ کاری پێویست و نوێن و بە گشتی کەلوپەلی ماڵانی لە سەردا دەنرا، حەمید خاوەریش یەکێک بووە لەوانەی، کە سندوقی بوراقی لەو بابەتانەی بۆ ماڵان دروست دەکرد و وێنەی گونجاوشی بەسەلیقەی خۆی و بە ئاوەزو خەیاڵی خۆی لەسەر هەر هەموویان دەکێشا

لەوانە: وێنەی (بۆراق) یان (کچی کافرۆش) و تەنانەت هەندێک لەوحەو وێنەی سەرنج ڕاکێشی دی، کە هەر هەموویانی وەک ئاماژەمان بۆ کرد هەر بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی دەکێشان، بۆ نموونە: دەگێڕنەوە زۆر جار وێنەی ژنان و ئافرەتانی گوندەکەی خۆیانی، کە ناوی: (شێرەوەند) بووە کێشاوە، بەجل و بەرگی کوردییەوە . بە جۆرێک هەموو ئەوانە بوو بوونە جێی سەرنجی زۆرێک لە هەموو ئەوانەی کە دەیانبینی، هەروەها دروستکردنی دەرگاو پەنجەرەی ماڵان بە تەختە، یان ئاوێنە و جێگای ئەو هەموو بابەت و کەرەستانەی تری ناوماڵ، کە زۆر پێویست بوون لەدەمانەدا . بە تایبەتی هەموو ئەوانەی کە لە مووبەقی ماڵاندا دا دەنران وەک: کەوچکدان کە بە تەختەو قەیدی پلێتی جۆر بەجۆر دروستی دەکردن، خوێدان، هەروەها جێگای تایبەت بۆ قلۆغە و کەوگیری چێشت لێنان، هەوەها ڕەفەی تایبەت بۆ قاپ و قاچاخ هەر بە تەختەو بە هەموو جۆرو بەشەکانییەوەو هاوکات چاکردنەوەیان لە کاتی شکان و قوپان و کون بوون و .... تاد، وەک دەگێڕنەوە، جاری وا هەبووە قاپ و قاچاخ و مەنجەڵە شکاو قوپاو و کونبووی وای بۆ مڵان چاک کردۆتەوە کە خاوەنەکەی دووبارە چووە بۆ وەری بگرێتەوە نەی ناسیوەتەوە، کە ئەوەیان کەرەستەکەی پێشوو تری خۆیان بووە. جگە لە هەموو ئەوانەش یەکێکی دی لەو کارانەی کە جێی بایەخ پێدانی بووە ئەویش بواری هەڵکۆڵین و زەخرەفە کردن بووە لە سەر شوشەی تایبەت .

لە ڕووی بۆچوون و لێکدانەوەی ئایینیی و فیکریشەوە تابڵێی: کەسایەتی و پیاوێکی خواناس ولە خواترس بووەو بە هیچ جۆرێک، بڕوای بە دوعاو نزاو کەراماتی شێخان و تەکێ نەبووە. بەڵکو هاو وڵاتیان و کۆمەڵانی خەڵکی لەوە ئاگادار کردۆتەوەو وتویەتی ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەن و خۆیان بەخاوەنی کەرامات دەزانن و دوعا بۆ ئەم و ئەو دەکەن، بالای خۆیانەوە هەوڵی ئەوەبدەن کە لە ژیاندا بمێننەوەو نەمرن . بەڵام لە ساڵی (١٩٥٤) دا، کاتێک تووشی جۆرێک لە نەخۆشی دەروونی دەبێت، بە ناچاریەوە کەس و کارەکەی دەیبەنە شاری بەغدا، بۆ لای دکتۆرێکی بەڕەگەز جوولەکە عێراقی بە ناوی: جاک عبوود شابی (١٩٠٨ — ١٨ی تەمووزی ١٩٨٠) ەوە، دوای چاودێری و چارەسەرکردنی، دەچێتەوە سەرباری ئاسایی خۆیی و لەم ماوەیەش بەدواوە لە پاشماوەی ئەو تۆپانەوەی، کە هێزەکانی سوپای ڕووسیای سیزاری داگیر کەر لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤ — ١٩١٨) کە لە ناوچەکەدا بە جێ مابوون، سەر لە نوێ باروت و کەرەستەی تەقینەوەی بۆ دروست دەکاتەوەو تاقی دەکاتەوە، بە جۆرێک ئەم ڕووداوەش دەبێتە مایەی گرفت و کێشەیەکی گەورە، لای فەرمانڕەوایان و کاربەدەستانی ئەوکاتەی حکومەتی عێراق، بە تایبەتی لە شاری خانەقین، دوا بە دوای ئەوەو بۆ بە دواداچوونی ڕووداوەکە، دەستەیەکی پۆلیس لە شاری خانەقینەوە دەگەنە ناوچەکەو دەکەونە سۆراخکردنی بارو دۆخەکە، بەڵام خوالێی خۆشبێت عەبدوڵڵا ئاغای باجەڵان،

که پیاوێکی دەست ڕۆیشتوو و قسە ڕۆیشتووی ناوچەی بنکوورەو شاری خانەقین دەبێت، بۆ کپ کردنەوەی بارودۆخەکە خۆی تێ دەکەوێت و دوای میوانداری و خزمەت کردنێکی باشی پۆلیسەکان و یارمەتیەکی باشیان دەداو ئاگاری ئەوەشیان دەکاتەوە، کە شتێکی لەو بابەتە لە گوندەکەی ئەواندا نەبووەو نیەو بەوشێوەیە پەردەپۆشی بارودۆخەکە دەکات و حەمید خاوەرییش لە ترسی سۆراخی پۆلیسەکان و بە دوادا چوونیان، لە گوندەکەی خۆیان هەڵدێت و بۆ ماوەیەک لە تەپەی (ئیمام محەمەد) کە زۆر نزیکەبووە، لە گوندی (شێرەوەند)ەوە، خۆی حەشار دەدات و ئەوسا دووبارە دەگەڕێتەوە ئاوایی و نێو ماڵ و منالی . دوایش عەبدوڵڵا ئاغا باجەلان بانگی دەکاتە لای خۆی و تەمێی ئەوەی دەکات، کە شتی لەو بابەتە دووبارە نەکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی و ئەوانیش تووشی زەرەرو زیان نەبن . بە جۆرێک نموونەی قەباغی ئەو گوولله تۆپانە تا ئێستاش ماون و وەک ئەوەی لەگەڵ نووسینەکەماندا نموونەیمان خستۆتەڕوو .

سەرەڕای هەموو ئەو وردەکاریانەی، کە لە بواری هونەری وێنەکێشان و پیشە دەستیەکانی کوردەواریی دا، بە بەردەوامی لە ناوچەکەدا سەرگەرمیان بووە، ماوەیەکی زۆریش لە ڕێگای بەکارهێنانی تاوێرو بەردی گەورە سەرگەرمی دروستکردنی دەستاڕی ماڵان بووە، کە زیاتر بۆ هاڕینی گەنم و جۆو هەموو جۆرە دانەوێڵەو بەرهەمێکی کوردەواریی کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکەدا بە کاریان دەهێنا، جگە لە چاککردن و تیژکردنی بەردی مەکینەی ئاشی گوندەکان و چاککردنەوەی هەر پارچەیەکی، کە لە ئاواییدا لە کار بکەوتایەو چاک نەکرایەتەوە، بە زۆری لەو کاررو پیشانە بوون، کە حەمید خاوەر لەلایەک، بۆ بژێوی ژیان و هاوکات لە لایەکی دیشەوە وەک بە هرەیەکی خۆڕسک فێریان ببوو و کاروباری کۆمەڵانی خەڵک و هاووڵاتیانی ڕا دەپەڕان، بە جۆرێک، پیشەکەشی وای لێ کردبوو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ تەنها لە گوندێکی دیاری کراودا نەماوەتەوەو نەی توانیووە دا بنیشێت، بەڵکو ماوەیەک ماڵی لە ئاوایی (شێرەوەند) و ماوەیەکی دیش لە گوندەکانی: مووسا عوسمان، مەلا حەسەنی نزیک سەوزبلاغ، پشت پەنگ (تۆپ عەسکەر)، ئاوایی گەورە .. تاد ژیاوە، بەڵام لەگەڵ پرۆسەی تەعریبکردنی شاری خانەقین و ناوچەی (بنکووره) شداو بەتایبەتی لەساڵی (١٩٧٥) بەدواوە، ئەمیش وەک سەدان و هەزاران خێزانی تری ناوچەکە ئاوارەبووەو، بەماڵەوە بۆماوەک باری کردۆتە شاری کەلارو دواتر چووەتە ئاوایی (شێخ لەنگەری گەورە) ی ناوچەی گەرمیان، بێ ئەوەی دەسبەرداری کارو پیشەکەی خۆی بێت . بۆ دوا کاتیش لە ڕێکەوتی (١٣ی تەمووزی ١٩٨٢) دا، هەر لەشاری کەلار و لە تەمەنی (٥٥) پەنجاو پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (شێخ عەبدولڕەحمان) نێژراوە . تا ئێستاش چ لای بنەماڵەکەی و لە زۆر ماڵانی تری ناوچەکەشدا، نموونەی کاری دەستی و پیشەیی حەمید خاوەر، وەکو خۆی ماوەتەوەو زۆریشیان تا ئێستا خەسڵەت و تایبەت

مەندی خۆیانیان لە دەست نەداوە، بە جۆرێک ئەو کارو پیشەو هونەرە خۆرسکیەی، کە خوالێخۆشبوو حەمید خاوەر هەیبوو تەنانەت لە ناو نەوەکانیشیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە و وەک دەبینیت لە سەر هەمان ڕەوت و پیشە بەردەوامن .

....

پەراوێزەکانی ئەم نووسینە:

– ناوچەی بنکورە: ناوچەیەکی شوێنەواری و بەرفراوانی کشتوکاڵی بە پیتە، هەر لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەوە ناوەندی ناحیە بووەو بارەگاکەشی هەرجارەو لە شوێنێکدا بووە، بەجۆرێک لە زۆر سەرچاوەی مێژوویی و نوسراوی فەرمی چ عوسمانی و چ پاشایەتی لە عێراقدا، بەڕوونی ناوی هاتووەو باسی لێوە کراوە و، هەر لە سەرەتای سیەکانی سەدەی ڕابردووەوە، کە (قۆرەتوو) کراوەتە ناوەندی ناحیە بەزۆری جێگای ناوی (بنکوورە) ی گرتۆتەوە وەک مەرکەزی ناحیە . هاوکات وەک هەڵکەوتەی جوگرافیش لای باکوری ئەم ناوچەیە بریتی یە لە گوندی (باریکە) و لای ڕۆژهەڵاتی کلکەی کەنی زەردو تەوەری باشووریشی (ملەکونارە) . هەروەها لای ڕۆژئاوای بریتی لە گوندی (کانی ماسی) سەرڕۆخی ڕووباری سیروان . بەسەریەکەوە تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و دەست پێکردنی پرۆسەی (تەعریب)ی چڕ و پڕ لەم ناوچەیەدا، نزیکەی (٢٠ — ٢٥) گوندی ئاوەدان بووە . بەڵام تا ئێستاش چەند گوندێکی کەمی نەبێت، بەباشی ئاوەدان نەکراوەتەوە . هەرچەندە بەشێوازێکی چڕوپڕ بەرهەمی کشتوکاڵی تیادەکرێت، بە هەموو بەشەکانیەوە . جگە لەوەش لەڕووی زمان و قسەکردن و سامانی فۆلکلۆرو داب و نەریتی کوردەوارییەوە بەهەموو بە شەکانیە خاوەنی خەسڵەتی زۆر تایبەتی خۆیەتی و خوا یار بێت لە داهاتوودا کتێبێکی سەر بەخۆی لە سەر بڵاودەکەینەوەو ڕۆشنایی زیاتر دەخەینە سەر ئەم ناوچە گرنگ و دەوڵەمەندەی وڵاتی کوردەواریی .

– بەردەهەسان: بەو بەردە ساف و لوسە دەوترێت، کە جوتیارانی دروێنەکار بەکاری دەهێنن بۆ تیژ کردنی داسی دروێنە یان بۆ تیژکردنی ئەوچاری (هەورێم) یەی کە مەڕیان پێ برینە دەکرد.

– عەبدوڵڵائاغای باجەڵان (١٨٨٤- ١٩٦٤)، وەک دەگێڕنەوە هەرچەندە کەسایەتییەکی نەخوێندەواربووە، بەڵام وەکتر کەسایەتیەکی شارەزای بواری کۆمەڵایەتی بووەو ڕۆڵێکی بەرچاوی لەچارەسەرکردنی زۆرێک لەکێشەی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی نێوان هۆزەکانی ناوچەی بنکورەو شاری خانەقیندا هەبووە، سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەکیش وەک راوێژکاری ئەنجوومەنی شارەوانی شاری خانەقین کاری کردووە.

– مەلا ئەحمەدی زاری: بەپێی گێڕانەوەی هەریەک لە مامۆستا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە و کاک ئیبراهیم باجەڵان خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی زاری مەلایەتی نەکردووەو لە هەمووژیانیدا، کەسایەتیەتی خواناس و فەقیر حاڵی ناوچەی (بنکوورە) و دەککە بووە، بەڵام هەندێک جار تەنها دەرسی بەو مناڵانە وتۆتەوە، کە سەرەتای دەست پێکردنیان بووە بۆ خوێندنی ئایینی و سەرەتاکانی خوێندنی قورئانی پیرۆز، هەروەک وەک مامۆستا عەلی مەلا ئەحمەدی دەککە دەڵێت: زۆرباش دێتەوە بیرم هەمیشە مەلا ئەحمەدی زاری بەسواری وڵاخێک، بە دێهاتەکانی ناوچەی (بنکوورە) دا دەگەڕاو زۆرجاریش دەهاتە لای باوکی خوالێخۆشبووم و هەروەها دەچووە ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی ئیبراهیم

بەگی جاف (١٨٨٧- ١٩٥٢) لە ئاوایی دەککە، ئەوانیش و خەڵکی ناوچەکەش هەر یەکەو بەپێی توانا یارمەتیان دەداو هاوکات سەردانی شاعیری ناسراوی ناوچەی بنکوورە شێخ بابا عەلی بێداری (١٨٩٤- ١٩٤٩) ی دەکرد لە ئاوایی گەورەو پەیوەندیان پێکەوە خۆشبوو . پێم وابێت لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، کۆچی دوایی کردووەو تەنانەت گۆڕەکەشی دەکەوێتە گوندی (ئاوایی گەورە)ەوە، لە ناوچەی (بنکوورە) و هەروەها قسە لەسەر ئەوەش دەکرێت، بەوەی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا لە عێراق، برایەکی هەبووە بەپلەی ئەفسەر لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانی ئەوکاتەدا .

– جاران لە لادێکانی ناوچەی بنکوورەی ئێمەدا، بە بیرم دێت، بە ژووری میوان دەوترا (دیوەخان)، بە ژووری نووستن و بەتایبەتی ئەوەی، کە جلوبەگ و نوێن و خەرزینی ماڵانی تیا دادەنراو ڕێکدەخرا دەوترا (نیشتمان) و بە حەمامی خۆشتنی ماڵانیش دەوترا (سەرشۆرک)، شوێنێکیش هەبوو پێی دەوترا (ئاگردان)، ئەمەیان زیاتر شوێنی موبەقی ئێستای گرتبووەوەو زۆر جاریش کەنووی ئاردی ماڵان و هیزەی ڕۆن و قاپ و قاچاخ بە زۆری لێرە دادەنران، جگە لەوانەش (تەنووربان) یش هەبوو بۆ شوێنی نانکردن و هەروەها (بەردەڵان) یش هەبوو، ئەمەی دواییان لای دەرگای حەوشەوەی ماڵانەوە بوو بەرەو دەرەوە، جگە لەوانەش شوێنێکی دیش هەبوو تەنها لە ماڵانی ئاغا وکوێخا وخەڵکانی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوواندا بەناوی (حەرەم)ەوە، کە ئەمەش تایبەت بوو بە ژنانی میوانەوە، شان بە شانی ئەوانەش (کوڵەنان) هەبوو، کە زیاتر مەشکەی دۆ و کونەی ئاو خواردنەوەی لە سەر دادەنرا بەجۆرێک یەکەمیان: لە کەوڵی خۆشەکراوی مەڕو بەران و هەندێ جار گوێرەکە و دووەمیان: لە کەوڵی خۆشەکراوی ئاژەڵی بچووکی وەک مەڕو بزن و گیسک کاوڕ دروست دەکران، بەمەرجێک لە کاتی گروونیاندا واتە (کەندنیان) دا، کوون نەبوونایە زۆر باشترو پەسەند تر دەبوون . بەجۆرێک هەموو ئەمانەی، کە دەیڵێم: هەر هەموویینام، بە واقعی و بە ڕوونی لە ماڵی خۆماندا، لە ناوچەی بنکوورەو ئاوایی (غێدان) دیوەو تەنانەت بەچاوی خۆم دیومن، کە چۆن ئامادەکران و دروست دەکران و هەروەها چۆن بەکار دەهێنران بۆ کاتی پێویست .

– کچی کافرۆش: چیرۆکی کچی کافرۆش یان ئەفسانەی کچی کافرۆش، وەک گەلێک چیرۆکی دیکە، تا ئێستاش چەندین گێڕانەوەی جیاوازی بۆکراوە . بە زۆری گێڕانەوەکانیش لە سەر یەک هێڵ یەک دەگرنەوە، بەوەی کە گوایە ئەم کچی کافرۆشە، کچێکی کورد بووەو زۆرجوان و دڵگیرو سەرنج ڕاکێش بووە . لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨) دا، کاتێک ئینگلیزەکان هاتوونەتە باشووری کوردستان . حەزیان لێی کردووەو لەگەڵ خۆیاندا ڕاپێچیان کردووە، واتە ڕفاندوویانە، هەروەها هەندێک لە چیرۆکەکانیش باس لەوە دەکەن، کە گوایە کچی کافرۆش لەو کاتەدا، کە لە نێو تەیارەدا بووەو ڕفێنراوە . خۆی فڕێ داوەتە خوارەوە بۆ ئەوەی نەبێتە ئەسیرو دیلی دەستی چەپەڵی ئینگلیز، ئیدی لێرەبەواوە ئەم چیرۆک و سەربوردەیە بووە بە بابەتێکی ئەفسانەیی و دەماو دەم و پشتاوپشت دەگێڕدرێتەوە، لە هەمانکاتیشدا بووە بە جێی سەرنج و لێکدانەوەی زۆرێک، لە شێوەکارو نیگار کێشانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو بەزۆری لە بەرهەم و کارە هونەریەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ڕەنگە کاریگەریی و هەر ئەو ڕەنگدانەوەیەش بووبێت، کە وای لە زۆرێک لە نیگارکێش و شاعیرو هونەرمەندانی کوردیش کردبێت، کە بە هەمان ڕەوت بایەخیان بەم بوارە ئەفسانەییە یان واقعییە دابێت و هاوکات کردبێتیانە هەوێنی کەڤاڵ و لەوحەو شیعرو کارە هونەریەکانیان لە ڕابروودا، هەرچەندە ئەم بابەتە چ وەک ئەفسانە و چ وەک لێکدانەوەیەکی واقیعی مێژوویی لەنێو ئەفسانەی گەلان و میللەتانی تورک و عەرەب و تاڕادەیەک نەتەوەکانی تریشدا ڕەنگی داوەتەوەو هەر یەکەشیان

بەجۆرێک، خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی دەزانن . بۆ زیاتر بڕوانە: دکتۆر فەرهاد پیربالْ قەساب، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، (سلێمانی: ٢٠٠٩)، ل ١٩١– ١٩٤ .

– دکتۆر جاک عبوودی شابی: پزیشکی پسپۆری بەڕەگەز جوولەکەی عێراقی، جاک عبوودی شابی لە ساڵی (١٩٠٨)دا، لە شاری بەسر هاتۆتە د، نیاوەو خوێندنی دوا ناوەندی لە شاری بەغدا تەواوکردووەو لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ وەک مامۆستایەکی سەرەتایی دامەزراوە، بۆ ساڵی دواتر کە کۆلێژی پزیشکی دادەمەزرێت، یەکێک دەبێت لە خوێندکارە سەرەتاییەکان کە تیایدا دەبێتە خوێنکارو لە ساڵی (١٩٣٢) دا کۆلێژی پزیشکی تەواودەکات و دواتریش وەک دەنرێردرێتە شاری لەندەن بەمەبەستی بەدەستهێنانی پسپۆری تایبەت لە بواری پزیشکی بە تایبەتی (الگب العێبی)، دوای گەڕانەوەی بۆ شاری بەغدا وەک پزیشکێک لە نەخۆشخانەی پاشایەتی عێراقی لە (ئابی ١٩٣٣) دادەمەزرێت و لەساڵی (١٩٣٩)ەوە، وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی پزیشکی دادەمەزرێت و لە ساڵی (١٩٤٨) ەوە دەکرێتە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نەخۆشیەکانی (العێبیە و العقلیە) لە شاری بەغداو لە ساڵی (١٩٥٠) بەدواوە، نەخۆشخانەیەکی تایبەت دەکاتەوە بە یەکجاری واز لە وەزیفەی حکومی هەڵدەگرێت، هەروەها لە ژیانی زانستیدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زانستی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵی (١٩٧١) بەدواوە وڵاتی عێراق بە جێ دێڵێ و لە لەندەن دادەنیشێ و لە گەڵ ئەوەشدا وەک پزیشکێک لە خزمەتی بەندکراوەندا کاردەکات و لە ڕێکەوتی (١٨ی تەمووزی ١٩٨٠) لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە: میر بێری، ڕعلام الیهود فی العراق الحدیپ، (لندن: ٢٠٠٦)، ێ ٢٠٦– ٢٠٧ .

ناوچەی کفری و دەوروبەری لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە

هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

پێشەکی:

توێژینەوەیەکە لەسەر (ناوچەی کفری و دەوروبەری لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە)، قۆناغی نوێی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەوڕۆکەی ڕۆژهەڵاتناسی، بۆتە مژاری کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان، چ لە سەر ئاستی سیاسی – ئابووری و چ لەسەرئاستی فەرهەنگی – شارستانییەتیدا، دیاردەیەکی نوێ و تێڕامانێکی نوێ لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتەوە پێناسە دەکرێ بە سەرەنجدان لە گۆڕانکارییەکانی جیهان لە پانتایی نێونەتەوەییدا و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەگەڵ ڕەوتی بە جیهانیبوون یان گلوبالیزم کە وەک پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند و فرە چەشن، سنوورە نەتەوەییەکان دەسڕێتەوە ئەوەی مایەی هەڵوێستەلەسەر کردنە ناوچەکە جێگەی سەرەنج و چاوتێبڕینی گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان بووە، هەر ئەمەش وایکردووە بەدرێژای مێژوو ئەم گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسانە بەردەوام بۆ مەبەستی بەرژەوەندی خۆیان کوردیان بەکارهێناوە، ڕۆژهەڵاتناسەکان و بازرگانەکان سەردانی ناوچەکە بکەن بە هەر دوو دیوی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە ناوچەکەیان ڕوانیوە.

گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ئاشنامان دەکات بە ناوچەی کفری و دەوروبەری لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، ئەمەش بۆدانیشتوانی ناوچەکە، جێگەی بایەخ و تێڕامانە،چونکە شاری کفری هەر لە دێرزەمانەوە وەک ناوەندێکی پێکەوە بەستنی بازرگانی وابووە لە ناوچەکەدا و هاوکات خاڵی پێکەوە گرێدانی شاری سلێمانی و بەغداد و کەرکوک و موسڵ بووە، لەناوچەکەدا بەتایبەتی لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەدواوە کە سکەی شەمەندەفەر بەم ناوچەیەدا تێپەڕیوە.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ناوچەی کفری و دەورووبەری لەڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە بەشێوەیەکی ورد بۆ ئەوەی بایەخ و گرنگی ناوچەکە بزانرێت.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و سێ بەش و حەوت باس و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، کە تەواوی توێژینەوەکەی لە سەر بنیادنراوە.

بەشی یەکەم باس لە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان لەلێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی بیانیدا، وە لە بەشی یەکەمدا دەبێتە دوو تەوەری سەرەکی تەوەری یەکەم پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بەڕۆژهەڵاتناسی و زانستی ڕۆژهەڵاتناسی، ولە تەوەری دووەمدا باسی بایەخی باشووری کوردستان لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا کەباس لە ناوچەی کفری و دەرووبەری لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە دەکات، وەلەم بەشەشدا کەدەکاتە سێ تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم بەناوی سەرهەڵدانی ژیان و نیشتەجێ بوون لە ناوچەکەدا، لەتەوەری دووەمیشدا تەوەری دووەم: بایەخی شاری کفری لە ڕوانگەی کاری بازرگانی و ئاوەدانییەوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە باس لە لێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بەدانیشتوان و دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە. دەکات و دەبێت بە پێنج لقەوەهەریەک لەمانەی خوارەوە.

یەکەم: دانیشتوان.

دووەم: خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکە و ململانێی دەسەڵات.

سێیەم: بارودۆخی ئابووری و گەشەکردنی بازاڕ.

چوارەم: بارودۆخی ئافرەت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا.

پێنجەم: بۆچوونە ئاینی و نەتەوەییەکان.

بەشی سێیەم باسکردنەلە دیدی ڕۆژهەڵاتناسان و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ناوچەکە لەتەوەری یەکەمی بەشی سێیەمدا باس لە نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژوو و بارودۆخی ناوچەکەدەکات و لە تەوەری دووەمیشدا باس لە ڕەنگدانەوەی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ڕۆژهەڵاتناسان و سەبارەت بە دانیشتوان و داب و نەریتەکۆمەڵاتیەکان دەکات.

کێشەی توێژینەوەکە:

هەموو بابەتێک لە کاتی هەڵبژارنیدا ئەبێت ئامادەی هەموو جۆرە ئاستەنگ و گرفتێک بێت، کە ئەم بابەتەی ئێمە لەوە بەدەر نییە هەر لە نەبوونی سەرچاوەی زانستی پێویست و نەزانی زمان وکاتی کەم ئەمانە هەمووی گرفت دروست دەکەن، بەڵام پاش خوێندنەوەیەکی باش بۆ بابەتەکە تاڕادەیەک توانیمان بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ بین.

بەشی یەکەم: کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان لەلێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی بیانیدا.

تەوەری یەکەم: پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بەڕۆژهەڵاتناسی و زانستی ڕۆژهەڵاتناسی.

ڕۆژهەڵاتناسی هەوڵ و کۆششی ڕۆژئاوایە بۆ ناسین و ئاشنابوون بەڕۆژهەڵات و دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەروکاری (بەندیواری) ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵاتەوە ولە دوایشدا بەرهەمی هۆکاری ئەو بەندیوارییە، مێژووی ڕۆژهەڵاتناسیش مێژووی شێوازی ئەو بەندیواری و پەیوەندییە کە ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵاتناسی پێ ناسیوە و بەرەوپێشچوونی ئەو تێڕوانینە ڕۆژئاواییە بۆ ڕۆژهەڵات و ئەو هۆیانەش کە لە دروست بوونی بەشداربوونە، دیارە سەروکاری جۆراوجۆری ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵات جۆرەها ئامانج و مەبەست گەلی لێکەوتووەتەوە و لە نووسینی ڕۆژهەڵاتناساندا ڕەنگی داوەتەوە، ئیدی شێواز و جۆرەکانیشی جۆراوجۆربوون و نووسینی ناوەڕۆک ئاینی و ئامانج میسینێری لێ کەوتەوە، هەرچی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانن، ئەوا شێوازی دیکەی ڕۆژهەڵاتناسی لێ بەدەر دراوە، دامو دەزگا ئەکادیمییەکانیش چەندین نەوەی ڕۆژهەڵاتناسیان دەرچواند و سازکرد کە دەستکەوتی زانستی ڕەسەنیان بە دەست هێنا[1].

قۆناغی نوێی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەوڕۆکەی ڕۆژهەڵاتناسی بۆتە مژاری کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان، چ لە ئاستی سیاسی — ئابووری و چ لەئاستی فەرهەنگی — شارستانیەتیدا دیاردەیەکی نوێ و تێڕامانێکی نوێ لەبەرامبەر ڕۆژهەڵاتەوە پێناسە دەکرێ[2]. هەر بۆیە پێویستە لە بەرانبەر ئەو هەموو توێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسیانەدا هەڵوێستەدەکەین و دەپرسین، ئاخۆ ڕوو لەو ئاکارانە وەرگێڕین، بەبیانووی ئەمەی گوایە بەمەبەستی ڕق و قین و ئامانجی ئیمپریالیزمیانە نووسراون؟ یاخود لە هەمبەر کارێکی ڕۆژئاواییە؟ لە نێو ڕۆژهەڵاتناساندا، ڕۆژهەڵاتناسی واهەیە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە مێژووی گەلاندا بە خەرج داوە[3].

ڕای جۆراوجۆر سەبارەت بە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی هەیە، بەڵام نیمچە کۆدەنگییەک لە نێوان توێژەران هەیە، کە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ڕەسمی بۆ کۆمەڵگای ڤیەنای کەنیسەیی (١٣١٢ز) دەگێڕێتەوە و تێدا بڕیاری دامەزراندنی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی لە ئەوروپادا[4]. ڕۆژهەڵاتناسی بەزانستێکی زۆر گرنگی مێژوو بە هەموو لایەنەکانیەوە دادەنرێت، چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە لە ناوەندە کولتورییەکانی دونیا[5].

(١) تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم، ڤلادیمیر ف، مینۆرسکی و ڕۆژهەڵاتناسی، و: ئازاد عوبێد یاڵح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،٠ هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٦-٢٧.

(٢) ئەفراسیاب گرامی، ئاخێوی گفتمان، ڕۆژهەڵاتناسی، ب،ش،ب،س، ل٥.

(٣) تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم، س،پ، ل ٢٨.

(٤) محمود حمدی زقذقە، الاستشراقە والخلفیة الفکریة الصراع الحضاری، الناشر دار المعارف، القاهرة، بدون سنة، ص١٨؛تاریق محەمەد عەبدولرەحیم، س،ث، ل٢٦.

(٥) ئامانج احمد مستەفا، مێژووی نوێ و هاوچەرخ، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، ٢٠١٣ — ٢٠١٤، ل ٥.

زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی، بەعەرەبی (الإستشراف) و بە فارسی (خاور شناسی) (شروشناسی) کە لە وشەی فەرانسیەوە (orientalism) (ئۆریانتالیزم) وەرگیراوە، کە لە پێناسەیەکی گشتی دا، دەتوانین بڵێین: زانستێک بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی، پێشینەی ئەم پرۆسەیە، پێشینەیەکی دوور و درێژە، تەمەنێک کەلە نێو هەموو ڕووداوەکانی مێژووی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و گۆڕانکارییەکانیان هەڵبەزودابەزێکی زۆری کردووەو ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە پێڤاژۆی مێژوویدا دەبێتە لانکەی سەرهەڵدانی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی و پرۆسەیەک بۆ ناسینی ڕۆژهەڵات[1].

هەروەها زانستی ڕۆژهەڵاتناسی گەشەی کرد لە زانکۆ سەرەکیەکانی ئۆکسفۆرد و پۆڵۆنیا و کامبریچ دەستیان کرد بە وانەوتنەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بەتایبەت عەرەبی، لە فەرەنساش لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا بوو، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی چەسپا، ئەوە بوو لە ساڵی (١٥٣٠) دا لە پاریس کۆلێژی شاهانە (CollegeRoyal) لە سەردەمی فرانسوای یەکەمدا کرایەوە و لەو کۆلێژەدا دەرسی زمانی یۆنانی و عیبری دەگوترایەوە، هەر لەهەمان سەردەمدا لەئەنجامی پێشکەوتنی بازرگانیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، پەیوەندیی دپیلۆماسی و سیاسی نێوان فەرەنسا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات پەرەی سەند، لە سەدەی شانزەیەم بەملاوە، وڵاتی فەرەنساش باڵوێزخانەی خۆی لە پایتەختەکانی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویی ئێراندا کردەوە، ئەمە کارێکی باشی کردەسەر پێشکەوتنی پەیوەندیی کولتوریی نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵات، هێندەی پێ نەچوو، لەبەر بایەخی زانستەکە لە ساڵی ١٨٧٣دا یەکەمین کۆنگرەی نێونەتەوەییانەی ڕۆژهەڵاتناسی بەسترا بەناوی (الموتمر الدولی الاول للاستشراق)[2].

لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە بەملاوە لەگەڵ پێشکەوتنی بیری سیاسی و ڕوناکبیریدا و لەگەڵ تێکچڕژانی ڕێبازە فەلسەفی و سیاسییەکان و بەیەکترهەڵپژانی دنیای ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاوا و قووڵبوونەوەی بەرژەوەندی و ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو دنیا جیاوازە، بابەتی ڕۆژهەڵاتناسیش قووڵتر بووە، دووری و لایەنێکی سیاسی وەرگرت[3].

هەروەها زانستی ڕۆژهەڵاتناسی شێوازێکی ڕۆژئاواییانەی دەسەڵات پەیداکردنی ڕۆژئاوایە بەسەر ڕۆژهەڵات[4].

هەر لەم نێوەندەدا چەندین کتێب و زانیاری لە سەر ڕۆژهەڵات خرانەڕوو بە شێوەی دیپلۆماسی بێت یان توێژینەوە، ئەم زانیاریانەش وای کرد بایەخێکی گرنگ بدرێت بە

---

(١) ئەفراسیاب طرامی، س،ث، ل ١١.

(٢) فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە،چ١،هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١١-١٢.

(٣) فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە ، ل١٢.

(٤) محمود حمدی زقذقە، س،ث، ل ١٩.

ڕۆژهەڵات لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، ئەمەش وای کرد بابەتی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆ سەرەکییەکانی ڕۆژئاوا ببێت بە مژارێکی بە هێز لەو نێوەندا زانستیەکاندا[1].

جگەلەوەش ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ دوو مەبەستی سەرەکی هاتوونەتە ڕۆژهەڵات، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لە سەر گەلانی ڕۆژهەڵات و نەتەوە جیاوازەکان ئەمەش بۆ دوو مەبەست:

یەکەم: بە نیازی داگیرکردن: بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی زانیاری کۆ بکەنەوە بۆ ڕێخۆشکردن بۆ داگیر کردن.

دووەم: سوود وەرگرتن لە ئەزموون و کەلتووری ڕۆژهەڵات، بۆ ئەمانەش گەلێک نووسین و دەستنووسی و کتێب بە هەموو زمانەکان هەیە[2].

لە هەمان کاتدا، لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ئەنتوان گالاند توانی کتێبی (هەزار و یەک شەوە)بکاتە فەرەنسی و لەو ساڵەوە بایەخدانی فەرەنسیەکان بە ڕۆژهەڵات و وەرگێڕانی ئەدەبیاتی سیحراوی ڕۆژهەڵات زیاتر برەوی سەندوو، ژمارەی کتێبە وەرگێڕاوەکان بۆ نموونە بە فەرەنسی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا گەیشتە (٦٠٠) کتێب، ئەمە لە کاتێکدا لە ماوەی نێوان ١٦٥٠ — ١٧٠٠دا تەنیا (٨٤) کتێب بە زمانی فەرەنسی لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە نووسرابوون[3].

بە پێی ڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان و زانایان و مێژوونووسانی عەرەب ناوچەی میزوپۆتامیا بە بەردەوام ناوچەیەکی زیندوو و کراوە بووە لە بەردەم گشت ئاراستەکاندا و لە ڕووی توخمەوە چەندین سەدەیە تێکەڵەیە و زۆربەی سەلالەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا و ڕەگەزی ئەلبیی دەریای ناوەڕاست گرتووەتە خۆی [4]

تەوەری دووەم: بایەخی باشووری کوردستان لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە.

سەبارەت بە بایەخدانی ڕۆژئاوا بە وڵاتی کوردەواری و گەلەکەی، ئەوا کوردناسی شوێنێکی فراوانی لای ڕۆژهەڵاتناسان داگرتووە، کورد وەک گەلێکی ڕۆژهەڵاتی زیندوو، لە مەڵبەندێکی ستراتیژی خودان شارستانی دێرین، توانایەکی ئابووری گەش، ئەمە وێرای فراژۆبوونی نەخشی سیاسیی و ڕۆشنبیریی ڕۆڵەکانی نەخاسما لە سەدەی بیستەمدا، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی بایەخ پێدانی ڕۆژئاوا بە کوردستان و گەلەکەی، ڕۆژهەڵاتناسان هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی زمان و دیرۆک و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ژیاری کوردیان فەرامۆش نەکردووە و بە توێژینەوە و باس و خواس و بەدواداگەڕان لە

---

(١) ئەفراسیاب طرامی، س،ث، ل ١٢.
(٢) شوکریە ڕەسوڵ، کوردناسی و ڕۆژهەڵاتناسی، ب،ش، ٢٠٠٣، ل ١.
(٣) فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە،ل ١٢.
(٤) سەلاح بەدرەدین، بزوتنەوەی نەتەوەیەتی کورد لە سوریا، ب،ش،ب،س ،ل ٧.

ئاستیا هەڵوەستەیان کردووە و بە تێروتەسەلی لێی دواون،و توێژنەوەکانیان ئەوەندە زۆر و جۆراوجۆربوون تەنانەت پێویستی بەسازکردنی پێرست و بیبلۆگرافیا کرد، بۆ بەسەرکردنەوەیان و ئاسان کردنی کاری توێژەران[1].

ئەوەی نوسراوە لەسەر کورد لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر کوردیان نووسیوەلە بوارە جیاواز و سەردەمە جیاوازەکاندا، دیارە نووسەر و مێژوونووسەکان، چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ خۆیان هاتوونەتە کوردستان و بە شێوەیەکی مەیدانی بە ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاون و چییان بینیوە و بیستووە دەربارەی کورد نووسیویانە و تۆماریان کردووە، یاخود هەندێکی تریان لێکۆڵینەوە یان لەم بارەیەوەکردووە، یان کۆمەڵێکی تریان لە وڵاتەکانی خۆیانەوە پشتیان بەسەرچاوەی گەڕیدەکان و ئەوانی تر بۆ مەبەستی جۆراوجۆر سەردانی کودستانیان کردوووە بەستووە و دواتر لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە و سەرجەم لایەنەکانیان ناساندووە، بۆیەلیرەدا پێویستە کورتەیەک لە بارەی ئەوانەی یەکەم جار سەردانی کوردستانیان کردووە و لە سەر کوردیان نووسیوە بیخەینەڕوو[2].

یۆنانیەکۆنەکان یەکەم کەس بوون کە هاتوونەتە کوردستان و بۆ یەکەم جار کتێبیان لە بارەی کورد و وڵاتی کوردە وە نووسیوە[3].

یەکەم گەڕیدەی یۆنانی کە هاتبێتە کوردستان و نوسراوێکی لە بارەی کوردەوە بە جێ هێشتبێت، بریتییە لە سەرۆک لەشکر و ڕێبەری سەربازی یۆنانی (ئیگزەنفون)* کە لە (٤٠٠پ،ز) بەرۆژهەڵاتدا تێپەڕیوە و سەفەرنامەی ئەو گەشتانەی خۆی لە کتێبی

---

(١) تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم،ڤلادیمیر ف:مێنۆرسکی،س،پ،ل٢٧؛ مەعرووف خەزنەدار، بیبلۆگرافیای کوردی،گۆڤاری ڕۆژی کوردستان،بەغدا ١٩٧٢،ژمارە (٨) ل ٤٤-٤٥.

(٢) سەرکەوت شەریف ئیسماعیل، کوردناسی لای ئینگلیزەکان، گۆڤاری کۆچ،ژمارە (٩)٢٠٠٨،ل ٩٦-٩٧.

(٣)فەرهاد پیربالْ، سەرچاوەکانی کوردناسی،بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاویژ،سلێمانی،١٩٩٨،ل١٧.

* ئیگزەنفۆن: یان زەینەفۆن یۆنانی لە ساڵی (٣٥٤پ،ز) لە دایک بووە، مێژوونووس و فەیلەسووف و سەربازێکی یۆنانی بووە، قوتابی سوقرات بوو ناسراوبوو بە هۆی نووسینی مێژووی سەردەمەکەی خۆی، ئاناباز بەرهەمە بە ناو بانگەکەیەتی ساڵی (٤٣٠ پ،ز) کۆچی دوایی کردووە .بڕوانە: (ب،ن ، یۆنان و شارستانیەت، ب،ش،س،چ،ل ٣٧).

* کاردۆخییەکان: کۆنترین سەرچاوە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئاماژەی بە وەرگێڕانی زمانی کوردی بۆ زمانێکی بێگانە کردبێت، کتێبەکەی فەیلەسوف و مێژوونووسی یۆنانی (ئیگزەنفۆن)ە، بە ناوی ئاناباز کە ٤٠١ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح نوسراوە، ئەم فەیلەسوفە ڕابەرایەتی (١٠) هەزار سەربازی یۆنانی دەکات، کە لەلایەن کورشی فارسەوە بەکرێ گیرابوون بۆ شەڕی براکەی ئەردەشێری دووەم کە پاشای ئێران بوو، بۆ ئەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی لە براکەی وەرگرێت و بەخۆی ببێ بە فەرمانڕەو، لە کاتی گەڕانەوەی ئەم (١٠) هەزار سەربازە بە ناوچەی کاردۆخییەکان تێپەڕدەبێ و لەگەڵیان تووشی پێکدادان دەبن، زەینەفون کاتێک دەگاتە ناو کاردۆخییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەکدارە یۆنانیەکان لە ڕێگای وەرگێڕێکەوە قسەیان لەگەڵ کاردۆخییەکان کردووە. بڕوانە: (ڕێکس وارنەر، گەشتەکەی زینۆفۆن،و: محمد مسعود محمد، چ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل ٢٥٠ ؛ کاردۆخییەکان و ئاناباز، ماڵپەری زانکۆی سۆران. (٦=bih&١٣٦٦=https://www.google.iq/search?hl=ar&biw
D٪٨٦٪AF٪DB٪D٨٪B١٪D٨٪A٧٪D٨٪ei=vt٧FXNfcJI٢QmwX٥j٧fIBw&q=٪DA٪A٩&٢٥
٪D٨٪A٧٪D٨٪oq=٪DA٪A٩&+٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪DA٪A٩٪٩٥٪٨C٪DB٪٨C٪DB٪AE٪DB٪٨
gs_&+٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪DA٪A٩٪٩٥٪٨C٪DB٪٨C٪DB٪AE٪DB٪D٨٪٨٦٪AF٪DB٪D٨٪B١
.(gws-wiz.qVhagzih٤cc..١.....٠......١-.٣٢٠.٣٢٠.٣...٠..٠...٨٤٧٣٧..٨٤١٨٢.٨٤١٨٢...٣.l=psy-ab

(ئاناباز)دا به زمانی یۆنانی کۆن نووسیوەتەوە، هاوکات بەشێکی سەفەرنامەکەی تەرخان کردووە بۆ گێڕانەوەی ئەو کارەساتە ناهەموارانەی کە خۆی و لەشکرەکەی لە کوردستاندا بەسەریاندا هاتووە و ئەو شەڕ و شۆڕانەی لە وڵاتی کوردەکاندا ڕووبەڕوویان بۆتەوە، ئەم چەند لاپەڕە دەست نیشان کراوەی (ئێگزەنفۆن) لە بارەی (کاردۆخیەکان)* لە کتێبی (ئاناباز)دا بەیەکەمین و دێرترین سەرچاوە لە قەڵەم دەدرێت لە بارەی نەژادی (کورد)ەوە، کەواتە ئاناباز یەکەمین و کۆنترین دیکۆمێنتی مێژووییە کە ناوی کوردی تێدا هاتبێت و چیرۆکی پەیوەندی نێوان کوردمان بۆبگێڕیتەوە، ئەم بەرهەمە کۆنترین لێکەدانەوەی خەڵکی بێگانە و یەکەمین بینینی ڕۆژئاواییەکانە بۆ ئاکار و کەسایەتی مرۆڤی کورد و نیشتیمانەکەی[1].

لەپاش (ئێگزەنفۆن) چەند نووسەر و سەرۆک لە شکرێکی دیکەی یۆنانی سەردانی کوردستانیان کردووە یاخود لەبارەی کوردانەوە کتێیان نووسیوە، وەک (ئەسکەندەری مەکدۆنی)، (٣٢٣_٣٥٦ پ،ز) پاشان مێژوونووسی ناوداری یۆنانی (هیرۆدۆت)، (٤٢٠) ساڵ پ،ز و جوگرافیا ناسی ناوداری یۆنانی (سترابۆن) (٥٨ پ،ز) کە بە (KYRTOI) ناوی کورد دەبات[2].

لەدوای یۆنانیەکان، ئەرمەنەکان بەدووهەمین ئەو کەسانە دادەنرێن کە لەبارەی نەتەوەی کوردەوە زانیاریان تۆمار کردبێت[3].

سەرچاوەکانی کوردناسی لە ئەوروپای ساڵانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمیشدا لە کتێبەکانیاندا تەنیا لە چەند بەشێکدا باسی کوردیان کردووە، هەمووی تەرخان نەکراوە بە کوردوکوردستان،بەڵام لەبارەی چەندێتیەوە زیاتر بوون، چونکە لەوسەردەمانەدا بابەتی کورد و کوردناسی هێشتا لە ئێراننناسی جودا نەکرابووە، چونکە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی ئەم بوارە زاراوەی ئێران، واتا سیاسی و قەوارەی دەوڵەتی نەدەگەیاندن گروپی سلاڤی یان لاتینی یان جەرمەنی بەکاردەهێنرا، هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەت و دەوڵەت و چارەنووسی نەتەوەییەوە نەبوو، هەرچۆنێک بێت لە سەدەی حەڤدەهەمدا بۆ یەکەمین جار ناوی کوردستان لەسەر ناونیشانی بەرگی کتێبێکدا تۆمار دەکریت، ئەمەش لەلایەن گەڕێدەیەکی ئەڵمانی بە ناوی (O OAPPER) لە سەفەرنامەیەکدا بەناونیشانی (ASIE ODER AUSFUHRIL CHREI BUNG DES RICHS) کەلەساڵی ١٦٨١ لە نوورمبێرگ چاپکراوە،لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا کوردناسی لە روسیا و ئیتالیا و ئینگلستان و ئەڵمانیا و فەرەنسا سەری هەڵدا، لە روسیا ناسینی

(١) فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە،ل١٦.
(٢) فەرهاد پیربال، سەرچاوەکانی کوردناسی،ل١٨-١٩؛سەرکەوت شەریف ئیسماعیل، س،پ،ل٩٨
(٣) سەرکەوت شەریف ئیسماعیل،س،پ،ل٩٨ ؛کەمال مەزهەر، ماتێنەدەران، گۆڤاری بەیان ژمارە (٣٠)، بەغدا، ١٩٧٥، ل٩.

کورد و زمانەکەی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم، واتە بۆ ئەو دەمەی کە ئەکادیمیای زانستی روسی (فەرهەنگی بەووردێتی هەموو زمان و شێوەکان)ی لە چاپدا، ئەم فەرهەنگە کە لە ساڵی ١٧٨٧ز،دا بڵاوکراوەتەوەبە (٢٠٠) زمان کە زمانی کوردیش یەکێکیانە تیایدا تۆمارکراوە[١].

ئینگلیزەکان چاویان بڕیبوە ناوچەکوردنشینەکانی ئێران ودەوڵەتی عوسمانی و لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە گرنگیەکی تایبەتیان بە کوردستان دەداو پیاوانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی، هەر جارەی بەناوێکەوە سەردانی ناوچەکوردیەکانیان دەکرد، بۆ نمونەلە ساڵی ١٨٥٧دا دکتۆرێکی سەربەم کۆمپانیایە بە ڕێگای کەرکوکدا تا ناوچەی ماردین چووە، دوا بەدوای ئەوەش چەند فەرمانبەرێکی دیکەی ئەم کۆمپانیایە رووە و ناوچەیەکی کوردستان دەستیان بە گەشتو گەڕان کردووەلەوانە (د: کامپیل هاول) و چەندانی تریش[٢].

داگیرکەرانی کوردستان دەستیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دژی کورد وناولێنانیان بە دز وجەردە، هەر کاتێک کورد داوای مافی خۆی کردبێ بە دز وجەردە لە قەڵم دراوە ئەم کارە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، نەبوونی کەسێک یا لۆبییێک کە داکۆکی لە مافی کورد بکات لەو سەردەمانەدا، هەر هیچ نەبێ ئەو پڕوپاگەندانە بە درۆ بخاتەوە کە لەسەر کورد وکوردستان دەنوسرا خەڵکێکی زۆر دەیانخوێندەوە، کتێبی ئەو گەشتیارانە وەک ئەنتەرنێت (internet) وسەتەلایت ئەو ساتە خەڵک زانیاریان تیا هەڵدەهێنجا،ئەو ڕوژهەڵاتناسانە خویان پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی وەک دیپلومات یان وەرگێڕ یان کۆنسڵ کاریان کردووە ئالێرەدا نەیانویستووە عوسمانیەکان لە خویان بڕەنجێنن، ئەمە لەلایەک، هەروەها خۆیان هیلاک نەکردووە،بۆئەوەی لە ڕاستی مەسەلەکان بگەن بەڵکو زورجار سەرچاوەی عوسمانیان بۆ نوسینەکانیان بەکارهێناوە نموونەی ئەوانەش هامەر پوورگشتاڵی نەمساوی و میلینگی ئینگلیزیەبۆ نموونە کتێبی بارتۆڵدشیوولەرز بە ناونیشانی (ئێران لە سەرەتای ئیسلام و سەردەمی مەغۆلەکان)، هەروەها کتێبی هانس ڕۆبیرت رۆمێرس (ئێران لە سەدەی چواردە تا سەدەی هەژدە) کە لە ئینگلیزیەوە کراوەتە ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٨٩ یان کتێبی مێژووی هەرێمەکانی ئێران کە هێربەت بووس نووسیوویەتی ئەم کتێبانە باسی کوردیان کردووە، چونکە کورد یەکێک بووە لە گەلانی ئێرانی. کەواتە زۆر سەرچاوە لە سەر مێژووی کورد هەیە، بەڵام بە زمانی کوردی نییە[٣].

---

(١)هـ،س،ل٩٩-١٠٠.

(٢) سەرکەوت شەریف ئیسماعیل، س،پ،ل ١٠٧

(٣) فرسەت رۆژبەیانی، پەیوەندی رۆژهەلاتناسی ئەلمانی بە کوردناسیەوە، بەرلین ١٧/ May/ ٢٠٠٨؛ (Die Deutsche morgenlaendische gesellschaft: (Hrg) OVEERMAN;ANNETE.١٩٥٥)

هەروەها بەسەر هەڵدانی جوگرافیاناسی و فراوان بوونی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات و سەرەتای سەرهەڵدانی ئیمپریالیزم، لێرەوە میسنێرەکان ڕوویان لە ڕۆژهەڵات کرد، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا، تایفەی فەرەنسی دۆمێنی و یەسوعی پەیدابوون، خەڵکی خۆی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەنارد، بەمەبەستی ڕاکێشانی خەڵک بەگشتی و مەسیحییەکانیش بە تایبەتی بۆ سەر ئاینزای کاسۆلیکی، کوردستانیش لەو مەڵبەندە سەرەکیانە بوو، کە نێردە میسنێرەکانی ڕۆژئاوا ڕوویان تێدەکرد(1).

بەشی دووەم: ناوچەی کفری و دەرووبەری لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە.

تەوەری یەکەم: سەرهەڵدانی ژیان و نیشتەجێ بوون لە ناوچەکەدا

بەپێی سەرچاوەمێژوویی و جوگرافییەکان شاری کفری نزیکەی (١٠٠کم) دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە و کە ڕووبەرەکەی (٢٨٧٨،١٥کم٢)یە، دەکەوێتە نێوان هەر دووبازنەی پانی (=١٥-٢٥ ٣٤٥ ـ =٢٥-١٠ ٣٥٥)پلەی باکور، و هێڵی درێژی (=٠٠-٣٠ ٤٤٥ ـ =٦٠-١٥ ٤٥٥) پلەی ڕۆژهەڵات، کە (٤٧کم) لە سەنتەری ئیدارەی گەرمیانەوە دوورە و (٢٣٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاشەوە بەرزە،شوێنەکەشی دەکەوێتە دامێنی لووتکەی چیای باوەشاسوارەوە، باوەشاسواریش لە و زنجیرە نیوچە شاخاویەکانەوە دەست پێ دەکات، کە لەزنجیرە چیاکانی کەرکوکەوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کفری (2).

شاری کفری یەکێکە لە شارە دێرینەکانی عێراق و باشووری کوردستان، خاوەن مێژوویەکی دێرینە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە (٢٥٠٠) ساڵ (3). پێش ئەوەی جێگیر ببێ لە سەر ئەم شوێنەی ئێستای، چەندین جار بە هۆی شەڕ و شۆڕو هۆکاری سروشتی و هۆکاری ترەوە، شوێنەکەی گۆڕدراوە، یەکەمین جار شوێنی ئەم شارە لە ئاسکی کفری بووە (وشەیەکی تورکییە واتە کفری کۆن)، کە نزیکەی (٧کم) دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای ئێستای شارەکەوە و لەسەر (ئاسکی کفری)*دەست کردی گەورە دروست

---

(١) تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم، س،پ،ل٢٩-٣٠.

(٢) ئامانج فواد احمد،شێوازی دابەشبوونی شوێنیی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٤) ٢٠١٨،ل١٥١ ؛ سهيل خورشيد عزيز ، ێفحات من تاريخ منگقه كفرى ، الگبعه الاولى ، للگباعه و النشر مركز تەما ، السليمانيه ٢٠١٢، ێ ٨٦

(٣) مستەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم ، بەغداد ، ١٩٩٤ ، ل ١١ .

* ئاسکی کفری: لە سەر ئەم گردە ئاسەواری خانووبەرەش هەیە ، لە سەر تەپۆڵکەکەشیەوە بەلاشانەکانیدا ، تا دامێنەکەی و پاشان تابەرامبەری (کفری) ش ، شوێنەواری خانووبەرە هەیە ، کە زۆربەیان وەک ئەوانەی قەسری شیرین و حوش کەڕوو و ژێرخان (Basement) ی چواگۆشە یان هەیە ، هەر چەندە زۆریش لە زەوییەوە بەرز نین ، پانتایی ئەم کەلاوانە نزیکەی میلێک درێژ و چارکە میلێک پان دەبن ، لەم جێیە دەستمان بە هەڵکۆڵین کرد، بەڵام هیچمان نەدۆزییەوە ، بەڵام خەڵکەکە ئەو ئاسەوارانە بە شوێنەواری (گاور)، یان کافر دەزانن . بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: کلاودیوس جەیمس ڕیچ ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ ، و: محەمەد حەمەباقی ، بەرگی یەکەم ، چ١ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠١٢ ، ل ٤٩ .

کراوە، کە لێکۆڵەر و شارەزایانی ئەو بوارە هۆکاری دروست کردنی ئەو شارانە لە بەرزایەکاندا دەگەڕێننەوە بۆ خۆپاراستن و بەرگری کردن لە خۆیان لە کاتی هێرشی دوژمناندا، دوای ڕووخان و وێران بوونی شارەکە، لە ئاسکی کفری جارێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ئێستای لی نزیک (قەرەئۆغلان) دروست کرایەوەومێژووی دروست بوونی لەم جێگایەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دۆزینەوەی سەدان گۆزە و کووپەڵەی کۆنی ئەو سەردەمە و بوونی دەیان گۆڕی ئەشکەوتی سەردەمی زەردەشتییەکان لەو شوێنە.دوای ئەوجێگایە شارەکە (کفری) گوێزراوەتەوە بۆ ئەم شوێنەی ئێستای، هەر چەندە مێژووی دروست بوونی ئەم شوێنەی ئێستای بە تەواوەتی نەزانراوە، بەڵام ناوی کفری لە یاداشتی هەموو ئەو گەشتیارە بیانییانەدا هاتووە، کە بە کفریدا گوزەریان کردووە و تیایدا ماونەتەوە

بەم پێیەش ژان ئۆتەر لە کتێبەکەیدا بەناوی سەفەرنامەی ژان ئۆتەر لە ساڵانی ١٧٣٤ بۆ ١٧٤٣دا، لە سەردەمی حکومڕانی نادرشادا کە دەڵێت لە (دوز)ەوە دوای (٩)نۆ سەعات ڕۆیشتن، گەیشتینە (کفری)، کە هیچ کەسێک شتێکی تێدا نەدەبینرا، ئەم شارە سەربەدەسەڵاتداریەتی والی بەغداد بوو، پاشا (والی) کە سێکی نارد بە پیریمانەوە، هاوکات ئەوەشی کە پێویسمان پێی بوو، بۆی هێنابووین بەرنامەیەی ڕێکخستنەکەی پاشا، بەڕێک و پێکی بەڕێوەدەچوون ژان ئۆتەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت ناچابووین ئاوەقەوزەگرتووەکەی شاری کفری بخۆینەوە، هەر لەم بارەیەوە باسی ئاوی جۆگەلە و بۆن پیسی ئاوەکەی دەکات، بە هۆی دووری ڕێگاوە ئارامم لێ هەڵگیرابوو لە تینوێتیدا بۆ ئەوەی بگەمە کفری لە ئاوەکەی بخۆمەوە، بەڵام ئاوەکەی بۆگەن بوو بەهۆی پۆلەکوللەوە، دواتر کەسێکم نارد تاکو لە دووری دووکیلۆمتر ئاوی سازگار بهێنێ[1].

(نیبۆر)ی گەشتیار لە ساڵی (١٧٦٦)ی زاینیدا، کەبە کفریدا تێپەڕیوە و ناوی بە (کرفە) هێناوە و پێی وا بووە لە سەردەمی عەباسییەکاندا دروست کراوە[2].

هەروەها (ابی طالب خان) لە گەشتەکەی ساڵی (١٧٩٩) زایینی دا سەردانی کفری و قەرەتەپەی کردووە .ڕای وابووە ئەو شارانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کاری پۆستە وگەیاندنی نێوان بەغدا و ئەستەنبوڵدا، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەو مەتەرێز و سەنگەرە زۆرانە کردووە، کەلە ناوچەکەدا لە نێوان سوپای ئێرانی و سوپای عوسمانی دا بۆ شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە دروست کراوە، جیمس بکنغهام لە ١٢ تمموزی ١٨١٦ ز بە کفریدا

---

(١) ژان ئۆتەر، سەفەرنامەی ژان ئۆتەر(١٧٣٤ — ١٧٤٣) سەردەمی نادرشا، و: محەمەد حەمەباقی، چ١، چاپخانەی موکریانی، (هەولیر،٢٠١٣)، ل ٥٣- ٨٣.

بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ناوچەی کفری و دەورووبەری وەک: قزڕەبات و خانەقین و حەلوان و شارەبان.بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، مێژوویی میرایەتی باجەڵان، ب٢، چاپخانەی تاران، ٢٠١٧، ل ٥٤.

(٢) سلاح لدین عبدالحمید عبدالله، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتدا، چ١،چاپخانەی ڕەهەند ، سلێمانی ٢٠٠٩ ، ل ١٠-١١ .

تێپەڕیووە،بابەتی لە سەر نووسیووە و نیگارێکی بۆ کێشاوە، دەڵێ: کاتێ (بەیات)مان بە جێهێشت و بەرە و ڕۆژهەڵات بە ڕێکەوتین، بەم لایەدا دەڕۆیشتین بەدرێژایی زنجیرە شاخێکی لای باشوور کە زەوییەکی بێ ڕووەک بووە بەلای ڕاستیشدا زەویەکی بیابانی وشک بووە کە بەدرێژایی ڕێگاکە بەو شێوەیە بوو بەبێ بڕانەوە هەتاگەیشتینە شاری کفری[1].

هەروەها لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم کفری لە سەر دەستی (پیرنەزەر) لە بەغدای دابڕیوە و خستیویەتی یە سەر ئیماراتی بابان [2]. بە زۆری لە سەرچاوەکانی عوسمانییەکاندا ئاماژە بە شاری کفری کراوە وەک ناوەندی (قەزای یّلاحیە) و کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی باشووری پارێزگای کەرکوکەوە، کە ئەو کاتە کەرکوک سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە و تیایدا هاتووە، کە لەو سەردەمەدا قەزای کفری تەنها دوو ناحییەی هەبووە، (دووزخورماتوو و قەرەتەپە)[3].

هەروەها لە و ماوە مێژوویانەدا چەندین دەسەڵات فەرمانڕوایی ناوچەکەی کردووە، سەردانی ئەو گرێدە وگەشتیارانە بۆ ناوچەکە ئەوە دەسەلمێنی کە جگە لەوەی کە شاری کفری شارێکی کۆنی کوردستانە شوێنێکی ستراتیجی بووە، بۆ هاتووچۆی ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە ناوچەکە،بە دیقەتەوە سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان لە بارەیەوە تۆمار کردوە[4] .

سەرەتا شاری کفری لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە بە ڕێوە چووە، دواتر لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە چووتە ژێر ڕکێفی ئەمارەتی بابانیەکانەوە، کاتێکیش دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دەرکەوتوون هەموو عێراق دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە و عێراقیان دابەش کردووە بۆ پێنج ویلایەت (بەغداد، بێرە، موسڵ، ئەحسا، شارەزوور) ئەم ویلایەتانەش لە چەندین سەنجەق پێکهاتوون، چەندین جاریش لە قوناغە جیا جیا کانی مێژوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە،شاری کفریش سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە،زۆرجاریش وەکو شارەکانی تر گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە،لە ناوەڕاستی سەدەی سیازدەهەمی کۆچی کفری قەزایەک بووە سەر بە لیوای زەنگاباد لە نێوان ساڵەکانی (١٨٦٤ – ١٨٦٧) دەوڵەتی عوسمانی چەندین گۆڕانکاری بە سەر ویلایەت و سەنجەقەکاندا هێناوە و لەو گۆڕانکاریانەدا لیوای زەنگابادی هەڵوەشاندوەتەوە و کردوویەتی بە قەزا و کفریش بووە بە ناوەندی قەزاکە و دواتر زۆری پێی نەچووە کفری بووە بە ناوەندی قەزای (صلاحیە) لە سەردەمەی عوسمانیەکاندا تەنها دوو ناحییەی

(١) لاوان ئەحمەد ، شاری کفری لە مێژوودا ، چ١ ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی ، ٢٠١٣ ، ل ٨ – ٩ .
(٢) شەرەفخانی بەدلیسی ، شەرەفنامە ، و: هەژار ،ب،ش،س،ل ٥٤.
(٣) سلاح الدين عبدالحميد عبدالله ، س،پ، ل ١١ .
(٤) لاوان ئەحمەد ، س،پ، ل ١٠ .

هەبووە (دووزخورماتوو، قەرەتەپە)، هەروەها دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ٢٣/ ئاب/ ١٩٢١دا بە ماوەیەک واتە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی هەر دوو ناحییەکانی (شێروانە کەلە ٨/ئابی /١٩٢٧دا بە پێی ئیدارەیەکی شاهانە ژمارە (١١٧٥) کراوەتە ناوەندی ناحییە بەناوی ناحیەی (قەڵای شێروانە) دەست نیشان کراوە، هەروەها دواتر (ناحیەی پێباز) واتە باوەنووری خراوەتەسەر [١] .

بە پێی پرۆسەی ڕێکخستنی سنووری نێوان هەر دوو لیوای (سلێمانی — کەرکوک) زنجیرە چیای قەرەداغ بوو بە سنووریان و بە پێی (ارادە ملکیە)ی ژمارە (٥٨) لە بەرواری ١٩٣٧/١/٢٧ ناحییەکی تازە هاتەکایەوە بە ناوی (پێباز) هەموو گوندەکانی باشووری ئەو چیایەی کە پێشتر سەر بە ناحییەی (وارماوا) بوو لە خۆگرت و خرایە سەر قەزای کفری[٢] .

هەروەها لە سەرەتای پەنجاکانیش ناحییەی دووزخورماتوویان لە قەزای کفری دابڕیووە و خراوەتە سەر قەزای داقوق و بەو شێوەیە چەندین جار سنووری قەزای کفری گۆڕانی بە سەردا هێنراوە و چەندین جاریش جێ گۆڕکێ بە ناحییەکانی کراوە و بچوک کراوەتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕژێمی کۆنەپەرەستی بەعس دەسەڵاتی لە عێراقدا گرتە دەست بە هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە کەوتنە پیلان گێڕان و ڕاگواستن و بە عەرەب کردنی کەرکوک، بەمەبەستی گۆڕینی جوگرافیا و ناسنامەی کەرکوک،یەکەمین هەنگاو کەلار دییەک بوو سەر بەناحییەی شێروانە لە ساڵی ١٩٧٠ بەبڕیارێکی سیاسی کردی بە قەزا و لەگەڵ ناحییەی پێباز لە قەزای کفرییان دابڕی، دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ بە بڕیارێکی تر بەمەبەستی کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد لە کەرکوک، کفرییان لە کەرکوک دابڕی و خستیانە سەر پارێزگای دیالە، پاشان جەبارە و کۆکزیان وەکو دوو ناحییەی تازە دامەزراند و لکاندیان بە قەزای کفرییەوە بەو پێیە جەبارە و کۆکز لەگەڵ قەرەتەپە و سەرقەڵا، ناحییەکانی قەزای کفرین و تائێستا بەو شێوەیە ماونەتەوە[٣] .

هەروەها (نیگارکێش) و گەشتیار (جمیس بیلی فریزر) لە ساڵی ١٨٣٤دا، وەکو پیشەی ئەوانی تر بەم دەڤەردا تێپەڕبووە و ئەمیش نیگاری کفری لە ساڵی ١٨٢٧دا کێشاوە، چی لە دەروازەکانی و شوورەیی شاری کفری و کۆمەڵێک دیمەنی تر، کەلە گەشتنامەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە، فریزر باس لە خەسڵەتی کوردانەی خەڵکی دانیشتوانی نێوان پایتەختی بابان و خەڵکی کفری دەکات و سەردانی هۆزەکانی ناوچەکەی کردووە، باس لە سیمای خەڵکی شار دەکات کەشێواز و مۆرکی تورکی پێوە دیاربووە، هەروەها لەو

---

(١) ئەحمەد باوەڕ، تۆفیق ئەفەندی و یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی لەکەلار-١٩٣١-١٩٥٨، ئەکادیمیای کوردی ،گۆڤار (٣٥) هەولێر، (٢٠١٦)، ل ١١٩-١٢٠، بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ولایەتەکانی (بەغداد ، بێرە ، موسڵ ، ئەحسا، شارەزوور) بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، مێژووی هاوچەرخی عێراق (١٩١٤-١٩٦٨) چ١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨، ل١٤.
(٢) سهیل خورشید عزیز ، پرۆسەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کفری ،چاپخانەی یاد ، سلێمانی ٢٠١٣ ، ل ٢٥.
(٣) سلاح الدين عبدالحميد عبدالله ، س،پ، ل ٣٥ .

ماوه مێژووییانەدا چەندین دەسەڵات فەرمانڕەوایی ناوچەکەی کردووە، سەردانی ئەو گەڕێدە و گەشتیارانە بۆ ناوچەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە جگە لەوەی کە شاری کفری شارێکی کۆنی کوردستانە شوێنێکی ستراتیجی بووە بۆ هاتووچۆی ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە ناوچەکە بە دیقەتەوە سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان تۆمارکردووە[١].

تەوەری دووەم: بایەخی شاری کفری لە ڕوانگەی کاری بازرگانی و ئاوەدانییەوە.

هاوردەکردنی شتوومەک وەکو پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک کە گرنگی زۆری پێدراوە، بەپێی وتەی مستەر ڕیچ کە لە ساڵی (١٨٢٠)دا هاتووتە ناوچەکە دەڵێت کاری بازرگانی زۆر بەناوبانگ نەبووە، بەڵکو لە ڕێگەی قافڵە و کاروان قەتارچییەکانەوە لەگەڵ ئەم شارانە هاوردەی شتیان دەکرد، بەتایبەتی شاری کەرکوک بەردەوام کاروانی قافڵەچییەکان لە شاری کفرییەوە هیزەی ڕۆن و مەڕ و ماڵاتیان دەبرد لەو سەرەوە پێڵاو و قوماشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە[٢].

هەندێک جاریش بەرەو بەغدا دەچوون، هەروەکو مێجەرسۆن دەڵێت: لەشاری کەرکوکەوە ڕێگاکە (٦٥) میلە و قۆناغەکان بە ئاسانی بە تاوغ (داقوق) و دووزخورماتودا دەڕۆن، یەکەم سەرچاوەی ئاو لە تاوغ دەبینرێت، کە گوندێکە و گرنگی ئەوتۆی نییە و بە حەوت تا نۆ سعات دەیگەنێ و ماوەکەش (٢٧)میلە، ئیدی بە هەمان شێوە ڕێکردن بۆ دووزخورماتو (١٨) میلە و تاوەکو شاری کفریش (٢٠) میلە ڕێگەکە بەردەڵانە و لە هەندێک شوێن خراپە و هەموو وەرزەکانی ساڵ، لە کەرکوکەوە بۆ بەغداد بەکفریدا (٩) ڕۆژ دەخایەنێت، بەڵام بە چۆڵی قوڵفەدا شەش تا حەوت ڕۆژی پێدەچێت، ڕێگە کاروان چییەکان لە شاری سلێمانیەوە بۆ کفری ڕێڕەوەکە درێژ دەبێتەوە بۆ باشووری ڕۆژئاوا و بەلای ڕووباری چەمی باخاندا دەڕوات، دووبارە بەرز دەبێتەوە بۆ ناوچەیەکی زۆر لێژ، کە کاتێکی زۆر دەخایەنێت[٣].

ئەم ڕێگایەش بەردەڵانە و کاتێک دەگەیتە لوتکە، شۆڕبوونەوەیەک بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات تاکۆتایی دەشتی بازیان، لە سلێمانیەوە بۆ گۆپتەپە (٢٨)میلە و بۆ قەرەداغ (٢٢)میلە، لە گۆپتەپەوە بۆ ئیبراهیم خانچی (١٨)میلە و ڕۆشتنی چاکە و لێرەوە بۆ کفری بە ناو دەشتەکاندا دەڕوات بۆ بڕینی ناوچەی نەفتخانە و لەوێشەوە چەند سەدپێیەک دادەبەزێ بۆ کفری[٤].

---

(١)لاوان ئەحمەد، س،پ، ل ١٠.

(٢) پارێزگای سلێمانی، کورتەیەک لە مێژووی بازرگانی سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٩، بڕوانە ماڵپەڕی سلێمانی.http:// slemani.gov.krd/mobile-so/newsDetail.php?news id=٨٠٨

(٣) مێجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، و: مینە، چ١، چاپخانەی مەڵبەندی کوردلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٤ — ٤٥.

(٤) مێجەرسۆن، س،پ، ل ٤٦.

هەرێمی کفری لە دوو سەدەی ڕابردوودا چەند شەڕێکی قورسی بەخۆیەوە بینیوە، لە سەردەمی (بەکر بەگی کوڕی میر محمد سلێمانی) برای سلێمان پاشای گەورە لە ساڵی (١١١٥کۆچی – ١٧٠٢ ز)سنووری میرنشینی بابان ئەوەندە فراوان بوو تا سەر زەمینی نێوان زێی بچووک و سیروانی گرتەوە، ڕیزە شاخەکانی نێوان ئاڵتون کۆپری و هەرێمی کفری کەتبووە ناو وڵاتی بابانەوەکفری کەوتبووە سەر شارێگەی کاروانی نێوان بەغداد و سلێمانی و زۆربەی ئەو گەڕیدانەی بەرەو کوردستان ڕۆیشتوون لەم شارەوە تێپەڕبوون و تەنانەت لە یاداشتەکانیاندا ناویان هێناوە وەک: نیبۆر: لە ئاداری (١٧٦٦) دا بە ڕێگە ڕاستەکەی بەغدادەوە بەرەو یەنکیجە ناحیەیەکە سەر بە قەزای خورماتوو و بەزۆری دانیشتوانەکەی تورکمانن و نەتەوەکانی تری تێدایە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم، ئەم ناحییە دەکەوێتە نێوان تاوغ و دووزخورماتوو لەسەر ڕێگای داقوقەوە بۆی دەڕۆیت، لە حەوتی ئاداردا گەیشتووەتە شاری کفری بەکرفە ناوبردووە، یەکێک لە خەلیفەکانی عەباسی سەردەمی سامەڕا دروستیان کردووە[1].

هەروەها کفری دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەغداوە، واتە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستانەوە، ئەم شارە یەکێکە لە شارە کوردییەکان کەوتووەتە نێوان ڕێگای ئەستەنبوڵ و بەغداد شوێنی بەیەکگەیشتنی ڕێگای کاروانییەکان بووە[2].

کفری دووەم شاری سەنجەقی ناوچەی کەرکوک بووە تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم، ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بوو تاکو کردنەوەی هێڵی شەمەندەفەری نێوان کەرکوک و بەغداد، لەسەردەمی عوسمانیدا ڕێگای سەرەکی کە بایەخێکی گرنگی هەبوو بۆ بازرگانی و هاتووچۆ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، لە سنجار و موسڵ و هەولێر و پردێ بەکەرکوک و داقوق بەکفری و خانەقین و مەندەلیدا دەڕۆیشت بەرە و کرماشان و ئێران، تەنانەت لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا شاری کفری کەوتبووە سەرهێڵی شەمەندەفەری نێوان موسڵ و هەولێر و کەرکوک و کفری و جەلەولا و بەغدا و خەڵکی ئەم شارانە بە ناوچەی کفریدا گوزەریان کردووە، ئەم ناوچەیە گرنگی ستراتیژی و ئابووری خۆی هەبووە تاڕادەیەک ویستگەیەک بووە بۆ پێکەوەگرێدانی کاروانە بازرگانییەکانی شارە گەورەکان، هەروەها شوێنێکی گرنگ بووە بۆ پاراستنی ڕێگاوبانەکان و گرێدانی پەیوەندیەکانی شارەگەورەکان و شوێنەکانی تر بەیەکترەوە[3].

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە بڵێن: شاری کفری بە شێوەیەکی گشتی جێگایەکی گرنگ و ستراتیژی هەبووە لە بازرگانی ناوچەکە، چونکە تاکە شار بووە لە ناوچەکەدا

---

(١) مستەفانەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ١٩٢٠، چ٢،چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوک،٢٠٠٧،ل ٢٥.
(٢) لاوان ئەحمەد، س،پ، ل ٩١-١٢.
(٣) لاوان ئەحمەد، س،پ، ل ١٢.

و لەلایەکی تریشەوە دوو هێڵی سەرەکی هاتوچۆ بەسەر کفریدا تێپەڕیوە. یەکەم هێڵی (سلێمانی — بەغدا). دووەم هێڵی موسڵ و (کەرکوک — بەغدا)، هەروەها لە بناغەدانانی شاری سلێمانیشدا کفری کەوتبووە سەر شاڕێی نێوان قەوقاس و بەسرە،هەر بۆیە لەو سەردەمەدا جموجوڵێکی بازرگانی گەورە کەوتبووە ئەم شارە چەندین خانی گەورە دروست بکەن بۆ کڕین و فرۆشتن و حەوانەوە، بازرگان و کاروان چییەکان، هەشت خانی گەورە لە کفریدا دروست کراوە، دوو خانیان لە دەرەوەی بازاڕی کفری بوو، یەکێکیان خانی مەجید پاشای بابان بوو، کە گەورەترین خانەکانی کفری بوو، کەوتبووە باکووری شارەوە، لەسەرڕێگای سلێمانی[1].

بەشێوەیەکی ئاسایی خەڵکی ناوچەکە پشتیان بە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری بەستبوو بە تایبەتی ناوچەکە پشتی بە باران دەبەست بۆ بەرووبوومی کشتوکاڵی جوتیاران شتێکی ئەوتۆی لەسووڕی بەروبووم نەدەزانی، بەڵام ئەم نەزانینەی سروشت تۆڵەی بۆ کردۆتەوە[2].

زۆرێک لەو گەڕێدانەی کە بەم ناوچەدا گوزەریان کردووە، یەکێ لەو توێژینەوانە، وەک بەڵگە لەسەر قەوارەی گەشت و گوزار و بازرگانی، ئاماژە بەوەدەکات، کە سەدەکانی چواردەهەم و پازدەهەم و شازدەهەم پتر لە حەفتا گەڕیدە و سی و هەشت بازرگان هاتوونەتە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لە سەدەکانی دواتردا ژمارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بووە، هەرچی گەشتەکەی ڤ.ی . کاکارای بازرگانی ڕووسە لە نێوان ساڵانی (١٦٣٤ — ١٦٣٧) بۆ ناوچەکە دیدەنییەکانی لەبارەی شارە کوردییەکانەوە لە کتێبەکەیدا تۆمار کردووە، بەڵام دیاترین ئەو گەڕێدانەی کە بایەخێکی تایبەتی و زۆریان بە کوردستان داوە – ج .پ .تافرینیەی بازرگانی فەرەنسییە کە ڤلادمێر مینۆرسکی ئاوای لە بارەوە نووسیوە: ئەو یەکەمین ئەوروپاییە سەردانی کوردستانی کردبێت، تافرینیە هاتووەتە کوردستان و تێبینی وردی سەبارەت بە بارودۆخی ستراتیژی ئەو ڕێگا بازرگانیانەی پێیدا تێدەپەڕن تۆمارکردووە، لە هەردوو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی زاینی، گەشتیار و بازرگانانی ئەوروپایی بۆ کوردستان زێدەتر بووە[3].

شاری کفری لە دێرزەمانەوە لە سەرەتایی دروست بوونیەوە شوێنێکی ستراتیژی بووە بۆ ئاڵوێرکردنی کاڵابازرگانیەکان ئەمە بە قوناغێکی گرنگ دەژمێردرا بۆ حەسانەوە و کڕین و فرۆشتنی کاڵا و شمەکە بازرگانیەکان کە لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕوویان دەکردە ئەو شارە، شوێنی ئەم شارە زۆر بایەخدار بوو، چونکە سەردەمانێک سەرەڕێی کاروانی بازرگانی نێوان کوردستان و بەغدا و وڵاتانی دەرەوە بوو، بەڵام هەر کاروانێک

---

(١) سلاح الدين عبدالحميد عبدالله ، س،پ، ل ٢٠-٢١.
(٢) دبليو ئار هی ، دوو ساڵ لە کوردستان،و: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٩٨.
(٣) تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم ، س،پ، ل٣٥- ٣٦.

باروبارخانەی قورس بوایە بە شاری کفریدا بڕۆیشتایە ئەوا شەوێک یان دوان لە کفریدا دەمایەوە، سەبارەت بەشاری کفری شارێکی کۆنە و خەڵکێکی زۆری تێدا دەژی بە هۆی گرنگییەوە بۆ هاتوچۆ بایەخی خۆی هەبووە لە تێڕوانین و دیدی بریتانیەکان، بۆیە بڕیاریاندا بە دامەزراندنی پرۆژەی بنیاتنانی هێڵی ئاسنی نێوان دووزێ و پەیوەست کردنی بەهێڵی ئاسنی ئەنادۆڵ و ئەروپا، کە کۆمەڵە پرۆژەکانی بیری پیاوانی داگیرکاری ئەوروپا بوو، لە ١/نیسانی / ١٩٢٠ ئیدارەی پاشایەتی بریتانیا بڕیاری لەسەردا[١].

لەناوشاری کفریدا چەند کارگەیەکی بچووکی بۆ دروست کردنی ێابون و قاڵی دروست کردن هەبوو، لە دەورووپشتی شار (حەوت ئاسیاو) ئاشی ئاوی هەبوو لە هەر یەکە لەم ئاسیاوانەدا سێ چوار کەس کاریان دەکرد بەسەریەکەوە کاریان تێدا دەکرد، ئەمەش کەشێکی بازرگانی خولقاندبوو بۆ ناوچەکە، بوو بەهۆی ئەوە لە دەوروپشتی شارەوە ڕووبکەنە شاری کفری بۆ تەواو کردنی پێداویستیەکانیان[٢].

تەوەری سێیەم: لێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بەدانیشتوان و دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە.

یەکەم:دانیشتوان.

دانیشتوان بەیەکێک لەبابەتە گرنگەکان دادەنرێت لەبواری لێکۆڵینەوە لە دانیشتوانی هەر وڵاتێک یان هەرێمێک یان شارێک، چونکە زیادبوونی دانیشتوان هۆکارێکی سەرەکییە و ئاماژەیە بۆ گۆڕان لە ژمارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا[٣]، بە گۆڕانی ئەو ژمارەی دانیشتوانەیش دەوترێت گەشەی دانیشتوان[٤]، گومانی تیادا نییە کە شاری کفری وەکو ناوەندێکی شارنشینی مێژوویەکی کۆنی هەیە، سەرەتای دەست پێکردنی پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە بۆ سەرژمێریش لە ساڵی (١٨٣١ز)دا لەلایەن فەرمانبەرانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە کرا[٥]، سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان (جیمس بکنغهام) کە لە ساڵی (١٨١٦ز)دا بە کفریدا تێپەڕیوە بەم شێوەیە باسی کفری دەکات (کە ژمارەی دانیشتوانی کفری (٣) هەزار کەسە)، بەڵام (کلۆدیۆس ڕیچ) لە گەشتنامەکەیدا نووسیویەتی کە لە ساڵی

---

(١) حوسێن ئیسماعیل حان دەلۆ، شاری کفری لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ – ١٩٢١)، ماڵپەڕی کفری سیتی ٢٢/٦/٢٠٠٧.
http//kifri.wordpress.com

(٢) مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم، ل ١٤.

(٣) هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٢١١.

(٤)کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق (مرۆیی و چالاکی ئابووری)، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٧.

(٥) عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٤٧.

١٨٨٤ز ژمارەی دانیشتوانی کفری (٢٥٠٠) کەس بووە[١] بە گوێرەی دوو ساڵنامەی عوسمانی کە زانیارییەکانیان دووبارەبووەتەوە وا باس لە کفری دەکات (قەزای ێلاحیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی لیوای کەرکوک لە (٢٤ کاتژمێر) لە کەرکوکەوە دوورە، ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٢٥٠٠)کەسە)[٢].بەڵام دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی زۆر زاڵبوو بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا بە شێوەیەکی گشتی زۆر جار بە گوێی پاشایان دەکرد، بۆیە جیمس فرەیزەر لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا لە ساڵی ١٨٣٤ز کە سەردانی ناوچەی گەرمیان و کفری و ئیبراهیم خانچی ئەوکاتەی کردووە و ماوەیەک لە گوندی ژاڵی سەفەری سەربەکەلاری ئێستا ماوەتەوە کە باس لەوە دەکات و دەڵێت کوردەکان خۆیان دەڵێن: ئێمەی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان جەنگاوەری بەهێزبووین جگە لە سواری و ڕمبازی و ڕاو و شکار و یاری بیرمان لە هیچ نەدەکردەوە، ئەمەش جۆرێکە لە دابونەریتی کوردەکان یان ناوچەکە[٣].

دووەم: خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکە و ململانێی دەسەڵات.

لە شاری کفری و دەوروبەریدا و بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵێ هۆزی کوردی نیشتەجێن، بە شێوەیەک کە ڕەنگە هیچ ناوچە و مەڵبەندێکی تری ئەم کوردستانە، هێندەی ئەم مەڵبەندە هۆزی جۆراوجۆر لە خۆی نەگرتبێت.مێژووی دوور و درێژی ئەم مەڵبەندە لە ئاوەدانی وفراوانی سنووری ناوچەکە و بوونی دەشتی بە پیت و فراوانی کشتوکاڵی و لەوەڕگای زۆر بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات، کۆمەڵی هۆکار بوون کەوایان کردووە ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکان لەم مەڵبەندەدا جێگایان ببێتەوە.هۆکارێکی تر و گرنگ و کاریگەر کە ڕۆڵی هەبووە، کەهەر لە کۆنەوە ناوچەکە ئاوەدان بووە[٤].هەر بۆیە کۆمەڵە مرۆڤەکان بەبەردەوامی لە جێگۆڕکێدا بوون، ناوچەی کفریش وەکو ناوچەکانی تر بەدەر نەبووە لەم دیاردەیە، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا هێدی هێدی بەرەو جێگیربوون چوون و دوای سەدەیەک دیاردەکە بە تەواوی کۆتایی پێی هات، لای خوارەوە ناو و شوێن و هەندێ زانیاری لە بارەی هۆزەکانی ئەم ناوچەیە دەخەینەڕوو:

١.جاف: یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی کورد، ئەم هۆزە جاران بەزۆری کۆچەری بوون، زستانان لە ناوچەی گەرمیان لەنێوان بانی خێڵان و قزڕەبات بوون، هاوینانیش لە شارەزوور

(١) سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری لەکۆنەوە تاساڵی ١٩٥٨،چ١،چاپخانەی یاد،٢٠١٣، ل ٤٢.
(٢) حسین اسماعیل خان دەلۆ،ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩٤٥)چ٢،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،٢٠١٤، ل ٢٢٤.
(٣) جیمس بیللی فرەیزەر، گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا، و: ئومێد ئاشنا، چ١، چاپخانەی تیشک، بێ ش، ١٩٩٨،ل ٥٨.
(٤) فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین، پێکهاتەی خێڵەکی و ناخێڵەکی ناوچەی چەمچەماڵ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٢٠)ساڵی ٢٠١١، ل ٨٥.

و پێنجوێن و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەڵام ساڵ بە ساڵ ژمارەی نیشتەجێبووانی ڕووی لە زیادبوون دەکرد، لە ساڵی (١٩٢٢) ژمارەی دەوارەکانی هۆزی جاف (٥٤٠٠) پێنج هەزارو چوارسەد دەوار بووە، ژمارەی نیشتەجێبووانیش لە و ژمارەیەوە نزیک بووە، بە واتایەکی تر، ژمارەی خێزانی ئەم هۆزە (١٠) دەهەزار خێزان بووە، ئەم هۆزە جێگیربوون لە سنووری نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق، ئەم هۆزە لە (٩) تیرەی سەرەکی و (١٣) تیرەی بچوک پێکهاتووە، ئەم هۆزە ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە نیشتەجێبوون لەناوچەکە و ڕووداوە جۆراو جۆرەکانی بە شێوەیەکی گشتی[١].

٢.دەلۆ: هۆزێکی کوردن لە لیوای کەرکوک و قەزای خانەقین نیشتەجێن، بەڵام هەموان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە زێدیان لە بناری چیایی ئەجداغی سەنگاو بووە، یەکەم سەرچاوە کە باسی ئەم هۆزە بکات (مستەر ڕیچ)ە، کاتێ باسی سەرچاوە ڕووباری ئاوە سپی دەکات و دەڵێت: لەگوندی (عەلی دەللو)ی قەرەداغ هەڵ دەقوڵێت و لە ئیبراهیم خانچی تێدەپەڕێت و بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ هۆزەکەی دوور خرانەوە بۆ ناوچەی کفری و دواتر بەشێکیان گوێزرانەوە بۆ ناوچەی خانەقین ئەم هۆزە (٦) تیرە پێکهاتووە، لە چەند گوندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری کفری و چەند گوندێکی سەر چەمی نارێن، نیشتەجێن[٢].

٣.زەنگەنە: زێدی ئەم هۆزە لەناوچەی کرمانشانەوە خاوەن میرنشینێک بوون، کە ناوی لە شەرەفنامەدا هاتووە، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەفەوییەکان و نەمانی میرنشینەکەیان، بەشێکیان ڕوویان کردە دەوڵەتی عوسمانی و میرنشینەکەیان لە قیتول دروست کردووە، لەباکووری کفری (قادرکەرەم و هەردەی زەنگەنە کەدایان گوندی لە خۆی دەگرت) نیشتەجێ بوون، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بەشێکیان ڕوویان کردووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کفری، لە گوندەکانی (دوازدەئیمام، زەرداو، شێخ لەنگەری خواروو) نیشتەجێبوون، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووشدا گوندەکانی (خدران، تەپەعەلی، تەپەقەوی، قوبە) یانئاوەدان کردووەتەوە[٣].

٤.پاڵانی: زێدی ئەم هۆزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیە پێش (٢٠٠)ساڵ لەمەوبەربووە و، لە سەرەتا ناوچەی شێروانە نیشتەجێبوون، دواتر ڕوویان کردووەتە دەشتی زەنگاباد و لە (مەینەتاوا، محنەت ئاباد) و چەند گوندی دەورووبەری نیشتەجێبوونە وەک (علوەش، کەنەسوور، قەڵا، بەنەباخ، بەیانلو، ئەمین حەبیب، ئاوایی گەورە)[٤].

---

(١) سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری ، ل١١١.

(٢) حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩١٤- ١٩٤٥)، ل ٨٤-٨٥-١٨٦؛سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری ، ل١١١-١١٢.

(٣) محمد عبدالرحمن زەنگەنە، مێژووی عەشرەتی،بێ،ش، ١٩٧٩.ل ١١؛حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری ، ل١٨٧-١٨٨.

(٤) سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری ، ل١١٢.

٥.داودە: دامەزرێنەری ئەم هۆزە (حەقی بەگ)ە، لە چەند تیرەیەک پێکهاتووە، لەوانەش (پیرەمەوەندی، شێخ مەوەندی، قەواڵی، گۆمەیی، دوڕاجی، دیلانێ، نەوجولی، لەک و...هتد)، لە گوندەکانی سەرماوغ تاخورماتوو لە هەر دوو دیوی ڕووباری ئاوەسپی، نەیشتەجێن. لە ناوچەی داودە لەسەر زاری خەڵک دابەش کراوە بۆ دووبەش دادەی کوردستان و دادەی گەرمیان هۆی ئەم دووزاراوەیە ڕوون نییە، بەڵام ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی خاکی دەوڵەتەکان لەسەر دەمانی جیاوازدا بۆ چەند هەرێمێک وەک (عێراقی عەجەم، عێراقی عەرەب، ئازەربایجان، کوردستان..هتد) و بە گوێرەی بۆچوونی (مستەر ڕیچ) سنووری باشوور و خۆرئاوای هەرێمی کوردستان شاخەکانی کفری و خورماتوو بووە[1].

٦.زەند: پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی زەندییەکان لە ئێران، بەشێکیان ڕوویان کردە دەوڵەتی عوسمانی و لە ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان نیشتەجێبوون، پاش چۆڵکردنی شارۆچکەی (زەنگاباد) لە هۆزی قەرەلووسی لەلایەن شازادەی قاجار (محەمەد عەلی میرزا) و فشاری هۆزی جاف، ئەم هۆزە لەم شارۆچکەیە و دەگوندی دەرووبەری نیشتەجێبوون زەوی زۆربەی گوندەکانی دەشتی زەنگاباد بە ناوی (سوڵتان عەبدولحەمید) ەوە، تاپۆکرابوو، دوای نەمانی دەسەڵاتی سوڵتان، ئەم زەوییانە فەرامۆشکران و هەندێک لەم گوندانە چۆڵکران، لەبری چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئەو گوندانە دەسەڵاتی ئینگلیز و حکومەتی عێراق هەستان بە سڕینەوەی مافی زەوییەکانی ئەم ناوچەیە و دابەشکردنی بەسەر هەندێک دەرەبەگ و دەوڵەمەندی قەزای کفری، کەبووەهۆی هاوردە کردنی هۆزی تر، وەک جبور بۆ خرسجلە و وەنداوی بۆ هۆدەلی، کە زێدی زەند بوون، زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی (لەلبن، سێتەپان، تەپەکزن، قچی قرخ، حاجیلەر، بانسنوق) لەم هۆزەن[2].

٧.گێژ: ناوی ئەم هۆزە لە کتێبی شەرەفنامەدا هاتووە، لەسنووری ئێراندا و هاتنی بۆ ئەم ناوچەیە ڕوون نییە، سەرەتا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کفری نیشتەجێبوون، بەهۆی فشاری هۆزی جاف لەوێ هەڵکەندران و لە چەند گوندێک نیشتەجێبوونەوە، وەک: یالغوز ئەغاج (نارین) و تل الشۆک و چەتاڵ[3].

٨.تیلەکۆ: تیرەیەکن لە هۆزی گەورەی جاف پێش هاتنی هۆزی گەورەی جاف ناوچەی شارەزوور و گەرمیان زێدی چەندین هۆزی کورد بووە، ئەم هۆزە یەکێکە لەوانە، ئەم هۆزە لە چەندین گوند نیشتەجێبوونە، وەک: (ناساڵح، حاجی عەواد، تیلەکۆ)[4].

---

(١) کلاودیوس جەیمس ڕیچ ، س،پ، ل٥٤؛سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری، ل١١٢.

(٢)حەسەن عەلی سەلیم و کەمال نوری معروف، تیشکێک بۆ سەر گوندی کوڵەجۆ و شوێنەوارەکانی، گۆڤاری (بانەڕۆژ) ژمارە (٢١)، هاوینی ٢٠١٤، ل ٨٣.

(٣) میجەرئی. بی.سۆن ،چەند سرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خوارو،و: نەجاتی عەبدوڵا، ،سلێمانی، ٢٠٠٧،ل ٥٠.

(٤) سی.جی. ڕدموندز، کورد و ترک و عرب،ترجمە: جرجیس فتح الله، دار اراس للطباعە و النشر و منشورات الجمل، الطبعە الاولی ، اربیل، ٢٠١٢، ێ ١٤٨.

٩. وەنداوی: کۆنترین بەڵگەی تایبەت بەم هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٠٤٩ کۆچی، کە باس لە پێدانی قەڵای وەنداوی لە داودەی کوردستان بە هیلال و هەوڵەکانی دەکات بەرامبەر بەشداربوونیان لە گرتنی شاری بەغدا، چەند بۆچونێک لەسەر زێد و ناوی ئەم هۆزە هەن بەمشێوەیە:

١. دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوە کە ئەم هۆزە لە شاری (وان)ی باکووری کوردستانەوە هاتووە.

٢. لەناوچەی وەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جگە لەم هۆزانەی سەرەوە چەندین خانەوادەی هۆزەکانی تر هەن، وەک: (هەمەوەند) لە گوندی سالمی نزیک کفری و (باجەڵان) لە قەرەیەتاغ و گاخۆری لە گوندی گاخۆر و (سەرایلی) لە نزیک قەرەتەپە و کەڵهوڕ لە بەکرەشەل، هۆزی بەیاتی تورکمان لە دەیان گوندی ڕۆژئاوای کفریدا، هەروەها لەناو شار و چەند گوندێکی دەوروبەری کفری نیشتجێن، هۆزە عەرەبەکانیش زیاتر لە دەشتی قەرەتەپە و ڕۆژئاوای ناحیەی جەبارە نیشتەجێن وەک: (کروی، جبور،عزە، سنجەری...هتد) و دەهلەگیش لە گوندی شیلانی گەورە) کەرتی کۆکس[1].

سێیەم: بارودۆخی ئابووری و گەشەکردنی بازاڕ.

کفری بە هۆی هاتنی کاروان چییەکانەوە هەم باری ئابووری خەڵکەکەی و هەم گەشەکردنی بازاڕەکەی بە شێوەیەکی گشتی باش بوو بۆ بژێوی دانیشتوانەکەی، چونکە ئاستی هاوردەکردن و مانەوەی بازرگانەکان و زۆرێک لە پیشە دەستییەکان جوڵەیەکی فراوانی خستبووە بازاڕەوە، لەلایەکی تریشەوە زۆری ئەو گوندانەی کە سەربە قەزای کفری بوون و ناوەندی ئەوانیش بوو بۆ بازاڕکردن، بەم پێیەش شاری کفری سنوورێکی بەرفراوانی هەبوو لە هەموو لایەکەوە خەڵکی ڕووی تێدەکرد، چی لە پیاوانی دەوڵەت یان گەڕێدە ڕۆژئاواییەکان و بازرگانەکان، ئەم شارەش ببوە کاروان سەرایەک بۆ تەواوی چین و توێژەکان کە ڕوویان تێدەکرد، شاری کفری بە هۆی ناوچەفراوانەکەیەوە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە گەشەی بازاڕ و بارودۆخی ئابووری و بەدەست هێنانی پێداویستیەکانی خەڵک، ئەمەش وای کرد بایەخی زیاتری پێ بدرێت چی لە ڕێکخستنی بازار و ڕێگە خۆش کردنی بۆ کاروان چییەکان و مانەوەیان لە شاری کفری ئەم جوڵەیەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو لەسەر شاری کفری[2] .

---

(١) سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری، ل١١٤.

(٢) پارێزگای سلێمانی، کورتەیەک لە مێژووی بازرگانی سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٩، بڕوانە ماڵپەڕی سلێمانی.http://slemani.gov.krd/mobile-so/newsDetail.php?news id=٨٠٨

هەروەها لەسەرووی هەر خێڵێک یان تیرەیەک یان هۆزێکدا، (ئاغا) یان (بەگ) هەبوو، ئاغای سەرۆکی تیرە لە نێو دەزگا ئابووری و سیاسی تیرەکەیدا، دەسەڵات و حکومێکی بێ ڕادەی هەبوو، چی لەبەش پێدانی لە شوێنی کاروانەکان یان بازاڕ...هتد(١).

چوارەم: بارودۆخی ئافرەت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا.

ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگادا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و هەمیشە پایەیەکی بەرزی هەیە، هەروەکو (مێجەرسۆن) باسی دەکات و دەڵێت: ژنەکانیان ڕووپۆشیان نییە و ڕووخساری خۆیان ناشارنەوە، هەرگیز ناشڵەژێن کاتێ لەبەردەمی پیاوێکی نەناس و بێگانەدا دەوەستن، بەبێ نازونوزکردن کاروباری ماڵەکە هەڵ ئەسوڕێن و دوودڵ نیە لە قسەکردن لەگەڵ بێگانەدا، ئەگەر پیاو گەل لە ماڵ نەبوون هەڵئەسێ بەدەوری خانەخوێیەکی زۆرچاک و میوانداری ڕێبواران و میوانەکان دەکات، ئەم ڕەوشتە بەرزە بە تایبەتی لای ڕەوەندە و دەشتەکی و هەروەها ژنانی خێڵە نیشتەنیە دەوڵەمەندەکان بە ئاشکرا دەبینرێ، کچی کوردبەگشتی بەرگی جوان ئەپۆشێ، ئەگەر مێردەکەی هەژار وکەم دەرامەت نەبێت، ئەگەر کارەکەی زۆر گران بوو یارمەتی لە هاوماڵەکەی داوا دەکات، نەک هەر ئەوەش خۆشی خاوەنی مانگا و ئاژەڵی ووردەیە و بەرهەمەکەی تایبەتە بە خۆیەوە، هەروەها چاودێری ئەو کەسانەش دەکات، کە کاری بۆ دەکەن و هەندێ لە بەروبوومیان دەداتێ(٢). لەناو خێزانە گەورە و دەوڵەمەنەکاندا، کورد تەنیا یەک ژنی هەیە و بە دەگمەن ژنی دووەم دەهێنێ، کەیبانۆی ماڵ هەیە و کارەکەر و خزمەتکار لە خزمەتیدایە و پیاویش هەموو کارێکی ناوماڵی بۆ ئەو جێهێشتووە و دەیخاتە ژێر دەستیەوە، لە ئەنجامی ئەوانەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە ژنی کورد بەتوانایە و هاوبەشی گیانی سەربەخۆیی لە ڕەگەزی خۆیدا بەڕادەیەکی زۆر بەرزترە لە ژنانی عەرەب یان تورک، ژنی کورد ئەمڕۆ ڕۆڵێکی زۆر بەهێز دەگێڕن، ئێمە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە بەرەوپێشچوون و دەربڕینی بەرز لەو سیستەمەدا مەودای داوە بە ژن، تادیدێکی نزیک بە تێگەیشتنی ئاستی ژن لە ڕۆژئاوادا ببینرێ، وەک لەوەی کە لەو سیستەمەی ئابووریەکانی هەر ڕەگەزێکی تری ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێت(٣).

پێنجەم: بۆچوونە ئاینی و نەتەوەییەکان.

شاری کفری وەک ناوچەیەک لە ڕووی ڕەوشی ئاینییەوە بێگومان جگە لە ئاینی ئیسلام کۆمەڵێک ئاین و ئاینزای تری تێدایە، وەک: (کاکەیی، جولەکە، زەردەشتی... هتد)جگە لەمەش مەزهەبی سوننە کە زۆرینەی شاری کفری پەیڕەوی دەکەن و مەزهەبی شیعەیشی تێدایە، هەروەها تەریقەتی نەقشبەندی و تەریقەتی قادریشی لە خۆی گرتووە،

---

(١) حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری ، ل٢٠٤.

(٢) مێجەرسۆن، س،پ،ل ١٤٣-١٤٤.

(٣) مێجەرسۆن، س،پ، ل ١٤٤-١٤٥.

بەم هۆیەشەوە کە مزگەوتی گەورەی حەنەفی و خانەقای شافعی ئەمانە هەموویان ڕاستی خودی شاری کفری و ناوچەکەیەتی،هەروەها نەتەوەکانی شاری کفریش کە لە (کورد و عەرەب و تورکمان) پێکدێت لە ڕێژەی جیاواز و ژمارەی جیاواز[1]. بەڵام بە گوێرەی (سیز.جی. ادموندز) لە کتێبەکەی (کرد و ترک و عرب): ناوەندی کفری و دەورووبەری (٥٠٠٠) پێنج هەزار، شێروانە (١٦٠٠٠) شانزدەهەزار، پێباز، (٥٥٠٠) پێنج هەزارو سەد کەس، قەرەتەپە (٢١٠٠٠) بیست و یەک هەزار، دانیشتوانی شارۆچکەی قەرەتەپە تێکەڵن لە (تورکمان و عەرەب و کورد) و زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی عەرەبن، لە هۆزی کروی و گوندەکانی باکوور لە هۆزی (زند و پاڵانی) و گێژ لە نارین، لە قەزای کفری[2] بەشی سێیەم: دیدی ڕۆژهەڵاتناسان و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ناوچەکە.

تەوەری یەکەم: نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژوو و بارودۆخی ناوچەکە.

فەرمانڕەوای کردن لە شاری کفریدا دیرۆکێکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەکانی پێش زاین، لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین بنەماڵەی ئوری سێیەمەدا کفری لە ناو ئیمپراتۆریەتی ئور حوکمێکی ئۆتۆنۆمی هەبووە، بەڵام (شولکی) پادشایان ئەو قەرارەی تێکداوە[3].

هەر ئەم ناوچەیە ماوەیەک کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ئەکەدییەکان پاشان لۆلۆییەکان و گۆتیەکان هەوڵیان داوە جارێکی تر ناوچەکە بگەڕێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان دوای ئەمانیش میتانییەکان ماوەیەک لە ناوچەکەدا فەرمانڕەوا بوون، پاشان ئاشوورییەکان دەسەڵات و سنووری قەڵەمڕەویان لە ناوچەکەدا بڵاوبووەتەوە[4].

لەم سەرچاوەیەدا شوێنی (خارشی) بە تەواوی نازانرێ، بەڵام زۆردوورنیە لە کفرییەوە، یەکێک لە فەرمانڕەواکانی ناوی (باجی رسینی) بووە، لە سەردەمی شولکی لە زامواو لە سەردەمی شوسن لە ساڵی (٢٠٤١-٢٠٤٩ پ.ن)دابووە.

لە سەردەمی خاچەکۆنەکاندا شیمورۆم و کیماش (ئاڵتون کۆپری و کفری) بریتی بوون لە شوراو قەڵای پاراستنی هێڵی ڕێگەوبانەکانی باکووری ڕۆژهەڵات.

شارەکە لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا کە لە نێوان (٢٠٥٠-١٩٥٠ پ.ن) فەرمانڕەوا بوون، ناوی بە (کیماش) لە نووسراوە بزماریەکاندا هاتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەو سەردەمەدا کفری شوێنی نیشتەجێبوون بووە، بەڵام (مستەفا نەریمان) (١٩٢٥- ١٩٩٤) ئاماژە بۆ سەردەمی دەوڵەتە شارەکان دەکات کە گوایە

---

(١) سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری ،ل١٠١- ١٠٦.

(٢) سی.جی. ڕدموندز، س، پ، ل ٣٥٣.

(٣) مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم، ل١١.

(٤) بەشار عادل کریم و یوسف عباس احمد، دابەشبوونی گوندەکانی قەزای کفری لە ساڵانی ١٩٧٧ – ٢٠٠٣، گۆڤاری کەرکوک ساڵی هەشتەم ، ژمارە (٢٩) هاوینی ، ٢٠٠٦، ل ١٥١-١٥٢.

دانیشتوانی ناوچەی کفری توانیویانە کیان و قەوارەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە دابمەزرێنن و پارێزگاری لێ بکەن، هەروەها دەڵێت: کاتێ ناوی (گۆتی) لە سەر شانۆیی دەسەڵات نەما، لە ناوچەکەدا چەند میرنشینێکی (مملکە) بەهێز سەریان هەڵدا وەک پاشانشینی (ئۆربلیوم) واتە ئەربیل و (خارشە) واتە دووزخورماتوو (کیماش) کفری[1].

لە پارچەی گڵێکی دۆزراوەی سێ هەزارەی پێش زایین لە سەردەمی (شوسن)ی پادشای بنەماڵەی ئۆری سێیەمدا ئەوە دەگێڕێنەوە کە (شلیبوم) فەرمانڕەوا بووە لەگەڵ فەرمانڕەواکانی ئۆردا کاغەزیان بۆ یەکتری نووسیوە و نوێنەریان لە نێواندا هەبووە، بەتایبەتیی لە شاری (کیماش)ەوە لە سەردەمی پادشای بنەماڵەی ئۆری سێیەم ناوی (پیاوەکەی کیماش) هاتووە، لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە (کیماش – کفری) فەرمانڕوایی خۆی بە دەستەوە بووە، (شولکی) لە ساڵی بیست و شەشەمی فەرمانڕەوایدا هەڵی کوتایە سەر وڵاتی (لۆلۆ) لە ساڵی چڵ و شەشەمی فەرمانڕەواییەکەیدا، فەرمانڕەوای (خارشە – دوز) ورچێکی بەدیاری بۆ نارد، خارشەی ئەوسا نزیک بە کیماش بووە، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە (شیمر و کیماش) واتە (کۆپری و کفری) بریتی بوون لە دوو قەڵای سەر سنوور بۆ پارێزگاری کردنی رێگەی ئامشۆ کردن، دیسانەوە ناوی (کفری) لە لاپەڕەکانی مێژوودا بەم چەشنەش هاتووە لە ڕۆژی شەشەمی مانگی حوزەیرانی ٢٦٣ی زاینیدا سوپای ئێران ئابڵوقەی سوپای رۆمانەکانیدا کە هێرشی هێنابووە سەر شوێنێک نزیک بەشاری (ڤرجیا – کفری) لەو شەڕەدا ئیمپراتۆری رۆمان (جولیا) بریندار کرا و بەسەر ئەو برینەوە مرد[2].

لەو سەردەمەدا کە ناوی (کیماش – ڤرجیا) لە ئارادا بووە شارێکی گەورە بووە، لەسەر ڕووبارەکەی ئێستای کفری ئاو بەستێک دروست کراوە لەوێوە جۆگە ئاو هەڵکەندراوە تا گەیشتۆوەتە شاری (ڤرجیا، ئەسکی کفری) دەوروپشتی ئەو شارە هەموو باخ و بێستان بووە، ئەو ئاوبەستە گەورە لە سەردەمێکی مێژوودا پشت گوێ خراوە لافاوێکی گەورە تەنگی لێهەڵچنیووە و هەرەسی پێهێناوە و ئاوەکە لە ڕووبارە دروست کراوەکەوە وەرچەرخاوەتە سەر ڕووبارە سروشتیەکەی ئێستای لە سەردەمی ئیسلامدا ناوی کفریمان لە هیچ سەرچاوەیەکدا بەرچاو نەکەوتووە، دوور نییە شارە کۆنەکەی کفری لە ئەنجامی کارەساتێکدا نەڕووخابێت و تەنها کەلاوەکەی مابێتەوە ئەویش ساڵ لە دوای ساڵی ئەوەندە خۆڵی کەوتبێتەسەرتا بووەتە ئەو گردەی کە لەبەر چاوە[3].

هەروەها بەشێک لە گەشتیار و گەڕێدەکان ڕوویان کردووەتە ئەم ناوچەیە باسیان لە

---

(١) مستەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم ، ل ٢٠ ؛ حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری ، ل٢٦؛ لاوان ئەحمد، س،پ، ل ٨.

(٢) هـ،س، ل ٢٠.

(٣) مستەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم ، ل٢٠.

شاری کفری کردووە، (کارستن نیبور)ی گەرشتیاری دانیمارکی لە ساڵی (١٧٦٦ز) هاتووەتە کوردستانی سەردانی شاری کفری کردووە ناوی بە کورفە هێناوە[١].
(ابوطالب خان) لە گەشتەکەی ساڵی (١٧٩٩ز) سەردانی کفری و قەرەتەپەی کردووە، ڕای وابووە ئەو شارانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەکاری پۆستە و گەیاندنی نێوان بەغداد و ئەستەنبوڵدا، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەو مەتەرێز و سەنگەرە زۆرانە کردووە لە ناوچەکەدا لە نێوان سوپای ئێرانی و سوپای عوسمانیدا بۆ شەڕو ڕووبەڕووبوونەوە دروست کراوە. جیمس بنکنغهام لە ١٢ تەموزی ١٨١٦ز بە کفریدا تێپەڕیوە بابەتی لەسەر نووسیوە و نیگارێکی بۆ کێشاوە، دەڵێ: کاتێ (بەیات) مان بەجێهێشتوو بەرە و ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتین، بەم لایەدا دەڕۆیشتین بە درێژی زنجیرە شاخێکی لای باشوور کە بەبێ ڕووەک بووە بەلای ڕاستدا زەوییەکی بیابانی وشک بووە، کە بەدرێژایی ڕێگاکە بەو شێوەیە بوو بەبێ بڕانەوە هەتاگەیشتنە شاری (کفری) بەهەمان شێوە، کلاودیوس جەیمس ڕیچ، (١٧٨٧-١٨٢١) موقیمێکی یاسایی بەناوبانگی بەریتانیا بوو لە بەغداد (١٨٠٨ — ١٨٢١) بە باشووری کوردستاندا ماوەیەک گەڕاوە لە گەشتەکەیدا بەرەو سلێمانی لە ڕۆژی ٢٦/ی نیسانی/ ١٨٢٠ز بە کفریدا ڕۆیشتووە و (٣) ڕۆژ تێیدا ماتەوەتەوە، زۆر بە وردی ناوچەکەی پشکنیوە و تێبنی و سەرەنجی خۆی خستوەتە ڕوو کە شاری کفری دێرین لە باوەشی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکەدا بووە[٢]. بۆیە دەتوانین بڵێن، ئەگەر سەفەرنامە و کتێبی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپاییەکان نەبونایە، مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و شارەزاییمان لەبارەی ژیانی ئەدەبی و کلتوری نەتەوەی کوردەوە لەسەدەکانی ڕابردوودا تاڕادەیەک نادیار و تاریک دەبوو[٣].

ئەو کتێب و سەرچاوە و تۆمارە مێژووییانە کە باس لە شاری کفری دەکەن بە شێوەیەکی گشتی ببوون بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ نووسینەوەی مێژووی ناوچەکە بەگشتی و شاری کفری بە تایبەتی، ئەوەی کە گەڕیدە و بازرگانەکان لەسەر شاری کفری نووسیویانە، لەبوارە جیاواز و سەردەمەجیاوازەکاندا، دیارە نوسەر و مێژوونوسەکان، چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ خۆیان هاتونەتە ناوچەکە و بە شێوەیەکی مەیدانی بە ناوچەکەدا گەڕاون و چییان بینیوە و بیستوە دەبارەی کورد نوسیویانە و تۆماریان کردووە، کە ڕەنگە هەندێکیان وەکو گەڕیدە هاتبن و بۆ خۆیان گەڕاون و تۆماریان کردووە، یاخود هەندێکی تریان لێکۆڵینەوە یان لەم بارەیەوە کردووە، یان کۆمەڵێکی تریان لە وڵاتی خۆیانەوە پشتیان بە سەرچاوەی گەڕیدەکان و ئەوانی تر بۆ مەبەستی جۆراوجۆر سەردانی ناوچەکەیان کردووە، بەستووە و دواتر لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە و

---

(١) حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری ، ل٢٦.
(٢) کلاودیوس جەیمس ڕیچ ، س،پ، ل٤٥؛حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری ، ل٢٧.
(٣) سەرکەوت شەریف اسماعیل، س،پ، ل ٩٦.

سەرجەم لایەنەکانیان ناساندووە، بۆیە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژووی گرنگ لەسەر ناوچەکە، ئەگەر چی ئەم گەڕیدە و بازرگانانە چی ئەوانەی ماونەتەوە یان ئەوانەی بە ڕێکەوت بەلای شاری کفریدا تێپەڕیون شتیان لەبارەی ئەم شارەوە تۆمارکردووە یان نووسیوە (١).

ئەم نووسینانەش ئەوەمان پێدەڵێن کە شاری کفری مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ناوچەکەدا و جێگایەکی ئاوەدان بووە بۆ گەڕیدە و بازرگانەکان و تەواوی چین و توێژەکان.هەر بۆ خۆی هاتنی ئەم گەڕیدە و بازرگانانە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بارودۆخی ناوچەکە بەجێهێشتووە، بەجۆرێک ڕەچاوی لایەنی ئەرێنی ئەمانە بکرێت ناشکرێت لە بایەخی ئەمانە کەم بکرێتەوە کە بۆ خۆیان هەرچۆنێک نوسرا بن و تۆمارکرابن سەرچاوە گەلێکی گرنگن، چونکە ئەمانە کاتێک لەسەر کورد و ناوچەکە شتیان نووسیوە، یەکەم ئەزموون بووە و ڕەنگە سەر دەرسەد ئامانجیان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تەواو نەبووبێ (٢).

تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ڕۆژهەڵاتناسان و سەبارەت بە دانیشتوان و داب و نەریتەکۆمەڵاتیەکان.

ڕەنگدانەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و دابو نەریتەکان لە شاری کفری دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا و بنیادنانی شاری کفری سەرەڕای ئەوەی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان چوونەتە سەر باسکردنی پرسە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتانە سنووردار و دیاری کراون، ئەگەر بەراورد بکرێت بەلایەنەکانی تر ژیانی خەڵکی وەک لایەنی کۆمەڵایەتی بوارێکی گرنگی داگیرکردووە لەو سەرچاوانەدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بابەتە تایبەت بێت بە ناوچەیەکی وەکو شاری کفری، کە سەرجەم چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەدی دەکرێت (٣).

گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان بە چەند دەستەواژەیەک باسێکی گشتییان لەبارەی ئاستی گرنگی پێدانی کشتوکاڵ لەلایەن دانیشتوانی شاری کفرییەوە خستووەتە ڕوو، لەوەی ئەم ناوچەیە بە پیت و بێستان و چەندان شتی دیکەی لێبووە (٤).

هەندێ لە گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان لەو باوەڕەدان کوردەکان حەز دەکەن هەموو جۆرە نەریتێکی خۆیان بچەسپێنن تەنانەت ئەگەر باشیش نەبێ یانی خراپ بێ، مێجەرسۆن لەم بارەیەوە نووسیوویەتی و ڕەخنەی لە چەشنی جل و بەرگی ئەو کاتەی پیاوان

(١) هـ،س، ل٩٦.
(٢) هـ،س، ل ٩٧.
(٣) مێجەرسۆن، س،پ، ل ١٤٣-١٤٤.
(٤) حەکیم ئەحمەد خۆشناو، کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمان، و: شوکر سلێمان،چ١، چاپخانەی، موکری هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢٧٢.

گرتووە بە تایبەت فەقیانەکانیان کە شۆڕدەبوونەوە سەر زەوی و دەکەوتنە سەر پیسی سەر شەقامەکان ئەم جۆرە فەقیانەیە لە تەواوی کوردستان هەبوو بەتایبەتیش شاری کفری، هەر بۆیە مێجەر سۆن لە بۆچوونەکانیدا متمانەی کردۆتە سەر ئەو گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسانەی پێش ئەو لە سەدەی شازدەهەمدا سەردانی ناوچەکەیان کردووە و نەخشە و وێنەی ئەو جل و بەرگانەیان کێشاوە، هەروەها مێجەر سۆن بۆچوونەکانی کورت دەکاتەوە و دەڵێت: لەبەر ئەوەی بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئەو جۆرە نەریتانەیان پاراستووە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ پابەندی کۆنن حەز بە هیچ شتێکی نوێ ناکەن.چونکە ئەگەر کوردەکان وازیان لە فەقیانە نەهێنابێ کەلە یادداشت نامەی ئەو گەڕێدانەدا ئاماژەی بۆ کراوە لە سەدەی شازدەدا سەردانی ناوچەکەیان کردووە و هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم مابێ واتە ئەو ماوەیەی مێجەر سۆن لە ناوچەکەدا بووە ئەوە ناگەیەنێ وەک ئەو دەڵێت: (کورد نەریتی کۆن و خراپیان دەپارێزن) بەڵکو گەشەسەندنی شارستانێتی ملکەچی کۆمەڵێک هۆکار دەبێ پێویستە بەرپابن بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەسەندن و گۆڕانکاری تەواو بێ .لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری دراماتیکی لە چەشنی ژیانی نێو شاری کورددا ڕوویان داوە لەوانەش نەمانی هەندێ شێوەی جل و بەرگی کۆن و سەرەتای بڵاوبوونەوەی جل و بەرگی ئەوروپایی، بێگومان ئەو ماوە کورتەش کە ئەوگۆڕانکارییانەیان تیا ڕووی داوە گەلێک کەمترە لەو ماوە درێژەی ئەو ڕەخنەی لێگرتووە،بەڵام ئەمانەش نەریتانێکە کە لە دانیشتوانی ناوچەکەدا بەدی دەکرێت، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی بە جێهێشتووە و بووتە جێگەی سەرەنجی گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان و تۆماریان کردووە سەبارەت بە خەڵکی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی، لەڕاستیدا سەرنجی ئەو گەڕێدانە لە شوێنی خۆیاندان و بایەخی خۆیان هەیە، چونکە هەتا ئێستاش کۆمەڵی کوردەواری بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانێتە نەوەکانی ئەو خێزانانەی لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە پێناو گەلی کورددا خەباتیان کردووە، ئەمە وێڕایی ئەوەی ئەو کەسە میرات گرانە ڕەنگبێ هیچیان بۆ نەتەوەکەیان نەکردبێ، مرۆڤی ئاسایی بن حوێندەوار یان نەخوێندەوار، پزیشک یان بەڕەوشت، بەڵام کۆمەڵگاوەک نەوەی مرۆڤی خەباتگێڕ تەماشایان دەکات ئیدی ئەگەر خێزانی ئایینی بن یان سەرۆکی هۆز یان مرۆڤی ناسراو ئەگەریش ئەمڕۆ ئەو نەوانە ڕۆڵێکی کاریگەریان نەبێ، ئەمە جۆرە وەفادارییەکی کۆمەڵی کوردەوارییە بۆ سەرکردە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش لایەنی بۆخۆی لایەنی نەرێنی بەجێدەهێڵێت لە شاری کفری[١].

گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان سەرنجی ئەوەشیان داوە کە وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی

---

(١) بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا؛ و: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید،چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٤٠-٤١.

لەناوچەکەدا و دانیشتوانەکەی هۆگری ئەوەن ناو کورت بکەنەوە یان بیگۆڕن ئەمە هەتا ئێستاش چ لەلادێدا و چ لە هەندێک شار و بەتایبەت شاری کفری باوە هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێ ناوی گرتووەتەوە نەک هەموو بۆ وێنە (احمد) دەبێ بە (ئەحە) یان (محمد) دەبێ بە (حەمە)، جێی سەرنجیشە هەندێک ناو بە تەواوەتی دەگۆڕێن و هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هەر دووکیاندا نابینرێت، بۆ وێنە (محمود) دەبێ بە (خولە) و (مستەفا) دەبێت بە (مچە)[1]. ئەمەش نەریتێکی کۆمەڵایەتییە کە ڕەنگەدانەوەی زۆری هەبووە لە ناوچەکەدا بە تایبەتی شاری کفری .مستەر ڕیچ لە گەشتنامەکەیدا دەڵێت: کورد پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و سەردانی یەکتریان لاپەسەندە و ئەوەی سەلماندووە کە تەنها کوردەکان لە نێو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتدا تادرەنگی شەو شەوچەرە دەکەن، بە زۆریش بە شەوان سەردانی یەکتر دەکەن، بۆیە هەر تاریک دابێ سەردانی ماڵی یەکدی دەکەن و شەو بە قسەی خۆش و جگەرەکێشان بەسەر دەبەن، جاری واش هەیە لە شەوێکدا دوو یان سێ جار سەردانی لەو چەشنە دەکەن.

ئەو وێنەیەی کە مستەر ڕیچ بۆ کۆمەڵگای کوردی کێشاویەتی زۆر نموونەییە، ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بەسروشتی سەردانەکەوە هەبێت بۆ ناوچەکە و شاری کفری، مستەر ڕیچ توانیویەتی تێکەڵی خەڵک بێت و لە نزیکەوە ئاگاداری باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ناوچەکە بێت[٢] .

لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ دید و بۆچوونی سەر پێی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان دەکەین سەبارەت بە هەندێ هەڵویست و نەریتی پەیوەندیدار بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە. هانسن لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئەوەی بووەتە جێی سەرجی کاتێک ژن تەڵاق دەدرێت کچەکە لە ماڵی باوکی دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی گەورە دەبێ و شوودەکات. هانسن ئەوەشی باس کردووە، کاتێک خواردن پێشکەشی میوان بکرێت منداڵ دوور دەخرێنەوە، لە زەماوەندێکیشدا بینیویەتی پیاوان پێش ژنان نانیان خواردووە، هەروەها لەو شوێنانەدا کە ژیاوە یان پێیاندا تێپەڕیوە، بینیویەتی خەڵک بە کەوچک یان بە دەست خواردن دەخۆن و دەڵێت: دوورخستنەوەی منداڵان لە کاتی نان خواردنی میواندا مەبەست ئەوەیە هەڵس و کەوت و ورک گرتنی منداڵان میوان بێزار نەکات، پێویستە ئەوەش منداڵ پێش گەورە خواردنی دەخرێتە پێش، بەڵام نەک لە کۆڕی پیاواندا[٣].

سەردانی کردنی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان و بازرگانەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ ناوچەکە و شاری کفری ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر ناوچەکە، چونکە ئاستی زانست و زانیاری خەڵکی ناوچەکە زۆرنەبووە خەڵکی بەزۆری نەخوێندەوار بوون زیاتر

---

(١) ه،س، ل ٤٢.

(٢) کلاودیوس جەیمس ڕیچ ، س،پ، ل٤٥؛بەدرخان سندی، س،پ، ل٤٦.

(٣) بەدرخان سندی، ،س،پ، ل٤٧.

خەریکی کشتوکاڵ و مەڕومالاَت بوون، بۆیە سەردانی کردنی ئەم گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسانە کاریگەریان هەبوو لەم بارەیەوە، بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی باری کۆمەڵایەتی خەڵکیان کردووە، وەک مستەر ڕیچ کە بەشێوەیەکی ورد و پوخت لەسەر هەموو بابەتەکان وەستاوە[1].

زۆرجار گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان بەشێوەیەکی نەرێنی باسیان لە ناوچەکە و دانیشتوانەکەی کردووە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش کارگەری خراپی لەسەر ناوچەکە بەجێهێشتووە، وەک لە نوسراوەکانیاندا دیارە وەک مێجەر سۆن ناوچەکەی بە تورکمان زانیوە، ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی زۆر نابەرپرسانەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە ئەم جۆرە لە نووسین دەچێتە خانەی تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا.لایەنێکی نەرێنی دروست دەکات لە ناوچەکەدا.زۆرجار کاری گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان کارکردن بووە بۆ حکومەتەکانیان و زانیاری بەخشین بووە لە سەرناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستی وڵاتەکانیان بگاتە ئەو ناوچانەی کە گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسان بە نێویدا گەڕاون یان سەردانیان کردوون[2].

گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان سەرەنجی ئەوەشیان داوە کە کوردەکان خۆ ڕووت کردنەوەیان لا پەسەند نییە، وەک چۆن لە ئەوروپا ئاساییە بە تایبەت لە کاتی گەرمادا یان خۆخستنە بەر ڕۆژ، هەروەها سەرەنجی ئەوەشیان داوە کە کورد بە دەنگی گوللەی تفەنگ هەست بە خۆشی دەکەن لەم بارەیەوە ولیەم ئیکلتون دەڵێت: هیچ ئاهەنگ و زەماوەندێک لە نێو کۆمەڵگەی کوردشیدا تەواو نابی ئەگەر دەنگی گوللەی تفەنگی تیانەبیسترێ، ئەمەش بە تەواوی لە ناوچەکە هەستی پێ دەکرێت[3].

یەکێکی تر لە داب و نەریتی دانیشتوانی شاری کفری ئەوەیە کە خێزانەکان پابەندن بە نەسەبی خۆیانەوە هەروەکو باسیل نیکیتینیش دەڵێت: خێزانە کۆنەکان گرنگییەکی زۆر بە مێژووی خۆیان دەدەن و زنجیرەی خۆیان دەپارێزن، هەر بۆیە دانیشتوانی ناوچەکە هیچی بەلاوە خۆش نییە بە شانازییەوە باسی باب و باپیرانی بکەیت و ناوی هەندێکیان بێنی، ئیدی ئەو ناوی نەوە لە دوای نەوەی خۆتت بۆ باس دەکات، لەو باوەڕەداین ئەمە لە بناغەدا دەربڕینێکە لە پێداویستییەکی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا ڕەنگی داوەتەوە لە نێو دانیشتوانەکەیدا بەهەر دوو دیوی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کە زۆرێک لە گەڕێدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان باسیان کردووە، بۆیە زۆرجار لە ڕێگەی ئەم زانیاریانەوە ئاسان شوێنی خۆیان کردووەتەوە لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا و زانیاری زیاتریان دەست کەوتووە، زۆرجار پشکنینی باشیان ئەنجامداوە لەسەر ناوچەکە و

---

(١) کلاودیوس جەیمس ڕیچ ، س،پ، ل٤٩.

(٢) مێجەرسۆن، س،پ، ل ٨٨.

(٣) بەدرخان سندی، س،پ، ل٤٨.

دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی ورد ڕەنگدانەوەی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەبوو لە سەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و دانیشتوانی شاری کفری[1].

دەرئەنجام

لە هەر لێکۆڵینەوەیەکەدا دەگەینە کۆمەڵێک ئەنجام کە لە میانەی تەواو کردنی لێکۆڵینەوەدا پێی گەیشتووین وەک لەم خاڵانەی لای خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

١. زانستی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئاکام و بەرهەمی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش بوو بە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ناسین و زانینی گەلانی ڕۆژهەڵات، لە میانەی گەڕان و پشکنیندا، لە سەر باری ژیانیان بە شێوەیەکی گشتی.

٢. کوردناسی زانستێکی کۆنە و هەر لەگەڵ هاتنی سەرەتای ئەورووپییەکان بۆ کوردستان و ناوچەکە، ئەم زانستەش سەری هەڵداوە، واتە دەتوانین بڵێین کوردناسی کۆنترین زانستە پێش زانستەکانی ڕۆژهەڵاتناسی و ئێرانناسی کەوتووە، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی بەحوکمی ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە و وڵاتە ئەورووپییەکان نەیان توانیوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسی ئەم بابەتە بکەن و لە ڕۆژهەڵاتناسی و ئێرانناسی جودای بکەنەوە، تالەم ساڵانەی دوایدا جیاکرایەوە و وەک بابەتێکی سەربەخۆ و جیا دەخوێنراو سەیر دەکرا.

٣. دەتوانین بڵێین هۆکاری ئابووری و سیاسی دوو هۆکاری گرنگ بوون کە پاڵی بە گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە ناوە بێنە ناوچەکە و داگیری بکەن و ساڵانێک تێدا بمێنێتەوە و ببنە حوکمڕانی سەرەکی و چارەنوسی زۆر گەل و نەتەوەشیان یەکلایی کردۆتەوە، چ بەدروستکردنی دەوڵەت بوبێت وەک ئەوەی بۆ عێراق کردیان یان پشت گوێ خستنی مافە ڕەواکانیان وەک گەلی کورد.

٤. هەموو ئەو نوسین و بابەت و ڕاپۆرت و یاداشتانەی کە هەن و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان نوسیویانە دەربارەی کورد و ناوچەکە، هەموویان چوونیەک نین و جیاوازی گەورە لە نوسینەکانیاندا بەدی دەکرێت، هەندێکیان دەکرێ بڵێین نوسینەکانیان تاڕادەیەکی باش نزیکن لە ڕاستیەوە و ڕاستیەکانیان باش پێکاوە و چی یان بینیوە بەچاوی خۆیان باسیان کردووە، لە ژیان و گوزەران و هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە، نموونەی ئەمانەش (مستەر ریچ)ە، بەڵام هەندێکی تریان نوسینەوەی بابەتەکانیان هەڵەی زانستی و ئەکادیمی گەورەی تێدایە و تاڕادەیەکی زۆر لە باسەکانیاندا دووچاری گێرە شێوێنی بوون و ڕاستیەکانی ئەم میللەتەیان وەک خۆی باس نەکردووە و لە ڕاستییە مێژووی و ئەکادیمیەکان دوورکەوتنەتەوە، وەک (مێجەر سۆن)، کە شاری کەرکوک و ناوچەکە

---

(١) بەدرخان سندی، س،پ، ل٤٨.

بەشارێکی تورکمانی دەزانێ و کوردستانی بوونی ئەو شارەی سڕیوەتەوە.

٥. شاری کفری بایەخی گەورەی هەبووە بۆ بازرگانی و پێدا پەڕینەوەی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان بە شێوەیەکی گشتی سوودیان لەم ناوچەیە وەرگرتووە، بۆ کارەکانیان و وە دەستخستنی زانیارییەکانیان.

٦. بەبۆنەی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە و شاری کفری بەتایبەتی خاڵی بەیەکگەیشتنی کاروانە بازرگانییەکانی نێوان کرمانشان و ناوچەکە بووە.

٧. داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە کارئاسانی زۆری بۆ ئەم گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان و بەزرگانەکان کردووە.

لیستی سەرچاوەکان.

ر/ کتێب:

یەکەم: کوردی

١. ئامانج احمد مستەفا، مێژووی نوێ و هاوچەرخ، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، ٢٠١٣ – ٢٠١٤.

٢. ئەحمەد باوەڕ، مێژووی هاوچەرخی عێراق (١٩١٤-١٩٦٨) چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨.

٣. ئەحمەد باوەڕ، مێژوویی میرایەتی باجەلان، بەرگی دووەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٧.

٤. ئەفراسیاب گرامی، ئاخێوی گفتمان، ڕۆژهەڵاتناسی، ب،ش.

٥. ب،ن، یۆنان و شارستانیەت، ب،ش،س.

٦. بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، و: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید،چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨.

٧. تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم،ڤلادیمیر ف، مینۆرسکی و ڕۆژهەڵاتناسی، و: ئازاد عوبێد ئالح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،٠ هەولێر، ٢٠٠٨.

٨. جیمس بیللی فرەیزەر، گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا، و: ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، بێ ش، ١٩٩٨.

٩. حەکیم ئەحمەد خۆشناو، کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمان، و: شوکر سلێمان،چاپی یەکەم، چاپخانەی موکری هەولێر، ٢٠١٤ .

١٠. دبلیو ئار هی، دوو ساڵ لە کوردستان،و: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.

١١. ژان ئۆتەر، سەفەرنامەی ژان ئۆتەر(١٧٣٤ – ١٧٤٣) سەردەمی نادرشا، و: محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی،هەولیر،٢٠١٣.

١٢. ڕێکس وارنەر، گەشتەکەی زینۆفۆن،و: محمد مسعود محمد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢.

١٣. سەلاح بەدرەدین، بزوتنەوەی نەتەوەیەتی کورد لە سوریا، ب،ش،ب،س،چ.

١٤. سهیل خورشید عزیز، پرۆسەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کفری، چاپی یەکەم،چاپخانەی یاد، سلێمانی ٢٠١٣ .

١٥. سهیل خورشیدعزیز، مێژووی ناوچەی کفری لەکۆنەوە تاساڵی ١٩٥٨،چاپی یەکەم،چاپخانەی یاد،٢٠١٣.

١٦. شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، و: هەژار،ب،ش،س،چ.

١٧. شوکریە ڕەسوڵ، کوردناسی و ڕۆژهەڵاتناسی، ب،ش،چ، ٢٠٠٣.

١٨. ئێلاح لدین عبدالحمید عبدالله، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتدا، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی ٢٠٠٩ .

١٩. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٠. فەرهاد پیرباڵ، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە،چاپی یەکەم،هەولێر، ٢٠٠٦.

٢١. فەرهاد پیرباڵ، سەرچاوەکانی کوردناسی،بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ،سلێمانی،١٩٩٨.

٢٢. کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق (مرۆیی و چالاکی ئابووری)، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.

٢٣. کلاودیوس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمەباقی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٢ .

٢٤. لاوان احمد، شاری کفری لە مێژوودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٥. محمد عبدالرحمن زەنگەنە، مێژووی عەشرەتی،بێ،ش، ١٩٧٩.
٢٦. مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم، بەغداد، ١٩٩٤ .
٢٧. مستەفانەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ١٩٢٠، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوک،٢٠٠٧.
٢٨. مێجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، و: مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەڵبەندی کوردلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٩. میجەرئی. بی.سۆن،چەند سرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خوارو،سلێمانی، ٢٠٠٧.
٣٠. هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.

دووەم: عەرەبی

١. سی.جی. ڕدموندز، کورد و ترک و عرب،ترجمە: جرجیس فتح الله، دار اراس للگباعە و النشر و منشورات الجمل، الگبعە الاولی، اربیل، ٢٠١٢.
٢. محمود حمدی زقژقە، الاستشراقە والخلفیە الفکریە الێراع الحچاری، الناشر دار المعارف، القاهرە، بدون سنە.
٣. سهیل خورشید عزیز، ێفحات من تاریخ منگقە کفری، الگبعە الاولی، للگباعە و النشر مرکز تەما، السلیمانیە ٢٠١٢.

ب/ گۆڤار:

١. ئامانج فواد احمد،شێوازی دابەشبوونی شوێنیی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٤) ٢٠١٨.
٢. ئەحمەد باوەڕ، تۆفیق ئەفەندی و یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی لەکەلار-١٩٣١-١٩٥٨، ئەکادیمیای کوردی،گۆڤار (٣٥) هەولێر، (٢٠١٦).
٣. سەرکەوت شەریف ئیسماعیل، کوردناسی لای ئینگلیزەکان، گۆڤاری کۆچ،ژمارە (٩) ٢٠٠٨،ل ٩٦.
٤. کەمال مەزهەر، ماتێنەدەران، گۆڤاری بەیان ژمارە (٣٠)، بەغدا، ١٩٧٥.
٥. فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین، پێکهاتەی خێڵەکی و ناخێڵەکی ناوچەی چەمچەماڵ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٠)ساڵی ٢٠١١.
٦. بەشار عادل کریم و یوسف عباس احمد، دابەشبوونی گوندەکانی قەزای کفری لە ساڵانی ١٩٧٧ – ٢٠٠٣، گۆڤاری کەرکوک ساڵی هەشتەم، ژمارە (٢٩) هاوینی، ٢٠٠٦.
٧. حەسەن عەلی سەلیم و کەمال نوری معروف، تیشکێک بۆ سەر گوندی کوڵەجۆ و شوێنەوارەکانی، گۆڤاری (بانەڕۆژ) ژمارە (٢١)، هاوینی ٢٠١٤.
٨. مەعرووف خەزنەدار، بیبلۆگرافیای کوردی،گۆڤاری ڕۆژی کوردستان،بەغدا ١٩٧٢،ژمارە (٨)

ج: ماڵپەڕ:

١. پارێزگای سلێمانی، کورتەیەک لە مێژووی بازرگانی سلێمانی، ٢٩/٤/٢٠١٨، بڕوانە ماڵپەڕی سلێمانی..http://slemani.gov.krd/mobile-so/newsDetail.php?news id=٨٠٨
٢. حوسێن ئیسماعیل حان دەلۆ، شاری کفری لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ – ١٩٢١)، ماڵپەڕی کفری سیتی ٢٢/٦/٢٠٠٧.http//kifri.wordpress.com
٣. فرسەت ڕۆژبەیانی، پەیوەندی ڕۆژهەلاتناسی ئەلمانی بە کوردناسیەوە، بەرلین ١٧/ May/ ٢٠٠٨،بڕوانە (OVEERMAN ANNETE(Hrg): Die Deutsche morgenlaendische gesellschaft; ١٩٥٥.)
٤. کاردۆخییەکان و ئاناباز، ماڵپەڕی زانکۆی سۆران.(https://www.google.iq/search?hl=ar&biw=١٣٦٦&bih=٦٢٥&ei=vt٧FXNfcJI٢QmwX٥j٧fIBw&q=٪DA٪A٩٪D٨٪A٧٪D٨٪B١٪D٨٪AF٪DB٪D٨٪٨٦٪D٨٪B٪D٨٪A٧٪D٨٪oq=٪DA٪A٩&+٪٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪DA٪A٩٪٩٥٪٨C٪DB٪٨C٪DB٪AE٪DB٪D٨٪gs_l=psy-&+٪٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪DA٪A٩٪٩٥٪٨C٪DB٪٨C٪DB٪AE٪DB٪D٨٪٨٦٪AF٪DB٪D٨٪١.٣.ab...٨٤١٨٢.٨٤١٨٢..٨٤٧٣٧........٣.٣٢٠.٣٢٠.١-١......٠....١..cc٤gws-wiz.qVhagzih).(.

لە نێو ئاژاوەکانی ژیاندا
گەڕان بە دوای خوودی ئاشتی!

ئاشتی شەهباز

لەبەیانیەوە دێمو دەچم نازانم چۆن دەست پێبکەم، واتا چۆن لەسەرگوزشتەی خۆم بۆخۆم بنووسم، ئێستا دواجارە بڕیارمدا دەستپێبکەم، نایشارمەوە دوای بەرچایی بیرم لێدەکردەوە چۆن و چی بنووسم، چوومە بەر ئاوێنەکەو کەمێک دژەخۆرەکەم لەدەموچاوم هەڵسووی وکەمێکیش لێوم نەرمکردەوە بەو ڕۆنانەی لێو، کەمێک خەندەیەکم لەگەڵ خۆم گۆڕییەوە و تابەڵکو بتوانم بەسیمایەکی جوان دەستپێبکەم. دوێنێ بەیانی کاتێ لەناو سەیارەکەی ڕۆژنامە بەرەو دارەتوو دەچووین و تا ئەو فەرمانبەرەش هەڵگرێت و بەرەو ڕۆژنامە بمانبات، لەپڕ لەلایەکی دەشتاییەکە دیمەنێک دڵخۆش و هەمیش ناخۆشم بینی، ڕەنگە سێسەد مەترێک دووربووبێت لە شەقامەکە، تا نیوەی گیانی دیار نەبوو ئەو ژنە تەمەن سەرووی پەنجا ساڵیە بە جلی کوردەواریانەی خۆمان و ڕەنگ ڕەش، لەنێو چاڵێکدا زۆر بەتوندی قازمەکەی لەنێو چاڵەکە دەچەقاند و بەبێ وەستان وەک شێوەی ئەو کرێکارانەی لەسەرشەقام و لاڕێکاندا دیبوومن و نازانم خەریکی چی بوو و بۆچی واتوڕە لەو زەوییە و بێ پسانەوە کەتبووە گیانی، نازانم؟ لەکاتێکدا من باوەشێکم دەدا و لەوناوەش کەس دیار نەبوو لەم دەشتاییە، وەک باگ فلاشێک منی بردەوە هۆڵی پێشەوا کاتێک فیلمی کوردی دەرهێنەر ئەمین م سەیر دەکردو لەسەر (دایکانی من) واتا ئەوە ناونیشانی فیلمەکەبوو چەند ساڵ پێش، کەباسی لە ژیان و ژنانی جێماوە کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدان دەکرد. ئەم دیمەنانە ڕۆژانە بەشێوازی جیاجیا ئەبینم و و دێنە بەرچاوم و بێ دەسەڵات بەسەرم تێدەپەڕن، بۆمنێکی ژن و ڕۆژهەڵاتی دەبێ چی بێ و چۆن چۆنی ئاسایی بوویەوە نازانم !؟

بیرمە کاتێ باوکم بۆ بانگدانی بەیانیان کە ئەچووە مزگەوت و منیش بۆ لەپێکردنی قاپقاپەکانی بەدوایدا بەم تاریک و ڕوونە ڕامدەکرد و دڵخۆش دڵخۆش، کە ئەو کات ماڵمان لەسەر قەڵای هەولێر بوو، لەخانووچکۆلەیەکی قوڕو سەر بە کاریتە دەژیاین. منیش هێشتا فامی ئەوەم نەبوو قوتابخانە چیەو چۆنە، پێموابێ ئەو کات تەمەنم لەنێوان چوار بۆ پێنج ساڵی بووبێ، کە هەندێ جار لەسەرپلیکانەکانی مزگەوت کە

سەروخوارم ئەکرد و ئەکەوتم لەباوکم دەشاردەوە نەبادا جارێکیتر لەگەڵ خۆی نەمبات. زۆرم پێ خۆشبوو کە قاپ قاپەکان دەنگیان دەدایەوە جگە لەوەی زۆر بۆمن گەورە بوون، جگە لەوەش پیرەپیاوێکی ریشن کە لەمزگەوت سڵاو و چاکوچۆنی لەگەڵ باوکم دەکردو منیشی ماچ دەکرد و لەبیرمە کە چەند جارێکیش بەتوندی منی بەخۆیەوە دەنووساند، کە ئەوکات تێنەدەگەیشتم ئەمەچیە و ئێستاش نازانم بۆچی باسی ئەوەم بۆ باوکم نەدەکرد؟نازانم باوکم منی زۆر خۆشدەویست یان من، کە لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ زۆر شوێنان، هەژاربووین بەڵام تێروپڕ و پۆشتە، باوکم ئەوکات فەرمانبەرێکی ئاسایی بوولە شارەوانی هەولێر، پیشەکەی پۆستەبەر بوو، بەتایبەتی بە پایسکیلەکەی کە لە نێو قەفەسەکەی دایدەنام، هەر بەو پایسکیلەش کاری گەیاندنی پۆستەی دەکرد، بەڵام ئەگەرخوشکەکەمی دەهێنا کە ئەو ساڵێک لەمن بچووکترە ئەو دەبوایە لە نێوقەفەسەکە دابنیشێ و منیش لەدوای باوکم و تووند ناوقەدیم دەگووشی، کە تا ئیستاش جێگای برینەکانی قاچم شوێنیان ماوە کە بە زنجیرەکە بریندارەدەبوون. بابەگیان زۆرم خۆشدەوێی دڵنیابە ئێستاش، تۆ زۆربە ئێمەوە ماندووبووی، ئیستاش تامی ئەو کاستەرەی بۆت دروست دەکردین لەدەمم ماوە کە رۆژانی پێنج شەمە لە ریعایە ئەهاتینەوە و ئیوارەی هەینی ئەبوایە بچووینایەتەوە لەبەر قوتابخانە، کە ئەوکات درکم پێنەدەکرد، ئای باوکە جارێکیان خەریکبوو بمکوژی، کاتێ لەبانگی شێوان لەمزگەوت دەگەڕایەوە لە پەنا تاریکی دیوارە رووخاوەکەی لای ماڵمان منت لە باوەشی ئەو کوڕە بالیسانیە بینی و یەکترمان ماچ دەکرد، ئەوکات یەکەم هەستکردنم بوو بە ئەوین، سیانزە ساڵ بووم، کاتێ لەترسا خەریکبوو بتۆقێم و بەڕاکردن خۆم گەیاندەوە پێشی تۆو لە پشت قەنەفە شکاوەکە خۆم شاردەوە وتۆش وەک شێرێکی برینداربەسەرمدا هاوارت دەکرد. هەر لەجێی خۆمەوە و بەچاو نوقاوییەوە دەمگووت بەخوا بەس ئەوەندە بوو، جا نازانم باوەڕت پێکردم یان دڵت نەهات بە چەکەکەی دەستتەوە بمکوژی. باوکە ئەوکاتەشم لەبیرە کە بەدڵگرانیەوە وەڵامی ئەو پیاوەت دایەوە کاتێ بەزمانی تورکمانی وتی محەمەد (بڵار قزدلار) ؟ واتا ئەوانە کچن ؟ کە من و خوشکەکەمت لە گەرماوی پیاواندا دەشووشتن، کە ئەو کات پێنج و شەش ساڵان دەبووین، وتت دایکیان نەخۆشە چیبکەم؟ کەوابوو، بەداخەوە بەر لەمردنی زانیم دایکم نەخۆشە (لەرووی دەروونی و بچوکی قەبارەی مێشکی لەزگماکدا وەک پزیشک گووتی) توانای سەرپەرشتی ئێمەی نەبووە.

لەتەمەنی حەوت ساڵیدابووم کاتێک دایکوباوکم لێک جیابوونەوە و ئەو کات برایە بچووکەکەم ساڵێک نەدەبوو. شەوان کە دەگریا باوەشم لێیدەدا، و مەمکی خۆم کۆدەکردەوە و لەدەمیم دەنا، دەمویست گیری بکەمەوە و وامدەزانی دەتوانم ئاوا دایکایەتی بۆبکەم، کە لەوکاتەوە هەستی بەرپرسیارانە لە مێشکم هاتووچوویان بوو، بە

هۆی ئەوەی من نۆبەرە بووم، هەر لەو ساڵەشدا بوو باوکم ئێمەی بردە ریعایە تا سیانزە ساڵیم، واتا هەتیووخانە کە دواجار ناوی ماڵی خەندەبوو.

بە پێی یاسای ئەوکات لە هەتیووخانە دەبووایە سێ مانگی هاوینە واتا پشووی قوتابخانە ئەوەی کەسێکی لە ژیان مابا دەبوایە بڕواتەوە، کە بۆ ئێمەش هەر وابوو. هەر لەو سیانزە ساڵیەمەوە کەوتمە رووداوی ناخۆش وساڵێک دواتر هاوسەرگیرییەکی داسەپاو بە پێی عورفە کۆمەڵایەتیە باوەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کات هەوڵی خۆکوشتنم دا، بەڵام ئەوەتا هێشتا ماوم و نەمردم و بەرگەی ئەو هاوسەرگیرییەم نەگرت دوای پێنج ساڵ جیابوومەوە، بەڵام (نەک لەگەڵ کوڕە بالیسانیەکە کە ئەو کات بەهۆی دەربەدەری و بۆمبارانکردنی بالیسان کەتبوونە سەر قەڵای هەولێر).

لەگەڵ کوڕە تاقانەکەم گەڕامەوە ماڵە باوانم، باوکە هێشتا من و کوڕەکەم پێویستی زۆرمان پێت مابوو تۆ بەجێت هێشتین، ئاخر چەند رۆژێک پێش ئێستا حەمە درکاندی کەوا باپیرەی لە بیر ماوە کە لەگەڵ خۆت بردبووت بۆ چایخانە، سەرم سوڕما، چونکە ئەو ئەوکات تەنها سێ بۆ چوار ساڵ دەبوو!

لەدوای راپەرین کاتێک باوکم شەهیدبوو کەوتمە بیرکردنەوە دیسان لەسەرپەشتکاری دووبرایەکەم کەلەمن بچووکتر بوون و خوشکەکەشم تازە چوبووە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، باوکە با ئەوەش باس بکەم کەتۆ ئەو کات ٢١ بیستویەک رۆژبوو گیانت سپاردبوو کە تۆم دۆزییەوە لە نەخۆشخانەی موسڵ (ئەمانەش هەمووی بەهۆی ئاڵۆزی وشەڕی نێوان ئێمەو حکوومەتی عێراقی بەعسی بوو)، ئەوشەو بەدیارتەوەبووم و قسەم لەگەڵ ئەو رۆژانە دەکرد کەتۆ چاوەروانی من بووی و منیش نەمزانیبوو ئاخر بیست و یەک رۆژ کەم نەبوو، دەزانی هەر ئەوشەو کەچاوەڕێی خۆرهەڵاتن بووم و بتهێنمەوە ئەو پیاوەی راسپێردرابوو چاوساغم بێت هەوڵی پەلاماردانی دام، دەزانی ئینجا ئەو کات فرمێسکم هاتەخوارێ؟ دەزانی باوکە کەسمان نەبوو پرسەت بۆ دابنێ، دەزانی ئەوژانە ئێستاش لەناو دڵمە، ئایا دەزانی؟ بەڵام ئێستا دڵخۆشم و حەزدەکەم لەگەڵ ئەو هاورێیانەم بم کە پێدەکەنن، نەک بمگرێنن، چونکە ئێستا هەرچی بکەم فرمێسکم نایەتە خوارێ، ئەمەوێ بەهەمووشت پێبکەنم. پێبکەنم بەڵێ، دوای کۆچی تۆ سێ مانگ گەڕان بەدوای کارکردندا کە یەکجار زەحمەتبوو، چونکە هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو لە ژیان بەگشتی، بەهۆی ئەو دابڕانە و ئەو ژیانە نائاساییەی پێی تێپەڕیبووین،دوای کار دۆزینەوە و جێهێشتنی کوڕە تاقانەکەم بۆ ماوەیەکی درێژ لەکارکردنم و سەرگەردانی ئەویش لەگەڵ من دەستیپێکرد. تا گەیشتینە شەڕی ناوخۆو دیسان بێکاری و بێ

جێگەیی وترس و نەبوونیش لەهەمووی قورستربوو، کەئەو کات بۆ ماوەیەک لەترسا شەوانە ئەچوومەوە هەتیوخانەکەی خۆمان و شەوانە لەوێ لە بری کوڕ و براکانم و تەنیایی خۆم ئێشکگری ئەو منداڵەم دەکرد کە تەمەنیان لەخوار شەش ساڵییەوە بوو و دامدەپۆشینەوە و ماچم دەکردن و لە ئامێزی غەریبی یەکتردا دەلاواینەوە. دوای چەند مانگێک لەوکارم بەرێوەبەری ئەوسا کە پێشتر توێژەری کۆمەڵایەتیمان بوو منی بەدڵبوو بۆ مانەوەم شەوان و ئاگاداریم لە منداڵەکان و هەوڵی ئەوەشی بۆدام کەوا بە شێوەیەکی کاتی هەر لەوێ دامبمەزرێنێ بەڵام بێ ئەنجام بوو.

دوای کار دۆزینەوە و تێپەڕبوونی کات وخوو گرتنم بە خوێندنەوە دەستیپێکرد، کە دەبێ لێرەوە سوپاسی کتێبخانەی سۆلاف بکەم، کە بەخۆڕایی دەیهێشت رۆژنامە و گۆڤار ببەم و بیانخوێنمەوە ئەمەش لە ساڵی ١٩٩٨ بوو. ئازارو سەختییەکان هەمیشە درێژەیان هەبوو پێبەپێی تەمەنم، ئەمە جگە لە هەوڵەکانی دەوروبەر و شەڕپێفرۆشتن و دەست بردنیان بۆ شکاندن و بێ ئیرادەو بێ هێزکردنم بەهۆی برسیی ودوور لە ئەخلاقی مرۆڤانە بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانیان، ژنێکی بێوەژن وەک منداڵێکی هەتیوو هەمیشە سەیر دەکرێ و هەرکەس و دەستی پێبگا دۆزینەوەیە وەک فلسێکی کەوتووی سەر زەوی.

لەساڵی ٢٠٠٤ یەکەم کاری رۆژنامەوانیم لە بڵاوکراوەی دەنگی میللەت دەستیپێکرد. راپۆرتێکم لەسەر خێزانێکی گەرمیانی کە دایکە پیرەکە سێ گەنجی کەمئەندامی بەرێژەی ١٠٠٪ هەبوو بێ باوک و بێ سەرچاوەی بژێوی لەگەڵ دوو منداڵی تری لە خانوویەکی نیمچە کەلاوەدا لە بنەسلاوە مەمرە مەژی کرد، کە سەرەتا و بێ ئەزموونبووم، بەڵام پڕ لە هاواری پەنگ خواردوو وابووم، بەتایبەتیش دوای شەهید کردنی برایەکم لەدوای شەری ناوخۆوە و داپۆشینی جۆری تاوانەکە و ئەو گومانانە هانیاندام بۆ کارکردن لەسەر ئەو تاوانانە و بەتایبەتی کوشتنی ژنان و هۆکاری سوتاندنیان و خۆسوتاندن و ئەو توندو تیژیانەی رۆژانە منداڵان و ژنان وەک شیری حەڵال بەبەرگیدا دووراوە، هەم هۆکار هەم هێز هەم دەربڕینی ئەو ئێش و ئازارە هاوبەشانەی هەمانە ئەو رێچکەیەی پێگرتم.

رێگای کاری رۆژنامەش ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی من دەستم بۆ دەبردن و لە رۆژنامەیەکی حزبی زمانحاڵ و باڵادەستی دەسەڵات لەم هەرێمە. ناڵێم چەند جار بەر هەڕەشە کەتووم، چونکە پەشیمان نیم و دەبوایە ئەو کارە بکەم، کە ئێستاش هەر بەئەرکی دەزانم . کێشەنییە دەسەڵات لێم توڕەیە یان نا، کێشەنییە ئەگەر بەدەستی ئەنقەستیش کێشەم بۆ دروست دەکەن لەرێی هەر کەسێکەوە یان بێ بەشم دەکەن لەو مافانەی کە هەمە و دەبووایە هەمبێ .ئێستا منێکم کە دەزانم ئەگەر باوکم زیندووش

ببێتەوە لێم رازی نابێ بەپێی ئەو نەریتەباوەی کەهەیە، چونکە یەک لەجارەکان کە ویستم کۆمەک بۆخێزانێی قامشلووی نێو کەمپ ببەم و لەو رێگایە تووشی دەستدریژی بوومەوە گوێم پێی نەداو بەردەوامبووم لەچوونم، چونکە هەردەمویست ئەو هاوکاریە بگەیێنم، کە نەگەیشت.

باوکە ببورە کە ئێستا ئەو وردە راستییانە دەڵێم، تکایە ئەوە منم نەک کچی تۆ، نەکەی هەست بەشەرمەزاری بکەی، دەزانم تۆش زۆۆۆۆۆرت چێشتبوو لەتەنیایی و بێ دایکو باوکیدا، ئاخر کە گەورەبووم ئەوانم درک پێکرد بابە گیان بۆیە ببورە، توخوا دیسان ببورە کە جارێکیان تۆ نەخۆشبووی منیش سەری تۆم دەشووشت لەناوحەوشەکەمان و ریشتم تاشی بەس نەمدەزانی چۆن چۆنی بیتاشم بۆیە تۆزێک ژێر چەناگەت بەر مووسەکە کەوت خوێنی لێهات. دەزانم بۆ ئەوەی خەم نەخۆم دەتگوت هیچ نیە نایەشێ وەک چۆن جارێکیش لێفە شڕودڕاوەکانمان بەرگ دەکردنەوە و دەمان دوورینەوە لێیان ئەوکاتیش بێ ئاگا دەرزییەکەی دەستم کاتێ هەڵبڕی بەر چاوت کەوت و دیسان گوتت هیچ نییە، باوکە ئەوکات زۆر خۆشبوو. هەردووکمان ئاگامان لە تەنیایی یەکتربوو، بەس ئێستا نا.

هەڕەشەکان

هەڕەشەکان جارێک لەسەر ئەوەی ئەو دووکچە چینە کە رادەستی لایەنێکی ئەمنیم نەکرد و ئاشکراکردنی چەندین تاوان و کەسانی تێوەگلاو لە تاوانانە، جارێک لەسەر هەڵمالینی تاوانی بریندارکردنی مامۆستا بەهجەت، کەدواجار بەهۆی ئەو برینەوە گیانی سپارد.

کە ئەو راپۆرتەی کەلەسەر ئەوتاوانە من و سەردار حوسین ی هاوکاری رۆژنامەم کردمان و بووە هۆی ئاشکراکردنی تاوانباران. هەڕەشەی کوشتنم لەلایەن برای شیلان ەوە کە بەهۆی برسیکردنییەوە گیانی سپارد، لێکرا، چونکە کەمئەندامبوو ونەیدەویست لە ژیانیدا بمێنێ و پێوەی ماندوو ببێت، ئەوە جگە لە سکاڵای پارێزگاری هەولێریش لەسەرم، گوایە نابێ لە رۆژنامە بنوسرێ (کچێک لەپایتەخت لە برسا مرد) و چەندین هێنان وبردن و ئازاردان لە رێگای بنکەکان و دادگاکان. کێشە نییە و چەندینی تریش کە زۆربەیان بەڵگەکانیم ماون. ئەوەی لێرەوە دەمەوێ بڵێم هیچ کەس جێگای متمانەی رەها نییە، بەتایبەت لەشوێنی کارکردنت، چونکە دواجار ئەو درکاندن و راستییانە دەبنەوە ئەو فیشەکە نادیارە و لە کەسایەتیت دەدرێت و لە پەل و پۆی باڵەکانت دەخەن.

ناوی تەواوم ئاشتی محەمەد شەهباز، لەدایکبووی ١٩٧٠ ی شاری هەولێر، لە دایک و باوکمدا ئێمە چوار منداڵ بووین . دووکچ و دووکوڕ، کە لە ئێستادا تەنها من و خوشکم برایەکم لە ژیان ماوین. ئاسان نەبوو کە من هەرسێکیانم ناشت. دایک، باوک، برا، چۆن لە ساڵی ١٩٩٢ جیابوومەوە تا ئێستا خەریکی کارکردن بوومە، ئێستا ساڵێک نابێ خەریکم بیر لەخۆم بکەمەوە، لەکاتێکدا ئەگەر حەبە دەروونییەکەم لێ نەبڕێ، کا لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە لەسەری دەژیم، ئەوەی بیرم چووە لەسەروە باسی بکەم ئەوەیە، ئەو دکتۆرە دەروونیەی لەلای چارەسەر وەردەگرم تا ئێستا رەنگبێ شەش یان حەوت جار پارەی پشکنینی لێوەرگرتبم، وە چەندین جاریش بەخۆرایی دەرمانیشی پێداوم، کە نازانم بەچ زمانێک سوپاسی بکەم،هەڵبەت دەزانێ چۆنە بارو گوزەرانم!

فرمێسکێکی قەتیسماو
لە چاوی شانۆدا!

بیرەوەری

فرمێسک مستەفا

خەتای کتێبی ناو ڕەفە ریزکراوەکانی باوکم بو، هەرزەکاریمیان لە نێو خۆیاندا نوقم کرد. وایان کرد بە مەیلەوە چاوبازی لەگەڵ ناونیشانە قەبەکانیاندا بکەم. دەستەکانم پێش ئەوەی ئەشقی لاوێک گەرمیان بکاتەوە، لە ناو پەڕەکانیاندا دەلەرزین.

خەتای دایکم بوو وەک کیژۆڵەی ناو چیرۆکە ئەفسانەیەکان بۆ ئەشق پەروەردەم بکات. ئەو دەیگوت: کچۆڵەکان بۆ ئە ڤین لە دایک دەبن. بۆپەروەردەی باخچە و گوڵزارەکان گەورە دەبن. کچان دەبێ ئازا بن، خوێندەواربن، جانتاکانیان ڕەنجی خۆیانی تێدا بێت نەک ڕەنجی پیاوێک!

خەتای باخەڵە پڕ ڕەیحانەکەی دایەخانم بوو، هەتا چاوەکانم وەنەوزی ئەدا، سەفەری لە دونیای خەیاڵی چیرۆکەکانیدا پێدەکردم و وای کرد خەیاڵم ئاسۆکان تەی بکات و بەرەو ناکۆتا بفڕێت.

ئەرکە قورسەکەی باوکم بوو کە بۆ شانۆ وا تەیاربم ببمە ئەفسەری ناو مەیدانی جەنگ. خەتای شاخی گوێژە بوو، ئاشقی کاتی کازیوەم بکات، سەیری شکۆداری سنگی دەرپەڕیووی بکەم. خەتای وشە وپیتی شیرینی زمانی کوردی بوو، لە پێناویدا بڕژێمە سەرشەقام و خوێنم لێبێت!!

خەتای دایە خانم بوو، هەمیشە دوعای دەکرد، ببمە مامۆستایەکی ناودار و دایکی کوڕان!! بەمانە هەمووی گەیشتم. خەتا شیرینەکانیان بکەمە چرای دەستم. هەموو فەرمانەکانیان و هەموو ئاواتەکانیانم بە چەتوونی و خەباتی تەمەنێک بۆ بەجێبهێنم.. بەڵێ لە نێوان بەهەشتی نازی منداڵی و ئاگری جەنگ و ئەشقی دۆڕا و شەونخونی بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانم، ژیانم هەنگاونان بوو بەسەر پشکۆی چرپەچرپی بەلاما تێپەڕیوو.

منداڵییم بوخچەیەکی ئاوارەیی بوو، بە کۆڵی باوکێکی کەم دەرامەت و دەربەدەر و دڵشکاوەوە. ژیانم قاقای بێ کۆتایی بوو، گریانی شاراوەی زۆر زۆر بوو.. ژیانم لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا دوو ئەسپی سەر گالیسکەیەک بوون، هەر جارەی بە زەبری یەکێکیان ڕێگەی سەفەریان بۆ دەستنیشان دەکردم. منداڵییەک وەک کانیاوێک خۆشەویستی و نازم لێ خواردۆتەوە. بەشی هەموو تەمەنمیان کردە ناو پشتەکۆڵەی گەورەبوونمەوە. دەنگە خۆشەکەی دایکم بوو هەموو بەیانییەک لە خەو خەبەری دەکردمەوە، ئەوەتا ئێستا منیش فێری گۆرانی چڕین بووم.

عەزیمەتەکانی باوکم بوو، فێری سەردانەواندنی نەکردم، هەمیشە وەک دار چنارێک لقەکانم بەرەو ئاسمان هەڵبکات و ڕووم لە خۆر بێت. چەندین جار قاچەکانم لە لیتە و قوڕاوی ڕۆژگاردا چەقیوە، خۆشم نازانم چۆن توانیوومە خۆمیان لێ دەرباز بکەم.. سەختی ژیان زەردەخەنەیەکی هەمیشەییان لەسەر لێوەکانم نەخشاندووە، هەر بەو بزە بێ منەتەشەوە من دەمرم.

من فرمێسک مستەفام، لە گەڕەکی شیوی قازی لە سەرشەقام لە شاری سلێمانی، لە ماڵی باپیرمدا، بە بێدەنگی و بێ هیچ ژانێکی پێشوەختەی دایکم، وەک ماسییەک لە گەراکەی بێتە دەرەوە هەر ئاوا لە روحمی دایکم جیا دەبمەوە و دێمە ژیانەوە. کات وبەروار، سەعات هەشتی بەیانی، ڕۆژی دووشەممە، نۆی فێبروەری ساڵی ١٩٦٦.*

بۆ فرمێسک؟

باوکم لەسەردانی ئارامگەی هەردوو برا شەهیدەکەیدا دەبێت، لە گەڕانەوەیدا لەگەڵ خۆیدا بڕیار ئەدات گەر ئەمجارە کچێکیان ببێت ئەوا ناوی دەنێت فرمێسک. ئاواتەکەی ڕەنگە هەر هەمان ئەو ساتە بووبێت کەمنی تێدا هاتوومەتە دونیاوە. باوکم هەمیشە بەو هەستە باڵایەی ناسرابوو، هەر وەک ئەو کاتەی ئەو زیندان دەبێ، بێ ئاگایە لە شەهیدکردنی دوو براکەی. کاتێک بانگی دەکەن پرسیاری لێدەکەن: تۆی دوو برات شەهید بووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ!!! لە دایک بوونی من دڵدانەوەی هەموو فرمێسکەکانی چاوی باوکم دەبێ، کە ئەو رۆژە لەسەر قەبران ڕشتبوونی، حەسرەتی باوکێک دەبم بۆ کچێک. شادی دایکم بووم، هەمیشە ئاواتی ئەوەیان خواستبوو کە دوای کلّپە کچکیشیان هەبێت. باوکم لە دەرگا ئەدات. پورە بەهارم دەچێت دەرگاکە دەکاتەوە.

بەهار: کاک مستەفا مژدەم بەرێ کچتان بوو.
باوکم: کچی چی؟ بەڕاستانە؟ بەیانی کە ڕۆیشتم بۆ سەر قەبران ڕجا هیچ ژانێکی نەبوو!!
باوکم بەرەو کەلەگیەکە دەڕوات. کچێکی قومات کراوە دەبینێت لە تەنیشت دایکمەوە پاڵخراوە.
باوکم: ڕجا، بەیانی کوا ژانت هەبوو؟ کوێڕا منداڵت بوو؟ ئاوڕێک لە نەنکم دەداتەوە، دایە ئامینە خان بەڕاستی پێم رانابوێرن؟!!
دایە مەخان: نا مستەفا گیان دوای ئەوەی تۆ چویتە دەرێ، ڕجا منداڵی دەبێ.
باوکم: ئاخر ئەمە لە منداڵی سێ مانگان دەچێت، لەوە ناچێت پێش چەند سەعاتێک لە دایک بووبێت!!
دایکم: دەی ڕاست دەکات هی من نییە. کوا دایە بیبەنەوە بۆ لای دایکی. باوکم لە نێوان ئەم گاڵتەجارییەدا نازانێت چی بڵێت.
دایە مەخان: مستەفا، ئەوە کچی خۆتانە و حەز دەکەیت ناوی چی لێبنێیت.
باوکم: فرمێسک.
دایکم: من خەندانم بۆ دەستنیشان کردبوو.
دوو ناوی زۆر جیاواز لە یەکتری دوایی باوکم باسی ئەوەیان بۆ دەکات، بۆ ئارەزووی ئەو ناوە دەکات!

بۆ باوکم من سیمبولی بیرەوەرییەکی جەرگبڕ بووم، بۆ دایکم ئارەزووی چێژبینین لە کیژۆڵەیی. دایکم وەک ئەوەی دڵی خەبەری دابێت، ڕۆژێک دەبێ من لە دایک بوونی خۆم بنوسمەوە، زۆر بە وردی چیرۆکی خولڤاندنی من و تا ئەوتەمەنەی کە ئەمەی بۆ باس کردم: «کڵپەم زۆر بە عەزاب بوو. پێش کڵپە منداڵێکم لەبار چوو، ئەو کاتە من و باوکت لە ماڵی باوکی حەمەجەزای گورانی بێژ دەژیاین. کۆڵانی بەرامبەر باخی گشتی. بەهۆی لە بار چوونی یەکەم منداڵ باوکت تا مانگێکیش ڕیشی نەتاشی، هێندە خەمبار بوو. کە کڵپەش لە دایک بوو دوای چەند مانگێک لە ڕۆژی نۆی حوزەیران لە ساڵی،١٩٦٣باوکت کڵپەی لە باوەشدا بوو، لێیان سەند و بردیان بەرەو نوگرە سەلمان لەوێ زیندانی کرا. کاتێک ئازاد بوو، کڵپە دوو ساڵ و نیودە بوو بەم دوو گیانییەم زۆر دڵخۆش بووین. من ئارەزووی کچێکم دەکرد، کە بووی لە دایک پەلەم بوو قژت درێژ بێتەوە و پرچەکانت بۆ بهۆنمەوە. قژە لولەکەت تا ناو پشتت درێژ بووەوە. ئەوسا خەوم بەوە دەبینی تۆزێک باڵا بکەیت و بە دڵی خۆم کراست بۆ بدرووم، ئەوەشم کرد. کە سەیرم دەکردی دیقەتم ئەدایت، ئەمگوت کەی دەچێتە مەکتەب؟ کەی مەمک دەکات و مەمکدانی بۆ بکڕم لە بازار!» دایکم گوتی: «ئەو شەوەی بۆ بەیانییەکەیدا تۆ لەدایک بوویت، هەردوو مامە شەهیدەکەت لە خومدا هاتنە لام و لە ژور سەرم بوون. چاوم لێبوو، ئەسپێکی زۆر جوان بەسەر پێپلیکانەکاندا سەر دەکەوت بۆ سەر هەیوانەکەی

سەرەوە. مەگەر خەون بینین بە ئەسپەوە بە مانای مەخسەد حاسڵ بوون نایەت؟!»

نە من نە دایکم چلەمان ناچێت، باوکم و دایکم، براکەم ومن دەڕۆینەوە بۆ دیانە.❊

ئیدی دەبمە کچۆڵەی ناو پشتەکۆڵەی کیژە کریستیانەکانی ئەوێ و لەگەڵ قەزوان چنینەوەدا، سەرخەوم دەشکێنم. شەوانیش لە پاڵ بێشکەکمدا بەدەم ئاوازی کەمانەکەی باوکمەوە دەچمە قوڵایی خەونەوە. بوکەشوشەی دەستی دایکم دەبم لەگەڵ سەختی ژیانی ئەوێی دایکم و باوکمدا لە ئاوارەیدا ژیان بەسەر دەبەم. ئەوکات باوکم و مامۆستایەکی دیکە دوای ئازاد بوونیان لە زیندانیدا، نەفی دەکرێن و دوور دەخرێنەوە بۆگوندی دیانا.. بۆماوەی دوو ساڵ بە بێ موچە وانەی قوتابخانەیان پێ دەوترێتەوە.. وەک هاورێیەکی باوکم کە ئەویش یەکێک دەبێ لە دوورخراوەکان، بۆی گێڕامەوە، کە باوکم کەسوکاری دایکم و یەک دوو هاورێی هاوکاری ماددیمان دەکەن. هەر لەوێ من وکڵپە دەبینە خاوەنی خوشکێک، ناوی بڵێسەی لێدەنێن. کڵپە و بڵێسەی شۆڕشی کوردایەتی باوکم دەبن. دوایی دوو ساڵەکە دەگوێزرێینەوە بۆ مەسیف. دوای ساڵێکیش، لە هەولێر لە تەیراوەدا دەگیرسێینەوە و باوکیشم وەک مامۆستا لە ئەربیل ئولا ئەرکی مامۆستایی خۆی بەجێدێنێت.

شەش ساڵی منداڵیم لە نێو دیمەنە جوانەکانی مەسیف و باخی کورد و عەرەب و گۆرانییە دڵڕفێنەکانی دەشتی هەولێر و فاتمێ زاڵمێ وهەڵپەڕکێ و چای سەماوەری ئەو باخچەیە بوو. سەردانی قەرات و خۆ شوشتن لە حەمامی سیروان و تۆقینم لە تانجییەکانی ماڵە شێخەکەی پاڵمان، سینیە فافۆنە پڕ سەهۆڵی بەر پانکەی ماڵە دراوسێکەمان، کە پیاوەکەیان دوای خواردنەوە، بە مەستی دەکەوتە گیانی خێزانەکەی. بەپێچەوانەی منەوە، من حەزم دەکرد باوکم مەست بێ، چونکە لە کاتی مەستبوونیدا پێچەوانەی پیاوەکەی دراوسێمان بوو، زۆر میهرەبانتر بوو لەگەڵماندا تا وەک لە کاتی ئاساییدا. کە مەست دەبوو دەمانتوانی بچینە بەر دەمی و بە ئازادی خۆمان سەیری چاوەکانی بکەین. لەوێ بە هۆی نزیکی گوندی گەلاڵەوە خزم و کەسوکارێکی زۆر سەردانیان دەکردین، گەلاڵە لوغزی منی منداڵ بوو، بۆ هەرچی کەسوکارمانە لە سلێمانییەوە کە دێن دەڕۆن بۆ گەلاڵە؟ ئەوێ کوێیە و چی لێیە؟.. سەردانەکانی لە پشووی نیوەی ساڵ و هاویندا دەمانکرد، هەر لە تاسلوجەوە دایکم خەبەری دەکردمەوە، لە نێوان کورسییەکەی باوکم و شۆفێری تاکسییەکەدا، دەستە بچکۆلەکانم لە پشتی کورسییەکانیان گیر دەکرد، دەچوومە سەر ئەو بەرزییەی لە سەر زەوی سەیارەکەبوو، تا سەیری جوانی گڵۆپە داگیرساوەکانی سلێمانی بکەم.. گەر بە ڕۆژیش بگەیشتینایە، ئەوا سەیری ئەو پانتاییە بەرین و زنجیرە شاخە سەرسامەی سلێمانی دەکەم. لە بەرزاییەکەی تاسلوجەوە بۆ سلێمانی و بۆ باوشی ماڵە گەرمەکەی بابە عەبدەم، ئەو پەڕی شادی بەخش بوو،

بەختەوەری بووین بۆ ئەوان و ئەوانیش سەرچاوی خۆشەویستی و هەڵگرتنی نازی ئێمە بوون. کاتێک بیر لەو کاتانەی ماڵی باپیرم دەکەمەوە، لە جیهانە ئەفسوناوییەکەی ئەلیسا دەچێت لە گەشتە سەرسامەکەی بۆ جیهانێکی غەیرە واقع.
بە کورتی منداڵییەکی پڕ گەڕان و بەسەرهات و بیستن و دیتنی چیرۆکی جۆراوجۆرم هەبووە. دایە ئامە خان لە دەرەوە دەگەڕایەوە دەنگی ناڵی پێی ئەسپەکان و حیلەیان، گیتارەکەی خاڵە لالە و گۆرانییەکانی بۆی دەگوتین، ئینجا گەلەرییەکی گەورەی هەبوو، لەوێ لەگەڵ ڕەنگ و بۆنی زەیت و دیقەتدانی تابلۆکانی، پەنجەرە بەشوشە ڕەنگاوڕەنگەکان داپۆشراو، ناو تاقی پەنجەرەکان بە مۆمەدان و کتێب ڕازاندرابۆیەوە. گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی خاڵە حەمە بۆ گۆڤاری ئەستێرەی منداڵانی دەنوسی، ئیدی لەسەر سنگی یەکێکیان خەونم لێدەکەوت. تەنانەت پێگرتنەکەشم لە ماڵی باپیرمدا دەبێت. خاڵە ئەوە دەمباتە تەنیشت قەفەزی کەوەکەیەوە تا وێنەم بگرێ، خۆم بە قەفەزی کەوێکەوە گرتووە. بە پێکەنینەوە دەڵێت: فرە گیان ئادەی قەفەزەکەم بۆ بهێنە! من بەرەو پیری دەچم،تەمەنم نۆ مانگان بووە.. ئێستا لە خۆم دەپرسم ئەم هەموو پەلە پەلەم لەچی بوو!! بۆ گەورەبوون.
ماڵی نەنک و باپیرەم لە قوڕ و دارەڕا دروست کرابوو. ماڵەکە دوو بەش بوو، بەشێکیان کەلەگی و ژوری پێشوازی میوان بوو، لەسەر هەیوانێکی گەورە، دارتوویەکی گەورەی بەئاسمانا هەڵچوو لەبەردەممدا ڕوابوو، لە ژێر دارتووەکەدا بەلوعەیەک و حەوزێک هەبوو، بە تەنیشتییەوە حەمام و توالێت هەبوو. بەشی ئەوبەری کە حەوشەیەکی گەورە نێوانیان بوو بە پێپلیکانە بۆ سەر هەیوانێکی بەرز دەچوویتە سەرەوە، دوو ژوری لەسەر بوو، یەکێکیان مەرسەمەکەی خاڵە لالە بوو. لە ژێر پلیاکانەکەدا ژورێکی گەورە هەبوو کە دەچووە سەرژورێکی دیکە، ژوری چێشتلێنان و نان خواردن بوو. سەکۆیەکی گەورەی لەوبەری حەوشەکەوە بوو. ئێواران دوای ئەوەی هەموو دەهاتنەوە ماڵێ، لەمسەری سەکۆکە بۆ ئەو سەری سفرەی نانخواردن دادەخرا.. لەتەنیشتی سەکۆکەوە بۆ خوارەوە سەر تەنورێکی لێ بوو، لەوێ ژنان دەهاتن نانیان بۆ نەنکم دەکرد. سەرتەنورەکە دەیڕوانییە سەر باخچەیەکی بچکۆلانە گوڵە نەسرینێکی زەرد ڕەنگی لێچێنرابوو، تا هەیوانەکەی سەرەوە باڵای کردبوو. ئێستایشی لەگەڵ بێت لەسەر ڕێگەکانم گوڵەنەسرین ببینم، چاوەکانم دا دەخەم و لوتم دەنێم بە پەڕەکانییەوە تا باوەشی حەوشەکەی ماڵی باپیرم بیربکەوێتەوە. بۆنی گوڵە نەسرین منی مەست وحەیران دەکرد.

باپیرم ناوی عەبدەی ئۆتۆمبیلچییە. یەکەم کەس دەبێت کە ئۆتۆمبیل دەهێنێتە شاری سلێمانییەوە، گەراجێکی دەبێت لەبەر دەرکی سەرا، ئێستا جێگەی پاسەکانی تووی مەلیکە. باپیرم خاوەنی بیست و یەک منداڵە، لە چوار ژن. پیاوێکی دەستبڵاو و پارەدار

دەبێ. حەز بە سوعبەت و میوانی زۆر دەکات. شەوانە خەڵکی گەڕەک دەهێنێتە ناو حەوشەکەیانەوە تا شەو درەنگانێک بە قسەی خۆش و گاڵتەوە دەیباتە سەر. فایەق بێ کەس لە هۆنراوەیەکدا باسی دەکات. دەڵێت: گاە بە دەست عەبدە و گاە بەدەست جەرجیسەوە* دوای جەنگی جیهانی دووەم هێواش هێواش سەرمایە ومولّکەکانی نامێنن، لە کاتی شالاوی هەژاری جەنگدا، ئەو مەعماری گەنم و جۆکانی دەکاتەوە تا خەڵکی بچن و بیبەن.. دواجار تەنیا ئەو ماڵە دەمێنێتەوە کە بۆمن جیهانە ئەفسانەکەی ئەلیسای کچۆڵەیە. نەک بۆ من بۆ نەوەی بیست و یەک منداڵ هەر وابوو. ڕۆژی هەینی هەموو لەوێ کۆ دەبووینەوە دەتگوت جیهانی یاری منداڵانە. دوو پورە میهرەبانەکەی لەسەر ماڵ بوون، بە هاتنی ئەم هەموو خوشکەزاو برازایانە شاگەش دەبوون، بەدەم گۆرانییەوە ماڵیان پاک دەکردەوە، بە دەم گاڵتەو خۆشییەوە میوانداری ئێمەیان دەکرد. شەوانەش بە درێژایی کەلەگییەکە جێگە دا دەخرا و نوێنی بۆن خۆش و بەرگی لێفەی سیرای سەوز و سوور، یان سورمەی گوڵ گوڵی ڕادەخرا، ئێمە لەسەر دۆلابی نوێنەکانەوە خۆمان فرێئەدایە خوارەوە بۆ سەر لیفەکان، دووان لە ئێمە ئەمسەر و ئەوسەری لێفەکەیان دەگرت و بەرزیان دەکردەوە بۆ هەوا و ناوی لێفەکە واتە سیراکە بڵقێکی گەورەی دەکرد، ئەوەی سەرەی خۆفرێدانی بوایە لە سەر دۆلابەکەوە خۆی هەڵئەدایە سەر بڵقی بەرگەکە.. شەوێک خۆم هەڵدا و کەوتم بەسەر لوتی دیاری کوڕی خاڵە نەجاتمدا. خوێن بە لوتیا هاتە خوارەوە، لە ترساندا من لەو زیاتر گریام. خاڵۆژنە فەریدە هاتە ژورەوە کە منی بینی وا دەگریم، بەدەم پاک کردنەوەی خوێنی لوتی دیاری، گوتی: ئەگەر لوتی دیاری سەقەت بوو، دەبێ خۆت شووی پێبکەی، ئەوسا بگری.. هەموو دایانە قاقای پێکەنین. خاڵە نەجات کوڕی گەورەی بابە عەبدەیە، یەکەم کەس دەبێ کە بە بەدەل ئەفسەری ناکات و لە سلێمانیدا وتەیەک وەک پەند بڵاو دەبێتەوە کە تا ئێستایش لای خەڵکی ئەو کاتە هەر باوە. (نەجاتم بوو وەک نەجاتی عەبدە) ئەو کەسانەی لە تەنگانەیەک ڕزگاریان دەبوو وایان دەگوت. هەروەها خاڵە ناجات شمشاڵ ژەنێکی بە توانا دەبێ و یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرانی تیپی مەولەوی سلێمانی. ئارەزوومەندێکی شانۆ بوو، لە گەڵ نەجات شیخ مەحوی خوشکیدا لە شانۆ نامەی بوکی ژێر دەواری ڕەشدا ڕۆڵی بینیووە.* دایکم دەیگوت: ئەگەر کاکم بچوایەتە دەرێ، دەبوو لە کۆڵانەکەوە تا سەر شەقامەکە خزمەتکارەکانمان فەرشیان دابخستایە و ئاویان پێدا بکردایە، نەک جلوبەرگەکەی بەری کاکم تەپوتۆزاوی بێت.کە خۆشی دەشت پێش ئەوەی بچێتە حەمامەکەوە، دەبوو شمشاڵەکەی و کەلوپەلەکانی لە دالانی حەمامەکەدا بۆ ئامادە بکرێ. ماڵی باپیرم وەک ماڵی سوڵتانەکانی ئەو سەردەمە دەبێ. ئا، باپیرم سەگێکی دەبێت، ناوی بۆرەی عەبدە دەبێت.

له تەیراوە دەبینە پێنج منداڵ، کوردۆ و پشتکۆی براشم لەوێ لەدایک دەبن. کوردۆی برام، له شەوی سەری ساڵدا له دایک بوو، من لەبەر دەمی دەرگای ژوری دانیشتنەکەمان، که دایکم لەوێ منداڵی دەبوو، هەڵتروشکابووم، باوکیشم به پێوە وەستابوو کارەبا کوژایەوە، مامانەکه هاته دەرەوە داوای چرایەکی کرد له باوکم، تا باوکم چراکەی دۆزییەوە کارەبا هاتەوە و بوومه خاوەنی برایەکی دیکەیش. بووینه دوو کچ و دوو کوڕ. دایکم که دەچووە بازاڕ کڵپەی برام به یاوەری منیش ئاگاداری بلێسه و کوردۆ دەبوو. برایەکی بچکۆلانه به ڕۆبێکی پیاوانه و جوتێ نەعلی لاستیکی پیاوانه، هەر زۆر پیاوانەیش ئاگادارمان دەبوو تا دایکم له بازار دەگەڕایەوە.. دوای دوو ساڵ پشتکۆی برام له دایک بوو. پشتکۆ له ژووری نوستنەکەمان له دایک بوو. کڵپه بەرمیلی نەوتەکەی هێنابووە ناوەڕاستی حەوشەکەوە، چوو بووە سەر بەرمیلەکە، لەگەڵ هەر هاوارێکی دایکم کڵپه دەنگی زیاتر بەرز دەکردەوە وبانگی ئەدا. ئەو ڕۆژە کاک سمکۆی عەزە قامیشی هاوڕێی باوکم له سلێمانییەوە هات بۆلامان. به هاتنی برایەکی ئەسمەری دەمووچاو خڕی چاو و برۆ گەشی ڕەش، هەموو دڵخۆش بووین.

هاوینی ١٩٧١ بەتەنیا دەبرێمەوە ماڵی نەنکم، تا خێزانەکەم خۆیان کۆ دەکەنەوە و باوکم فەرمانی گواستەنەوەکەی له مانگی ئابدا دەردەچێت و بۆ هەتا هەتایه دەگەڕێینەوە سلێمانی. هاوینێکی سەخت بوو بۆ منداڵێکی پێنج ساڵان که بۆ یەکەم جاره له خێزانەکەی بیچڕێت. بەڵام نازی پور و خاڵەکانم گرنگی پێدانێکی زۆرم له لایەن خێزانی دایکمەوە سەبوری و ئاهێک بوون بۆمن. بەتایبەتی ئەو ئێوارانەی مێردی پوره نەعیمه که دوو کوڕی هەبوو له تەمەنی من وکڵپەدا بوون، دەهات به شوێمندا و دەیبردم بۆ سەرچنار. ئێوارەیەک خۆی کرد به ژووردا لەگەڵ حەمه و هیوای پورزامدا، نامەیەکی باوکمی پێ بوو، که بۆ منی نوسیبوو. کاتێ کاکه محمود نامەکەی بۆ دەخوێنمەوە، شەرمم دەکرد تێر بگریم و گریانەکەم له قوڕگمدا هێشتبووەوە. دوای ئەوە بردیانمەوە بۆ پیاسەیەک به سەرچناردا، ئەو ئێوارەیه لەوە دەچوو ئیتر حەمه و هیوا، تەواو بێزار بووبێتن لەو ئەرکەی دەبێت هەر ئێواره نا ئێوارەیەک باوکیان بیانهێنێت و من بەرن بۆ پیاسه. ئەوئێوارەیه دەستم له دەستی هەردووکیانا بوو. به ناو جۆگەکانی سەرچناردا دەیانبردم، ئەوان شتێکیان کەشف کرد، که من ترسنۆکم!! ئیدی ئەوەیان له بەرژەوەندی خۆیاندا به کارهێنا. سەیرێکی یەکتریان کرد، بەسەر بەردەکانا دەیانبردم، و به پەنجەی پێ بەردەکەیان دەجولاند و بەچکەماسی به کۆمەڵ له ژێریانا دەهاتنه دەرێ و منیش به هێواشی دەگریام له ترسا.. دوای ئەو ئێوارەیه ئیترڕازی نەبووم لەگەڵیاندا بچمه سەر چنار. میتودەکەی حەمەو هیوا باشترین ڕێگه بوو که خۆیان لەو ئەرکه قورسه نەجات بدەن هەر وەک نەجاتی عەبده هاهاها.

هەر لە گەڕەکی شیوی قازی خرامە بەرخوێندن. ماڵێکی زۆر ناخۆشمان بۆ ئەدۆزنەوە. دەرگاکەی لەسەر شەقامێکی گشتی بوو بۆمان نەبوو لە دەرگاکەشەوە سەر بهێنینە دەرەوە. لەچاو ماڵەکەی تەیراوە دا دڵم هیچ بەم ماڵە نەدەکرایەوە.. تاکە شتێک کە دڵم پێی خۆش بوو، گوڵ خەنەرانەکە بوو، بە قاقاکانمان دەگەشایەوە و دەمی دەکردەوە!! تا ئەم تەمەنەیشم ئەو گوڵەم نەبینی لە بری خۆر بۆ قاقا دەم بکاتەوە!! بیری گوڵە لۆکەی حەوشەکەی تەیراوەم دەکرد. ئێواران کە تەلەفیزۆنە ڕەنگاوڕەنگەکەمان دادەگیرساند منداڵی گەڕەک دەڕژانە حەوشەکەمانەوە و بە ئەڵقە دادەنیشتین سەیری فیلمی کارتۆنمان دەکرد. باوکم ئیتر قەوانەکەی دەر نەدەکرد و گوێی لە خالقی نەدەگرت..بیری دار سنەوبەرەکان، گوڵەباخەکان، هەردوو پشیلە سپی و ڕەشەکە، گەرچی ڕۆژێک بە بەر چاومەوە دڵڕەقانە چۆلەکەیەکیان لەتوپەت کرد، بەڵام هەر خۆشمدەویستن. هاوسێ و هاوڕێکانم، باخی گلکەند، سەرکێشییەکانی کڵپەی برام و ژنەکانی دەهاتنە سەرمان لەبەر فرۆشتنی لەتەشووتی و ترۆزی ناو سەلاجەکە و یانسیبەکانی خۆی دروستی دەکردن. ئەم بازاڕە بچکۆلەیە هەموو نیوەڕوانێک دوای ئەوەی دایک و باوکم و خوشک و برا بچکۆلەکانم خەویان لێ دەکەوت، دووبارە دەبۆیەوە. کاتێک دایکەکان خەبەریان دەبۆوە، بە چاوی خەواڵوەوە دەهاتنە لای دایکم و داوای پارەکەیان دەکردەوە، سەروو یەک کاغەزی دڕاوی بچکۆلەشیان پێبوو بە گەورەی لە سەری نوسرابوو فش. دوای ئەوە دایکم لە نیوەڕواندا دەرگاکەی لێ کلیل دەکردین. ئێمەش تەنیا پەنجەرەی ژورەکەی سەرەوەمان هەبوو، لەوێوە پەیوەندیمان دەکرد بە منداڵی گەڕەکەوە.. نیوەڕۆیەکیان کڵپە فانیلەیەکی سپی و بیجامەیەکی لەبەربوو، بزماری دا دەکوتا بەسەر دیواری لای سەرەوەی پێپلیکانەکەی دەچوو بۆ سەربان. گوتی: فرە ئەزانی حەز بە چی دەکەم؟ دەمەوێ وەک هەڵۆ بفڕم منداڵێکی شەش ساڵان ئاواتی فڕین دەکات ئەما بەچەشنی هەڵۆکان!! کڵپە تا بڵێی ژیر و زیرەک و بەهرەمەند بوو. هەموو ئەم خەسڵەتانەی لە فەنتازیاکانی هزری منداڵێکدا چڕدەبۆیەوە، بە پەنێک بەسەر مندا کە دەیهێنا یان بەسەر هاوڕیکانیدا، خاڵی دەبۆیەوە. ترسنۆکی من ببووە جێگەی مەخسەرەم وبەکارهێنانی دژی خۆم. شەوان لە ژێر لێفەکەدا بانگی دەکردم، هەمیشە من سەرم لەژێر لێفەکەدا بوو، خۆزگەم بەو کەسانە دەخوارد لە جێگەی خەوەکانیاندا دەتوانن سەریان لە لێفەکەوە بە دەرەوە بێت. هەموو کەلوپەلی هەڵواسراوی عەلاگەی جلەکانم لێ دەبوو بە جندۆکە و دێو. کڵپە بەمەی دەزانی لە ژێر لێفەکەوە بانگی دەکردم کە ڕووم تێدەکرد، دەمووچاوی خۆی ناشرین دەکرد بە دڵەکوتێ و گریانەوە دەنوستم. دڵم نەدەهات بە دایکم و باوکم بڵێم، کڵپەم لەهەموو شتێکی دونیا زیاتر خۆشدەویست، دایک و باوکیشم لەسەر ئەو ڕەفتارانەی زۆر خراپ سزایان ئەدا، بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو هەموو ئەو وزە زۆرانەی منداڵێک، هی بەهرەمەندی خۆیەتی.. هێشتا وزەکانی لەو بەهرەیەدا بەکارنەهێناوە.

باوکم پارەی ئەدا بەدایکم وەک ڕۆژانەی بیدایە بە ئێمە، هەر کە پارەکەی ئەداینێ، دەبوو هەر لە دایکیشم شت بکڕین. شیرین و پسکیت و مەساسەی لە دۆڵابێکدا دانا بوو. لای دایکم شیرینیمان دەکڕی. یەکەم جارم بوو لەگەڵ کڵپە دا بچمە دوکانێکی بچکۆلانە. لەسەر سوچی گەڕەکەکەمان. ئەو ڕۆژە

کڵپە گوتی: فرە وەرە من ئەمڕۆ ناهێڵم شت لە دایکم بکڕی. پارەکەت بهێنە ئەتبەم بۆ دوکانێک، شتی شیرینی بکڕە بۆ ئاژەڵێکی ماڵی کە بۆم کڕیوویت لە ترسی دایکم شاردوومەتەوە لە حەوشەکەی پشتەوەیە.. ڕێک بروام پێکرد!

گوتم: بەدڵی خۆت.

گرنگ ئەوە بوو ئێمە بتوانین بە ئازادی بێینە دەرێ و بۆمان هەبێ ڕۆژانەکەمان لە دەرەوە خەرج بکەین.. ئیدی کڵپە خۆی شیرین و پسکیتەکانی دەسنیشان دەکرد، منیش پارەم ئەدا بە دوکاندارەکە. کە دەچووینەوە ماڵێ.

بە دایکمی دەگوت: من و فرە گەورە بووین، خۆمان ئەڕۆین بۆ شت کڕین.

دایکم رازی بوو.. ئاژەڵەکەم نەدەبینی، لەبەر ئەوەی لە چاڵێکدا بوو، دوو خشتی خستبووە سەری. دوای چاودێرییەکی چڕی چەند ڕۆژەی دایکم، بانگی کردم کە ئێمە لەو حەوشەیەی پشتەوە چیمان شاردۆتەوە.

گوتم: ئاژەڵێکی ماڵی.

ئیدی دایکم لەبەزمەکە گەیشت. خشتەکانی لابرد، چاڵەکە یەک سیسرکیشی تیا نەبوو!!

لە سلێمانی ئەو سەرکێشییەمان نەما.. نەماندەتوانی لەگەڵ منداڵانی دەرەوە قسە بکەین، من و کڵپە بە هەولێریان قسانمان دەکرد و پێیان دەگوتین ماڵە هەولێرییەکە! یان منداڵە هەولێرییەکان. گوێمان لە کچە ڕۆح سوکەکەی کۆڵانە باریکەکەی تەیراوە نەبوو، کە دەچووە ماڵی کەلوپەی ماڵە باجێنەکەی لە ناوەراستی کۆڵانەکەدا جێ دەهێشت و دەیگوت: مۆرە مۆرەم لێدایە، هەرچی دەستی لێدایە، داک و بابی نەمایە.

کڵپە هەموو جارێک دەستی لە کەلوپەلەی یارییەکانی ئەدا، بە قاقا و پێکەنینەوە دەیگوت:وەرن ئێوەش دەستی بۆ بەرن بزانن داک و بابتان هیچی لێدێت !!

ماڵی شوشوی هاورێم نەمابوو، کە ئێواران دەچوومە لایان ماڵە باجێنەم دەکرد. شوشو وێنەیەکی خۆی بە نامەیەکدا بۆ سلێمانی بۆ ناردبووم بۆ یادگاری. کچی ماڵێکی زۆر جیاواز بوو. باوکی زابت بوو. ئۆتۆمبیلیشیان هەبوو، وەک ئێمە و خەڵکی گەڕەک نەبوون ئەوان گوزەرانیان باشتر بوو. بیرم دێت ئێمە تا مانگێکیش لە تەیراوەدا کەس نەهات بۆ بەخێرهاتنمان. دایکم خۆی یەک بەیەکی ماڵە هاوسێکانی کرد و خۆی پێیان ناساند. دایکم هەمیشە حەزی بە گرد بوونەوەی ژنان و دانیشتن و شەوچەرە بوو، وەک ئەوەی لە ماڵی باوکی ڕاهاتبوو.. لە دوای خۆ ناسینی ئیدی ژۆری دانیشتنەکەمان

دیوەخانی دایکم بوو.. هەموو ئێوارانێک دایکم جلوبەرگی جوانی دەکردینە بەر و حەوشە و باخەکەی پاکدەکردەوە و کورسی ڕیز دەکرد. ئێمەشی به سەر پێپلیکانەکاندا دابەش دەکرد و گۆرانی غەریب غەریبی دەگوت و دەگریا.. منداڵ لەو هەست و سۆزە هەڵچوانەی دایک و باوک ناگەن. کە لە جێیەک لە دایک دەبن و بە زمان و کلتوری ئەو شوێنە ڕادێن، هەستی غەریبیان نییە. ئەو هەستە گەورەکان تێیاندا دەڕوێنن بەزۆری زۆرداری. وابزانم هەر لەبەر ئەوەی دایکم ئیدی ئەم ڕیتوالەی دووبارە نەکاتەوە باوکم بڕیاری دا بگەڕێینەوە سلێمانی. باوکم حەزی بە گەڕانەوەی نەبوو بۆ سلێمانی، لەهەموو دەمە بۆڵە و شەڕێکی نیوان خۆی و دایکمدا لۆمەی دەکرد، دەیگوت: من لەبەر تۆ هەولێرم جێهێشت!!

ڕەنگە ئەویش ئەیدەویست جارێکی دیکە بەرکەوتەی لەگەڵ بیرەوەرییە تاڵەکانیدا لەو شارە هەبێ. شەهید بوونی دوو برا، زیندانی کردن. ئەمە بۆچوونی تاکە کەسی خۆمەوە. بەداخەوە کە هیچ کاتێک ئەو هەلەم بۆ نەڕەخسا یان ئەقڵی ئەوەم پێ نەدەشکا، ئەو پرسیارەی لێ بکەم. دەنا ئێستا وەڵامێکی دروستی لە سەدا سەدم پێ دەبوو.

جارێک دایکم کڵپەی نارد میوە بکڕێت منیش وەک سێبەرە هەمیشەییەکەی بە دووی کەوتم. لە گەڵی ڕۆیشتم،

گوتمان؛ خارە کیلۆیەک گندۆرەمان بدەیێ.

کابرای دوکانداری هەر مرد هێندە پێکەنی،

گوتی: ئەوە ناوی کاڵەکە.

بۆ ئێمە کاڵەکی وی جێگەی خەنین بوو نەک گندورەکەی مە.

قوتابخانەکەم ناوی نزار بوو لە بەرامبەریدا دەشتاییەکی فراوان هەبوو، ڕەشماڵی خێزانە کۆچبەرەکانی لێ هەڵدرابوو.خێزانەکان وەک باڵندەکان گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، هاوڕێیەکی کوڕم هەبوو، لە ڕەحلەکەی دوامەوە دا دەنیشت، سەر بە کۆچبەرەکانی ناو ڕەشماڵەکان بوو. لوقمان کوڕێکی ئەسمەری وردیلە و ڕۆح سوک و بێ دەنگ بوو، منیش وەک ئەو بچکۆلە و بێ دەنگ و شەرمن بووم، بیرم نییە یاریمان کردبێت پێکەوە یان زۆرمان قسە کردبێت، بەڵام زوو بووینە هاوڕێ. نیوەڕۆیەک دوای تەواوبوونی قوتابخانە، لەگەڵی چوومە ناو ڕەشماڵەکەیانەوە، تەواو سەرسامی دایگرتم بە ڕەنگی نوێنە هەڵچنراوەکانیان، دۆشکە داخراوەکانی بە ئەڵقە لەسەر زەوییەکە داخرابوون، هەموو خێزانەکە لەیەک جێگە بوون، هیچ ژورێکی دیکەیان نەبوو، نەخێر هەر لەو جێیەش دەنوستن. ئێستایشی لەگەڵ بێت، بۆ من ژیانی ناو ڕەشماڵەکان جێگەیەکە بۆ ژیانکردن. لە دوای ئەوەوە هەر کاتێک وێنەم بکێشایە، لە سوچێکی پەڕەکەمدا وێنەی ڕەشماڵێکم دەکێشا. تا بڵێی بێ دەنگ و شەرمن بووم، بەڵام وریا و عەیار.. جارێک مامۆستاکەم بردمییە پێشی پۆلەکەوە، گوتی: ئادەی فرمێسک بە هاوڕێکانت بڵێ تۆ

چۆن لە ماڵەوە سەعی دەکەیت؟ تا ئەوانیش لەتۆە فێربن.
چوومە ناوەڕاستی پۆلەکەوە
گوتم: من هەرگیز لە ماڵەوە سەعی ناکەم!
دوای ئەوەم بیر نییە... کاتێ لەسەر رەحلەکە دادەنیشتم قاچم نەدەگەییە سەر زەوییەکە.
رۆژێک مامۆستایەک هاتە ژورەوە تەباشیر بەرێت، ویستی بچێتە دەرەوە من لە پێشەوە دادەنیشتم لای دەرگاکەوە، کە منی بینی گەڕایەوە، بە مامۆستاکەی هاورێی
گوت: وی ئەوە چییە؟ ئەجوڵێتەوە؟ ئادەی دابەزە، وەرە دەرەوەی رحلەکە..
دابەزیم و هاتمە دەرەوەی رەحلەکە زۆر پێکەنی بە هاوکارە مامۆستاکەی
گوت: ئەڵێی بوکە شوشەتان داناوە..
لەکاتی پشوودا مامۆستاکان دەیانبردمە ژورەکەی خۆیان و پرسیاریان لێ دەکردم، بە وەڵامەکانم ئەیاندایە قاقای پێکەنین. ئێستا بیرم نییە چی بوون!! بێ لەوەی ناوەکەم پرسیاری یەک لە دوای یەک بوون. هەر مامۆستایەک بهاتبایەتە پۆلەکەوە پرسیاری ناوەکەی لێ بکردمایە، کە دەمگوت فرمێسک، دەیانگوت بۆ؟ باوکت هەیە؟ بەڵێ ئەی دایکت؟ بەڵێ.. ئەی بۆ ناوت فرمێسکە؟ دەبوو چیرۆکەکە باس بکەم!! هەر کە دەمگوت دوو مامم شەهید بووە، ئیدی چیرۆکی شەهیدبوونی ئەوانیش لە شارەکەدا ناسرابوو.. دوو بازرگانی جوملە فرۆشی قەیسەری نەقیب و شۆریجەی بەغداد و کوێت بوون.. شەهید بوونی ئەوان وەک داستانێک و کۆستێکی گەورەی ئەو شارە بوو بۆمنیش لۆگۆی ناسینم بوو. نەک هەر ئەوە سوێندێکی موقەدەسی منداڵیشم بوو.

رۆژی پێنج شەممان لە پاکوخاوێنیدا بانگدەکرامە ناوەڕاستی گۆرەپانەکەوە لەگەڵ قوتابییە پاک وخاوێن و زیرەکەکاندا. کە خرامە بەر خوێندن پێش وەخت دایکم هەموو سروودە نیشتمانییەکان و جۆرەکانی نەخش و چنینی فێر کردبووم. کە کتێبی ئەلف و بێی کوردیم وەرگرت دایکم کتێبەکەی لێوەرگرتم و بە دەما ڕاکشا و سەیرێکی وێنەکانی کرد و پەڕەکانی هەڵدایەوە، گوتی: سەدرییەکانی قوتابخانەت وەک کراسی ئەم کچە بۆ ئەدرووم، لە هەرمۆدێلی کراسێکی سەدرییەکت بۆ ئەدرووم.

پرچەکانم هەر بەیانیەو بە جۆرێکی تر دەهۆنرایەوە، دایکم قوردێلەکانی بە سەری عەلادینەکە بۆ ئوتو دەکردم لەگەڵ یەخەی سەدرییەکەم. دایکم ژنێکی بەسەلیقەی پەروەردەیی بوو. هەر لە منداڵیمانەوە تا نەچینە کۆڵان خۆی یاری لەگەڵ دەکردین، بۆ نمونە کەلە تەیراوە بووین، خۆڵی بۆ لە بێژن ئەدابن و ئەیگرتەوە لەگەڵ ئاو و دواجار لەگەڵیدا فۆرمی ئاژەڵ و پەیکەرمان دروست دەکرد، بە پەڕۆ و دار بوکە شوشەی بۆ من و خوشکەکەم دروست دەکرد. مورمورێنی لەگەڵ دەکردین. ئێستا لە ئەڵمانیادا،

ئەم میتودە تەنیا لە قوتابخانەیەک هەیە، سەر بە ئەنترۆپۆزۆڤەکانن.* دایکم باخچەی منداڵانی ئێمە بوو. یەک دوو مامۆستام هەبوو، لەیەک قوتابخانەی سەرەتایی لەگەڵ دایکمدا خوێندبوویان، نزیکتریان لێوەی مامۆستای وانەی زانستم بوو. هەر نەگەیشتینە نیوەی ساڵ، ماڵمان گواستەوە بۆ گەڕەکی بڕاهیم پاشا بۆ ماڵی باپیرم، ئەو ماڵەی هەردوو مامەکەمی تێدا شەهید کرابوون. سێ ڕۆژ بەشەهیدی لە باوشی دایکیاندا دەبن. دوو مامم و ئامۆژنێکی تازە بووک کە هاوسەری مامە عەبدوڵای شەهیدکراومە، وە دوو گیانە بە یەکەمین منداڵی و دوا منداڵی. هەموو بەدیار ئەم تراجیدیایەوە دەبن، تا دوایی لە سەربانەوە ماڵە هاوسێکان دەتوانن فریایان بکەون و لە باخەکەی خۆیاندا دەیانێژن. ماڵێکی هەتا بڵێی جوان و گەورە. حەوزو فوارەی تێد ابوو. داخەکەم جیی ناشتنی هەردوو مامەکەم لە باخچەکە دا، تا ئەو کاتەش هەر خۆڵ بوو، چیمەنی لێ نەدەروا. تەنیا دوو سنەوبەری باڵا بەرز نەبێت هیچی دیکەی تێدا نەبوو.. لەوبەریشەوە بەهەمان شێوە و قەبارە باغچەیەکی تر بوو، لەوێ لە ناوەڕاستی باخچەکەدا حەوز و نافورە و گوڵ و گوڵزار هەبوو.. بەڵام لەو قوتابخانەیە هەر مامەوە، کڵپەش لە قوتابخانەی چوارباخی کوڕان بوو، ئێمە بەتەنیا لە دارۆغاوە بۆ سەر شەقام بە تەنیا دەچووین بۆ قوتابخانە، بە پاس.. ڕووداوێک من و کڵپەی ڕزگار کرد کە دایکم وباوکم بمانگوازنەوە بۆ قوتابخانەیەکی نزیک بە ماڵی باپیرم. هەموو ڕۆژێک ئێمە لە پاسەکەدا لە سەری کۆڵانەکەی مەکتەبی چوارباخ یەکترمان دەگرتەوە. ڕۆژێک کڵپەی برام درەنگتر کەوت، پاسەکە جێی هێشت. کڵپەم ئەدی دەستی را ئەوەشاند و بەرەو پاسەکە رای دەکرد و هاواری بۆ شۆفێرەکە دەکرد، من لە شەرمی خۆما هیچم نەوت، بەڵام دامە پڕمەی گریان.. ژنێک لە تەنیشتمەوە بوو، قسەی بە دایکم گوت: عەمری دایکی نەمێنێ چۆن دڵی یەت کچێکی ئاوا بچکۆلە بەتەنیا ڕەوانەی مەکتەب بکات؟

ئیتر بوومە باسی ناو پاسەکە، منیش سەرم دانەواندبوو هەر دەگریام نە دەترسام ڕێگەی ماڵەوەم لێ تێکبچێت، ئەوەندەی بەزەیم بە کڵپەدا هاتەوە کە پاسەکە جێی هێشت. تا ئێستایش ئەو دیمەنەی کڵپەم لە یادەو بەهەمان هەستی ئەو کاتە بەزەییم پێیدا دێتەوە.. دوای ئەوە مامۆستای وانەی زانستییەکەم دەیبردمەوە بۆ ماڵەوە، یان کڵپە دەستی توند دەگرتم و دەیبردمە قوتابخانەکەو خۆیشی دەچوو بۆ قوتابخانەی چوارتا. باوکیشم لەوێ مامۆستا بوو. ئێستاش نازانم بۆ نە بەیانیان دەهات لەگەڵماندا و نە نیوەڕوانیش دەیبردینەوە! دوای ئەوە گواسترامەوە بۆ قوتابخانەی ژیان بەتەنیشت خەستەخانەی شیرەکەوە بوو. لەوێ لە پۆلی دووی سەرەتایی بووم، ئیدی لەو قوتابخانەیەدا فێری ئەوە بووم مەکر و عەیارییەکانی خۆمم بۆ دەرچوون لە وانەی ماتماتیکدا بخەمە کار لە پێناوی ئەوەی دەربچم..

ئەمە درێژەی کێشا تا پۆلی سێی سەرەتایی.. لە تاقی کردنەوەکاندا، مامۆستاکانم دەیانگوت: ئادەی گۆرانییەکم بەسەردا هەڵبدە و ئینجا پرسیارت لێ دەکەم.

بە کورتییەکەی بەندبێژێکی بچکۆلانە بووم!! کە نازانم سەرچاوەکەی لە چییەوە هاتبوو، بەڵام دیارە لە مەکر و عەیاری کچانەوە بووە. بڵیسەی خوشکم لە هەمان قوتابخانە داخڵکرا، بڵێسە دوو ناوی هەیە، ناوەکەی تری بێخاڵە. دایە ئامەخان ناوی لێ ناوە، چونکە نیشانەیەک لەسەرروخسارییەتی. یان ڕەنگە بەناوی مەسیفی بێخاڵیشەوە بووبێت.. خەسڵەتی بڵێسەی خوشکم یان بڵێم بلەی خوشکم، بێ دەنگ و گوێگرێکی باش بوو، هێمن و لە سەرخۆ. زۆر یاری لەگەڵ من و کلّپە نەدەکرد.. ئەو تەنیا سەیری دەکردین. زۆر کات دایکم لە بەردەرگا دای دەنا، تا سەیری مندالانی بکردایە، کاتێک لە تەیراوا بووین، هێندەی نەدەبرد لە دەرگاکەیان ئەداین، دەیانگوت:ئەوە کیژی ئینگۆیە خەوی لێکەتیە!!

حەلی نەبوو لە پۆلی یەکی سەرەتاییشدا بەهۆی کەمی تەمەنییەوە هەر وابوو هەموو وردی و لەسەرخۆییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەهرەیەکی پڕ لەسەلیقە، لە دواجاردا بووە شێوەکار وپەیکەر تاشێک، وردەکاری پەیکەرتاشی پێویستی بە کەسایەتییەکی وا لەسەرخۆ و وردە کۆتایی ساڵ من بە گۆرانی و خۆخۆشەویست کردن دەرچووم، بەڵام رقی دونیام لە دەرسی بیرکاری بوو.. چونکە بۆ یەکەمین جار و دواجاری ژیانی قوتابێتیمدا، لە پۆلی دووی سەرەتایدا جەدوەلی زەربم لەبەر نەبوو، هاتمە ناوەراستی پۆلەوە و گۆرانی تەمەڵی بۆ تەلەبەیان بۆ گوتم. هەر لەسەر ئەوەیش دایکم بۆ یەکەم جار قوتووی بەفرەکەی بۆ هەڵدام و سەرم شکا!! نەمزانی ئەو دایکە میهرەبانەی هەموو بەیانییەک بە باوەش تا ناو پۆلم دەبات. دوای ئەوە دەچووە و ماڵێ و بەهەمان شێوە خوشکەکەمی دەهێنا بۆ مەکتەب. بۆ ئەمەی کرد؟ ڕۆژێک لە وانەی وەرزشدا لە گۆرەپانەکە سەرە شکاوەکەم خوێنی لێهات. بردیانمە ژوری بەرێوەبە و لە سەر کورسییەکە پاڵیان خستم. بەرێوەبەرەکەم پرسیاری کرد بۆ سەرم شکاوە. منیش هەموویم بۆ باس کرد. دایکیمان بانگ کرد بماتەوە ماڵێ، بەڵام زۆریش سەرزەنشتیان کرد. سەری ساڵ من دەرچووم بۆ پۆلی سێ، بەڵام تا ئەم تەمەنەیش هەر جەدوەلی زەربم لەبەر نییە!! بڵێسە دەرنەچوو، بەڵام لەبەر تەمەنە منداڵەکەی هەستی بە دەرچوون و دەرنەچوون نەدەکرد. کە چووینەوە ماڵێ، دوو پورم لای ئێمە میوان بوون و کرێکاریشمان هەبوو، بیری ئاوەکەیان بۆ پڕ دەکردینەوە. من بە خۆشییەوە کارتەکەم دایە دەستیان، ئەویش بەهەمان شێوە.
پورەکانم گوتیان: ئۆیی بەداخەوە دەرنەچوویت.
بڵێسە: ئەی چی بکەم تا دەربچم؟
پورە پەری: دەبێت وەک فرمێسک وەڵامی مامۆستا بە باشی بدەیتەوە.

بڵێسه: من وەک فرمێسک بێتەربێت نیم تا وەڵامی مامۆستا بدەمەوە..
پوره بەهار: قەینا ساڵێکی تر سفرەکانی پڕ دەکاتەوە.
بڵێسه بەرەو لای کرێکارەکان دەچێت. کارتەکەیان ئەداتێ.
بڵێسه: ئەو سفرانەم بۆ پڕ دەکەنەوە؟
کڵپە لە ئیبراهیم پاشا فەنتازیای دۆزینەوە ڕێگەکان بۆ ترساندنی من زۆر زیادی کرد. هەر دایکم لە ماڵەکە دەرئەچووە دەرەوە، من دەبوو ئاگام لە پشتکۆی برام بێت. ئەو بەرەوپیریم دەهات چەقۆیەکی دەکرد بە بەینی قۆپچەی کراسەکەیەوە، دەموو چاوی خۆی شین و مۆر دەکردەوە و دەیگوت: فرە، نەمزانی یاریم دەکرد، و چەقۆکە چوو بە سنگمدا.
منیش بگری، بگری و نەمدەزانی چی بکەم. شەوێکیان لە ژوری نوستنەکەوە بانگی دەکردم.
کڵپە: فرە.. فرە گیان.. بە قوربان.. وەرە.
دایکم جلی قەد دەکرد
دایکم: ئەرێ دەبرۆ بۆ لای مێشکی سەرم چوو.
باوکم لە هەیوانەکەی ئەو بەرەوە لە ژوری میوانەکە دانیشتووە، گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت و دەخوێنێتەوە.
من: ناوێرم برۆم دەمترسێنێ.
باوکم لە بری من ڕۆیشت و دەرگای ژورەکەی کردەوە، ژورەکە تاریک کرابوو، کڵپە لە سەر قەرە وێڵەکەوە بە پێوە وەستاوە و عەبایەکی ڕەشی داوە بەسەری خۆیدا. هەر کە دەرگاکە دەکرێتەوە، کڵپە هاوار دەکات و عەباکە لەسەر سەری خۆی دەکاتەوە، دەبینێت باوکمە نەک من.
ڕۆژێکیان دایکم لە بازاڕ هاتەوە، منی بینی بە گریان و شیوەنەوە و بەسەرهاتی ترسناندنەکەی بیست. سەربانێکی نزممان هەبوو هی حەمام و مەتبەخ و تواڵێتەکەمان بوو، گوێسوانەی نەبوو، دایکم لە وێوە کڵپەی شۆڕ کردەوە هەڕەشەی ئەوەی لێکرد جارێکی تر بترسێنێت لەوێوە هەڵی ئەداتە خوارەوە.. من ئاواتم دەخواست ڕۆژی دەجار بمترسێنێت بەڵام دایک و باوکم وا لە کڵپە لەسەر من نەکەن.
من: برای خۆمە، چیم لێ ئەکات با بیکات، ئێوە هەقتان نەبێ!!
ساڵێک لە دوای ئەو قوتابخانەیەش گواستمانەوە بۆ گەرەکی ئیسکان و لەوێ لە قوتابخانەی نزار خوێندم. قوتابخانەی ئەوێم بیر نییە، تەنیا ئەوەم بیرە، لە دوای پشووی هاوین، یەکەم ڕۆژی قوتابخانە لە ڕیزدا وەستا بووین، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بەدەنگێکی بەرز و ناقۆڵا گوتی: ها ئەوە پێتان ئەڵێم بۆیەی نینۆکتان بەپەنجەوە نەمێنێ.

دەستم کرد بە گریان لە ترساندا. ئەو مەکتەبە ئاوی خواردنەوەی نەبوو، لە کاتی پشوودا، کڵپەی برام بەسەر دیواری مەکتەبەکەدا خۆی هەڵئەواسی و بانگی ئەکردم، مەتارەیەک سەهۆڵاوی ئەدامێ.. لە گەڕەکێ ئیسکان، چاڵاییەک هەبوو کە ئێستاکە فولکەی لای زانکۆی سلێمانییەوەیە. باخێکی گەورە بوو، سەوزە و داری میوەی هەمەچەشنەی لێڕوابوو. دایکم بە ڕۆژ لەگەنێکی ئەدامێ، چی بویستایە بۆ ئەو ڕۆژە لێی بنێ، ئەوەمان لە باخچەکە دەکڕی.. بۆن و بەرامی ئەو باخچەیە لە بۆن و بەرامی بەهەشتی دەکرد. باخەوانەکە دوای ئەوەی داخوازییەکانی بۆ دەکردمە ناو لەگەنەکەوە، گوڵێکی گوڵەباغیشی دەخستە سەر سەوزەو میوەکان. بەڕاکردن و نەشئەی بەختەوەرییەوە دەمبردەوە بۆ دایکم. هەر لەو ساڵەدا دوای ئەوەی دز هاتە سەرمان و کوردۆی برام توشی زاتە سەحایە بوو، ماڵمان بۆ دارۆغا گواستەوە بەڵام زۆر دوور بوو. زستانێکی زۆر سەختمان لەو ماڵ و گەڕەکە چۆڵەوانییە بەڕێ کرد.دوای ئەو ماڵە چوینە کۆڵانەکەی حەمامی موفتی. لەوێ بۆ یەکەم جار دەبابەم بینی و بەچەک ئاشنا بووم و گوێم لە ڕێژنەی گولە دەبوو شەوانە، بەڵام دوکانەکەی سمە بولبول ترسی شەوی دەڕواندینەوە بە بولبولێکی قوڕین. دواجار گواستمانەوە بۆ گەرەکی مامۆستایان، بۆ ماڵی پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی کە هاوڕێی دێرینی باوکم بوو. تا ئێمە ئاگاداری ماڵەکەی بین و حوکمەت دەستی بەسەردا نەگرێت، لەهەمان کاتیشدا کرێچی بووین. ئەویش ماڵی ڕەشە هەورامی بوو. ماڵێکی هەتا بڵێی ئەنیق و جوان. بەچواردەوری ماڵەکەدا باخچە و داروەدرەختی بەردار بوو. بۆ یەکەم جار حەمام و توالێت و مەتبەخمان لە ناو ماڵەکەدا بێ. ئەو کات پێیان دەگوت ماڵی غەربی. ئەوانەی پێش ئەو هەمووی ماڵی شەرقی بوون.. شەرقی یانی ماڵێک حەمام و توالیت و مەتبەخەکەی لەسەر حەوشە بێت. لە ژورەکان جودا بن. بۆ زستان مەینەتی بوو.. لەو کاتەدا شەڕی ئەیلول هەڵگیرسا. من لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم. شەوانە لەبەر دەمی چرادا باوکم ڕادیۆیەکی بە گوێیەکییەوە دەنا، گوێی لە هەواڵی شۆڕش دەگرت. هەر ڕۆژە و ماڵی پورێکم یان خاڵێکم لە شار نامێنن. پورزاو خاڵۆزاکانم لەگەڵ دایک و باوکیاندا رایان کردبوو. قوتابخانەکەم بە چرپە نەبێ بە دەنگی بەرز نەماندەتوانی باسی ڕووداوەکانی شەو لە کۆڵانەکەماندا رووی ئەدا باسی بکەین. خاڵە ئەوەم لە ماڵی ئێمە خۆی شاردەوە و دایکم عەبایەکی دایێ و لەگەڵ دایکمدا شەوێکیان ڕۆیشت، نەمزانی بۆ کوێ دەڕوات؟ بۆ دایکم عەبایەکی بۆ هێنا خۆ دایکم خۆی عەبا نادا بەسەریا!!! ئەم چیرۆکە سەیر و پڕ لوغزانە بیرکردنەوەی هەموو ڕۆژێکم بوو، بەڵام یارییەکانی لەگەڵ کڵپە دەمکرد شادی بوون.

ئێمە کۆترێکی زۆرمان هەبوو. لەو گەڕەکە پێیان نەدەگوتین ماڵە هەولێرییەکە، دراوسێکانمان زۆربەیان مامۆستا بوون و دەیانناسین. لێ ماڵەکانی بەرامبەرمان تا ماوەیەکی زۆریش وایان دەزانی دایکمان مردووە و ئەمەیش خوشکی گەورەمانە. دایکم لە

باخچەکەدا یاری چاوشارکێ و ڕاکردنی لەگەڵ دەکردین، بۆ ئەوەی ئێمە نەچینە کۆڵان.
کڵپە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بوو، نیوەڕۆیەکیان بە دڵێکی تەنگەوە گەڕایەوە ماڵێ.
کڵپە: دایە تۆ بۆ ناهێڵیت من بچمە کۆڵان؟
دایکم: نابێ؟ کۆڵان شوێنی ئێوە نییە!!
کڵپە: ئاخر هاوڕێکانم گاڵتەم پێ دەکەن، چاویان لێبووە من لەگەڵ خوشکەکانمدا یاری دەکەم.
دایکم: با ئەوان بێن بۆ لات بۆ ماڵەوە.
یەکەم هاوڕێی کوڕی کڵپەی برام کە هاتە لامان بۆ یاری کردن لەگەڵ کڵپە دانای حەمە نوری بوو. دوایی ئەوە پێی کڵپە کرایەوە کە بچێتە دەرەوە و هاوڕێکانی ژمارەیان زۆر بوون و دەهاتن بۆ لامان. تەنانەت هاوڕێی کچیشی بەهەمان شێوەی کورەکان هەبوو، دەهاتن بۆ ماڵەوە و هەموو پێکەوە لە حەوشە کۆ دەبووینەوە.

کڵپە لە تەیراوەش لەگەڵ من و خوشکەکەم ماڵە باجێنە و چێشتە قولێی لەگەڵ ئەکردین. من ماڵەکەم لەوبەری باخچەکە بوو، بڵێسەی خوشکم لەمبەری باخچەکە. کە بمانویستایە بچینە سەردانی یەکتری، کڵپەی میهرەبان بەسەر پشتی خۆیدا، کە ڕۆڵی تاکسی دەبینی، دەیگایاندینە لای یەکتری. من و خوشکەکەم کە تەلیفۆنمان دەکرد پێکەوە، لەمبەر و ئەوبەری حەوشەکەوە، داوەتی یەکترمان دەکرد و بەیەکترمان دەگوت: دەباشە ئێستا تاکسی بانگ دەکەین، کڵپە ئامێری تەلیفۆنەکەی لە دوو قوتووی دۆشاوی تەماتە بۆ دروست کردبووین و پەتی درێژی پێوە بوو، قوتوویەکیمان دەنا بە گوێمانەوە، ئەوی دیکە بە دەممانەوە و قسەکانمان بۆ ناو قوتووەکە بوو.

لە هەولێر دەچووین بۆ سینەما، بەڵام باوکمان لەگەڵ نەبوو، تەنیا دایکم دەیبردین. ئەو کاتە مۆدێلی پانتۆڵی شارلستۆن بوو دایکم ئەو پانتۆڵەی لەبەردەکرد ڕەنگی سەوزێکی کاڵی هەبوو. هەنێ کات لە عەسراندا دەستەخوشکەکانی منداڵی خۆی خاڵۆزا و پورزاکانی کۆ دەکردەوە و سینیە کەبابی داوا دەکرد، بەسەر پاسکیلەوە سینیە کەبابەکەمان بۆ دەهات. گوزەرانمان لە جاران باشتر بوو. باوکم بێ لە مامۆستاییەکەی کاری تریشی دەکرد. بە کورتییەکەی ئێمە بە رووی ژیانێکی نوێدا کراینەوە، بەڵام من لە ترسنۆکیەکەم ڕزگارم نەبووبوو. ئەگەر یەکێک لە ماڵەکە لە یەکێکی تر تورە ببوایە، من دەتۆقیم.. زۆر کات کە شەڕ رووی ئەدا لە نێوان ئەندامی خێزانەکەماندا، هەموو دڵیان لای من بوو، بەلاچاو سەیری منیان دەکرد، یان سەرباری ئەمەیش کڵپە وازی لە ترساندنی من نەدەهێنا. جۆرێک چێژی هەبوو بۆ ئەو، سەرباری ئەو هەموو هاورێیەتی و خۆشەویستییەی نێوانمان. جارێکیان لە یەکێک لە ژورەکاندا تەشتێکی گەورەی

ڕەنگ پەمەییمان هەبوو، لە شێوەی بانیۆدا بوو، هی منداڵیی کوردۆی برام بوو. کوردۆ حەزی بەناو ئاو دەکرد. دایکیشم لە تەیراوا ئەو ئەشتەی بۆ کڕیبوو، پڕی دەکرد لە ئاو و کوردۆ یاری تێدا دەکرد. تا دایکم لە کاروباری ماڵەکەی دەبوەوە. ئێستا تەشتەکە برنجی کوردی تێدایە تا ئەسپێ نەگرێت. کڵپە وتی: فرە بچۆرە ناو تەشتە برنجەکەوە، لە ناویدا دانیشە و کۆشت پڕبکە لە برنج، من لە ناو دەرگاکە ئەوەستم، گەر باوکم یان دایکم هات ئەڵێم ئحم،ئحم .. تۆ خێرا وەرە دەرەوە.
بەندە بە دڵسۆزانە فەرمانەکەیم بە جێهێنا.. ئەویش لە ناو دەرگاکە وەستابوو، زوو زوو سەیری دەکردم و سەیری دەرەوەشی دەکرد، تا نیوەم نقومی ناو برنجەکە بوو. هەر ئەوەندەم زانی گڵۆپی ژورەکە کوژایەوە و دەرگاکە داخرا. کاتێک چاوم کردەوە لە باوەشی دایکمدام ئاو دەکات بە دەموو چاومدا، کڵپەش دەگری.. ئەوە دوا ترساندنم بوو.

دایکم وباوکم بە هۆی شۆڕشی ئەیلولەوە هەمیشە خەمبار بوون و دایکم چاو بە فرمێسک بوو. چوار بیرەوەری زۆر کاریگەری هەیە لە ژیانمدا ئەو کاتە هەیە، یەکەم لە لای دڵنیایی هاورێم دەگەڕامەوە ماڵەوە، لە ناوەراستی کۆڵانەکەدا وەک بتم لێهات و نەمتوانی بجوڵێم، پیاوێک لە ناوەراستی کۆڵانەکەماندا لە تاکسییەک دابەزیی لەوەی دەکرد شۆفێری تاکسییەکە بێت، ڕووی لە من بوو، پیاوێکی دیکەیش پشتی لە من بوو دەمانچەیەکی پێبوو، ڕووی کردبووە پیاوەکە، دەمەقاڵییان بوو دەیویست بیکوژێت، دەپاڕایەوە نەیکوژن، من وامدەزانی پیاوەکان ناگرین و ناشترسن.
دووەم دیمەنی پێشمەرگەکانی ئەیلول و کاتی گەڕانەوەیان لە سەر شەقامی چوارتا بەرەو حامییە، و چەکەکانیان لە حامیەدا دانا، بۆ ئێوارەکەی سەر شەقامە گشتییەکە، پڕ بوو لە پێشمەرگە جگەرەیان بە دەمە بوو، مەلول و ڕەنگ زەرد بوون و روخساریان خەمێکی قورسی لەسەر نیشتبوو، تەنانەت تاقەتیان نەبوو بوو جلەکانی پێشمەرگایەتییان دابکەنن، هەروا بەو خۆڵ و چڵکینییەوە هێشتا لەبەریاندا بوو .
سێهەم گریان و شیوەنی دایکم کە پێشمەرگەکانی بەو شێوەیە بینی، لەو ڕۆژەوە دایکم توشی شەقیقە بوو کە دکتۆر دەیگوت نەخۆشی عەسابی هەیە. چوارهەمین ماڵی نەنکم کە مۆریان لە دەرگاکە دا بوو من و کڵپە چووین سەردانیان بکەین. نەیانهێشت بچینە ژورەوە، نەنکم و پورم لە ژورەوە تەنیا بوون. لەبەر ئەوەی هەموو خاڵەکانم ببونە پێشمەرگە. دوای نسکۆ، ئەو قوتابیانەی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە هیچ لە ئێمەیان نەدەکرد. ئێستا لەوە دەگەم، هێندە ناخۆشیان لێ بەسەرهاتبوو، ژیانی سەختی ئاوارەیی لەسەر چیا و لەو گوندانە و برسێتی وترسی منداڵی دوای بۆردوومان و شەڕ و خۆشاردنەوەیان پێوە دیار بوو. کاتێکی زۆریان ویست تا وەک ئێمە بە سروشتی لەگەڵ ژیاندا هەڵبکەنەوە پێیان دەگوتن (العائدون).

ڕەشید هەورامی نامەیەکی بۆ باوکم نوسی، کە دەیەوێ خێزانەکەی بنێرێتەوە بۆ سلێمانی. باوکم و دایکم بڕیاریان دا لەگەڵیاندا ماڵەکە بکەینە دوو بەشەوە، ژوری دانیشتن و نوستنێک بۆ ئێمە، ژوری نانخوادرن و میوانەکە ونوستنێکیش بۆ ئەوان. چونکە تەمەنی کوڕو کچێکی هەرزەکار بوون ئەوان پێویستیان بە ژوری زیاتر بوو. ئیدی هەموو ماڵەکە بۆ هەردوولاکەمان بوو. پێنج منداڵی ئەوان و ئێمەش پێنج منداڵ بووین و دە کۆتری من و کلێپەش لە حەوشەکە و ژورەکاندا پێکەوە بووین.
خۆشویستنی وشە و پیتی کوردی و ناوی کوردستان و شاخەکانیم لەو تەمەنە دا دەستی پێکرد. لە سەر دەفتەرەکانم دەنوسرا تکایە کەس وەزیفەکەی بۆ نەنوسێتەوە.. دەگریام و **دەمگوت:** بە قەبری هەر دوو مامەکەم خۆم وەزیفەکانم دەنووسمەوە ست پەیمان خوشکی شەهید ئاگرین، مامۆستای وانەی کوردیمان بوو، زۆر کوردپەروەربوو.
دەیگوت: منداڵینە کە گەورەبوون و بوونە خاوەنی کاری سەربەخۆی خۆتان پارەکانتان کۆ بکەنەوە و کوردستانی پێبگەرێن. بزانن خودا، چ نیشتمانێکی بەخشیوەتە ئێوە!! تا دەهات فزولیەتی من زیادی دەکرد بۆ دیتنی کوردستان. هەر لەو پۆلەدا دوو هاوڕێی نزیکم هەبوو لە نێوان هەردووکیاندا دا دەنیشتم، لاوک سەلاح و ڕزگار توفیق بوون.لە پۆلەکەشماندا هەر ئەو دووکوڕەی تیا بوو.

لە کاتی تاقیکردنەوەدا، مامۆستایەکم بەناوی ست مەهتابەوە، کە ساڵی دواتر بووە مامۆستای زمانی ئینگلیزی، بە مامۆستایەکی دیکەمانی گوت کە دەسوخەتێکی جوانم هەیە. جوانی دەسوخەتی من باشییەکەی بۆ باوکم دەگەرێتەوە. باوکم دەستوخەتێکی زۆر جوانی هەبوو. شەوێکیان داوای دەفەتەری کوردی لێکردم سەیری بکات. دەفتەری کوردییەکەم نزیکەی سەد پەڕەبوو. ئێمەش گەیشتبووینەوە نیوەی ساڵ، ئیتر هەر کەسێک لەو کاتەدا تەلەبە بێت، دەزانێت هەر وانەیەکی نوێمان وەربگرتایە، دەبوو سێ بۆ چوارجارێک بمانوسیایەتەوە. پەڕەکانی هەڵدایەوە، بێ یەک و دوو، دەفەتەرەکەمی لە ناوەڕاستدا کرد دبە دوو کەرتەوە وەی چەند گریام. لە ترسی سزای مامۆستاکەم. باوکم گوتی: ئەوە دەسوخەتە پێتەوە؟ بۆ وا ورد دەنوسیت. سبەی دەفتەرێکت بۆ دەکرم سەرلەنوێ هەمووی بنوسەرەوە!!! سزایەکی توند، تا ئەو تەمەنە سزای وا توندم بەخۆمەوە نەدیبوو. دەفتەرە سەد پەرەکەم تا نیوە زیاتر نوسییەوە.. ئەوە باشترین ڕاهێنان بوو، ببمە خۆشنوسێکی تەمەن نۆ ساڵ. لە دوای ئەو سزایەوە، من خۆم فێری خۆشنوسی و زەخرەفە کرد. دیقەتی پیتەکانم ئەدا چۆن دەتوانن بە چەشنی جەستەی سەماکارەکان، خۆیان بجولێننەوە بەڵام وەک وێنە. قەڵەمی وێنە کێشانەکانی کلێپەم دەبرد و لە بری ئەوەی وێنە بکێشم، یاریم بە جوانی پیتەکان دەکرد. بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ جوانم دەکردن. کلێپە نزیک بۆیەوە لە تەمەنی هەرزەکاری، بەهرەکانی وەک

کانیاوێکی سازگار تەقینەوە لە ناوەوەیدا و ئێمە ڕۆژانە دەمانبینی. کڵپە کلارنێتێکی بە پارەی ڕۆژانەکەی خۆی کڕی، دەیتوانی زۆربەی گۆرانییە کوردییەکان بژەنێت. دوایی هەر بە کۆکردنەوەی ڕۆژانەکەی کەمانێکی کڕی، باوکم بە دەنگی کەمانەکە بێزار دەبوو، کڵپە کەمانەکەی لەسەربان شاردبۆیەوە لەناو تەنەکەیەکی بەتاڵی ڕۆنی راعیدا. کە باوکم دەچووە دەرێ، دەیهێنایە خوارێ و دەستی دەکرد بە راهێنان، بێ وەرگرتنی هیچ وانەیەکی مۆسیقا کڵپە بە خۆڕسک بووە موزیک ژەنێکی بچکۆلانە. کڵپە وێنەکێشێکی زۆر بەهرەد ار بوو، هەر لە قوتابخانەی ئەربیل ئولاوە، تا ئەو قۆناخەیش وێنەکانی لە پێشبرکێی قوتابخانەکاندا خەڵاتی یەکەمی بەدەست دەهێنا. بیرم دێ جارێک لە پێشبرکێ منداڵانی هەموو ئێراق، یەکەم بوو. زۆرێک دیاری بۆ هات، دوایی بووە پێشانگای جیهانی لە چین بوو، لەوێش بەهەمان شێوە خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا! کڵپە بووە منداڵێکی بلیمەت. ژیر و وریا و تیژبیر و بەهرەمەند. گەرچی هەرواش بوو، لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا، مامۆستایەکی پراکتیکمان دەبێ، ڕۆژێک سەرپەرشتیارێکی پەروەردە دەچێتە وانەکەیەوە، لە کاتی نوسینی وانەکەی لەسەر تەختە ڕەشەکە، کڵپە بەدەنگی بەرز دەڵێت: مامۆستا تۆ وشەیەکت بیرچووە، مامۆستاکە ساڵێکی دیکەیشی بۆ زیاد دەکەن وەک پراکتیک واتە دانامەزرێت. باوکم هاتە ماڵەوە زۆر تورە بوو لەو هەڵسوکەوتەی کەڵپە و بەزەیی بە مامۆستاکەدا هاتەوە. من بوومایە لە بری باوکم، ئافەرینم لێ دەکرد، نەک سەرزەنشت!! لێ ئێستا خۆم وەک دایک لۆمەی دایک و باوکم دەکەم، کە نەیانتوانی تەعبیر لەو شادییە بکەن و کڵپە هانبدەن، دۆخی سیاسی ئەو کاتە، باری ئابوری خێزانەکەمان، ڕەنگە مەودای ئەوەی نەدابێت بە باوکم کە گرنگی بدات بە منداڵێکی وا بەهرەمەند. کڵپە خۆی خۆی پەروەردە دەکرد.

گەڕەکی مامۆستایان گەڕەکێکی زۆر تایبەت بوو، دوای نیوەڕوان، کچان و کوڕانی گەڕەک خۆیان بەوپەڕی شیکپۆشییەوە دەگۆڕی و لەسەر شەقامە سەرەکییەکە پیاسەیان دەکرد، هەرچی ژنەکانیش بوون، بە کێک و کولیچەو وئیشی جۆراوجۆری هەویرەوە هەر ئێوارەیەو لەبەر دەرگای ماڵێک کورسیان ڕیز دەکرد، یان لە حەوشە پڕ گوڵ وداری میوە و چیمەنە بەرینەکانیان دەڕازێنرایەوە بۆ کۆبوونەوەی شەوانی دراوسێکان. ئەو ماڵانەی لەو گەڕەکە بوون، م، سعید مجید، ناسراو بە مجیدی سەعە دزکوژ. ئەو فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی و کوردی دانابوو. یەکێک بوو لەو ماڵە نزیکانەی هاموشۆمان دەکردن، منداڵیان لەتەمەنی ئێمەدا نەبوو، لە دوو نەوەی بچکۆلەتر لەمن نەبێت، کچەکانیان لە زانکۆ دەیانخوێند، هەتا بڵێی جوان و قەشەنگ و کەشخە بوون، شێوازی ژیان و ڕەفتاریان هەروەها، لە دوا ناوەندیشدا ست هێرۆ کچە گەورەکەیان بووە مامۆستام. هەروەها ماڵی مامۆستا محمود، مۆستا عمر، ست زیرەک کە بەرێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، مامۆستا تۆفیق هاوسەری

ست ئەختەری مامۆستای بیرکاریم دایکی ڕزگاری هاوڕێم، مامۆستا مهتاب خێزانی حسنی عەنبەرخان. ماڵی شێخ ئاسۆی پارێزگاری سلێمانی جاران. ماڵی کاک سەلاح باوکی لاوک. دایکی ناوی ست بدریە بوو، لە ناوەندی ژینی کچان فەرمانبەری ئیداری بوو. مامۆستا حەمە نوری، مامۆستا، تۆفیق. مامۆستا علی نوری. مامۆستا نجمەدین.ست سەبیحە خێزانی مامۆستا کوردۆ، مامۆستا ئەنوەر فەخری. زۆر مامۆستای دیکەیش.. کە لە قوتابخانە مامۆستامان بوون، ئێوارانیش کەس و دۆست و هاوسێی دڵسۆمان بوون. لەناو قوتابخانەدا بیرمان دەکردەوە شەو لە ماڵیان بووین، بە ڕۆژ دەبووینەوە مامۆستا و قوتابی.

هەر لە گەڕەکی مامۆستایان باوکم وەک مامۆستا زەوییەک لە حوکمەتەوە وەردەگرێ و پارەی نیوەی زەوییەکە ئەدا و خانوویەکی لەسەر بۆ دروست کردین. بەڵام پێش ئەوە لە ماڵی ڕەشید هەورامی گواستمانەوە، بۆ ماڵێکی هاکەزایی دیسانەوە شەرقی و ناخۆشیش.. لەبەر ئەوەی باوکم خانوی بۆ دروست دەکردین، دەبوو دەسبگرینەوە و زۆر بە سادەیی بژین. لەو ماڵەدا تەمەنم دە ساڵان بوو، سەرکێشی و بەهرەکانی ناوەوەم هێواش هێواش سەری هەڵدا. حەزم لە سەما و نواندن بوو، دایکم هەر قوماشێکی بکڕیبایە من لە خۆمەوە دەمپێچا و سەمام پێوە دەکرد، هەر لە خۆمەوە قسەم دەکرد و خۆم با ئەدا. لەبەر دەمی مێزی توالێتەکەی دایکمدا دا دەنیشتم کەلوپەلەکانیم بەکار دەهێنا، وەک ئیکسسوارەکانی، سەرپۆشی سپیم دەهێنا، دەمکردە تارای بوک ئەمدا بەسەرمدا. یەکێک لە سەرکێشییەکانم، ڕۆژێک لە قوتابخانە گەڕامەوە، لەبەر دەمی ئاوێنەی مێزی توالێتەکەی دایکمدا دانیشتم، پرچەکانم کردەوە. لایەکی قژم لەسەرشانم بوو، ئەوی دیکە تۆزێک لە خوار شانمەوە، بە بێ هیچ دوو دڵییەک، مقەستم لەچەکمەچەکە دەرهێنا و ڕێک لا درێژەکەی قژم بڕی بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو دایکم بە تەڕی قژی بۆ هۆنیمەوە ڕەنگە هی شێوازی هۆنینەوەکە بێت کە سەریم کرد زۆرم بڕیوە و لە ترسی دایکم ئەولاشم بڕی. تا دایکم هاتەوە قژم لای گوێچکەمەوە بوو! دایکیشم ڕێک پەرچەمێکی خشتی بۆ کردم و زۆر توڕە بوو لێم. دوای ئەوە یەک دوو هاوڕێی خۆم کە دراوسێمان بوون، دایکەکانیان بە دایکمیان گوت کە قژی کچەکانیان وەک من ببڕێت! یەکێک لەو کچانە ناوی پەخشان بوو، حەزم دەکرد کاتێ دایکم قژی دەبڕێت، لە بنەوە بۆی هەڵپاچێت، چونکە لە مەکتەب بۆ پۆلەکەی دەگێڕایەوە، کە شەو لە سەربان دەخەوین، من بە دەنگی بەزر قسە دەکەم و ئەو گوێی لێیە!! ڕاستیشی دەکرد،بە ڕۆژ چیم بکردایە، شەوان بە نوستوویی هەموویم بە دەنگی بەرز دەگێڕایەوە بۆ گەڕەک. دایکم هێشتا لە دایک نەبووبووم کاتێ ئارەزووی کچێکی کردووە پرچەکانی خۆش ویستووە. لە تەیراوەدا قژە درێژەکەی بڕیم، کردبووی بە پرچ و لە دۆلابێکدا دابنابوو.

بیرم دێ زۆر کات پرچەکانمی لە دۆڵابەکە دەردەکرد و بەسەریدا دەگریا.
دەیگوت: دەستم بشکێ.
بەڵام ئەمجارەیان ئەو بەمنی گوت: ئەک دەستت بشکێ.
ترسی منداڵیم ڕەویەوە، قڵپ بووەوە بۆ سەرکێشی. شەوانە بە دزییەوە بە دەرنەفیز فسفۆرم لە لۆری دەکردەوە، ئەمدا بە کڵپە بیکات بە پاسکیلی هاوڕێکانیەوە تا فەڕەیەکی بدەنێ لێی بخوڕێت. باوکم نەیدەهێشت کڵپە پاسکیلی هەبێت، دەیگوت عەیبە کوڕ پاسکیل لێبخوڕێت. کاروباری ماڵم دەکرد و هاوکاری دایکمم دەکرد، لەگەڵ بڵێسەی خوشکمدا زۆربەی کارەکانی ماڵەوە ئێمە دەمانکرد. وەک هەر کچێکی تەمەنی خۆمان. بەڵکو ئێمە تۆزێک زووتریش دەسمان کرد بە هاوکاریکردنی دایکم. کاتێک لە گەڕەکی حەمامی موفتی لە سابونکەران بووین، دایکم دوو بەرکۆشەی بچکۆلەی دەکردە بەری من و بڵێسە، کورسی نانخواردنە حەیزەرانەکەی دەهێنا، دەینا بە مەخسەلی قاپ شتنەکەوە. کەفاوی بۆ دەگرتینەوە، فێری قاپ شوشتنی دەکردین. ئەمە سەرسامی لای پورەکان و دەرودراوسێ دروست کردبوو، لۆمەی کچەکانی خۆیان دەکرد، کە ئێمە لەو تەمەنە بچکۆلەیەدا قاپ دەشۆین (لەو شانازییە)!

لەو ماڵەدا نهێنی نەنەی نوقڵەکەم زانی! وەی لەو نهێنییە!! بۆ من و خوشک و براکانم چ شۆکێک بوو! کە منداڵ بووین، دایکم دەیبردین بۆ لای ژنێکی خانومانی زۆر جوان، لەگەڕەکی گاوران بەتەنها دەژیا. ژورەکەی لەگەڵی دا دەنیشتین فەرشێکی کاشانی تێدا ڕاخرابوو، سندوقی نوێنەکان، بەرماڵ، دۆشەکی ڕاخراوی جوان.. کە بیانویستایە لەگەڵ دایکم قسە بکەن، دایکم دەیناردینە حەوشە یاری بکەین. ئەو ژنە جوانە، هەمیشە شیرینی لە دۆڵابەکەیدا هەبوو، کۆشی پڕ لە نوقڵ دەکردین. ئیدی ئێمەش ناومان نابوو نەنەی نوقڵەکە. لای نیوەڕۆ بوو، دایکم لە تەکسییەک دابەزی لە حەوشەوە بینیم، چونکە دەرگای حەوشەکەمان کرابۆیەوە. سەیرم کرد، دەستی کەسێک دەگرێ و لە تاکسییەکە دایدەبەزێنێت، شۆفێرەکەش، دوو جانتای شیکی میتال لە سنوقی ئۆتۆمبیلەکەی دادەگرێت، ڕەنگی یەکێکیان پیرۆزەیی ئەوی دیکە، قاوەیی بوو. کە هاتنە ژورەوە، بەرەو پیری چوین و باوشمان پیادا کرد، دوای ئەوەی لەسەر هەیوانەکە دانیشت، بە دایکمان گوت نەنەی نوقڵەکە لامان میوان دەبێت؟

دایکم گوتی: ئەوە ناوی دایە خانە، نەنکتانە، دایکی باوکتانە. ئیتر لامان ئەژیت. هێندەی من پێمخۆش بوو ئەوە نەنکمە، هێندە لام گرنگ نەبوو، بۆ ئەم نهێنییە لە ئێمە شاردرابۆیەوە. باوکم هەرگیز باسی ڕەچەڵەکی خۆی بۆ نەدەکردین. بێدەنگ بوو، هاوڕێی زۆری هەبوو، کتێب و چونە دەرەوەی زۆریش.. ئێمە تەقریبەن زۆرمان نەدەبینی.

منداڵیش پرسیار ناکات، ناتوانێت ناخی گەورەکان بخوێنێتەوە و بگەڕێت بە دوای نهێنی خێزان و شناسی خۆیدا. ئەوەی لای منداڵ هەیە، تەنها ئێستا و ئێرەیە. هەر لەبەر ئەوەیشە ئەوان لە گەورەکان ئاسودەترن. دوایی دایکم وەک سەرە مقەست چیرۆکی کورت و کوێری بۆ گێراینەوە. نیوەڕۆ باوکم هاتەوە ماڵێ، بەرەو هەیوانەکە هات و گەڕایەوە دواوە، هاواری کرد و دایکمی بانگ کرد. بێئەوەی بەخێرهاتنی نەنەی نوقڵەکە بکات. ئێمەیش دەوری نەنەی نوقڵەکەمان داوە، خەریکی دەسماڵ و سەرپۆش و کڵاوەکەین چاکی دەکەین، نەنەی نوقڵەکە ماندوو و بێهێزو بێ توانا دیار بوو، چاوەکانی کز ببوون.
باوکم: دایکم چی ئەکات لێرە؟
دایکم: ئەوە دایکی تۆیە. بەڵام نەنکی منداڵەکانمانە، یەک قسە بکەیت، لێتی قەبوڵ ناکەم، ئەمە ماڵی منیشە، ڕازی نیت و پێت ناخۆشە فەرموو دەتوانی بگوێزیتەوە. من هێناومە خزمەتی بکەم تا ئەوەی لە ژیاندا ماوە.
یەکەم جارە دایکم وا ئازا و حەدی قسە لەگەڵ باوکمدا بکات.
من زۆر زۆر نزیکی دایە خان بووم، بڕوای تەواوی بە من بوو، لە حەمام دەمشت، پرسیاری ڕەنگی قوماشی کراسەکوردییەکانی لێ دەکردم کە دایکم بۆی دەکڕێت.
من: سەوزە و گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی تێدایە.
دایە خان: بە ساقەی ڕەجەکە بم، دەزانێت حەزم لە چ ڕەنگێکە.
ئێمە وەک منداڵ هاتنی نەنکمان زۆر پێخۆش بوو، گەرچی تا رادەیەک گرژییەکەی نێوان ئەو و باوکم ئێمەی دڵگران دەکرد.
باوکم هێشتا هەر لە قوتابخانەی چوارتا مامۆستایە، ماڵێکی دراوسێمان هەبوون، گواستبویانەوە بۆ ئەو گەڕەکە و کوڕەکانیان لە قوتابخانەی چوارتا بوون، کە باوکم دەفتەری تاقیکردنەوەکانی دەهێنایەوە، مامۆستای مێژوو و جوگرافیا بوو. ئێمە دەگەڕاین تا ناوەکانی ئەوانمان دەدۆزییەوە، من و کلْپە هەڵەکانمان بۆ چاکدەکردنەوە هاهاها. دوایی سەیرمان دەکرد، چ قوتابییەک زۆری هەڵە هەیە، دەچوین بۆشایی و سەح و غەڵەتەکانمان بۆ چاک دەکردەوە. لەوبەری ماڵەکەمانەوە شیوێکی قووڵ هەبوو، کەئێستا وابزانم شەقامە دوو سایدەکەی لای دایرەی کارەبای مامۆستایانە، بۆرییەکی ئاو بەسەر شیوەکەدا وەک پرد درێژبووبووەوە، لە نێوان ماڵی ئێمە و شیوەکە، دەخڵ ودان بوو. من بەسەر ئەو بۆرییەدا دەڕۆیشم لە مبەری شیوەکەوە بۆ ئەوبەری، سەتڵێکیشم پێبوو، ئاوم بۆ دایکم دەهێنا. ئێستایشی لەگەڵ بێت ئەو گەرەکەهەر بێ ئاوە!

لە چیرۆکی قسەنەکردنی دایەخان و باوکم گەیشتین، هەر دوای ئازادکردنی باوکم و سەردانی خێزانەکەی وپرسیار لە لەسەر چۆنییەتی شەهید بوونی کاکی و براکەی دیکەی. بە بیروبۆچونی باوکم ئەوان چیرۆکەکە وەک خۆی ناگێڕنەوە. ئیدی باوکم دێتە

دەرێ لە ماڵەکەو لێیان زوویر دەبێت. چ هەڵەیەک و هەڵەشەیەک هەیە لەم بڕیارانەدا. خێزانێک کارەساتێک پوکانییەوە. سەرەوخوار بووەوە. باوکم نەفی کرا، برازایەکی لە دایک دەبێ و باوکی شەهیدە، ئامۆژنی دڵشکاو ڕەش پۆشم تا مردن ئەرکی بەخێوکردنی تاقە کوڕەکەی لە ئەستۆ دەگرێ. دوو مامی دیکەم دوکانەکانی مامەکانم دەگرنە دەست. خانووەکە کرێچیی تێدەچێت یان دەفرۆشرێت نازانم چۆنە زۆر ئاڵۆزە تێگەیشتنی ناتوانم تا ئێستا لەمانە بگەم! بەڵام کڵپە بە وریایی خۆی لە منداڵییەوە لە مەسەلەکان گەیشتبوو. ئەو هاموشۆی ئامۆزاکانی دەکرد و هاوڕێی بوون.. دایکیشم هەر وەها سەردانی کەسوکاری باوکمی دەکرد، بەڵام باقی منداڵەکانی دیکە دایکم زۆر نەیدەبردینە دەرێ. باسی هیچیشی لە بەردەمی ئێمەدا نەدەکرد. هەر دایکم حەزی بە باس و قسە لەسەر خەڵک و گرفتی ناوخێزانەکانی نەبوو. لەو ماڵەدا باوکم چاوێکی لەدەستدا و نەشتەرگەریان بۆ کرد، هاوڕێکانی بە رۆژگار دەهاتن بۆلای. یەک هاوڕێی باوکم بینی، کە باوکمی بینی باوەشی پێدا کرد زۆر گریا، فرمێسکەکانی بە ریشە سورباوەکەیدا هاتە خوارێ. ئەویش مامۆستای شانۆ، غازی بامەڕنی بوو. من لەو کاتەوە ئەو پیاوەم زۆر خۆشدەوێ. خاڵە لالەم بەسەردان لە ئیتالیا گەڕایەوە دوای ساڵانێکی زۆر کە بۆ خوێندن چووبووە فلۆرانسە. دەستی دایەخانی ماچ کرد و باوەشی پێدا کرد زۆر زۆر گریا، کە بەو جۆرە دایەخانمی بینی. دایە ئامەیش دەستی لە ناو دەستی نەنکمدا بوو، ئێمەش هەر پێنجمان لە خۆشیاندا دەوری خاڵە لالە و دایە ئامە و دایە خانمان دابوو.

دایەئامەخان: مناڵینە با باسی غونچە خانتان بۆ بکەم. هەمیشە خۆی و ماڵی وەک بوک ڕازاوە بوو، ملوانکە ئاڵتونەکەی لە مل دەکرد، دەست و مەچەکە سپییە جوانەکەی پڕ لە بازن بوو. لیرەکانی بە کڵاوەکەیەوە کرابوو. کراسی کوردی لە قوماشی گرانبەها، کە کوڕەکانی خوا لێیان خۆش بێت، بۆیان هەڵدەبژارد و دەیانهێنا بۆی. ماڵێکی جوان ئێستا ئێوە وا بە پەککەوتووی سەیری مەکەن. ژنێکی زۆر شیک و بە سەلیقە بوو. دایە خان دەستی کردە گریان. من لای خۆمەوە هەستی دڵتەنگیم نەبوو، هێندەی خۆشی ئاشنایەتیم بە ژیانی ڕابردووی نەنەی نوقڵەکە.
تەنانەت خەسڵەتی نوقڵ هەڵگرتنەکەی و حەز بە شیرینی کردنەکەی، هی کاکە محەمودم بووە، ئێواران کە گەڕاونەتەوە لە کار، گیرفانەکانیان پڕ لە نوقڵ کردووە، هەر منداڵێکیان بینیبێت بەسەریانا دابەشیان کردووە.

دایەخان ناوی غونچە عزیز بوو، تاقانەی چواربرایە، خەڵکی خەمزەیە. لەوێ ڕەزی زۆری دەبێ باوکی بۆ کچە تاقانەکەی جێدەهێڵێت و ناونوسی دەکات بە ناوی ئەوەوە، لێ براکانی تاپۆی زەوییەکان بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان ئیمزای پێدەکەن و ئەوان دەبنە

خاوەنی ڕەزەکان. هیچ دەربارەی باوکی باوکم نازانم بەداخەوە، بەڵام دەزانم ناوی حاجی عبدالرحمن عبدلله ی لەتکەیە. خاوەنی پێنج کوڕەبن، دەڵێن کچیکیشیان هەبووە بەڵام بە نەخۆشی سورێژە مردووە.

سک سوتان، سێ ڕۆژ کۆڵەکەی ماڵەکەت، دوو کوڕ بە شەهیدی لە باوەشتا بێت و نقومی خوێنیان بیت. کێ بەرگەی ئەو کارەساتە دەگرێ؟ نەنکم لەسەر بەرماڵ دوای نوێژکردن بەدەنگی بەرز قسەی لەگەڵ مامە محمودم دەکرد، بەهەموو بڕوایەکی ئەوەوە لە سەر بەرماڵەکە دادەنیشن و لەگەڵ مامە عبدللەم قسەی لەگەڵ دەکەن.

ئێواران من و کڵپە دەچووین بۆسەر خانووە نوێکەمان. خواردنمان بۆ پاسەوانەکە دەبرد. کە شەوانە ئاگاداری چیمەنتۆ و کەلوپەلی کرێکارەکان بێت. شەوێک من و کڵپە کەوتینە سوتاندنی کاغەزی بەتاڵی چیمەنتۆکان، لە سەر بناغەکەوە بەسەر ئاگرەکەدا خۆمان هەڵئەدا. بۆ بەیانییەکەی، باوکم ئەبوبەکری نەگبەتی دەرکردبوو، وای زانیبوو شەو ئەو ئاگری کردۆتەوە. ئەو نوستبوو، ئاگای هەر لە ئێمەش نەبوو. پاسەوانی چی! هێندە خەونەکەی قووڵ بوو، هەموو کەلوپەلەکانی ئەو پاسەوانێتی دەکردن بدرزایە هەر بەخۆشی نەدەزانی!!

ماڵە نوێکەمان بەرامبەر بە حامیە بوو، پشتی باخچەی ڕازاوەی ئێستا، بەرامبەر مەکتەبی سەرەتایی خۆم و خوشک و براکانم. ماڵێک حەوشەیەکەی گەورە و هەیوانێکی بەرز و مەتبەخێکی لاکێشەیی درێژ و گەورە، هۆڵێک و دوو ژوری نوستن پێکهاتبوو. باوکم بەدەوری باخچەکەدا دارچناری ڕواند و بەدارەکانەوە گڵۆپی نوێنی ڕەنگاو ڕەنگی پێوە کرد. ماڵێکی سادە وئێمەش دڵمان زۆر پێی خۆش بوو. دایە خانیشمان لەگەڵ خۆماندا هێنا. بەڵام تەواو بێ ئاگا بوو، دایکم هەموو ئەرکێکی خستبووە سەرشانی، پاکی دەکردەوە، دەیشت، نانی دەکرد بە دەمییەوە. ئەوەی دایکمی بدیبایە دەیگوت: جێگەت بەهەشتە.. پێم سەیرە خەڵک لەبەر بەهەشت مرۆڤانە ڕەفتار بکات. دایکم لەبەر خۆشەویستی و هەستی لێپرسراویەتی بەرامبەر نەنکی منداڵەکانی، ئەو کارەی دەکرد، نەک لەبەر ئەوەی دواجار بچێتە بەهەشت. باوکم کرایە سەرپەرشتیاری هونەری لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی، کە لەسەرکارێز بوو لە قوتابخانەی خالیدیە.. ئەو ساڵە لەبەر ئەوەی باوکم خانووی بۆ کردبووین.باری گوزەرانمان زۆر لاواز بوو. ساڵێک نە جلوبەرگیان بۆ کڕین نە پێڵاو. تەنها، خواردن و کەلوپەلی قوتابخانەمان بۆ دەکڕدرا. هەژار نەبووین. بەڵام باری ئابوریشمان باش نەبوو، باوکم یەک دوو کاری تری دەکرد. تا بتوانێت بەخێومان بکات. باخچەکەمان بەهەشتی ئێمە بوو. لە هەڵەبجەوە باوکم چەندین

نەمامی دارهەناری هێنا و چاندی، بەهەمووومان خەریکی باخچەکەمان بووین. دایکم هیچ داخوازییەکی نەبوو، باوکم بە دڵی خۆی ناوماڵی لای دارتاش بۆ داین بەکرد و ژوورەکانی پێ پڕکردەوە. کەلوپەلی سادە و ساکار.. ئێمە جوان دەمانڕازاندنەوە.. لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم کە بابە عەبدەم کۆچی دوایی کرد. لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا، بە نەخۆشی. کاتێک لە نەخۆشخانە کەوتبوو، داوای کردبوو، جوانترین سستەری خەستەخانە بێت دەرزی لێبدات. وەسیەتی کرد، بە دەهۆڵ و زوڕنا بیبەن بۆ سەر قەبران و بەگۆرانی وتن بیشارنەوە. داوایەکی سەختە وایە؟ لەمەکتەب زۆر گریام، بۆ لاوکم باس کرد کە باپیرم مرد. لاوک کورێکی زۆر جەنتڵ بوو، بەو تەمەنە بچکۆلەیەی زۆر بەهەست بوو، تاقانەی دوو خوشک بوو. لەو پۆلەش بە تەنشتی یەکترەوە دا دەنیشتین. بەیانیانیش لە ڕیزدا دەستە بچکۆلەکانی لەسەر شانم بوو. وەسیەتەکەی باپیرم هاتە دی، حەوتی نیسان باپیرم وەفاتی کرد، ماڵیان لە کۆڵانەکەی پارێزەری سلێمانی بوو، کە ناوی گردەکەی محافز بوو، ئەو ڕۆژە مەسیرە دەبێ، ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی باپیرم تا گردی شێخ محێدین، تێکەڵ بە دەهۆڵ و زوڕنا و حەشاماتی مەسیرەکە دەبێت.

لە قوتابخانەی ئاسۆ، سەرەتایم تەواو کرد. هەموو خوشک وبراکانیشم لەوێ قوتابی بوون. لەو ماڵەدا نیشتەجێ بووین و لە کرێچێتی ڕزگارمان بوو، هەندێ ڕۆژ هەبوو پنەی ژنە نانکەرەکەم دەهێنا، پێڵاوی دایکم لە پێدەکرد و سەمای فلامینگۆم لەسەری دەکرد، بەڵام بیرم نییە لە کوێ من ئەم سەمایەم بینیووە؟ ڕەنگە لە فیلمێکدا بووبێت. سەرسامی ئەو سەمایە بووم. لاسایی گۆرانیبێژە ئۆپێراکانم دەکردەوە بەدەنگێکی بەرزی ناقۆڵا شیرە شیرم بوو، لەهەموو ژوورەکانەوە بە دەنگی بەرز، هاوار دەکرا کە دەمم دابخەم. دایکم خستمیە خولی سەمای بالێتەوە، لە وەسائیلی تەعلیمییەکەی مامۆستایان، خاتوونێکی روسی خلێکی بۆ منداڵان کردبوەوە، کە بریتی بوو لە ئێکروپاتیک و سەمای بالییە. یەک جار نمایشمان کرد و خولەکە نەما، لەبەر ئەوەی مامۆستاکەمان گەڕایەوە بۆ روسیا.

تا پۆلی چواری سەرەتایی چوار قوتابخانەم گۆڕیوە، لەگەڵ شەش جار ماڵ گواستنەوە. پۆلی شەشی سەرەتایم تەواو کرد، چومە ناوەندی، کاتێک ئیستمارەکەم برد خۆم داخڵی ناوەندی بکەم، بەڕێوەبەری ناوەندی ئاشتی.

بەڕێوەبەر: بابە گیان ئێرە قوتابخانەی سەرەتایی نییە، ناوەندییە، بچۆ بۆ ئەوێ خۆت داخڵ بکە، بەدایکت بڵێ بتبات.

من: نەخێر داخڵی قوتابخانە ناکرێم، ئەوە فایلەکە و کارتەکەمە، من سەرەتایم تەواو کرد.

سەیرێکی کردم و لەگەڵ مامۆستاکانی ژورەکە دەستیان کرد بە پێکەنین.
بەرێوەبەر: تەمەنت چەندە؟ بۆ وا بچکۆلانەی؟
وەک قوتابییەکەی قۆناخی سەرەتایی پێمخۆش نەبوو ئەو پێکەنینە و باسی بچکۆلەییەکم بکەن، چونکە خۆم بە گەورە دەزانی.

دوای نیوەڕۆیەک دایکم و خوشکەکەم و دوو برام چون بۆماڵی پورم، مێردی پورم لە زیندان ئازادکرابوو. ئەو ڕۆژە دایەخان تەواو ماندوو بوو. هاوین بوو، جێی نوستنەکەی لە ژێر گەراجەکەدا بوو، کە دەیڕوانییە سەر باخچە گەورەکە. لە هەیوانەکەوە سەیرم کرد هەتاو لێی ئەدا، سەرچەفێکم دا بە تەنافەکەی دایکم هەڵیخستبوو، سێبەرم بۆ دروست کرد. لە مەتبەخ مێزە گەورەکەی نانخواردنەکەم قەد کرد نام بە پەنجەرەکەوە، کورسییەکانم کۆ کردەوە و هەڵم چنین.. هەستم کرد دایەخان بەجێمان دەهێڵێ تا دایکم دێتەوە مەتبەخەکە بۆ پرسە ئامادەبکەم. شوتیم ورد ورد کرد، بردم کردم بە دەمییەوە، ئەو زۆری حەز بە شوتی و کەباب و گۆشتی برژاو دەکرد. دایە خان هەموو کات پرسیاری لێ دەکردم.
دایە خان: فرە گیان تۆ مندالّی وەک فریشتەی، پێم بڵێ قاچەکانم چاک دەبنەوە؟ من جارێکی دیکە بە پێکانی خۆم دەڕۆمەوە؟ منی زۆرزانیش چەند چیلکەیەکی شقارتەم دەهێنا، دەمگوت: ئەگەر هەموویان بەیەکەوە بسوتێن، قاچەکانت چاک دەبنەوە. کە دەمسوتاندان، دەمگوت: تەواو چاک دەبنەوە.. نەنکم هەمیشە باسی باغچە و ڕەزەکانی ماڵی باوکی خۆی بۆ دەکردم. دەیبزرکان و هیچی لێ تێنەدەگەیشتم. جاری وابوو، دەیگوت: فرە گیان لەو لای ئەم ماڵەتانەوە، ڕەزێکی گەورەیە، ئەوە سەوزە و میوەکانی هەمووی بەدەستی باوکم چێنراوە. ناوی هەندێ خەڵکی دەهێنا، بەهەموو تەمەنم ئەو ناوانەم نەبیستبوو.

ئەو ئێوارەیە دایە خانم زمانی گۆی نەدەکرد تا چیرۆکە کەڵەکەبووەکانی ژیانی خۆیم بۆ باس بکات. دوایی دە دەقە جارێکی دیکە چوومەوە لای ئاوی بۆ بەرم، سەیرم کرد، دایە خان چاوەکانی کراونەتەوە و سەیرم دەکەن. شوتییەکان هەر وا بە لەتی بچوک بچوک لە دەمیا بوون. تومەس نەنکم، هەر ئەو کاتە گیانی سپاردبوو. منی یازدە ساڵان چوزانم مردن وایە!! بە ئارامی چاوەکانیم بە دەستم داخست، بە پەنجە لەتە شوتییەکانم لەدەمی دەرهێنایەوە، خۆی گرمۆڵە کردبوو، قاچەکانیم راکێشا وبەتانییەکەم دا بەسەریدا. ئەی ترسنۆکییەکەم کوا؟ کە لە سێبەری خۆم دەتۆقیم! ئەو ئێوارەیە ژنێکی تەواو کامڵ بووم، کە پێش وەخت چەندین مردووی وای دیبێت. لەبەر دەگای پشتەوە کە لەمتەبەخەکەوە حەوشەیەکی بچوکمان هەبوو، دەرگایەکی بچوکی

لەسەر بوو، دەیڕوانییە کۆڵانەکانی پشتمانەوە. کڵپە لای دانای حەمە نوری بوو. لەوێ دانیشتم، تا کڵپە و دانا هاتن.
من: کڵپە دایە خان مرد.
کڵپە: تۆ چوزانی؟
من: با
بێ ئەوەی بگریم، بێ ئەوەی هەستێکی خەمبارم هەبێ.. ڕەنگە هەستی پێشوەختەم یارمەتی دابێتم.
کڵپەو دانا بەپەلە رایان کرد و دەستیان گرت. لای ئەوانیش وابوو کە بەڵێ نەنکم جەستە بە ئازارەکەی، دڵە شکاوەکەی سکە سوتاوەکەی چیرۆکەکانی کچۆڵەیی و باغچە و ڕەزەکانی، کۆتایی پێهات. دەتگوت هەر لەدایکیشیش نەبووە، هەر لاشمان نەژیاوە. هەر نەنەی نوقڵەکەشمان نەناسیووە. ئەو ئێوارەیە هەمووی تەواو بوو. نەنکم سەفەری کرد بۆ لای کورەکانی. هاتن و بردیان بۆلای خۆیان.
ئەوانیش وەک من لەبەر دەرگا بچۆلەکەی پشتەوە دانیشتن چاوەڕێی دایکم یان باوکمان دەکرد، بێنەوە. دایکم لە تەکسییەک دابەزی و خوشک و براکانیشم لەگەڵیدا. کڵپە بەرەو پیری ڕۆیشت.
کڵپە: دایە شتێکت پێ ئەڵێم، بەس نەیکەیت بە هاوار هاور و گەڕەک بێنیتە سەرمان.
دایکم: چی بووە؟
کڵپە:دایە خان مرد.
دایکم پەلاماری کڵپەی دا و لەبەردەمی خۆیدا لایبرد و بەراکردن بەرەو دەرگا بچکۆلەکە رایکرد.
دایکم: هەمووتان ئەکەم بەساقەی، وا نەڵێیت.
دایکم هات و سەری بەتانییەکەی لابرد، هاواری کرد بانگی کرد، گریا زۆر گریا. ئێمەش دەورمان دابوو، دایکم هەر بڕوای نەدەکرد، پێی دەگوتین: لاچن، ئێوە چی دەزانن؟ لەشی گەرمە، ڕەنگە بورابێتەوە.. توند توند نوساندبووی بەخۆیەوە.
رایکرد دراوسێکەمانی بانگ کرد، باجی حەبە. ژنێکی بەتەمەن بوو. دەستی خستە دەستی دایە خانەوە و گوتی.
باجی حەبە: رجا خوا عافوی کات، خونجە خان، دیارە پێش چەند سەعاتێک وەفاتی کردووە..
من بەدیار شتنەکەیەوە دانیشتم و جێم نەهێشت، کفنەکەیان بۆ دروو تا بردیانە مزگەوت من لایەوە بووم، جێمنەهیشت. کە بردیانە دەرێ.. ئیدی ماڵەکەمان تەواو تەواو چۆڵەوانی پێوەدیار بوو. ئەو پشووی دا.. کتێبی ژیانی داخرا.. چومە سەربان.. لەوێ ئینجا گریام، زۆر گریام. باوکم ژێرچەنە ئاڵتونەکەی دایە خان بە دیاری دابووی

پێم لەگەڵ ئەنگوستیلە یاقوتەکەی. باوکم بۆ مەسرەفی پرسەکەی ژێرچەنەکەی لێ سەندم. تا بتوانێت پرسەکەی بەڕێوەبەرێ. ئەوە شێوەی ژیان و مردنی شێرە ژنێک بوو، کە بە پێوە لە یەک چرکەدا دوو کوڕی خۆی بەبەرچاوییەوە وەک گەڵایەکی پایز کەوتنە خوارەوە. باوکم تاسا کە پێمان گوت دایکت خۆت خۆش. دەبێ باوکم ئاواتی بەوە نەخواستبێت جارێکی تر دایە خان لە تەکسییەکە دابەزێت و دایکم بیهێنێتەوە؟

تەمەنم چووە قۆناخێکی ترەوە، بوومە لاو. لاوک چووە ناوەندی کوڕان، لە ناوەندیدا کوڕ و کچ جیا دەکرانەوە، ئیدی ئەوە ئیشارەتێک بوو بۆ گەورە بوون. گەرچی من ولاوک دراوسێ بووین، دوای ئەو جودا کردنەوەیە لە مەکتەب هەستی ئەوەیان دا پێمان ئیتر کوڕ و کچ بڤەن. ئێمە لە کۆڵان یەکتریشمان بدیبایە قسەمان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد. شەرممان دەکرد. تەنانەت دایکی و دایکیشم هاتوچۆی یەکتریان دەکرد، ئێمە نا! خولیا و سەرگەرمی پشکنین بەناو کتێبەکانی باوکمدا سەریهەڵدا لەلام. هەموو کتێبەکانی ئاجاثا کرستیم خوێندەوە، فێری ناوی زۆرێک لە نوسەرە عەرەبەکان بووم بەتایبەتی مسرییەکان وەک تەها حسین و نجیب مەحفوز.
نوسەرە جیهانییەکان. ئەوەی سەرنجی منی ڕادەکێشا کتێبی تر بوون نەک رۆمان و چیرۆک و دیوانی شیعر. ئەو کتێبانەی باسیان لە مرۆڤایەتی و لێکۆڵینەوە و فەلسەفە بوو، گەرچی کە دەمخوێندنەوە هیچیشیان لێ حاڵی نەدەبووم.

لە خێزانێکی لەو جۆرەدا بێ گومان باس و خواسەکان و جۆری ئەو کەسانەی سەردانمان دەکەن، زۆر جیاواز بوون. هەمیشە چەند بابەتێکی جیاواز لە ماڵی ئێمەدا بوونی هەبووە، چەند کەسێکی تایبەت وجیاواز سەردانیان کردووین، یان هونەرمەند بوون یاخود کەسی نیشتمان پەروەرو ئاسایی بوون. گەر باوکم پێی بگوتینایە ئەمشەو کەسێک میوانم دەبێ، خێرا کڵپە پرسیاری دەکرد، چ کارەیە و ناوی چییە! کە لە تەیراوە بووین، باوکم میوانی دەهات ئێوارەکەی بانگی من و کڵپەی کرد، گوتی:
ئەمشەو میوانێکمان دێ لە سلێمانییەوە، بەهیچ جۆرێک نامەوێت بەیانی زووکەستان دەنگەدەنگ بکەن و خەبەری بکەنەوە.
کڵپە: چ کارەیە؟
باوکم: گۆرانی بێژە.
هەر ئەو رۆژە کڵپە بەتەختەیەکی درێژی باریکی هێنا، تەلی عەمەلیاتی بەسەر تەختەکەوە درێژکردەوە، کردی بە ئامێری عود. بەیانیی زۆر زووو، بە پەلە منی خەبەر کردەوە.
کڵپە: هەستە خێرا، من گۆرانی دەڵێم و تۆش چەپڵەم بۆ لێدە.
بەخێرایی لە ژێر لێفەکەوە هەستام، هەردووکمان لەبەردەمی دەرگای ژوری میوانەکەمان،

که گۆرانی بێژەکەی لێ نوستبوو، ئاهەنگێکمان لەسەرشەرەفی هاتنی بۆلامان گێڕا.
کڵپە ئامێرەکەی دەژەنی و گۆرانی ڕەوشەن، ڕەوشەن ڕەوشەنێ هەستای دەگوت، منیش بە دەم خەوەوە چەپڵەم لێئەدا. هەر ئەوەنەم زانی باوکم بەدەستێک پشتی ملی هەردووکمانی گرت و هەڵیدانیە حەوشەکەوە.

باوکم ئاشقی کتێب بوو، لە هۆڵی دانیشتنەکەماندا لەسەر کورسییەکان کتێبی هەڵچنراوی باوکم هەبووە، لە تەنیشت دۆشەکی خەوەکەیەوە کتێب هەبووە. لە هەورەبانەکەماندا لە ناو کارتۆندا پڕ لە کتێب بووە.. ئەو کاتەی منداڵ لەگەڵ تەمەنیدا فزولیش لە ناخیدا هەڵدەچنێت بە زۆری بەناوکەلوپەلی دایک وباوکیاندا دەگەڕێن. من بەناو کتێبەکانی باوکمدا هەمیشە دەگەڕام، حەزم بە بۆنیان بوو، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە دەستم ئەدایێ پەڕەکانی ئەوەری، هێندە ماڵیان پێکرابوو، مشک چەندین پەڕەی خواردبوون، وا هەستم دەکرد، ئەو کتێبانەی لە کارتۆنەکاندان شاردراونەتەوە و نهێنیان هەیە. هەر بۆیە هەمیشە بە دزییەوە، لە کارتۆنەکاندا سەیری ئەو کتێبانەم دەکرد، گەرچی زمانی عەرەبیشم نەدەزانی بەڵام دەمتوانی بیانخوێنمەوە و تاڕادەیەکیش لێیان بگەم، بەڵام کەم. هەر لە و گەڕانەشدا بوو، ڕۆژمێرەکەی باوکمم دۆزییەوە و ڕۆژی لەدایک بوونەکەی خۆم و بەیان ویلادەکەم دۆزییەوە. کە ئەوەی لەسەر دەفتەری نفوسەکەم هەیە، راست نییە. راستەکە ئەوەیە کە لێردا ئاماژەم پێداوە.
لەتەمنی دوانزە بۆ سیازدە ساڵی، هەموو چیرۆکەکانی ئاجاثا کرستیم خوێندەوە، هەستم دەکرد دونیا و ئەوەی لە دەورووبەرمدا هەیە، ئەوە نییە!! دەستەکانم لە ناو کتێبدا گەرم بووە پێش ئەوەی لەناو دەستی کوڕێکی ئاشقمدا گەرم هەڵگەڕێت.شتێکی دیکە هەیە دەبێت بیدۆزمەوە، نهێنییەک هەیە دەبێت پێی بگەم، لەبەر ئەوە دەگەڕام و نەشمدەزانی گەڕان بەدوای چیدایە! گەرانی من سەرەتا لە ناسینی دوو کەس بوون، یەکەمیان لە ناسینی هاوسێیەکماندا بوو، قوتابی کۆلیج بوو، چەپ بوو. ئێواران دەچوومە ماڵیان باسی چینەکانی کۆمەڵی بۆ دەکردم، ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگە، یەکسانی و ماف و زۆر کتێبی ئەدامێ کەئەو کاتە گەنجان سەرقاڵی ئەو جۆرە کتێبانە بوون، گەرچی بە نهێنی لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرد. کتێبی قەدەخەکراو بوون. یەکەم کتێب کە لە نیشتمانم وەرگرت ژانی گەل بوو. دوایی دایک ی مەکسیم گۆرکی بوو.. لەو سەردەمەدا، چۆن قۆناخەکانی خوێندنت دەبڕی، دەبوایە ئاوایش ئەو کتێبانەت بخوێندایەتەوە، شەرمەزاری بوو، بکەوتیتایەتە ناو کۆمەڵێک گەنجەوە باسی یەکێک لەو کتێبانە بکرێت و تۆ زانیاریت نەبێت. دووەم هاورێم لە قۆناخی ئامادەییدا بوو، ئەویش هەر هەمان شێوە هاوسێمان بوو. دوایی دێمە سەر باسی ئەویش.

بێ لە کتێب خوێندنەوە، سەودای گۆرانی چەند گروپێکی موزیک بووم، وەک ئابا. بۆنی ئێم، ستار، گوگوش، بیتلس. هەڵبەتە من شانسێکی گەورەم هەبوو کە کڵپە برام بوو. ئەو چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوو، هەمیشە دەستی گرتبووم و هاندەرم بووە. بێ لەوە لاوێکی خوێن گەرم و پڕپەهرەبوو. لە هەموو بوارێکدا شتێکی دەزانی، خوێنەر بوو، مۆسیقا ژەنێکی وریا بوو، وێنە کیش بوو، گۆرانی بێژ بوو. یاریزانی ئاسن و کاراتێ بوو.. نەک هەر برا بەڵکو هاورێشم بوو، زۆربەی کاتەکان لەگەڵ ئەو بووم.. کاریگەری ئەویشم لەسەر بووە. هەندێ کات کتێبەکانی کە دەمخوێندنەوە لە دەستی دەسەندم و دەیگوت ئەوە جارێ بۆ تەمەنی تۆ نییە و هەر نازانی ئەوە باسی چی دەکات. ئێ راستیشی دەکرد، لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا من لە کوێ لە فەلەسەفەی مارکس تێ دەگەم؟

سەرەتا رێگەی هونەرم گرتە بەر، گۆرانیم دەگوت لە کۆرسدا بەشدار بووم، بەشداری فێستڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکانم دەکرد. دوایی ئەوە لە ئامادەییدا چوومە وەرزشەوە، یارزانی تۆپی دەست بووم، لە هەڵبژاردەی دوا ناوەندییەکاندا یارم دەکرد. لە تەمەنی چواردە ساڵی حەزم لە نوسین کرد، یەکەمین پەخشانم بۆخۆشویستنی نیشتمان نوسی، نەک نامەیەکی هەرزەکارانەی دڵداری. چ لە وانەی عەرەبیدا و چ لەوانەی کوردی مامۆستاکانم نومرەی تەواویان ئەدامێ لە داڕشتندا. هەروەها نومرەشم بە دیاری پێ ئەدرا بۆ ڕازاندنەوە و پاکوخاوێنی پەڕەکانی تاقی کردنەوەکەم و دەستوخەتم. خەیاڵێک منی داگیرکردبوو، هەمیشە لە خەیاڵی قوڵدا ئەژیام، کە ناوی واقع نەبوو. جاروبار سەردانی باوکمم دەکرد، لە چالاکی قوتابخانەکان. بێگومان ئەوەیش هەربەهۆی ئەوەوە بوو کە کڵپە لەوێ لە خولی وێنەکێشاندا بوو کە مامۆستا سمایل خەیات سەرپەرشتی دەکرد، هەروەها لای رەوان شاد ولیەم یوحنا فێری ئامێری گیتاربوو. رۆژێک جورئەتم کرد، چوومە سەر ئامێری درامزەکە، وە هەر لەخۆمەوە دەستم کرد بە دارکێشان بە درامزەکەدا، مامۆستا ئەنوەر قەراخی لە دەرگاکەوە سەرێکی هێنایە ژورەوە گوتی: ئەوە مەولووە؟ زانیم سەرکەوتوونابم. خۆم لە ئامێر ژەنین بەدوورگرت.

کەشوهەوای چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی هێندە گەرموگوڕ بوو لە نێوان سەرپەرشتیار وفەرمانبەر وڕاهێنەرەکاندا، واتدەزانی لە ماڵێکدایت کە لەوەوپێش ناسیوتە. مامۆستا و ڕاهێنەرەکان هێندە دڵسۆزانە بەئەمەکەوە قوتابییەکانی خۆیان فێردەکرد، لە خۆتەوە دەتویست وەک ئەوان هونەرمەند بیت. لە کۆرسی گۆرانی گوتندا بەشدار بووم، لە کۆراڵ و لە فیستڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکان بەشداریم کرد لەگەڵ کڵپەی برامدا. باوکم هەستێکی دامێ کە پێی خۆش نییە، بەڵام خۆم دەمویست بەردەوام بم. دوای ئەوە لە کۆرسی تۆمارکردنی بەرهەمی تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشدار بووم. باوکم

نەیهێشت بچم بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکان لە تەلەفیزیۆنی کەرکوک. بەدایکمی گوت: هیچ نەشونمای نییە، لەناو ئەو کچە گەورانەدا نەشاز دەبێت.
من نەچووم . دەنگم هەبوو، ڕەنگم نەبوو.. لە نیوەی ساڵدا هەشت سفرم تێدا بوو، نەموێرا کارتەکەم پێشانی دایکم و باوکم بدەم، ئێ هەر لە وەرزش و وێنە دا دەرچووبووم. کلۆپە ئیمزای سەرکارتەکەی بۆ کردم. چەند جارێک هەوڵی دا لاسایی ئیمزاکەی باوکم بکاتەوە، دەیسڕییەوە و جارێکی تر ئیمزاکەی دەکردەوە. لەسەر سەلاجەکە کارتەکەم شاردەوە. ڕۆژێک لە وانەی وەرزشدا بووم، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەم دایکم بینی بە جلە کوردییە سورەکانییەوە کە تازەبوو. لە دەرگای قوتابخانەکەی ئەدا، مامۆستاکەم گوتی: فرمێسک برۆ دەرگا لە دایکت بکەرەوە. ناو قەدم وشک بوو، دەرگاکەم لێکردەوە، دایکم سەیرێکی کردم هەر وەک ئەوەی هەر نەشمناسێت هیچی نەوت. لە پڕ فەرمانگوزارەکەمان هات، بە مامۆستای وەرزشەکەم کە ست شەبۆ بەرقی بوو، ڕێم پێبدات بەڕێوەبەر بانگم دەکات. خۆم کرد بە ژوری بەڕێوەبەردا، چ بەڕێوەبەرێکیش ئەوە بوو کە دەیانگوت ئەکبەر واحد زیڕەی لێ دەکات. دایکم دانیشتبوو، هەر کە من چوومە ژورێ دایکم بەرەو پیرم هات و زلەیەکی لێدام. بەرێوەبەرەکە دەمووچاوی گەشایەوە، وەک ئەوەی بەخۆی بڵێت دایکی کارەکەی منی کرد. کارتەکەمی بەدەستەوە بوو، پرسیاری کرد کێ ئەم هەموو ئیمزایەکی کردووە. گوتم لە دایک و باوکم ترسام و براکەم هاوکاری کردم. ئەو زلەیە تەمێی کچێک بوو تازە هەرزەکاربوو. دایکم لۆمەی باوکم و کلۆپەی کرد، خەتای خوودانمە بە چالاکی قوتابخانەکان ومەکتەبەکەم فەرامۆش کردووە. سەری ساڵ، ڕۆژی وەرگرتنەوەی کارتی کۆتایی ساڵ، هەموو پۆلەکان لە گۆڕەپانەکەدا وەستابووین. گەرچی ژمارەی قوتابییەکان کەم بوون، چونکە ئەو ساڵە لە مامۆستایان ناوەندی شیرین کرابۆیەوە، ئێمە یەکەم وەجبە بووین، کە پێک هاتبووین تەنیا لە چوار پۆلی یەکی ناوەندی.
بەڕێوەبەر: کچینە، پێش ئەوەی هیچ بڵێم، پێمخۆشە، باسی قوتابییەکتان بۆ بکەم، کە زۆر ئازا و سەرکەوتووانە وەک موعجیزە سفرەکانی خۆی پڕدەکاتەوە، بانگی بکەم و هەموومان چەپڵەیەکی گەورەی بۆ لێبدەین. من بووم ئەو قوتابییە. بەڵام ساڵی دوای ئەوە لە ماتماتیک و کیمیادا ئیکمال بووم، لە کیمیادا هەر دەرنەچووم و ساڵێک مامەوە.. کە کارتەکەم هێنایەوە بۆ ماڵەوە لە هەیوانەکە بەدەم گریانەوە خەوم لێکەوت. گوێم لێ بوو دایکم دوعای لە مامۆستاکانم دەکرد، کە من ئاوا دڵشکاو گەڕاومەتەوە ماڵێ و ساڵێکم لە کیس چووە. دایکم هەمیشە لە قوتابخانە بەدواداچوونی بۆ دەکردین، هەر بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کردبوویە لێژنەی دایکان و باوکانەوە بۆ دوو ساڵ ئەم ئەرکەی پێسپێردرا.
لە پۆلی سێی ناوەندیدا، تەعریبی زمانی کوردی دەستی پێکرد. وانەکانمان بوون بە عەرەبی، مامۆستای عەرەبمان لە باشوری ئێراقەوە بۆهات، یان زۆرتر لە عەرەبەکانی

کەرکوک، کە ئەوانیش هەر خێزانە هاوردە عەرەبەکان بوون بۆ تەعریبکردنی کەرکوک. نە ئەوان زمانی کوردیان دەزانی، نە ئێمە عەرەبیمان دەزانی.. من لای خۆمەوە ڕقی دوونیام لێیان بوو، بۆ یەکەمین جاریشمە ڕقم لە مامۆستام بێت. تەنانەت ئەوانەی لە وانەکانیشیاندا خراپ بووم.

بەشداری خۆ پێشاندانم دەکرد بۆم گرنگ نەبوو کە بگیرێم و ئەشکەنجە بدرێم، لە پێناوی ئەوەی ئەو مامۆستا عەرەبانە بگەرێنەوە بۆ شاری خۆیان و لە سلێمانی نەمێنن، وانەکانمان ببنەوە زمانی کوردی. وام دەزانی ئەوە ئەرکە دەبێت بۆ ئەم نیشتمانە شتێک بکرێت!!هەستی لێپرسینەوەم لەتەمەنی هەرزەکاریمدا هێندە زۆر بوو، وەک کۆڵێکی لێهاتبوو بەسەر شانمەوە هەڵمگرتبوو. ئێستا نازانم ناوی چییە وچۆن باسی لێبکەم، بەڵام کەشی ژیان لە سلێمانیدا ئەوها بوو، گەنجی ئەو سەردەمە بەو لێپرسراویەتەوە گەورە دەبوون. لە یەکێک لە خۆپێشاندنەکاندا، لە پۆلدا هەستام ڕابکەمە دەرێ و بەشدار بم، مامۆستای وانەی ئینگلیزییەکەم ناو دەرگای پۆلەکەی لێگرتم، من لە نێوان قاچەکانییەوە ڕامکردە دەرێ و بەدەم هاوار هاواری قوتابیانی زانکۆ و ئامادەیی و ناوەندییەکان کەوتم، لە مەجید بەگ پێیان گەیشتمەوە. هەواڵهات بۆ باوکم و نەیانهیشت کاڵە لە پێ بکەم. بە دزییەوە دەمخستە ناو جانتای مەکتەبمەوە. بۆ دووەم جار من و دڵنیای هاورێم بووین، دڵنیا خوشکی دانای حەمە نوری بوو. ئەمنەکان هاتن بۆمان، ڕامانکردە ماڵێکەوە، دایکێکی گەنج تەشتێکی لەبەر دەمدا بوو جلی دەشت، کە من و دڵە خۆمان کرد بە حەوشەکەدا، پەشۆکا و بەرەو پیرمان هات، تکای کرد نە چینە ژورەوە و بچینەوە دەرەوە، ئێمە دوو ئەمنەکەمان بینی کە دوای من و دڵە کەوتبوون، نەمانتوانی بگەرێینەوە، خۆمان کرد بە ژوورا. بێشکەی منداڵک دانرابوو، کۆرپەیەکی بچکۆلە و شوشەی شیرەکەی لای بێشکەکەوە بوو. کانتۆرێکی جل لە ژورەکەدا بوو، لەگەڵ دۆڵابێکی نوێن.من بەپەلە لە کانتۆرەکەدا دشداشەیەکم دۆزییەوە وبەسەر تەنورە رەش و کراسە سپییەکەمدا لەبەرم کرد، دەستم کرد بە بێشکە راوەشان، هەر کە گوێم لە دەنگی دوو پیاو بوو لە هەیوانەکە، بەدڵەم وت خۆت بشارەوە، ئەو فریا نەکەوت دشداشە لەبەر بکات، من شیرم ئەکرد بە دەمی کۆرپە نوستووەکەوە.. کە منیان بینی هاتن بۆم، تا توانیان قژیان گرتم و سەریان کێشام بە بێشکەکەدا. دوایی دەستیان برد دشداشەکەم بەرز بکەنەوە من خۆم گرمۆڵە کرد، سەرم خستە بەینی قاچە لاوازەکانمەوە، ئەوان بۆنی ئارەق و ئەلکهولیان لێ دەهات، لەوەی دەکرد مەست بن یەکێیان بە کلاشینکۆف دەیکێشا بەسەرمدا، ئەوەی تریش دەیوست دەستبەرێ بۆ مەمکم ودشداشەکەشم لەهەمان کاتدا هەڵبداتەوە. من نازانم چ هێزێک بوو منی کردبووە تۆپێکی گرمۆڵە و سەریان لە بەنی ئەژنۆکانمدا بۆ بەرز نەدەکرایەوە و منیان جێهێشت

بەسەری شکاوە و و دەرگای کانتۆرەکەیان کردەوە، دڵەیان بینی. وەک ئەوەی مرواریان لە مەحارەیەکدا دۆزیبێتەوە، دڵە دوو چاوی گەشی سەوزی هەبوو، لەگەڵ قژێکی کاڵی خاو و پێستێکی سپی.. بە قژ دەڵەیان برد و منیان جێهێشت. من بەسەربانا چوومە ماڵێکی ئەودیوو ئەو ماڵەی لێی بووم، لەوێ هەر بە دشداشەکەی بەرمەوە، کوڕێکی لاو بردیمەوە بۆ ماڵەوە. لە ماڵەوە خێرا جلەکانم گۆڕی، سەروقژم شت و لە ترسا چوومە ژێر لێفەکەوە. بە بڵێسەی خوشکم گوت: کە لە موزاهەرەدا وام لێهاتووە. لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو، چی بە ماڵی دڵە بڵێم، ئەوان خوشکێکی گەورەیان لە دەستدابوو، هێشتا برینی ئەو سارێژ نەبووبوو. دڵەیشی بێتە سەر. بە دایکمم گوت سکم دێشێ و لە خولی مانگانەدام. کڵپە بینیمی بروای نەکرد، گریام و بۆم باسکرد، کە بە دانای برای دڵە بڵێ چیمان لێبەسەر هاتووە. لای ئێوارە دڵە بەربوو، زیندانی سلێمانی هێندەی قوتابی تێدا بوو، جێگەیان نەدەبۆیەوە. لای ئێوارەکەی بەشێکی زۆریان بەردابوو. باوکم و دایکم زانیان، باوکم بە دایکمی گوت بۆ ماوەیەک بمباتە ماڵی نەنکم و نەیەمەوە ماڵێ. دایکم بۆ شەشەمین جار دوو گیان بوو، من و خوشکەکەم ئاواتمان دەخواست خوشکێکی بچکۆلەمان ببێت. کراسێکی پەمەی ڕەنگمان بۆ کڕی، دایکم ڕۆژی هەژدەی حوزەیران، کاتژمێر سێ و بیست دەقەی دوای نیوەڕۆ کوڕێکی بوو. باوکم حەزی وا بوو ناوی بنێت مژدە یان دەرسیم. بەڵام من ناوێکم بۆ هەڵبژارد و بە باوکم گوت: من ناوەکەم لەگەڵ هیچ خوشک و براکانمدا ناگونجێ، دەمەوێت خۆم ناوی بنێم، ناوی هونەرم بۆ هەڵبژارد، بە ناوی دیوانە مەزنەکەی گۆرانەوە (فرمێسک و هونەر). ئیدی ناوەکانمان ئاوا بوو. کڵپە و بڵێسە، کوردۆ و پشتکۆ، فرمێسک و هونەر. نەک هەر ناوم نا، بەڵکو ئیدی دایکە بچکۆلانەکەشی بووم. لەو ساڵانەدا ئێراق بەگشتی بەڕووی ئابوورەیەکی تۆکمەوە کرایەوە. گۆرانی بێژە بەناوبانگەکان دەهاتن بۆ بەغداد و کۆنسێرتیان دەکرد. ئێراق هەنگاوی بەرەوشارستانییەت و مەدەنیەت و وڵاتی نەوت و کلتور بوو. سەدام بووە سەرۆک و هەموو فەرمانبەرانی ئێراق موچەیان زیادی کرد. بەڵام دایکم دەیگەڕاندەوە بۆ لەدایک بوونی کۆرپەکەی. ئەو گوتی: مستەفا ئێمە هەر منداڵێکمان بووبێت، تۆ یان تەرفیعت کردووە، یان موچەکەتیان بەرزکردۆتەوە.. هێندەی نەبرد جەنگێکی شووم یەخەی گرتین. ناوی جەنگی قادسیەی سەدام بوو. یان جەنگی کەنداوی یەکەم. هونەر و جەنگ پێکەوە گەورە دەبوون. باوکم ویستی بمخاتە پەیمانگەی بازرگانی. من ڕازی نەبووم، دەمویست درێژە بە خوێندن بدەم، هەروەها ئەوەی کڵپە لێی بەسەر هات، من لێم بەسەر نەیەت. کڵپە ئارەزووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدادی دەکرد، بەشی شێوەکاری. باوکم ڕێگر بوو ناردیە پەیمانگەی پیشەسازی. کڵپە ئەو ڕۆژە زۆر گریا چووە لای خاڵەکانم، دایکم لە حەمامەکە جلی ئەشت، تکای لەدایکم کرد قسە لەگەڵ باوکمدا بکات، هیچ سودی نەبوو. ئامانجی باوکم ئەوەبوو کڵپە زوو خوێندن

تەواو بکات و هاوکاری بکات لە خەرجی ماڵەوەدا. ئێ کڵپە هەر لەتەمەنێکی کەمەوە کاری دەکرد و پارەی ڕۆژانەی خۆی و داخوازییەکانی خۆی دەردەهێنا. بە دزی باوکمە کاری دەکرد، چونکە باوکم پێیناخۆش بوو کەکڵپە کار بکات. ئەمەی لە چی و ئەوەی لە چی!! من سوربووم لەوەی بچمە ئامادەیی، باوکم هەر ناڕازی بوو، کڵپە هاتە بەردەمی باوکم و گوتی: فرمێسک دەبێت بخوێنێت، من کرێکاری بۆ دەکەم و مەسرەفی دەکەم تا خوێندن تەواو دەکات. چوومە ئامادەیی. باوکم وەک بڵێی نەی ئەدوانم، بەڵام من بۆم ئیسپات کرد، کە دەتوانم بەئاسانی قۆناخی چواری ئامادەیی ببڕم و هەمیشە دڵخۆش و وریا بووم، گەرچی یەکەم ساڵی جەنگ و بۆردومان وتۆقینمان بوو. لەگەڵ هەر بۆردوومانێکدا، شوشەی پەنجەرەی ماڵەکەمان دەهاڕییە خوارەوە، دەرگای مەدخەلەکەمان لە بندا دەردەهات. خۆمان لە حەمامەکە دەشاردەوە، یەکەمین وشە کە هونەری برام زمانی پێپژا (حەمامە بوو) کە ئینزاری بۆردوومان لێیئەدا، بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و دەیگوت: حەمامە، حەمامە. شەوانیش لە کەلاوەی گەڕەکەکە دادەنیشتین لە ترسی بۆردوومان کردن. دوو جار تەیارەم بینی کە چۆن ساروخەکان هەڵئەدات، بیرم دەکردەوە کێ ئێستا دەمرێ!! چ ماڵێک و جێیەک دەروخێت. هەشبوو لە خۆشی ئەوەی زیان بە حوکمەتی سەدام بکەوێت و دوژمنە سەر سەختەکانی کورد، کە ڕەفیق حزبی و بەعسییەکان بوون بەر بۆردوومان بکەون. هەمووڵەکاتی تۆپباراندا دەچوونە سەربان و تەماشای ئەو جێیانەیان دەکرد کە بەر قەسفی تەیارەکە دەکەوت. پۆلی چوارم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد. ئەوسا باوکم ڕووی ئەدامێ و نێوانمان باش بۆیەوە، چوومە بەشی ئەدەبی و ئامادەیی سلێمانی کچانم هەڵبژارد. گەرچی سەرەتا لە سانەوی فریشتە خۆم ناونوسکرد، لەبەر هاوڕێکانم، گەرچی خوێندن تێیدا بە زمانی عەرەبی بوو. دوای رام گۆڕی. باوکم هەستی کرد کە ئەم هەڵبژاردنەم پەیوەندی بە سەرکێشی ناوەوەم هەیە. ئامادەیی سلێمانی کچان ئامادەییەکی نمونەیی بوو، کچی شارەکە زۆربەیان لەوێ بوون. زۆربەی ئەوانەی بەهرەمەند و چالاک و سەرکێش بوون، سەر بە ئامادەیی سلێمانی کچان بوون. دوو ساڵی خوێندنم لەوێ، هەوێنی ڕۆشنبیربوونی من بوو. لەهەر وانەیەکدا پشتم بە کتێبەکانی باوکم دەبەست، وەک سەرچاوە بەکارم دەهێنان و تێکەڵی وانەکانم دەکرد. وانەکانم وەک ئەرکی قوتابخانە نەدەبینی، بەڵکو کتێبێک بۆ فێربوون لەبەرئەوە بە چێژەوە دەمخوێندنەوە و لێیانەوە فێر دەبووم، گۆڤارێکی ئەدەبیمان هەبوو، جاروبار لە وگۆڤارە بابەتی ئەدەبی یان دارشتنم تێیدا بڵاو دەکردەوە، دڵسۆز حەمە یەکێک بوو لە قوتابییە بەهرەمەندەکان کە لەو گۆڤارەدا چیرۆکی کورتی بڵاو دەکردەوە. لە کتێبخانەکە دا کە ست شەمام شەوقی سەرپەرشتی دەکرد، کۆڕو سیمیناری بۆ ئاماد هدەکردین لە نێوان ئێمە و ئامادەییەکانی کوڕاندا. لەوێ بنکەی خۆ پەروەردەکردن بوو. نیگاری شێخ حەسیب و چیمەن ئیسماعیلم ناسی. بووینە هاوڕێ. مەی سابوونکەرانیم

بینیوە لەوێ. کەلە ناوەندی بووم ئەویش لەگەڵماندا لەکۆرسەکاندا بوو. زۆربەی ئەو کچانەی لە کۆراڵ وکۆرسی گۆرانی گوتن هەیە لەوێ بەیەکتر گەیشتینەوە. ڕۆژێک لە پشوودا لەپۆلەکەمدا دانیشتبووم، کچێکی باڵا بەرزی چاو گەش لەگەڵ دوو هاوڕێیدا خۆیان کرد بە پۆلەکەمدا، کچە باڵا بەرزەکە بەڕوویەکی زۆر خۆشەوە سڵاوی پێمدا. پرسیاری کرد: ئەڵێی نامناسیت؟

من: نەخێر.

ئەو: من ئاڤانم.

من: کام ئاڤان؟

ئەو: ئاڤانی مامە کەریمت.

تا ئەم تەمەنەم ئەو هەستەم بۆ باس ناکرێت، لە تەریق بوونەوە، خەمناکی، پەشۆکاوی، هەست کردن بە دابڕان، دەبوو ئێمە لە باوەشی یەکتردا گەورەبوونایە. منداڵەکان لەبەر نەگونجاندنی گەورەکان بۆ لەیەکتر بێبەش بن؟ ئەمە تاوانێکی گەورەیە، کە بۆ هەموو تەمەنم بۆتە وانەیەکی گەورە. ئیدی هەموو ڕۆژێک خۆم دەچووم بۆ پۆلەکەی لەگەڵ ئامۆزاکەم دەبووم.

ئێوارەیەک کڵپە هاتەوە ماڵێ، وەک هەموو جارێک باسی هەموو ڕۆژەکەی خۆی بۆ کردم.

کڵپە: ئەمڕۆ لە پرۆڤە باسی ئەوە کرا، بۆ ئێمە خوشکەکانی خۆمان نەهێنینە ناو هونەرەوە، بەتایبەتی شانۆ. فرە ئەزانی کچمان نییە ڕۆڵ ببینێت لەو شانۆگەرییەدا. ئیتر من پێموتن، من ئەتوانم فرمێسکی خوشکم بهێنم. بەڵام یەک شت. ئەت بەم تۆ دوایی دەڵێی نا من نامەوێت بەشدار بم.

من: باشە، سبەی لە دوایی دەوامەوە دێم.

ئامادەی سلێمانی کچان نزیک بوو لە چالاکی قوتابخانەکانەوە، هەردووکیان لەسەر کارێزبوون و تەنیا شەقامێکیان نێوان بوو. دوایی دەوام ڕۆیشتم. خۆم کرد بە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکاندا، هۆڵێکی نسرم، پەردەیەکەی قەیفەی سوور بەملاو ئەولای سەر سەکۆکەوە هاتبوونە خوارێ.

کڵپە ئەو کاتانەی لەوێ خۆی فێری ژەنینی ئامێری گیتار دەکرد، داوایان لێکردبوو، (شانۆیی کەلە سەری نازم حکمەت، بەرهەمی تیپی نواندنی سلێمانی، دەرهێنانی کەریم عوسمان). بۆیەکەمین جار کۆمەڵێک کچ و کوڕ لە تەمەنی مندا دەبوون. کچەکان بەچەشنی من، کراسی سپی و تەنوورەی سێ چارەکی ڕەشیان لەبەر بوو. چەند لاوێک لەوەی دەکرد ئەوانە ئەکتەری ڕاستەقینە بن. من پێش ئەوە هەرگیز شانۆگەریم نەبینیبوو، تەنیا کۆرال و ئاهەنگی کۆنسێرتم بینی بوو. دەرهێنەرەکە هەموو ئەو کوڕوکچانەی لە تەمەنی مندا بوون، پێی گوتین: ئادەی بچنە سەر سەکۆکە، هەمووتان

تەماشای ناو قەفەسەکان دەکەن ئەوێ باخچەی ئاژەڵانە، دوای پیاوێک دەبینن لە یەکێک لە قەفەسەکاندا هەموو لەبەر دەمیا دەوەستن و بە سەر سوڕمانەوە تەماشای دەکەن. نزیکی پێنج بۆ حەوت قوتابی بووین بۆ دیتنی ڕۆڵی کۆمبارس. ئێمە چوینە سەر سەکۆکە و ڕێنمایی دەرهێنەرمان بەجێهێنا. کاک کەریم بانگی کردم، وەرە خوارەوە، هاتمە خوارەوە.

کەریم عوسمان: تۆ پێش ئەمە هیچ ڕۆڵێکت بینیوە لەسەر شانۆ؟

من: نەخێر.

کەریم عوسمان: من دەقەکەت ئەدەمێ، ڕۆڵێکی تێدایە ناوی پاولینایە، بەباشی بیخوێنەرەوە.

من: بەڵێ باش.

کلّپە سەیرێکم دەکات، منیش هەروەها.

کۆتایی بەشی یەکەم.

کاتێ بوومە حەڤدە ساڵان، ئامانجی خۆم دەسنیشان کرد. ئامانج دەسنیشان کردن هێندە ئاسان نییە، گەر باگراوندێکی پڕلە ئەزموونی لە پشتەوە نەبێت.. ئەو هەموو خەیاڵ و تاقیکردنەوانەی منداڵی و مێردمناڵیم، لە یەک چرکە دا لەسەر سەکۆ هەڵتۆقی و هاتە بەردەمم.. ئەویش ئەو ڕۆژە بوو کە چوومە سەر سەکۆ بۆ دیتنی ڕۆڵێکی کۆمبارس لەگەڵ چەند قوتابییەکی هاوتەمەنی خۆمدا.. هەستێکم هەبوو، هەمووکاتێک کە بیری لێبکەمەوە ڕێک بنی پێکانم گەرم دادێن. نامەوێت زۆر ڕۆمانسیانە لێی بدوێم، هێندەی ئێستا لەم تەمەنەمدا دەتوانم وای ببینم، لەهەموو ئەو چالاکیانەی پێشووتر هەمبوون، ئاوا نەمدەتوانی خۆم نمایش بکەم، بەتەنیا ببینرێم، دیارە پێویستم بەوە بووە، کە فرمێسک دەبێت ببینرێت، دەبێت بەتەنیا قسە بکات، بەتەنیا پێبکەنێت بگریت، خۆی بسەلمێنێت.. بەڵێ خۆ سەلماندان باشترین وشەی گونجاوە. لە کۆرسەکاندا من لە ڕیزی پشتەوە دایان ئەنام، چونکە جورمێکی بچکۆلە و لاوازم هەبوو، چی کچە باڵا بەرز و لەشولار پرەکان هەیە دەخرانە ڕیزی پێشەوە. لە یاری تۆپی دەستیشدا، لەبەر ئەوەی لە ڕاکردندا خێرا بووم و بچکۆلانە بووم دەمتوانی بە خێرایی تۆپەکە لەدەستی گروپەکەی تر وەرگرم، ئەو فرسەتەم نەبوو لە بەرگریدا بم لە پێشەوە، یان گۆڵچی بم.. هەر نەدەبینرام ئەوە باشترین جێگە بوو، من بەتەنیا ببینرێم، لەخۆشمدا رامدەبینی گەر بەتەنیا ببینرێم، باشتر دەناسرێم!! دەتوانم بەهرەو زیرەکی خۆم نمایش بکەم. ئەوە بوو هەر لەو ڕۆژەدا دەرهێنەرەکە لە کۆمبارسەوە ڕۆڵی سەرەکی پێدام. لەو تەمەنەوە تا ئێستا من لە ناوەراستی ئەو سەکۆیەدا کە دەوەستم، ڕۆڵی سەرەکیم هەبێت یان نا. هەر خۆم دەبینرێم!! ئەندێشەکانم لە هونەری شانۆدا چڕبوونەوە، پلان و نەخشەی

ژیانم لەوێدا کێشرا. بێمەوە سەر هاوسێ باشەکەم کە ئێواران دەچوومە ماڵیان تا فێربم، ئەمجارەیان پێویستم بە کەسێک بوو باسی شانۆم بۆ بکات، ئەو جیهانە شیرین و قوڵە. ئەویش دلاوەر قەراخی بوو.. ژورێکی بچکۆلانەی هەبوو پەنجەرەکەی بەسەر باخچەیەکی بچکۆلانە دا بوو، قەرەوێڵەیەک و مێزێکی نوسین و ئامێرێکی تۆمار و دوو کورسی لاستیک، کتێبجانەیەکی بچوک لە ژورەکەیدا هەبوو. لەوێ چەندین کاتژمێر بەدیارییەوە دا دەنیشتم تا باسی نوسەرە شانۆکارەکانم بۆ بکات، باسی کۆلیجی هونەرە جوانەکان، ئەوکات قوتابی ئەوێ بوو، بەشی شانۆ.. شەشی ناوەندیم تەواو کرد، باوکم پێی باش نەبوو کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی هونەر بەگرمە بەر دەیگوت ئەو دنیایە خراپە و ماندووت دەکەن، هەروەها ڕێگەی سیاسەتیش بە هەمان شێوە، هەمیشە بە ناو دۆڵابەکانماندا دەگەڕا و کتێب و بەیانی دەدۆزییەوە و حەوشەیەکمان هەبوو لە پشتی ماڵەکەمانەوە لەوێ دەیسوتاندن.. چونکە زیندانی بینیبوو لە نوگرە سەلمان ئەشکەنجەیان دابوو، نەیدەوسیت ڕێگەی ژیانمان وکە خۆی سەخت و یەخسیر بێت!! پێی گوتم: تۆ بەخەیاڵ دەژیت ئەوێش خەڵکی وای تێدایە ئەتوانن شێتت بکەن. ئەو دنیایە بەکەڵکی تۆ نایەت.. هەڵبەتا ئەو خۆی ئەو ئەزموونەی کردبوو،لێ دەرچووی یەکەم خولی بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد بوو. پێشنیازی ئەو ئەوە بوو بچمە کۆلیجێکی دیکە و شانۆ وەک ئارەزوویەک بێت. بەڵام پاڕانەوە و گریان و تەحەداکردنی بەردەوام و گفتوگۆکردن باوکم ڕازی بوو!! لەگەڵ مندا چەند دەسەخوشکێکم لەشاری سلێمانی،چوینە کۆلیجی هونەرە جوانەکان. بە قژێکی کورت، کراسێکی بێ قۆڵی سور، جوتێک پێڵاوی پاژنە بەرزی سپی. کە بۆیەکەم جار بوو پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکەم و برۆکانم بکەم و سوراوێکی سوور بدەم لە لێوەکانم. بەواتای گەوەر بوون دەهات. بە واتای گەیشتن بە ئامانج و پچڕاندن لە خێزان و بەدەستهێنانی سەربەستی بوو. لە هۆڵی تاقیکردنەوە لیژنەی تاقیکردنەوە چەند مامۆستایەک بوون، ئەوان کوردیان نەدەزانی منیش هەروەها عەرەبیم نەدەزانی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ یەکەمجاریشم بوو شاری بەغداد ببینم.. هەر کە خۆم کرد بە هۆڵەکەدا، بووە غەڵبەغەڵب و پێکەنین، شەرم دایگرتم بە خۆمم گوت: دەبێت وەربگیرێت.. دڵم لێی نەئەدا، خەیاڵم نەما، بوومە کەسێک کە ئێستا لەهەموو کاتەکانی تری ژیانی گرنگترە، ئێستا و ئێرە هەموو ژیانت دەتوانێت بگۆڕێت. پرسیاری ناوەکەیان لێ کردم، یەکێکیان وتی تورکومانیت؟ گوتم نا کوردم؟ ئەی ناوەکەت بۆ لە تورکومانی دەچێت، نا کوردییە.. بەدەم ئەم قسانەوە پێڵاوەکەم داکەنی و بە پێی پەتی چوومە سەر ئەو سەکۆیەی لەدواجاردا هۆڵی موحازەرەمان بوو. مۆنۆلۆگێکی ئۆڤیلیام ئامادە کردبوو، پێشوەخت چەند هاورێیەکم فێریان کردم وتیان: ئەگەر وتیان بەسە، تۆ هەر بەردەوام بە، با بزانن تۆ لەناو ڕۆڵەکەتدایت و گوێت لەوان نییە و تەقەموسی تەواوت کردووە، ئەمەش مەرجێکی سەرەکی ئەکتەرە لە کاتی نواندندا، لە ڕاستیا

من گوێم لێیان بوو، نەک هەر ئەوە بە درێژایی کاتە ئاگام لە هەناسەدانیشیان بوو، گوێم لە چرپە چرپیشیان بوو کەسەریان دەنا بە سەری یەکترەوە وئەدوان. ئیتر لە هەلومەرجێکی وادا تەقەموسی چی هاهاها!!!

چەند پرسیارێکیان لێ کردمەوە، مامۆستای ڕوان شادم د. شفیق مەهدی بە زمانی **کوردی گوتی:** تۆ شانۆت خۆش دەوێت؟ منیش بە عەرەبییەکەی خۆم وەڵامم دایەوە: وەک دایکم.. بە دوو چاوی گەورەی پڕ بریقە پێی گوتم: وەرە خوارێ. پێم گوتن: دەتانەوێت گۆرانییەکتان بۆ بڵێم ؟ ئەمەیان ڕێک مەکر و عەیارییەکەی منداڵیم بوو، کە بەگۆرانییەک بەسەر مامۆستاکەماندا هەڵمئەدا، و پرسیارە سوکەکانی لێ دەکردم و لە ئەنجامدا دەردەچووم، ئەوەش ڕێک لەوەی دەکرد.. سەرەتا بە کۆی دەنگ ڕازی بوون، دوایی پرسیاریان کرد گۆرانییەکە کوردییە؟ گوتم نەخێر فارسی ئێ ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، یەکێک دەیگوت بابیڵێ، ئەوەی دیکە بە گرژییەوە دەیگوت ناخێر با نەیڵێت و پێویست ناکات (لە ناوەراستی جەنگی کەنداودا بووین).. ئەوان نەکەوتبوونە سوڵح من گۆرانییەکی گوگوشم گوت (مەنئۆ مە دام) فارسی چیە نایزانم و وشەکانیش هەڵە بوون و هەر میلۆدییەکەی وکە خۆی بوو هاهاها ئەو گۆرانییە دوو جار بەکەڵکم هاتووە لە سەر دەمی دانیشگەدا.. جارێکی دیکەش لە وانەی ریتم و چێژی مۆسیقا! دوایی هاتمەوە خوارێ و پێڵاوەکەم لەپێ کرد و گوتم ئەلبومێکم پێیە وێنەی چالاکییەکانمی تێدایە، دەتانەوێت ببینن؟ د. شەفیق ئەلمەهدی گوتی: هەمووت چالاکییە پێویستمان پێی نییە.. رامکردە دەرێ بە خۆشییەکەی بێ هاوتا، تامی ئەو خۆشییە هەتا ماوم لە ژێر زمانمدا ناروات. لە هۆڵێکی دیکە تاقی کردنەوەی تیۆری بوو، قۆناخێکی سەخت، بە عەرەبی دەبێت وەڵام بدەمەوە، بە مامۆستاکەم گوت: من دەتوانم وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بدەمەوە، بەڵام بە کوردی؟ گوتی: هەر هەمووی؟ گوتم بێگومان هەر هەمووی! گوتی بە کوردی وەڵام بدەوە، خێزانی د. عونی کەرومی کوردە و ئەیدەین بەو بۆمان وەربگێڕێت. لە ئەنجامیشدا هەر ئەو رۆژە کاک ئازای شیخ حەسیب لەگەڵماندا هاتبوو، ئەو وەڵامەکانی ئێمەی بۆ وەرگێرابوون.

پریسارەکانم تا ئێستا لە بیرە، پرسیاری یەکەم، ئەگەر بەشداریت لە شانۆ گەرییەکە کردبێت، باسی بکە لە نوسەرەکە و رۆڵەکەت و شیکارێک بۆ کارێکی تری شانۆیی بکە کە بینەر بوویت.. لێی ئاسانتر نەبوو. ئەوەی دوای ئەوە شکسپیر کێیە؟ لەوەش ئاسانتر نەبوو، ناوی کۆمەڵێک شاعری جیهانی و ئێراقی لەوانە بەدرشاکر سەیاب ناوی هاتبوو لەگەڵ ئەراگۆن.. دەمتوانی بە کورتی باسی ئەوانیش بکەم. بەم جۆرە ئەوەشم بڕی. سێهەمیان تاقی کردنەوەی لیاقەی بەدەنی بوو. هەر خۆم کرد بە هۆڵەکەدا دوو مامۆستای لاو بوون، دەمە تەقێیەکیان کرد و وتیان ساڵی چەند لە دایک بوویت؟ کە پێم گوتن بەدەم پێکەنینەوە شتێکیان گوت.. ڕاستان دەوێ؟ لەو هۆڵە بەهەستێکی

زۆر ناخۆشەوە هاتمە دەرێ، هەرچەندە ئەوان داوایان کرد، گۆزەیەک هەڵگرم بچم بۆ کانی ئاوی تێبکەم وبێمەوە، کێشەی ئەوەم نەبوو کە ئەوداواکارییەم خراپ بووبێت، بەڵکو پێکەنینە زۆرەکە کێشەی من بوو یەکەم ساڵی خوێندن دوای ئەوەی کە زمانی عەرەبییەکەم باش بوو، لە دڵم دەرنەچووبوو، خۆم کرد بە ژورەکەیاندا، پرسیاری ئەوەم لێ کردن بۆ ئەو رۆژە پێم پێکەنین؟ یەکێیان هەڵی دایێ و گوتی: فرمێسک ئەوەنە بچکۆلە بوویت، وتمان ئەمساڵ دەبێت حەفازەش بێنین بۆ کولیە.. جورمە بچکۆلانە لاوازەکەم وای نیشان ئەدا کە هەمیشە لە خۆم مندالتر بنوێنم، ئەوەش کێشەی دەروونی بۆ دروست کردبووم.. بەڵکو ئەو هەستە دەورووبەر دابویان بەمن، تەنانەت قوتابییە کوردەکانیش لەیەکەم ڕۆژی دەواممدا وتیان وەمانزانیوە لەگەڵ خوشکەکەتدا هاتوویت، کەچی خۆ دەوام ئەکەیت! دوو مانگ دوای تاقی کردنەوەکەم من نە شەوم هەبوو نە رۆژ، هێندەت نەدەزانی دەگریام لە خۆمەوە، هەموو ژیانم بووە خوێندنی شانۆ.. ژیان هچی تێدا نەما بۆ من تەنیا وەرگرتم نەبێت لەوێ؟ ترس و دڵە ڕاوکێ بەدوومەوە بوون.. تا ئەو رۆژەی هەواڵم بۆ هات کە لیستی ناوەکان هەڵواسراون، یەکەم ناو فرتیسکۆ مستەفایە نەمدەزانی دڵم خۆش بێت یان نا؟ منم یا نا؟ دەمگوت نا خۆمم!! دوایش دەمگوت نا خۆ ناوم فرتیسکۆ نییە.. نەخێر خۆم بووم .. من چومە کۆلیجی هونەرە جوانەکان، بوومە قوتابی بەشی شانۆ. تەمەنم هێشتا هەژدە ساڵانە و لە خێزانەکەم دابڕام، دەبوو ئاگاداری خۆم و شانۆ بم!!



گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر جیابونەوەی هاوسەران

هێمن ئەمین شوانی

جیابونەوەی هاوسەران یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، کە مێژوییەکی قوڵی هەیە، بەڵام بەپێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بەشێوەیەک لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و، تەنانەت لەناو یەک کۆمەڵگە، بەڵام لە پەیڕەوکەرانی ئاینێک بۆ ئاینێکی دیکە جیاوازی هەیە.

جیابونەوەی هاوسەران کۆمەڵێگ ڕەهەند و هۆکاری جیایی هەیە، لە هەرێمی کوردستان-یش بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندن و قەیرانە جۆراو جۆرانەی ڕوبەڕوی کۆمەڵگە بۆتەوە، ڕێژەی جیابونەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بەشێوەیەک لە ماوەی تەنها (١٠) ساڵدا دوو بەرامبەر خۆیی واتابۆ (١٨٪) زیادیکردوە، ئەوەش جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنی جدیە، چونکە ئەوەی لەو پرۆسەیەدا بەپلەی یەکەم دەبێتە قوربانی منداڵانن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی نە دامەزراوەکانی حکومەت وەک وڵاتە پێشکەوتوەکان لە ئاستی پێویستدان بۆ دابینکردنی مافی منداڵان و هەندێجار لەخۆگرتنیان، لەلایەکی دیکەش نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، کە منداڵان لەلای هەر کامێکیان بێ (دایک، باوک) زۆرجار لە نازی بەرامبەرەکەی بێ بەشی دەکات.

پەیوەندی هاوسەری بەپیرۆزترین پەیوەندی نێوان مرۆڤ دادەنرێ، چونکە لە ڕێگەی پەیوەستیەکی یاسایی، شەرعی و کۆمەڵایەتیی خێزانی لێ دروست دەبێ، ئەوەش بناخەی سەقامگیری لایەنی دەرونی مرۆڤ و دواجار کۆمەڵگەیە، چونکە خێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵگەیە، بۆیە هەر کاتێک خۆشەویستی و ڕێزگرتن و گوێگرتن لە یەکتر و ڕەچاوکردنی حەز و ئارەزوەکانی ژن و پیاو لە یەکدی هەبوو و، توانیان ژینگەیەکی هاوبەش و نوێ جیاواز لەو ژینگە خێزانیەی پێشتر لیی پەروەردە بون دروست بکەن ئەوا ئەندامانی خێزانەکەش لە ڕوی دەرونیەوە ئاسودە و سەقامگیر دەبن، بەڵام بەپێچەوانەوە ژیانی خێزانی تێکدەچێ و جیابونەوە دەبێتە دوایین بژاردەیان، جیابونەوە لە لەسەرجەم شارستانیەتەکان و ئاینە ئاسمانی و زەمینیەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە و، بایەخی زۆریان بەو دیاردە کۆمەڵایەتیەی نێو کۆمەڵگە داوە، چونکە کاتێک بەرۆکی ژیانی خێزانی دەگرێ، کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبات.

بەرزبونەوە و نزمبونەوەی جیابونەوە، چەند فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، تەکنەلۆجی و دەرونی لە پشتیەتی، ئەوەش ڕەنگدانەوەی جیای لەسەر کەسێتی ژن و پیاو دەبێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردی، کە بەچاوێکی دیکە لە ژنی تەڵاقدراو دەڕواندرێ، یان پیاوێک کە چەند جارێک بەهۆکاری جیا لە خێزانەکانی جیابێتەوە، تێڕوانینێکی دیکەی لەناو کۆمەڵگە بۆ دروست دەبێ.

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا سەرباری ناساندنی چەمکەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هاوسەری و جیابونەوە، ئینجا باسی فاکتەرە سەرەکیەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و لێکەوتەکانیمان کردوە، ئەوە جگە لە باسکردنی کورتەیەکی مێژوی جیابونەوە بەپێی شارستانیەتە مرۆییەکان و ئاینە ئاسمانیەکان، لە باسی کۆتایشدا بەخستنەڕوی داتا و ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری کوردستان لە ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوو (٢٠٠٩-٢٠١٨) و، بەپشت بەستن بەدەقە ئەکادیمی و زانستیەکان لە ڕوی کۆمەڵناسیەوە شیکردنەوەیەکی وردەمان بۆ هۆکارەکانی جیابونەوە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ئابوری وکۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنەلۆجیەکانی هەرێمی کوردستان کردوە.

باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

١. گرفتی توێژینەوەکە:ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییە سیاسیەی لە کوردستان بەتایبەت لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) ڕویدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و..بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەری لەسەر خێزان بەجێهێشت، یەکێک لەو کاریگەریانە زیادبونی ڕێژەی جیابونەوەیە، گرفتی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە دەرخستن ودیاریکردنی هۆکارەکانی جیابونەوەیە لەکوردستان، ئەوەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئامارەکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە کوردستان.

٢. گرنگی توێژینەوەکە: جیابونەوە نەک شوێنەوار و کاریگەری خراپ لەسەر خێزان دروست دەکات و، ئەندامەکانی پەرتەوازە دەکات، بەڵکو کاریگەری لە کایە جیاکانی کۆمەڵگەش دەبێ و، بەهۆیەوە جۆرها گرفتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە سەرهەڵدەدات، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە بە دوای پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان هاوسەران دەگەڕێ، ئەوەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتا و ئامارە فەرمیەکان لە کوردستان، بەو هۆیەشەوە سەرجەم هۆکار و بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکانی بەر لە گەیشتن بە جیابونەوە دەخاتەڕوو، بۆیە ئەم تویژینەوە لە ڕوی تیۆری و پراکتیکی گرنگیەکەی لەوەدایە، کە :

- لەڕوی تیۆریەوە زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی لایەنی زانیاری و مەعریفەیە سەبارەت بە جیابوونەوەی ژن و مێرد.

• لەڕوی پراکتیکیەوە ئەنجام و دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەویە دەبێتە ڕێگە نیشاندەر و بەرچاوڕونیەک بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن، تا ڕێژەی جیابونەوە بەرەو کەمبوونەوە ببردرێت.

٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە: هەموو توێژینەوەیەک هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەدات، توێژەر لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەخوازێ هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە بدات:

• ئایا ڕۆڵی گۆرانە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر جیابونەوە لە کوردستان چیە؟.
• ئایا داتا و ئامارەکانی هاوسەر و جیابونەوە بەتایبەت لە کوردستان چیمان پێ دەڵێ؟
• گرنگترین ئەو هۆکارانە چین، کە کاریگەریان لەسەر جیابونەوەی هاوسەران لە کوردستان هەیە؟

دووەم: چەمکەکان

١. گۆڕانی کۆمەڵایەتی

• پێناسەی محمد عبدالمولي الدقس (٢٠٠٥):گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لەهەر گۆڕانێک، کە لە ڕوی فەرمان و بەها و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەسەر بونیادی کۆمەڵایەتیدا دێت، دەکرێت گۆڕانەکە بەرەو پێشکەوتن بێت، دەشکرێت بەرەو دواکەوتن بێت (الدقس، ٢٠٠٥: ١٩).

• پێناسەی چواس حەسەن (٢٠١٠):گۆرانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە ژمارەیەک پرۆسەی یەک لە دوای یەک، لەماوەیەکی دیاریکراودا، شێواز و جیاوازی جۆراو جۆر لە ناو کۆمەڵگە دروست دەکات، کە دەبنە هۆی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنی ڕۆشنبیری و کەلتورییە جیاجیاکانی وەک بەها و پێوەر و باوەڕەکان (حەسەن، ٢٠١٠: ١٢).

• پێناسەی فەخرەدین ئامێدیان (٢٠١٣):گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە گۆڕانی دامەزراوە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە لە ماوەیەکی دیاریکراودا (ئامێدیان، ٢٠١٣ : ٤٧٤).

•پێناسەی جاکسۆن جاک و ذێفلۆس ئاکۆجۆبی JACKSON JACH & THEOPHLUS AKUJOBI ((٢٠١٧: گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لەو ئاڵوگۆڕکردنەی کە لەسەر ئاستێکی فراوان لە بونیادی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و شێوازی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ڕودەدات، ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری یان دوبارە ڕێکخستنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان وبەهاو نەریتەکان (جاک، ئاکۆجۆبی، ٢٠١٧: ٤٩٢).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی: پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە بەهۆیەوە گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە (سیستم، دامەزراوەکان، پەیوەندی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان، بەها و نەریت و ئەرک و کۆی بوارەکانی دیکەی ژیان)دەکات.

٢. جیابونەوە

• پێناسەی د.معن خەلیل (١٩٩٤): جیابونەوە بریتیە لە کۆتایهێنان یان پچڕاندنی پەیوەندی هاوسەرگیری نێوان دوو هاوسەرەکە (خەلیل، ٢٠٠٧: ٢١٤).

•پێناسەی دکتۆرە سەمیرە (٢٠٠٧):جیابونەوە ئاماژە بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندیە فەرمی و مەشروعیەکانی نێوان ژن و مێرد دەکات، بەشێوەیەک کە هەریەکێکیان لە ڕوی فەرمیەوە لەوی دیکەیان دادەبڕێ و بۆ جارێکی دیکە مافی هاوسەری لەگەڵ یەکێکی دیکەدا هەبێت (سەمیرە، ٢٠٠٧: ٩٠).

• پێناسەی ج. ک. کۆفمان J.C.KAUFMAN ((٢٠٠٩: جیابونەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی خێزان و کۆمەڵ (کۆفمان، ٢٠٠٩: ٦٢).

• پێناسەی فەخرەدین ئامێدیان (٢٠١٣):جیابونەوە بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوان ژن و مێرد و کۆتایهینان بەئەرکەکانی خێزانی (ئامێدیان، ٢٠١٣: ٢٠٨).

•پێناسەی فەرەنگێز سوڵتانیون Farangis Soltanion ((٢٠١٧: جیابونەوە بەمانایی جیابونەوە و وازهێنان لە چارەسەرکردنی کێشەکان وکۆتایهێنان بەژیانی هاوسەری نێوان هاوسەرەکان دێ، بۆیە جیابونەوە بەئامرازێکی ڕێکخراو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوبەش و یەکسانی دادەنرێت (سوڵتانی، ٢٠١٧: ٢٠١).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە جیابونەوە:ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە، کە لە ئەنجامی کەڵەکەبونی کۆمەڵێک کێشە، یان کێشەیەک هاوسەرەکان پەنای بۆ دەبەن بۆ کۆتایهێنان بەکێشەکانی نێوانیان، بەو هۆیەشەوە گرێبەستی هاوسەریان هەڵدەوەشێتەوە.

٣. هاوسەری

• پێناسەی باسمة کیال (١٩٨١):هاوسەری گرێبەستێکە لە نێوان ژن و مێر دەکرێت، دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دامەزراندنی خێزان، چونکە خێزان بنچینەی کۆمەڵگە و سیستم و یاسا کۆمەڵایەتیەکانە (کیال، ١٩٨١: ١).

• پێناسەی د.معن خەلیل (١٩٩٤):هاوسەرێتی پێشکەوتوترین میکانزمی کۆنترۆڵکردنە، کە ئەقڵی مرۆڤ بۆ بەمرۆییکردنی غەریزەی سێکسی لای مرۆڤ دایناوە، چونکە خاوەن سیستمێکی کۆمەڵایەتیە و خەسڵەتی بەردەوامی و نوێنەرایەتیکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانە (خەلیل، ٢٠٠٧: ٤٩).

• گۆردۆن مارشاڵ Gordon Marshall ((٢٠٠٠:هاوسەری بریتیە لە پەیوەندییەکی یاسایی نێوان پیاو و ژنی پێگەیشتوو، کە کۆمەڵێک ئەرک و ماف بەدوای خۆیدا دەهێنێت (مارشال، ٢٠٠٠: ٧٩٢).

- پێناسەی دکتۆرە سەمیرە (٢٠٠٧):هاوسەری پەیوەندییەکی پێکەوە گرێدەرانەی بڕیاردراوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی وشەرعی و ئاینیەوە لە نێوان پیاو و ژندا، ئەم پێکەوە گرێدانە کۆمەڵێک لە پابەندی و مافی ئاڵوگۆڕکراویان بەسەردا دەسەپێنێ، هەریەکێکیان خاوەن ڕۆڵی دیاریکراوی خۆیەتی وەک ژن و مێرد و، وەک دایک و باوک (سەمیرە، ٢٠٠٧: ١٢٤).
- پێناسەی دکتۆر ن.ا. وێملاسینا DR. N.A Wimalasena ((٢٠١٦:هاوسەری لە بنەڕەتدا بریتیە لە پەیوەستبونێکی کەسی نێوان ژن و مێرد دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەندی بایەلۆجی و خستنەوەی وەچە و، پێکهێنانی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئاینی و ئابوری لە کۆمەڵگەدا (وێملاسینا، ٢٠١٦: ١٦٦).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە هاوسەری: بریتیە لە پڕۆسەیەک، کە لە نێوان ژن و پیاوی پێگەیشتوو بەپێیی یاسا بەرکارەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان بەڕێوەدەچێت بۆ پێکهێنانی خێزان، کە ماف و ئەرک و ڕۆڵەکان دیاری دەکات.

باسی دوەم: هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەک بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی و لاوەکی دێتە ئاراوە، هۆکارە سەرەکییەکانیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، بە هەمان شێوە لەناو یەک کۆمەڵگەشدا لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی دیکەی مێژویی جیاوازە، ئەو هۆکارە سەرەکییەی لە ڕابردوو دەبووە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، دەشێ لە سەردەمێکی دیکەدا ببێتە هۆکاری لاوەکی و، لە بری ئەوە هۆکارێکی لاوەکی شوێنی هۆکارە سەرەکییەکە بگرێتەوە، بە هەمان شێوە بۆ دوو کۆمەڵگەش، کە لەیەک کاتدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی تیایاندا ڕوو دەدات دەشێ لە هۆکارە سەرەکیەکانیان جیاواز بن، ڕەنگە لەوەی یەکەم ئاین بێت و لەوەی دووەم تەکنەلۆجیا، یاخود بە پێچەوانەوە بێت.
١.هۆکاری سیاسی:یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانەی کە تواناى گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە، بریتییە لە سیستمی سیاسی، چونکە سیستمی سیاسی لە هەرکۆمەڵگەیەکدا پەیوەندییەکان ڕێک دەخات و ستراتیژی گشتی بەمەبەستی بەدیهێنانی خزمەتگوزاری، ئابووری، پێشخستنی کۆمەڵایەتی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش دادەڕێژێت (حەسەن، ٢٠١٠: ٤٤)، سیستمی سیاسی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ئاڕاستەکردنی تاکەکان بۆ بەشداریکردن لە پڕۆسەی سیاسی و پێگەیاندنی سیاسیدا، لێرەشەوە هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ململانێی دیموکراتی لە وڵاتدا بەرقەرار دەبێت و کۆمەڵگەش بەرەو گۆڕان و نوێبوونەوەو کرانەوە دەچێت و لە داخراوی و دواکەوتوویی ڕزگاری دەبێت (الغزوی، ٢٠١٢: ٧). هەروەک سەرکردە و دەسەڵاتداران ڕۆڵی زۆریان لە ئاڕاستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاسانکاریکردن بۆ پڕۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە، (مطر، ١٩٨٨: ١٩٠). لە پاڵ ئەوانەشدا بەرپاکردنی شۆڕش دژی سیستمی سیاسی لە وڵات و سەرکەوتنی شۆڕش

دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، وەک شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٦١، ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، بەهەمان شێوە شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی (تونس ، مصر ، لیبیا ...هتد)، کە کۆتایی بە حوکمی چەندین ساڵەی سیستمی کۆنی سیاسی لەو وڵاتانە هێنا، بوونە سەرەتایەک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

٢.هۆکاری زانستی و تەکنەلۆجی:زانست و تەکنەلۆجیا بە هۆکارێکی کاریگەر لە گۆڕینی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دادەنرێن، چونکە شۆڕشی تەکنەلۆجیا جووڵەیەکە بەهۆی کاریگەرییەکەی بەر لە دوو سەدە، تاکو ئێستا گۆڕانێکی قوڵی لە ناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و لە دنیا هێناوەتە کایەوە، جووڵەی پیشەسازیبوون، گەشەی شارنشینی، زۆربوونی بەرهەم، خێرایی لە هۆیەکانی گواستنەوە و پەیوەندی... هتد، بەدەرکەوتنی ڕووکەشی شۆڕشی پیشەسازی هەژمار دەکرێن، چونکە لە ڕاستیدا ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی کەوتە ژێر کاریگەری ئەو شۆڕشە، ژیانی خێزان، ژیانی ئایینی، ئەدەبیات، هونەر، شێوازەکانی سیاسی، و...هتد، هەمووان دووچاری گۆڕانکاری بوونە (ڕوشە، ٢٠١١: ١٢٣)، ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆیی لە سایەی تەکنەلۆجیای نوێ و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و ئامێرە نوێیەکانی گەیاندن (مۆبایل، سەتەلایت، ئینتەرنێت..) هیچ شتێک بە شاراوەیی نەماوەتەوە و جیهان بۆتە بە گوندێکی بچوک، چونکە ئەو ئامێر و تەکنەلۆجیایانە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە سڕینەوەو تێکشکاندنی سنوربەندی کەلتوورەکانی دنیا (الغزوی، ٢٠١٢: ١٠)، بەوەش گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیستمی کۆمەڵایەتی هێناوەتە ئاراوە، کە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرا کردووە.
٣.هۆکارە ئابوورییەکان:سروشتی چالاکی ئابوری دانیشتوان کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، کە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەکان دروست دەبێت، چونکە فاکتەری ئابوری تەوەری بنەڕەتیە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی، هەروەک شێوەی بەرهەمهێنان ئەو ڕێچکە گشتییە دیاری دەکات، کە بۆ پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕوحی لە ژیانی تاکدا ڕۆڵی هەیە، نموونەی ئەو جۆرە گۆڕانەش چوونی لێشاوی ژنان بوو بۆ بازاڕی کار لە ئەوروپا، کە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە کاروباری وەزیفەی حکومی و کار و پیشەکانی دیکەدا (حەسەن، ٢٠١٠: ٤٣). هەروەک پەرەسەندنی سەرمایەداری پیشەسازی شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی لە بنەڕەتدا گۆڕی، زۆربەی خەڵک لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆدا لە جیاتی ژیان بەسەربردنی لە کۆمەڵگە گوندییەکاندا، ئەوا لە شارەکاندا دەژین و لە جیاتی ئیشکردن لەناو بەرهەمی کشتوکاڵیدا، لەتەک کۆمپانیا و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا کار دەکەن (گیدنز، ٢٠١٠: ٨٢٢)، بۆیە هەر گۆڕین و پێشکەوتنێکی باری ئابوری، زنجیرە گۆڕان و گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دێنێت.

٤ .هۆکاری ڕۆشنبیری و کەلتوری:پەیوەندی ڕۆشنبیری پڕۆسەیەکە بە شێوەیەکی فراوان کار لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات، کاریگەری ئەو پەیوەندیەش لەسەر هزر و بیر و باوەڕی سیاسی و ئاینی بەدەر دەکەوێت لەگەڵ ئامرازەکانی ژیان و تەکنەلۆژیا. «بەهاکانی ژیان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن، چونکە بەها بە پێی ڕۆشنبیری و باری کەلتوری هەر کۆمەڵگەیەک دروست دەبێت، کاتێک ئەم جیاوازییانە بەیەک دەگەن، تێکەڵاوی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، زۆر لە توخم و ڕەگەزە کەلتورە جیاوازەکان دەگوازرێنەوە و دەبنە هەوێنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەکانی تردا» (حەسەن، ٢٠١٠: ٤١). پەیوەندی کەلتوری و بەیەککەیشتنی کەلتورەکان بە گەلێک هۆ ڕوو دەدات، لەوانەش داگیرکردنی سەربازی، کۆچ، ئاڵوگۆڕی بازرگانی، گەشت و گوزار، یان بە ڕێی هۆیەکانی پەیوەندی وەک ڕاگەیاندن و ئامێرەکانی پەیوەندی نوێ و...هتد (قەرداخی، ٢٠١٢: ١١)، ئەوەش هاندەر و ڕێگە خۆشکەرن بۆ گۆڕان و کرانەوە و وەرگرتنی نوێ و وەلانانی کۆنەکان.

٥ .هۆکاری پەروەردە و خوێندن:پەروەردەو خوێندن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی دیالیکتیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوەی تر هەیە، گومانیش لەوەدا نیە شێواز و ڕێگەی تازەی پەروەردە و خوێندن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کەلتوری کۆمەڵگە دەگۆڕێ بەتایبەت لە قۆناخی پەرەسەندی خۆیدا، بۆیە گەیشتن بەو ئامانجە هیوا لەسەر پەروەردەیەکی پێگەیەنەر هەڵدەچێنرێ (الهاشمی و الاخرون، ١٩٨٣: ٨٧)، بۆیە قوتابخانەو دامەزراوە پەروەردەییەکان و زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە ئاڕاستەکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان و بڵاوکردنەوەو سەرنجڕاکێشانی خەڵک و ئامادەکردنی ژیری بۆیان (عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٦٦). لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە کە پەروەردە و خوێندنی زانکۆیی ڕۆڵی گەورە دەگێڕین لەهێنانە ئارای گۆڕانی کۆمەڵایەتی، وەک شۆڕشی فەرەنسا کە لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ بەرپاکرا و بەهۆیەوە گۆڕانکاری ل بونیادی فەرەنسا بەدیهێنا.

٦ .هۆکاری دیموگرافی:گەلێک لە فەیلەسوف و بیرمەندان، وەک ئەرستۆ، مۆنتسکیۆ و ڕۆسۆ، هەر لە کۆنەوە پێیانوابوو، کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە» (حەسەن، ٢٠١٠: ٣٣)، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە زۆری و کەمی لە ڕادەبەدەری ژمارەی دانیشتوان دەبێتە مایەی تێکچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەو گەلانەی، کە ناهاوسەنگیان لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و کەمی دەرامەت و پێداویستی ڕۆژانەدا هەیە، دۆخی کۆمەڵایەتیان ناجێگیر و دواکەوتووە، بۆیە گۆڕان لەو جۆرە کۆمەڵگایانە زۆر سست و لەسەرخۆیە (الغزوی، ٢٠١٢: ١٨)، بە بۆچوونی ماڵتۆس زۆر بوونی دانیشتوان مەترسییەکی گەورە لە بەردەم ئایندەی مرۆڤایەتیدا دادەنێت، لە ماوەیەکی کەمدا لە نێوان مرۆڤەکاندا شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوە لەسەر خۆراک ڕوو دەدات،

له ئەنجامی ئەم جەنگەشدا ئەوەی هەژارە و نەدارە لەناو دەچێت، لە ئەنجامی گۆڕانی دانیشتوان، گۆڕانی ڕیشەیی بەسەر بونیادی کۆمەڵگەکاندا دێت (سمحة و سهاونة، ٢٠٠٩: ٧٥)، لەگەڵ ئەوەشدا پێکگەیشتنی دانیشتوان مەرجێکی پێویستی پەرەسەندن و پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتیە، چونکە مرۆڤ هێزی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەیە، لێرەوە بۆمان ڕوون بوەوە، کە دانیشتوان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە جیاکاندا.

باسی سێیەم: مێژوی جیابونەوە بەپێی جیاوازی شارستانیەت و ئاینە ئاسمانیەکان

کۆمەڵ و خێڵە سەرەتاییەکان لەگەڵ ئەوەی لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریان سادە و ساکارن، هەر لە زوەوە جیابوونەوەیان ناسیوە و ڕێوشوێنیان بۆ جێبەجێکردنی داناوە، بۆیە لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر جیابونەوە بەپێی قۆناخەکانی مێژوی مرۆڤایەتی.

یەکەم: جیابونەوە لە شارستانیەتە کۆنەکان

٤.شارستانیەتی میزۆپۆتامیا:هەر لە زوەوە عێراقیە کۆنەکان جیابونەوەیان ناسیوە، بۆیە یاسا کۆنەکانی عێراق پێش دەرکەوتنی یاساکانی حامورابی ڕێگەیان بە جیابوونەوە داوە، جەختیان بەتەنها لەسەر مافی ئابووری ژن کرۆدتەوە بەبێ ئەوەی مافی جیابونەوەیان پێبدات، دیارترین هۆکارەکانی جیابونەوە لای عێراقیە کۆنەکان بەشێوەیەکی گشتی بریتیبون لە (نەزۆکی ژن، زیناکردن لەگەڵ کەسێکی تر، ڕێکنەکەوتن لەگەڵ پیاو و خراپی ڕێکخستنی ناو ماڵ) (الجنائی، ١٩٨٣: ٢٠).

٥.شارستانیەتی نیل:شارستانی دێرینی میسر وەک شارستانیەتێکی پێشکەوتوی ئەو سەردەمە بەهەمان شێوە جیابونەوەیان ناسیوە و جێبەجێیان کردوە، هۆیەکانی جیابونەوەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ (نەزۆکی، داوێن پیسی، کەم ئەندامبون) (الجنائی، ١٩٨٣: ١٣٩).

٦.شارستانیەتی چینی کۆن:لەو شارستانیەتەدا پیاو بەم حەوت هۆکارە توانیویەتی لە ژنەکەی جیاببێتەوە (نەزۆکی، زۆر بلێیی، دوچاربون بە نەخۆشی گران، ڕێزنەگرتنی خەزور و خەسو، دەست پیسی، ناپاکی و دڵپیسی لە مێرد)، هەروەها دەبو ژن وەک نەریت کڕنوش بۆ مێردەکەی ببات، لەگەڵ ئەوەشدا پیاو نەیدەتوانی بەبێ هۆ لە ژنەکەی جیاببێتەوە، ئەگەر بەبێ هۆ لە ژنەکەی جیاببوایەتەوە، ئەوا سەد جەڵدەی لێ دەدرا (الجنائی، ١٩٨٣: ١٨٥٢٠).

٧.شارستانیەتی یۆنانی:جیابونەوە لەلای یۆنانیەکانیش هەبوە، بەڵام مافی جیابونەوە تەنها بە پیاو دراوە، جا بەهەر هۆیەک بێت و لە هەر کاتێک بێت، بەڵام ژن ئەو مافەی نەبوە، کە لە مێردی جیابێتەوە تەنانەت ئەگەر مێردەکەی نەزۆکیش بوایە، لە شارستانیەتی یۆنانی لە چەند حاڵەتێک جیابونەوە ڕویدەدا، بۆ نمونە ئەگەر پیاو

بۆی دەرکەوت ژنەکەی ناپاکی لەگەڵ کردوە، بەڵام ئەگەر پیاو ناپاکی لەگەڵ ژنەکەی بکردبایە ئەوا سزای مردنی بەسەردا دەسپێندرا (طاهر، ٢٠١٠: ٢٧).

٨.شارستانیەتی فارسی:لەم شارستانیەتەدا مێرد دەیتوانی لە ژنەکەی بۆ برایەکی هەژاری جیاببێتەوە، ئەم جیابونەوەیە بەگرێبەستێکی یاسایی رێک دەخرا، بەڵام ژنەکە نەیدەتوانی ڕازی نەبێت و مێرد نەکات بە پیاوە هەژارەکە، بەڵام ئەگەر پاش جێبەجێکردنی کارەکانی مێردی دوەم، مێردی یەکەم دەیتوانی ژنەکەی بباتەوە و هیچ ڕێگریە نەبوە، هەرکاتێکیش پیاو بە ژنەکەی بگوتبا برۆ ئازاد بە هەرچی دەکەی بیکە و لێت جیابومەوە، لەو کاتەدا ژنەکە هیچ پلەو پایەکی نەدەما، بەڵکو دەبوە کارەکەری ژنێکی تر (محمود، ٢٠٠٩: ٢٢٢).

٩.شارستانیەتی ڕۆمانی:لای ڕۆمانیەکانیش جیابونەوە هەبوە، بەڵام زەحمەت بوە، بەپێی هەندێک هەلومەرج ئازادی بە ژن و پیاو دراوە لە یەکتر جیاببنەوە، بەڵام ڕای گشتی کۆمەڵگەی ڕۆمانی جیابونەوەیان بەکارێکی نا پەسەند زانیوە، هاوکات وەک هەمو کۆمەڵگەیەکی تر بەهۆی نەزۆکی لە ژن جیابونەتەوە، چونکە بەلای ڕۆمانەکان ئامانجی زەماوەندکردن خستنەوەی منداڵ بوە، بەڵام پیاو بەر لەوەی لە ژنەکەی جیاببێتەوە دەبوایە پرسی بەخزم و کەسوکاری بکردایە (محمد، ٢٠٠٨: ١٣٥).

دوەم : جیابونەوە بەپێی ئاینە ئاسمانیەکان

١.ئاینی یەهودی: لە ئاینی یەهودیدا پیاو مافی جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی هەیە، جگە لە دوو حاڵەت نەبێ کە ناتوانێ لە ژنکەی جیاببێتەوە، یەکەم ئەگەر هاتو پیاو ژنەکەی تۆمەتبار کرد بەوەی کچ نیە و ژنە پاشان درۆو بوختانی پیاوەکە ئاشکرابوو کە وانیە، دوەم ئەگەر پیاوەکە دەستدرێژی بەزۆر خستە سەرکچێک پێویستە بیکات هاوسەری خۆی، هەروەک پێویستە باجی ئەم کارە خراپەی بدات بە باوکی کچەکە (الترمانینی، ١٩٩٦: ٢٨٥).

٢.ئاینی مەسیحی: لە ئاینی مەسیحیدا سێ مەزهەبی جیاواز هەیە، لە هەر مەزهەبێکدا پرۆسەی جیابونەوە جیاوازە، بۆ نمونە لە مەزهەبی کاثۆلیکی جیابونەوە بەپێی دادگای کڵێسا بەڕێوەدەچێت، ئەوەش لە دو حاڵەتدا دەکرێ، یەکەم لە کاتی ناپاکی هاوسەرێیەتی، دوەم پەککەوتنی سێکسی لەسەرەتای پرۆسەی هاوسەریدا، بەڵام لە مەزهەبی پرۆتستانتی لە دوو حاڵەتی دیکەدا ڕێگەی بەجیابونەوە داوە، یەکەم ناپاکی هاوسەری، دوەم هەڵگەڕانەوە لە ئایین، هەرچی مەزهەبی ئەرثەدۆکسە ڕێگە بەجیابونەوە دەدات، بەڵام لە حاڵەتی ناپاکی هاوسەری، نەزۆکی بۆ ماوەی سێ ساڵ، نەخۆشی درێژخایان لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەی ڕێگە بە بەردەوامبونی ژیانی هاوسەری نادەن. (بوادی، ٢٠٠٥: ١٠٦-١٠٧). جیابونەوە لای مەسیحیەکان لەڕێی دەسەڵاتی (ئایین)ەوە ئەنجام دەدێ، وەک چۆن هاوسەری لەڕێی ئایین ئەنجام دەدرێ و، دەبێ کڵێسا ئاگاداربێ و بڕیاری لە سەر بدات (محمود، ٢٠٠٩: ٢٢٩).

٣.ئاینی ئیسلام: له ئیسلامدا جیابونەوە لە دەستی پیاودایە، بەڵام لەکاتی جیابونەوەدا پیاو لەسەریەتی مارەیی تەواو بە ژنەکەی بدات (بابای، ٢٠٠٥: ٧٥)، شەریعەتی ئیسلامی جیابونەوەی بە چەند شێوەیەک دیاریکردوە، کە ئەمانەن :

یەکەم: جیابونەوەی ڕون و ئاشکرا:ئەم جۆرە مارەیی هەڵدەگرێ، بەو مەرجانەی شەرع داینناوە، ئەوەش دەبێتە دوو جۆر :
١.ئاشکرا بە ئاشکراییەکی گەورە:کە ژنەکە جارێکی دیکە بۆ ئەو پیاوە وەک هاوسەر حەڵاڵ نابێتەوە، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە دەبێ ژنەکە شویەکی دیکە بکاتەوە و، لەگەڵ پیاوی دوەم جوت بێت، پاشان لێی جیابێتەوە، دوای تەواوبونی ماوەی چاوەڕوانی ئینجا پیاوەکەی یەکەمی دەتوانێ ژنەکەی بۆ جاری دوەم بگەڕێنێتەوە لای خۆی، بەوەش دەوترێ تەڵاقی (سێ بە سێ).
٢. ئاشکرا بەئاشکراییەکی بچوک:لە پاش ئەو جیابونەوەیە ژنەکە بۆ پیاوەکە حەڵاڵ نابێ، تەنها بەمارەییەکی نوێ و گواستنەوەیەکی نوێ نەبێ .
دوەم: جیابونەوە و تەڵاقی گەڕانەوە (رجعی) :لەو جۆرەیان پیاو دەتوانێ ژنەکەی بگەڕێنێتەوە بەبێ مارەییەکی نوێ، ئەوەش لە حاڵەتەکانی چاوەڕوانی کاتی جیابونەوەکە واتا خوار (سێ بە سێ) (سلمان و، سطحی، ٢٠٠٣: ٨٢).
بەشێوەیەکی گشتی ئیسلام ڕەزامەندی زۆر لەسەر جیابونەوە نیە، بەڵکو بەقێزەوەنترین حەڵاڵ وەسفی دەکات، ئەوەش بۆ پاراستنی ئابڕو و ڕەچەڵەکە لە پیسبوون، چونکە کاتێک خێزان لە نێو ژینگەیەکی دور لە خۆشەویستی بژی، یان هەردو هاوسەر بەچاوی ڕق و کینە و سوکایەتی سەیری یەکتری بکەن هیچ سودێکی نابێ، بۆیە جیابونەوەی حەڵاڵ کردوە، ئەو جیابونەوەیەش هیچ خۆشیەک بۆ هیچ لایەک گل ناداتەوە (شلبی، ١٩٧٢: ٥٠).

باسی چوارەم: هۆکارەکانی جیابونەوە لە کوردستان (شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئاماری دادگاکان)

گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەک چۆن کاریگەری لەسەر بونیاد و سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دروست دەکات، بەهەمان شێوە وەک داتا و ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان پیشانمان دەدات، کاریگەری لەسەر ژیانی خێزانی و ڕێژەی جیابونەوە و پێکهێنانی ژیانی هاوسەریش هەیە، بەپێی داتاکانی ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردو (٢٠٠٩ تا ٢٠١٨) ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری (مارەکردن لە دادگاکان، پەسندکردنی مارەکردنی دەرەکی و ڕێگەپێدان بەهێنانی ژنی دوەم)، بەپێی گۆڕانکارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.. لە کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بەشێوەیەکی گشتی لەو ماوەیەدا (٤٦٦٨٦٢) حاڵەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری تۆمارکراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (٨٨٪)، هەر لە ماوەی ئەو (١٠) ساڵەدا (٦٦٠٣١) حاڵەتی جیابونەوە لە

دادگاکانی کوردستان تۆمارکراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (٪١٢)، بەشێوەیەک کەمترین ڕێژەی جیابونەوە لە ساڵی (٢٠١٠) تۆمار کراوە، کە (٪٨) بوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨) ئەو ڕێژەیە دوو بەرامبەر زیاتر بەرز بۆتەوە و گەیشتۆتە (٪١٨) (*).

وێنەی ڕاڤەیی (١)

ڕێژەی هاوسەری و جیابونەوە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی (٢٠٠٩ تا ٢٠١٨) ڕوندەکاتەوە



سەرچاوە: ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان. ٢٠١٩

هەڵبەت لە ماوەی نێوان ئەو (١٠) ساڵەدا، گۆڕانکارییەکان کە لە کوردستان ڕویانداوە کاریگەریان لەسەر زیادبون و کەمبونەوەی ڕێژەی جیابونەوەی هاوسەران هەبوە، چونکە ئەو گۆڕانکاریانە کۆمەڵێک دیاردەی تازەی لەگەڵ خۆی هێناوەتە نێو کۆمەڵگەی کوردیەوە، سەرباری مانەوەی هەندێ کەلتوری کۆن لە کۆمەڵگەی کوردی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین بونەتە هۆکاری بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە لە کوردستان.

وێنەی ڕاڤەیی (٢)

ژمارە و ڕێژەی خێزانە جیابوەکان بەپێی ساڵەکانی نێوان (٢٠٠٩ تا ٢٠١٨) ڕوندەکاتەوە



سەرچاوە: ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان. ٢٠١٩

وەک چۆن ڕێژەی جیابونەوە لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، بەشێوەیەک بەپێی نوێترین ئامار کە لەسەرانسەری جیهان بۆ جیابونەوە لە ساڵی (٢٠١٨) تۆمار کراوە، کەمترین ڕێژەی جیابونەوە لە (هیندستان)ە کە تەنها (١٪) بوە،هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خێزان بەیەکەیەکی پیرۆز و گرنگ لە کۆمەڵگەی هندی دادەنرێ، جیابونەوەش تەنها جیابونەوە نیە لە نیوان ژن و پیاو، بەڵکو جیابونەوە دەبێتە هۆی لێکترازانی پەیوەندی نێوان دوو بنەماڵە و، لە ڕوی ئاینی و کەلتور و بنەماڵەیی و ڕەفتار و پێگەی تاک ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێ،لە کاتێکدایە زۆرترین ڕێژەی جیابونەوە لە لۆکسمبۆرگ تۆمارکراوە کە ڕێژەکەی گەیشتۆتە (٨٨٪)، ئەوە لەکاتێکدایە کە خاوەن ئابوریەکی بەهێزەو گەشەی دانیشتوانی لە ئاستێکی بەرزدایە،(Joy , ٢٠١٨: ٤). لە هەرێمی کوردستانیش هۆکارەکانی جیابونەوە ڕەنگدانەوەی کێشە و دیاردەکانی کۆمەڵگەیە، کە ئەمانەن:

وێنەی ڕاڤەیی (٣)

هۆکارەکانی جیابونەوە لە هەرێمی کوردستان ڕوندەکاتەوە



سەرچاوە: ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان. ٢٠١٩

١.نەگونجان لەگەڵ یەکتر: کاتێک کە ژن و مێرد ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوانیان سەرهەڵدات و پەرەدەسێنێ، پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکار هەیە، بۆ نمونە کاتێک هەر یەک لە هاوسەرەکان «باس لە خود و خواست و پێداویستیەکانی خۆی دەکات، بەچاوپۆشی لە خواست و پێداویستی ئەویتر» (خەلیل، ٢٠٠٧: ٢٢٢)، هەروەک «ناتەبایی حەزی سێکسی یان ڕادەی تێربوون، فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە ناتەبایی هاوسەران، ناتەبایی سێکسی پلەی هەیە، توندترینیان بریتیە لە پەککەوتەیی پیاو و ساردی سێکسی ژن، ئەوەش دەبێتە هۆی زیاتربونی ناکۆکیەکان و گەیشتن بەشوێنێک کە ئەستەم بێ پێکەوە هەڵبکەن» (مەحموود، ٢٠١٤: ٢٤٨)، لەلایەکی دیکەوە بەپێی توێژینەوەیەک دەرکەوتوە «نەخوێندەواری و نزمی ئاستی هۆشیاری فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەرە لە دروستبونی ناکۆکی نێوان هاوسەرەکان لە کوردستان، هەربۆیە ڕێژەی (٧٠٪) ئەوانەی ناکۆکیان هەیە پەیوەندی بە نەخوێندەواری و کەمخوێندەواری هەیە« (قەرەداغی، ٢٠١٥:

٤٥). بەهەمان شێوە ئامادەنەبونی یەکێک لە هاوسەران لەماڵ و سەرقاڵبون بە کاری زۆر دەبێتە هۆکارێکی دیکەی ناکۆکی نێوان هاوسەران، ئەوە جگە لە هەبونی بۆچونی جیاواز سەبارەت بەپەروەردەکردنی منداڵ و، بوارە جیاوازەکانی دیکەی ژیانیان، لەهەمان کاتدا دڵپیسی و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و، درۆکردن ڕۆڵیان لە فراوانبونی ناکۆکیەکانی نێوان هاوسەرەکان هەیە.

٢.کێشەی نیشتەجێبون: کاتێک کە کچ و کوڕێک ژیانی هاوسەری پێکەوە دەنێین ئارەزوی ئەوە دەکەنماڵی جیایان هەبێ، بەتایبەت کچان، ئەوەش یەکێک لە ڕواڵەتەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکە پێشتر کوڕ کە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنا بۆ ساڵانێکی زۆر لە ماڵی باوکی دەمایەوە، زۆر جار بەهۆی ئەوەی ڕوبەری خانوی جاران بەبەراورد بە ئێستا فروانتر بوو، پێداویستیەکانیش کەمتر بوو، بۆیە چەند خێزانێک دەیانتوانی لە ماڵێکدا بژین، بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و کچان هەر زوو داوای ماڵی جیا دەکەن، چونکە «شوێنی نیشتەجێبونی گونجاو زەرورەتێکی حەتمیە بۆ بەردەوامی و جێگیری پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان، بەهۆی ئەوەی لە ماڵە غەزوران ناتوانن تایبەتمەندییەکانی خۆیان بپارێزن، چونکە کەسانی تر دەست لە کاروبارەکانیان وەردەدەن، بەم پێیەش فەزایەکی ئارام و سەربەخۆیان دەستناکەوێ تا لە چوارچێوەیەدا مومارەسەری ژیانی ئاسایی خۆیان بکەن» (میران و، جبار، ٢٠١٧: ٢٥)،بەڵام ئەم هۆکاری جیابونەوەیە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکان بەدی ناکرێ، چونکە کێشەی نیشتەجێبون لەبنەڕەتدا بونی نیە.

٣.خیانەتی هاوسەری: ئەم کێشەیە یەکێکە لە کێشە زۆر بەردەوامەکانی نێوان هاوسەران، بەتایبەت ئەو هاوسەرانەی کە کەمتر بەماڵ دەکەونەوە، یان ئەو هاوسەرانەی بەزۆر لەگەڵ یەکێک ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، کە لە بنەڕەتدا خۆشی ناوێ، هەندێجاریش هاوسەر کە گومان دەکات هاوسەرەکەی خیانەتی لێ دەکات ئەوەش وەک کاردانەوەیەک خیانەت دەکات، هاوکات «لاوازی لایەنی سێکسی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بەهۆیانەوە یەکێک لە هاوسەرەکان پەنا دەباتە بەر ناپاکی هاوسەری، چونکە غەریزەی سێکسی یەکێکە لەو غەریزە گرنگانەی کە نابێ لە ژیانی هاوسەریدا پشتگوێ بخرێت، بەڵکو پێویستە گرنگی زۆری پێ بدرێت، ئەگەر کێشەیەکیش هەبوو دەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێ» (نامق، ٢٠١٤: ٦٩)، جگە لەوەش لەم سەردەمەدا و بەهۆی کرانەوەی کوردستان بەڕوی دونیا «ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر دەگێڕن لە زۆربونی ناپاکی هاوسەری، ئەوەش بەهۆی پیشاندانی فیلمە سێکسی و وروژێنەرەکان» (نامق، ٢٠١٤: ٧١).

٤.هۆکاری ئابوری: بەشێک لەو کەسانەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، لە ڕوی تەمەنەوە بەتەواوەتی پێ نەگەیشتون، هەندێ جاریش لە قۆناخەکانی خوێندنن و، سەرچاوەیەکی دارایی جێگیریان نیە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ژیانە خێزانیەی پێکی دەهێنن لە ڕوی داراییەوە سەقامگیر نەبێ، بەوەش کێشە و ناکۆکی و دەمەقاڵێ لە نێوان هاوسەرەکان دروست دەکات، جگە لەوەش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە ساڵی (٢٠١٤) کاریگەری زۆر لەسەر ژیانی هاوسەرەکان دروست کرد، بەشێوەیەک وەک چۆن ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری کەمی کرد، لە بەرامبەردا ڕێژەی جیابونەوە بەشێوەیەکی

بەرچاو زیادی کرد، چونکە سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە پاڵ جێبەجێکردنی سیستمی پاشکەوتی موچەی فەرمانبەران، لە هەمانکاتدا بوە هۆی مایەپوچبونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا و کارگەکان، بەوەش ڕێژەی بێکاری لە کوردستان بەرز بوەوە، بێگومان ئەوەش دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆری بەدوای خۆیدا هێنا، وەک کۆچکردن و تاوان و ئاڵودەبون بەمادده هۆشبەرەکان و... لێکجیابونەوە.

٥.هۆکاری کۆمەڵایەتی:پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکانی جیابونەوەی هاوسەری لە کوردستان، جۆراو جۆرە، بەشێکیان ڕەگێکی مێژوی قوڵی هەیە و پەیوەندی بەکەلتوری کۆمەڵگەکەوە هەیە، بەشێکیشیان بەهۆی درکەوتەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە، بۆیە گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانین لەم خاڵانەدا بخەینەڕو:

▪هاوسەرێتی پێش وەختە:یەکێک لە کێشەکانی هاوسەرێتی، کە زۆربەیان بەجیابونەوە کۆتایی دێ، پێکهینانی ئەو ژیانەیە لە تەمەنێکی زودا، چونکە «هاوسەڕێتی لە تەمەنی (١٥-١٩) ساڵی مانای کەم ئەزمونی پەیوەندی و ناکامڵی فیکری و کۆمەڵایەتی هەردوو هاوسەرەکەیە، ئەوەش بەربەستێکە لەبەردەم چارەسەرکردنی گرفتەکانیان کە ڕوبەڕوی پەیوەندی هاوسەرێتیان دەبێتەوە، بۆیە لە کۆتایدا هەوڵدەدەن بەپلە و بێ بیرکردنەوە کۆتایی بەپەیوەندییەکانی نیوانیان بهێنن» (خەلیل، ٢٠٠٧: ٢٢٤)، هۆکارەکانی پێکهینانی ئەم جۆرە هاوسەرێتیە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، لە کوردستان هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ «ترسی کچان لە داهاتو و قسەی کۆمەڵگە، نەبونی ئابورییەکی سەربەخۆی کچان، کاریگەری ئینتەرنێت و مۆبایل بۆ یەکتر ناسین» (والی و، مستەفا و، خودیدە، ٢٠١٦: ٣١)، هەربۆیە دوای ئەوەی دەچنە ژیانی هاوسەرێتیەوە لە ڕوی هزری و جەستەیەوە ناتوانن ئەرکەکانی خیزانداری ڕاپەڕێنن، بۆیە « ڕێژەی ٦٨٪ ئەوانەی لە کوردستان لە تەمنێکی زوەوە چونەتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە دەڵێن پەشیمانین« (والی و، مستەفا و، خودیدە، ٢٠١٦: ٢٧)، هەر بە پێیی داتاکان ڕێژەی (٣١٪) ئەوانەی هاوسەری پێکدەهێنن تەمەنیان لە نێوان (١٥-٢٠) ساڵیدایە.

وێنەی ڕاڤەیی (٣)

ڕێژەی تەمەنی هاوسەری لە هەرێمی کوردستان ڕوندەکاتەوە



سەرچاوە: ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان. ٢٠١٩

▪ژنهێنان یان شوکردنی بە زۆرە ملێ: زۆرجار پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بە ویستی کوڕ و کچ نیە، بەتایبەت لەناو هۆز و عەشیرەتەکاندا، کە کەسانی وەک (دایک، باوک، خاڵ، مام یان گەورەی بنەماڵە) چارەنوسی کوڕ و کچ دیار دەکەن، ئەوەش گرفتی زۆری لێدەکەوێتەوە.
▪کەلتوری نوێ: بەهۆی کرانەوەی کوردستان بەڕوی دونیا بوە هۆی هێنانە ئارایی گۆڕانکاری لە ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام هاوشانی پێشکەوتنی سەرخانی کۆمەڵگە نەبوو، چونکە تێکەڵاوبون لەگەڵ کەلتوری دیکە ئینجا بەشێوەی راستەوخۆ و هاتوچۆ بێ، یان لە ڕێگەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و بەتایبەت دراماکان بێ گۆڕانکاری نەرێنی لەگەڵ خۆیدا هێنا، یەکێک لەو دیاردە نەرێنانە جیابونەوەی هاوسەران بەشێوەیەکی ئاسان و دوپاتکردنەوەی خۆشەویستی بۆ یەکێکی دیکە بەشێوەیەکی ئاسانتر.
▪دەستوەردانی دەرەکی: پێگەی خێزان تا ئەو کاتە بەهێزە، کە هیچ یەکێک لە هاوسەرەکان کێشەکانیان نەبنە دەرەوە و،بەڵکو هەوڵدەن لە نێوان خۆیاندا چارەسەری بکەن، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی نەریتیە تا ئێستا دەستبەرداری ئەو نەریتە نەبوە و زۆر پرسیاری تایبەتی دەربارەی ژیانی تاکەکان دەکات و بەبێ مۆڵەت وەرگرتن و داخوازی بۆچونی خۆی لەبارەی کێشەیەکی خێزانی دەخاتەڕو، جاری واش هەیە یەکێک لە هاوسەرەکان بەهۆی بێ ئەزمونی و زانینی ئەرکەکانی خێزان کێشەکانی لەلای کەسانی نزیکی باس دەکات، ئەوانیش لە بری هێورکردنەوەی هانی گەورەکردنی کێشەکان دەدەن.
▪هۆشیاری کۆمەڵایەتی: ژنانی ئێستا بەبەراورد بەساڵانی زوتر لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان و پەیڕەوکردنی بنەمای ئازادی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و چونە بازار و دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیانیان، بەڵام هێشتا ئەم باسە لەلای زۆرێک لە پیاوان پەسندکراو نیە، بۆیە ئەوەش زۆرجار بۆتە سەرچاوەی کێشەی نێوان ژنان و پیاوان و، دواتر بەجیابونەوە کۆتایی پێهاتوە.
٦.تەکنەلۆجیا (مۆبایل و ئینتەرنێت): بەردەستبونی مۆبایل و هێڵەکانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی ئاسان و بڵاوبونەوەی لە کوردستان بەشێوەیەکی خێرا بۆتە هۆکارێکی گرنگ بۆ فراوانکردنی بازنەی پەیوەندیەکانی تاک لەگەڵ کەسانی دیکە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تاک ڕۆژانە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا کاتێکی زۆر بەخۆسەرقاڵکردن بە مۆبایل و ئینتەرنێت بەسەر بەرێت، بەشێوەیەک لە هەندێ کاتدا هاوسەران ناتوانن ئەرکە خێزانیەکانیان وەک پێویست ڕابپەڕێنن، یان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت پەیوەندی ڕێگەپێنەدراو لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ کەسانی دیکە دروست دەکەن و بایەخدانی جارانیان بەهاوسەرەکانیان نامێنێ، بۆیە کاتێکیش ئەو پەیوەندیانە ئاشکرا دەبن کێشە و دەمەقاڵێ لە نێوانیان سەرهەڵدەدات و بەجیابونەوە کۆتایی دێ، کە ڕێژەی (٥٪) جیابونەوە پەیوەستە بەم هۆکارە.
٧.جیاوازی تەمەن:ئەزمونی و شارەزایی تاک ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەرخستنی ژیانی

هاوسەری، چونکە پشت ئەستورە بە ئەزمونی کەڵەکەبوی کۆمەڵگەکەی، بەڵام جیاوازی تەمەن دەبێتە هۆی جیاوازی خواست و ئارەزو بۆ بوارەکانی ژیان، زۆر جاریش کوڕێک بەهۆی جوانیەکەی، ئارەزوی دەچێتە کچێکی منداڵی کەم ئەزمون، یان کچێکی منداڵ لە پێناو دەوڵەمەندییەکەی، ژیانی هاوسەری لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن پێکدەهێنێ، لە ئاکامیشدا خێزانێکی ناتەبا دروست دەکەن، بۆیە دوای ماوەیەک لەیەکتری جیا دەبنەوە.
٨.نەزۆکی ونەخۆشی و ژنهێنانی دوەم:ئەمانەش سێ فاکتەری کاریگەری جیابونەوەن، چونکە یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری پەیوەندی بەوەچە خستنەوە هەیە، بەهەمان شێوە نەخۆشیە درێژخایانەکان و نەخۆشیە دەرونیەکانی وەک (شیزۆفرینیا، خەمۆکی، گرێی دەرونی، دڵەڕاوکێی بەردەوام..) هۆکارگەلێکن بۆ ئەوەی یەکێک لە هاوسەرەکان نەتوانێ ئەرکە خێزانیەکان ڕابپەڕێنێ، بۆیە ڕێگەی جیابونەوە دەگرنەبەر، لەلایەکی دیکەوە هێنانی ژنی دوەم لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان مەرجدارکراوە، بەڵام پیاوان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پەنا دەبنە بەر دادگاکانی (کەرکوک، مەخمور، مو×ڵ، خانەقی و) ناوچەکانی دیکە، بەپێی»ئامارێکی دادگای کەرکوک لەساڵی (٢٠١٣) ژمارەی ئەو پیاوانەی لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە چونەتە کەرکوک بۆ مارەکردنی ژنی دوەم گەیشتۆتە (٤٥٠) کەس، کە زۆرەبەیان جگە لە ڕێگری یاسایی لە هەرێمی کوردستان، کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیشیان لە هێنانی ژنی دوەمدا هەبوە» (سیامەند، ٢٠١٨: ٨٦)، بۆیە کاتێکیش پێکهینانی ئەو هاوسەرییە ئاشکرا بوە، هاوسەری یەکەمی پەنای بردۆتە بەر دادگا و داوای جیابونەوەی کردوە، یاخود پیاو بەر لەوەی هاوسەری دوەمی مارە بکات، لە هاوسەری یەکەمی جیابۆتەوە.
ئەنجامەکان
١. گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕوناکبیرییەکان کاریگەری زۆری لەسەر هەڵکشان و داکشانی ڕێژەی جیابونەوە لە کوردستان کردوە، بەشێوەیەک لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ڕێژەی جیابونەوە بەرەو زیادبون ڕۆیشتوە، هەروەک چۆن ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری کەمی کردوە.
٢.کرانەوەی کوردستان بەڕوی جیهان کۆمەڵێک بەها و کەلتوری نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کوردستان، ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕێژەی جیابونەوە لە کوردستان دروستکردوە، بۆ نمونە پێشتر جیابونەوە کارێکی ئەستەم و نەنگی بوو، بەڵام کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دراما بیانیەکان بۆتە پاڵنەرێک تا هاوسەرەکان بەئاسانی بڕیاری جیابونەوە بدەن.
٣.هاتنی ئامێرە تەکنەلۆجیەکان (مۆبایل و ئینتەرنێت) بەو شەپۆلە فراوان و خێرایە و، کەمی ئاستی هۆشیاری خێزانەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئامێرانە بۆتە فاکتەرێکی دیکەی جیابونەوە لە کوردستان، کە پێشتر ئەم فاکتەرە لە جیابونەوەی هاوسەرەکان بوونی نەبوە.
٤.پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٠) کەمترە، کە زۆرجار بەهۆی چاولێکەری باوان بڕیاری لەسەر دەدەن بەتایبەت بۆ کچان، هاوشێوەی وڵاتە

دواکەوتوەکان بۆتە کێشەیەکی گەورە و بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە لە کوردستان.
٥.نەبونی دامەزراوەیەک، یان ڕێکخراوێکی پەیوەست بەهۆشیاری ئەرکەکانی خێزان بەر لە چونە نێو پرۆسەی ژیانی هاوسەری هۆکارێکی دیکەی جیابونەوەیە لە کوردستان، چونکە زۆربەی ئەوانەی لە تەمەنی نێوان (١٥-٢٠) ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە، پەشیمان بونەتەوە.

لیستی سەرچاوەکان

١. ئامێدیان، فەخرەدین. (٢٠١٣). فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی. ناوەندی چاپی شەمیمی سنە. سنە.

٢. بابای، پرشنگی. (٢٠٠٥). باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لە ڕۆژگاری دێریندا (وریا قانیع، وەرگێڕ). سلێمانی.

٣. بوادی، حسنین المحمدی. (٢٠٠٦). حقوق المراه بین الاعتدال والتطرف. دار الفکرالجامعی. السکندریة.

٤. الترمانینی، د.عبدلسلام. (١٩٩٦). الزواج عند العرب فی الجاهلیة والاسلام. ط٣. مطبعة دار طلاس. دمشق.

٥. الجنائی، عائید سالم محمد. (١٩٨٣). المتغیرات الاجتماعیة و الثقافیة الظاهیرة الطلاق مع دراسة میدانیة فی مدینة بغداد. بغداد.

٦. حەسەن، چواس. (٢٠١٠). گۆڕانی کۆمەڵایەتی. لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی. هەولێر. کوردستان.

٧. خەلیل، د.مەعن. (٢٠٠٧). کۆمەڵناسی خێزان (ئارام ئەمین جەلال، وەرگێڕ). دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپخانەی خانی. دهۆک.

٨. داتا و ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار. (٢٠١٩). داتا و ئاماری هاوسەری و جیابونەوە لە ماوەی نێوان (٢٠٠٩-٢٠١٨). ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان.

٩. الدقس، د.محمد عبدالمولی. (٢٠٠٥). التغیر الاجتماعی بین النظریة و التطبیق. دار مجدلاوی للنشر و التوزیع. عمان. الاردن.

١٠. روشە، گێ. (٢٠١١). هۆکار و هەلومەرجەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی (نەرمین جاف، وەرگێڕ). گۆڤاری کۆمەڵناسی. (٨): ١١١-١٢٤.

١١. سلمان، نصر و، سطحی، سعاد. (٢٠٠٣). احکام الطلاق فی الشریعة الاسلامیة. الجراؤ. دارالهدی للطباعة والنشر.

١٢. سمحة، د . موسا عبوده و، سهاونة د. فوزی عبد. (٢٠٠٩). جوگرافیای دانیشتوان (هیوا ئەمین شوانی، وەرگێڕ) دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. هەولێر.

١٣. سەمیرە، دکتۆرە. (٢٠٠٧). فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی (خەسرەو میراودەلی، وەرگێڕ). بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. سلێمانی.

١٤. سیامەند، سەرباز. (٢٠١٨). تەڵاق و لێکجیابوونەوە. چاپخانەی شەهاب. هەولێر.

١٥. شلبی، روف. (١٩٧٢). استوصوا بالنساو خیرا. بیروت. منشورات الکتبة العصریة.

١٦. ×اهر، زەریا احمد. (٢٠١٠). جیابوونەوەی ژن و مێرد و هۆکار و دەرەنجامەکانی. لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانیە لە پارێزگای هەولێر. نامەیەکی ماستەرە بڵاونەکراوەتەوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر. هەولێر.

١٧. عبدوڵڵا، چنار سەعد. (٢٠١٠). پەروەردەو نەتەوایەتی. دەزگای ئاراس. هەولێر. هەرێمی کوردستانی عێراق.

١٨. الغزوی، د. فهمی سلیم. (٢٠١٢/٣/١٦). گۆڕانی کۆمەڵایەتی (سەمەد ئەحمەد، وەرگێڕ). www.dengekan.info

١٩. قەرەداغی، مەهاباد. (٢٠١٥). «هەڵوەشانەوەی خێزان لە هەرێمی کوردستان». شیکار. ٩: ٣٣-٥٥.
٢٠. قەرەداغی، ئومێد. (٢٠١٢/٢/٢٥). گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەبەردەم تێزە جیاوازەکاندا.www.knwe.org
٢١. کۆڤمان، ج،ک. (٢٠٠٩). کۆمەڵناسی هاوسەرگیری (ستار باقی کەریم، وەرگێڕ). هەولێر.
٢٢. کیال، باسمة. (١٩٨١). تطور المراة عر التاریخ. مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر. بيروت. لبنان.
٢٣. گیدنز، ئەنتۆنی. (٢٠٠٩). کۆمەڵناسی (حەسەن احمد مستەفا، وەرگێڕ). چاپخانەی ئاراس. هەولێر. کوردستان.
٢٤. مارشال، کوردون. (٢٠٠٠). موسوعة علم الاجتماع (محمد الجوهری و الاخرون، مترجمون). المجلد الثانی. المجلس الاعلى للثقافة. مصر.
٢٥. محمود، ئەحمەد کاکە. (٢٠٠٩). ژن و کاروباری ژنان لە ئیسلام. چاپخانەی دار الفکر. بەیروت. لوبنان.
٢٦. محەمەد، نەجم عەبدوڵلا. (٢٠٠٨). مرۆڤایەتی و ژن و تەڵاق لەبەر ڕۆشنای بیرو باوەڕە ئاسمانی و زەمینیەکان. چاپخانەی ڕۆشەنبیری. هەولێر.
٢٧. مطر، د. سيف الاسلام علی. التغيير الاجتماعی. دار الوفاء للطباعة و النشر و التوزيع. المنصوره.
٢٨. مەحمود، محمد بن. (٢٠١٤). دەروونزانی کۆمەڵایەتی (ئارام ئەمین شوانی، وەرگێڕ). لە بڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.
٢٩. میران، پ.د. ڕەشاد و، جبار، م.شەهلا وەلی. (٢٠١٧). «ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی گرفتی نیشتەجێبون لە شاری هەولێر». گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆییەکان. ٥/٢١: ٩٧-٣٧.
٣٠. نامق، بێلان تەڵعەت. (٢٠١٤). «هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی دیاردەی ناپاکی هاوسەرگیری». شیکار. ٩: ٥٧-٧٦.
٣١. الهاشمی، دکتور محمد همام و، الاخرون. (١٩٨٨). مبادی التغییر الاجتماعی والتنمیة. ط٢. دار القلم. الکويت.
٣٢.والی، تەها حوسێن و، مستەفا، مەریوان حەسەن و، خودیدە، ئەدهەم ئیسماعیل. (٢٠١٦). هاوسەرگیری پێشوەختە. لە بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و ئاژانسی (UNFPA) سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان. هەولێر.
٣٣. Jack, Jackson T.CB and Aknjobi C.T. (٢٠١٧). Social change and social problems. Introductory text. P ٤٩١-٥٢٦.
٣٤. Joy, Pr. K. (٢٠ November, ٢٠١٨). Countries with lowest and highest divorce rates. Retrieved from https://www.indiatoday.in/education-today/gk-current-affairs/story/india-has-the-lowest-divorce-rate-in-the-world-١٣٩٢٤٠٧-٢٠١٨-١١-٢٠
٣٥. Soltanion, Farangis. (٢٠١٧). Evaluation of psych-social factor influential an emotional Divorce among attendants to social Emergency service. ALMNHAL. ١٥: ٢٠١-٢٠٤.
٣٦. Wimalasena, Dr.N.A. (٢٠١٦). Analytical study of Defintion of the term Marriage. International Journal of Humanities and Social Science. (٦) ١: ١٦٦-١٧٤.

(*) بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە داتا و ئاماری ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان (٢٠٠٩-٢٠١٩).